حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

# زمان وەك داهێنانێکی تاکەکەسی لای مەحوی

نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر کراوە وەك بەشێك لە پێویستیەکانی پلەی ماجستیر لە زمانی کوردیدا.

لە لایەن
تاڤگە عومەر حەمە صالح
بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی-کۆلیژی زمان-زانکۆی سەلاحەددین(2005-2006)

بەسەرپەرشتی
پ.ی.د.عبدالواحید موشیر دزەیی

2709کوردی 2009زاینی 1430کۆچی

حكومة اقليم كردستان–العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين–اربيل
كلية اللغات

# اللغة من الابداعات الفردية عند محوي

رسالة تقدم بها الطالبة

تاڤگه عومەر حەمە صالح

بكالوريوس–جامعة صلاح الدين(2005–2006)

إلى مجلس كلية اللغات–جامعة صلاح الدين وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

باشراف

ب.م.د.عبدالواحد موشير دزەیی

2009ميلادى 2709كوردى 1430هجرى

Kurdistan Regional Government- Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahadin University- Erbil
College of Languages

# language as personal creativity in mahwi`s poetry

**A Thesis**
**Submitted To The college of Languages- Salahaddin University**
**In Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master**
**In Kurdish Linguistics**

**By**
**Tavga Omar Hama Salih**
**B.A. university of Salahaddin (2006-2007)**

**Supervised By**
**Asist.Prof. Dr.AbdulWahid Musher Dzaye**

**2009AD** **2709K** **1430H**

# پێشەکی

# بەشی یەکەم

# بەشی دووەم

# بەشی سێیەم

**ڕاپۆرتی سەرپەرشت**

ئەم نامەیە کە بە ناونیشانی (زمان وەك داهێنانێکی تاکەکەسی لای مەحوی) قوتابی(تاڤگە عومەر حەمەصالح) بە سەرپەرشتی من لە کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت: پ.د.عبدالواحد موشیر دزەیی

مێژوو: / / 2009

بەپێی پێشنیاری مامۆستای سەرپەرشت ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:

سەرۆکی بەشی کوردی

سەرۆکی خوێندنی باڵا

مێژوو: / / 2009

## ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی تاوتۆێ کردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی (زمان وەك داهێنانێکی تاکەکەسی لای مەحوی) و قوتابی (تاڤگە عومەر حەمەصالح)مان تاقی کردەوەو گفتوگۆمان لە گەڵیا لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی ترییەوە کرد و بڕیارماندا کە شایانی ئەوەی یە پلەی (                ) بڕوانامەی ماجستێری لەزمانی کوردی بدرێتێ.

سەرۆکی لیژنە:
یوسف شەریف سعید
مێژوو: / /2009

ئەندام:
د.صباح رشید قادر:
مێژوو: / /2009

ئەندام:
پ.ی.د.محمەد مەحوی
مێژوو: / /2009

ئەندام و سەرپەرشتیار:
پ.ی.د.عبد الواحد موشیر دزەیی
مێژوو: / /2009

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمان  زانکۆی سەلاحەددین پەسندکرا.

ناو:
ڕاگری کۆلێجی زمان زانکۆی سەلاحەددین
مێژوو: / / 2009.

## لیستی زاراوەکان:

| | |
|---|---|
| Creativity | داهێنان |
| Actual Creativity | داهێنانی کردەیی |
| Potential creativity | داهێنانی شاراوە |
| Convergent Thinking | بیرکردنەوەی دیاریکراو یان نزیکەیی |
| Divergent Thinking | بیرکردنەوەی مەنتیق |
| Stress | هێز |
| Intonation | ئاوازە |
| Synonym | هاوواتا |
| Compatibility | گونجان |
| Hyponymy | دا پۆشین |
| Poly seamy | فرەواتا |
| Homonym | هاوبێژ |
| Pragmatic | پراگماتیك |
| Semantic | سیمانتیك |
| Preparation | پلەی ئامادەبوون |
| Incubation | پلەی کرکەوتن |
| In separation | پلەی ئیلهام بۆ هاتن |
| Basification | پلەی پێدا چوونەوە |
| Antonym | دژیەك |
| Topicalization | بە لووتکە کردن |
| Member – collection | بەش گشت |
| Deviation | لادان |
| Supraseq mental | ناکەرتیەکان |
| Similarity | لێکچوون |
| Derivational | دارشتن |
| Shift | گۆڕین |
| Lexical Meaning | واتای فەرهەنگی |

# نـــاوەڕۆك



| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 2-1 | پێشەکی |
| **56-3** | **بەشی یەکەم:-زمان و داهێنانە تاکییەکان** |
| 5-4 | 1- زمان وەك دیاردەیەکی تاکە کەسی |
| 5 | 2- زمانی تایبەت. |
| 8-6 | 3- داهێنان لە زماندا. |
| 14-8 | 4- داهێنان. |
| 18-14 | - پێناسەی داهێنان. |
| 20-19 | - جۆرەکانی داهێنان. |
| 22-21 | - هاتنەکایەی داهێنان. |
| 33-23 | -کەسایەتی داهێنەر و تایبەتیەکانی. |
| 34 | -توانای داهێنان |
| 39-35 | - پلەکانی داهێنان. |
| 40-39 | -تایبەتیەکانی داهێنان. |
| 45-40 | 5 - داهێنان لە بواری هونەر و زانست. |
| 46-45 | 6-داهێنان و پاککردنەوەی خود. |
| 55-47 | 7-داهێنان لە زمانی شیعردا. |
| **128-57** | **بەشی دووەم:- داهێنان لە شیعرە کوردیەکانی مەحوی** |
| 56 | 1- داهێنان لە شیعرەکانی مەحوی. |
| 58-56 | - وێنەی شیعری لە هونەرەکانی مەحوی. |
| 58 | - داهێنان بە پێی ئاستەکانی زمان. |
| 58 | أ- ئاستی دەنگسازی: |
| 59 | 1- دووبارە بوونەوەی دەنگ: |
| 59 | یەکەم : دووبارەکردنەوە لە ئاستی ئاسۆیی: |
| 60 | (1-1) دووبارە کردنەوەی دەنگی ڤاوڵ. |
| 61 | (2-1) دووبارە کردنەوەی دەنگی کونسنەنت. |
| 63 | دووەم: دووبارە بوونەوە لە ئاستی ستوونیدا. |

| | |
|---|---|
| 65 | 2- كرتانی دەنگ: |
| 65 | (2-1) كرتانی دەنگی ڤاوڵ. |
| 65 | (2-2) كرتانی دەنگی كۆنسنەنت. |
| 66 | (2-3) كرتاندنی زیاتر لە دەنگێك |
| 68-67 | 3- گۆڕانی دەنگ. |
| 69-68 | 4- هێزی بی مەبەست. |
| 70-69 | 5- ئاوازە. |
| 70 | ب-/ داهێنان لە ئاستی وشەسازیدا: |
| 72-70 | 1- وشەی نویَ باو. |
| 73-72 | 2- پاش و پێش كردنی وشەی لێكدراو. |
| 75-73 | 3- داڕشتنی وشە. |
| 78-75 | 4- دووبارە كردنەوەی وشە. |
| 79 | 1- دووبارە كردنەوەی ڕێك. |
| 79 | 2- دووبارە كردنەوەی ناڕێك. |
| 80 | ج-/ داهێنان لە ئاستی ڕستەسازی: |
| 82-80 | 1- پاش و پێشكردنی كەرەستەكانی نێو ڕستە. |
| 84-82 | 2- كرتانی كەرەستە لە نێو ڕستەدا |
| 84 | 3- دروستكردنی دەستەواژە و گریَ. |
| 85-84 | أ- دووبارە بوونەوەی گریَ. |
| 88-85 | ب- داهێنان لە ئاستی دەستەواژە و گریَ. |
| 89 | 4- دووبارە بوونەوەی ڕستە |
| 89 | 5- بە لووتكە كردن. |
| 90 | د- داهێنان لە ئاستی واتاسازیدا: |
| 90 | أ-/لە ئاستی سیمانتیك: |
| 90 | 1- واتا لاوەكییەكان: |
| 90 | (1-1) واتای ڕەنگدانەوە |
| 92-91 | (1-2) واتای بابەتی |
| 94-92 | (1-3) واتای هاوڕێیەتی. |
| 94 | 2- پەیوەندیە واتاییەكان: |

| | |
|---|---|
| 94 | (1-2) هاوواتاكان. |
| 97-95 | (2-2) دژواتاكان |
| 97 | (3-2) بەش لە گشت |
| 99-97 | (4-2) گونجان |
| 99 | (5-2) دا پۆشین |
| 100 | 3- فرەواتاو هاوبێژی. |
| 102-100 | (1-3)فرەواتا. |
| 104-102 | (2-3) هاوبێژی |
| 104 | 4- واتای چاو |
| 105-104 | (1-4) واتای پەیوەندی چاو. |
| 107-105 | (2-4) فرەواتای چاو لە شیعرەكانی مەحویدا. |
| 108 | ب-/ لادان لە ئاستی پراگماتیكدا |
| 108 | 1- لادان لە چەندێتی. |
| 111-109 | ا- درێژ بڕی. |
| 112-111 | ب- هەڵئاوسانی واتایی |
| 113 | 2- لادان لە چۆنیەتی. |
| 117-113 | (1-2) لێكچواندن |
| 120-117 | (2-2) خواستن |
| -120 121 | (3-2) خوازە |
| 122-121 | (4-2) زیادەڕۆیی |
| 122 | (5-2) ئاماژە پێكردن |
| 125-123 | (6-2) پارادۆكس. |
| 126-125 | 3- لادان لە گونجان. |
| 128-126 | 4- لادان لە شێواز. |
| 129-128 | ئەنجام |
| 135-130 | سەرچاوەكان |
| 136 | خلاصة البحث |
| 137 | Abstract |

## پێشەكی:

داهێنان بەرهەمی خودی تاكە و هەموو لایەنی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە. لە زماندا رەنگدەداتەوە، هەربۆیەش بە یەكێ لە تایبەتیەكانی زمان دانراوە. كردەی داهێنان دیاردە یەكی زەق و بەر چاوە لە زمانی شیعردا و بە دوو جار داهێنان دادەنرێت، داهێنانی یەكەمی زمان داهێنانی كۆمەڵە بۆ پەیوەندی كردن، و داهێنانی دووەمیش داهێنانێكی تاكەكەسیە و لای شاعیران پەیرەو دەكرێت، بۆ هەڵرشتنی هەست و نەستە پەنگ خوراوەكانی شاعیر و دارشتنی لە بۆتەیەكدا بۆ خرۆشاندنی بەرامبەر و گەیاندنی پەیامی تایبەتی خۆی. ئەو زمانەی شاعیر بەكاری دێنێت زمانێكی تایبەتە، لە رووی دەنگ و هەڵبژاردنی وشە و رێكخستنی رستە و واتاوە، چونكە لە زمانی ئاسایی نا كات و لە هەمان كاتیشدا لە زمانی شاعیرێكی تریش نا كات. بێگومان شیعرەكانی مەحوی كێڵگەی بە پیتی ئەم جۆرە داهێنانەن، هەر بۆیەش لەم نامەیەدا هەوڵمان داوە باس لە كردەی داهێنان لای ئەم شاعیرە بكەین و وردە كاری داهێنانەكانی بخەینە روو كە جیای دەكاتەوە لە شاعیرانی تر.

### ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە:

(زمان وەك داهێنانی تاكەكەسی لای مەحوی) لەم باسەدا باسی داهێنانە تاكەكەسییەكانی شاعیر دەكرێت كە بەرهەمی خودی خۆیەتی لە خوڵقاندن لە هەرسێ ئاستی زمان (دەنگ، رێزمان، واتا).

### سنووری لێكۆڵینەوەكە:

ئەم باسە لە چوارچێوەی زمانەوانی دەروونی ئەنجامدراوە. سەرەتا بە شێوەی تیۆری باسكراوە و دواتریش بە شێوەیەكی پراكتیكی. راستی بۆ چوونەكەمان بە تەنها لە شیعرە كوردییەكان سەلماندووە.

### كەرەستەی لێكۆڵینەوە:

شیعرە كوورد یەكانی شاعیر لە دیوانی( مەحوی) كەرەستەی لێكۆڵینەوەكەمان بوون، كە بە پێی توانا داهێنانەكانمان دەستنیشان كردووە.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە :**

**گرنگی لێکۆاینەوەکە لەوەدایە تاکو ئێستا ئەم تایبەتمەندیەی زمان کە داهێنا نە با سی لێوە نەکراوە، بە تا یبەتیش داهێ نانی شیعری لای مەحوی وەك نامە یەکی ئەکادیمی پێشکەش نەکراوە.**

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

**ئەم لێکۆڵی نەوە بە پ ێی رێ بازی ئەرکی شیکاری ئەنجا مدراوە، لە سنووری پراگماتیکیدا بۆ چوونەکان خراونەتە روو.**

**مەبەست لە لێکۆڵینەوەکە:**

**مەبەست لەم لێکۆڵینەوە دەرخستنی زمانی شیعرە لای مەحوی وەك داهێنانێکی تاکە کەسی و ناساندنی ئەم داهێنانەیە بە خوێنەری کورد.**

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم ئەم سەر دێرا نە لە خۆ دەگر ێت:( ز مان وەك دیاردە یەکی تا کە کە سی، ز مانی تای بەت، داهێ نان لە زما ندا، داهێ نان، پێنا سەی داهێ نان، جۆرە کانی داهێ نان، هاتنەکا یەی داهێ نان، کە سایەتی داهێنەر و تایبەتیەکانی، توا نای داهێنان ، پلەکانی داهێنان، تایبەتیەکانی داهێنان، داهێنان لە بواری هونەر و زانست، داهێنان و پاککرد نەوەی خود، داهێنان لە زمانی شیعردا).**

**بە شی دووە میش ئەم سەردێرانە لە خۆ دەگر ێت( داهێ نان لە شیعرەکانی مەحوی، وێنەی شیعری لە هو نەرەکانی مەحوی، داهێنان بە پ‌ێی ئا ستەکانی زمان، داهێ نان لە ئا ستی دەنگ سازی، داهێ نان لە ئا ستی وشە سازیدا، داهێ نان لە ئا ستی ڕستە سازی، داهێ نان لە ئا ستی واتا سازیدا( لە ئا ستی سیمانتیك، لە ئا ستی پراگماتیك).**

# بەشی یەکەم

# بەشی یەکەم

# زمان و داهێنانە تاکییەکان

## 1- زمان وەك دیاردەیەكی تاكەكەسی

زمان گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤداو پەیوەند یەکی بەتین بەیەکەویان دەبەستێتەوە. ساپیردەڵێ (زمان هۆیەکی نا غەریزی تایبەت بە مرۆڤە و بۆ مەبەستی پێوەندیکردن و گواستنەوەی هزرو هەست و ئارەزوو بەکاردێت ،لەکۆمەڵە هێمایێك پێكهاتووە و لەژێر دەسەلاتی مرۆڤ دایە) (ادوارد ساپیر:1376؛ 26) لەم پێناسەیە بۆمان روون دەکاتەوە کە زمان تایبەتە بەمرۆڤ و بە شێوەیەکی نا غەریزییە.جا سەرەرای ئەوەی زمان ئەرکی گەیاندن و پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەبینێ. لەپاڵ ئەمەشدا بەئەرکێکی گرنگ هەڵدەسێ ئەویش دەربرینی هەست و سۆزوگەیاندنی بیرە لەقسەکەرەوە بۆ گوێگر.( حاتم صالح :1989؛ 133 )، هەست و سۆز لە زماندا جیانابێتەوە، زۆرجاریش زمان بۆ دەربڕینی ئەو هەست و سۆزە کە هزر و ویژدانی مرۆڤدایە.زمان ئامێرێکی بیرکردنەوەیە.( نایف محمود:1985؛ 32 ) هەست و سۆز لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگوێزرێت. هەربۆیەش دەبێت ئێمە بگەرێینەوە بۆ رۆڵی تاکەکەس لە زماندا، کە رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە. زوربەی زمانەوانەکان جەختی لەسەر دەکەن لەمانەش :

1- (هۆگۆ شۆخارت) زمان بەرهەمی دەروونی تاکەکەسێکە.( میلکا افیتش:1996؛ 95)

2- ( شتاینتاڵ) لەو باوەرەدایە کە زمانی تاکەکەس رەنگدانەوەی بیری تاکەکەسە، و زمانی کۆمەڵ رەنگدانەوەی هەستی کۆمەڵە، و واتای وشە سنووردارنییە، چونکە بەستراوەتەوە بە باری دەروونی و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ، هەر بۆیەش واتای وشە ناگاتە راستی تاکو لە لایەن کەسێکەوە گۆنەکرێ.

3- مارتی(1847-1914) لەوباوەرەدایە، کەواتای دانەزمانیەکان باری دەروونی(ئێرەر) دەردەخەن.

4- هرمان پۆل(1846-1921)دەڵێت:تاکە راستی لە زماندا پشتی پێ ببەسترێ زمانی تاکەکەسە، کە بەکارهێنانێکی راستەوخۆی قسەکردنە.

5- مۆریس گرامونت(1895)جیاوازی ئێوان کۆنسنانتەکانی لە زمانی هیندۆ ئەوروپی بۆ باری دەروونی تاکەکەس گێراوە.

6- (ڤندریس)خاوەنی (زمانەوانی دەروونی) لەوباوەرەدایە، کە هەموو کردەیەکی گوتن هەڵگری کاریگەریەکی دەروونییە.

7- (فۆ سلێر)دەڵێت:مرۆڤ خۆی گوتەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت و بەکاریدێنێت، چونکە لە هەر ساتێکدا خۆی لەبارێکی دەروونی جیاوازدا دەبینێتەوە.

8- بالی(1865-1947)دەڵێت: هەر کردەیەکی گوتن هەڵگری سیمایەکی کەسی و دەروونییە. (ملیکا افیتش:1996: 95)

هەست وسۆز خاڵی بەیەك گەیشتنی ئەدەبیات و زمانە، چونکە هەست و سۆز بنەما یەکی گرنگی ئەدە بە و بنەما یەکی گرنگی واتا شە ، هەربۆیەش پێنا سەی زمان لە روانگەی ئەما نەوە بریتیە لە: (زمان سیستەمێکی پێوەندی کردنە ، شوێنی بیرە، کەرەستەی دەربڕینی ئەدەبیاتە،بەر هەمی کۆمەڵایەتییە، بابەتێکە بۆ باسەکانی سیاسی و هۆکاری دروست بوونی گەلانە )(ویلیام اگرادی و سایرین: 1374: 9).لێرە زمان بەکەرەستەیەکی ئەدەبی دادەنێت جگە لەوەی کە بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەکاردێت . ئەمجۆرە زمانەش جیا یە لەگەڵ زمانی پەیوەندیکرن چونکە زمانی چینێکی دیارکراوە کە خۆیان لەکۆمەڵ جیاکردۆتەوە.

## 2- زمانی تایبەت

لە ئەنجامی باری کۆمەڵایەتی نائاسایی جۆرە زمانێك سەرهەڵدەدات لەنێو چین و دەستەیەکدا بۆ خۆجیاکردنەوە لە زمانی گشتی، کە هەموو کەس تێی دەگات. ئەم جۆرە زمانەش پێی دەوترێت زمانی تایبەت کە لەلایەن چین و توێژێك و دەستەیەك بەکاردێت بۆ مەبەست و ئامانجێکی دیار. ئەوەی لەنێو ئەم جیهانە نەبێت تێی ناگات، چونکە بەکارهێنانێکی پر لەنهێنی خۆیان هەیە. وەك : چەتە و ڕێگرەکان و خاوەن پیشە و چینی تایبەتی وەك هونەرمەند و شاعیران .......هتد. بۆنموونە جیاوازیەکی زۆر بەدیدەکرێت لەنێوان زمانی ڕۆژانە و زمانی شاراوە و هەندێ دەستە هەروەك دەبینین. بۆ نموونە لە نێو دەستەی چەتە و دزەکان جۆرە زمانێك هەیە کە جیایە لەگەڵ زمانی ئاسایی واتای ئەم جۆرە وشە و دەستەواژە و زاراوانەش لای مرۆڤی ئاسایی جێگای پرسیارە ،چونکە واتاکەی تەمومژاویە و تەنها چین و توێژێك لێیان تێدەگات، کە خۆیان دا یان هێناوە. ئەمەش وە نەبێت ئەم داهێنانە هەر لەخۆوە بێت، بەڵکو بەمەبەست خۆ یان جیاکردۆتەوە لە زمانی کۆمەڵ بۆ ڕاپەڕاندنی کار و سەرلێ شێواندنی بەرامبەر و نەپچرانی پەیوەندی نێوانیان. بۆ نموونە لە کۆمەڵگای میسری وشەی جزمە کە واتای پێڵاو دەدات لە زمانی ئاسایی بەڵام لەنێو دەستەی دز و جەردەکاندا واتای پۆلیس دەدات.(عبدالصبور شاهین:1980:174). کە لە سەرەتادا داهێنانی یەك تاکەکەسی بووە و دوای بڵاوبۆتەوە و چۆتە ناو فەرهەنگ.بێگومان شاعیرانیش هەر لەم دەستەیەن کە خاوەن زمانێکی تایبەتن بەخۆیان و ئەمەش لەم ویست و ئارەزووەوە هاتوە کە خۆیان لە خەڵکانی تر جیابکەنەوە، چونکە زمانەکەیان زمانێکی سواوە و هەموو کەس تێی دەگات. زمانی تایبەتی شیعر بەمەبەستی گاریگەری کردنە سەر خەڵك لە لایەن چینی شاعیرانەوە دادەهێنرێت، بەمەبەستی چێژدانە خوێنەر. ئەم زمانە تایبەتەی شاعیران لەخۆوە دروست نابێت بەڵکو لەئەنجامی بیری داهێنانی شاعیرەوە دورست دەبێت، بۆ دەرخستنی خودی خۆی و دەربڕینی هەست و نەستە پەنگخوراوەکانی، ئەمەش پێویستی بە داهێنەرە کە بتوانی لەوکەرەسانەی کەلەبەردەستی دان شتی تازە و نوێ لەزمانەدا بهێنێتە کایەوە .بەمەش زمان دووجار دەبێتە داهێنان.

## 3- داهێنان لە زماندا

زمان ڕێگەی ئەوە دەدات، کە تاك لە واقع هەڵبێت و هەست و ئارەزوو و هەڵچوونی خۆی لە قاڵبێکدا دابڕێژێت. زمانێکی تایبەت بە خۆی دروست بکات. لە یاسا و ڕێساکانی زمان لابدات، کە باشتر وایە بە داهێنان ناوی ببەین، چونکە یاساکانی زمانی ئاسایی دەبنە کۆت لە ڕێی داهێنانی شاعیر.

داهێنان بەرهەمی ئارەزووی مرۆڤە بۆ دەرخستنی خود. (اسماعیل ملحم:9:2003 )

ئەوکا تە ز مان داهێ نانی کۆمەڵایەتی یە ئە گەر بۆ پەیوە ندی کردن بەکاربێت.ئەوکا تەش داهێنانی تا کە کە سی یە کە تایبەت بە شاعیرانە. هەریە کە زمانێکی تایبەت بەخۆی هە یە، بە داهێنان ناو دەبرێت.

داهێ نان لە زما ندا دەگەڕێ تەوە بۆ سەدەی هە ڤدەم، بەڵام لە گەڵ سەرهەڵدانی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی (چۆمسکی) جارێکی تر جەخت لەسەر داهێنانی زمان کرا یەوە، کە دەڵێین:(لە توا نای قسەکەر دا یە ژمارە یەکی بێ سنوور لە ڕستە بەرهەم بێنێ و تێی بگات، بێ ئەوەی گوێی لێ بووبێت) داهێنان تایبەتییەکی گرنگی زمانە و زۆر لە زما نەوانانی وەك: برجسۆن ، کرۆتشە، فۆسلێر ........ بانگێشەی ئەویان دەکرد، کە زمان داهێنانە، بۆ نموونە:

(هۆگۆشۆخارت) دەڵێت : (زمان داهێنانێکی تاکە کەسیە، کۆمەڵ لە ڕێگای لاسایی کرد نەوە دەیگاتێ، پێکهاتەی دەروونی تاکە کەس بنەمایەکی کاریگەرە لە داهێنان).

(ثوراندایك) دەڵێت: ( زمان گەورەترین داهێنانی تاکە )( نوال محمد عطیە:21:1975 ).

زمان داهێنانە، چونکە:

بەکارهێنانی زمان بەکارهێنانێکی نوێکردنەوەیە.بە واتایەکی تر ئەوقسەیەی مرۆڤ دەیکات، بەزۆری بەکارهێنانێکی لە خۆوەیە، هەندێ دەستەواژەی لێدەرچێت، ئەگەر نا قسەکان دووبارە نین.

زمان ناکەوێتە بەر هیچ کۆتێکی دەرە کی و ناوەکی، بەڵکو ئازادە لە کۆت، هەر بۆیە زمان ئامێری دەربڕینی بیر و هۆشی تاکە.

بەکارهێنانی پتەوی زمان و گونجانی لەگەڵ بارودۆخی قسەکردن. پتەوی زمان تایبەتیەکی سەرەکی زمانی مرۆڤە،کە هیچ شیکردنەوەیەکی ئامێری ناتوانێت، پتەویەکەی شیبکاتەوە. (میشال زکریا:30:1983)

داهێنان لە ئەدەب و هونەردا ڕێگایە کە بۆ پاککرد نەوەی خود لەم بارە یەوە (گرا هام گرین) دەڵێت : (نووسین شێوازێکی چارەسەرە و من دەپرسم ئەو کە سەی بۆی ڕێك نا کەوێ بنوسێ یان مۆسیقایەك دابنێ یان وێنەیەك بکێشێ چۆن شێت نابێت ؟! ( اسماعیل ملحم:9:2003) .

ئەگەر شاعیر بە داهێنەر دابنرێ، دەبێ جیهانێکی تایبەتی هەبێ و جۆرە سەربەستیەکی هەبێ، تا کارە هونەرییەکەی دروست بێ. (خليل ابراهيم العطيه:20:1986) ، چونکە زمانی ئاسایی ناتوانێ، هەموو جۆرە دەربڕینێکی ناوەوە دەر بخات.ئەویش لە ڕێگای دەربڕینی کەم بەکارهاتوو و نامۆ، کەواتە زمانی شیعر زمانێکی دروستکراوە (شكرى محمد عياد:72:1988) و داهێنانە.

بیری سەرەکی داهێنان لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ چۆمسکی کە گرنگی بەڕستە دەدات و زمان بە کەرەستەیەکی داهێنان دادەنێت، لە توانایدا یە ژمارە یەکی بێ کۆتایی ڕستە دروست بکات. زمانی مرۆڤ لە سیستەمێکی کراوە پێکهاتووە نەك داخراو. ئەم نیزامە کراوەیە ڕێگە بە ئاخێوەرانی دەدات بە دروست کردن و تێگەیشتنی ژمارە یەکی بێ کۆتا لە ڕستە، کە پێشتر گوێی لێ نەبووە.هەندێك گیانەوەران توانایان هەیە ژمارەیەکی دیاریکراو لە نێردراوەکان بەرهەم بهێنێت، کە چەسپاوە لە لایەنی واتاوە ،بەڵام ناتوانێ گۆڕانی بەسەردا بکاتن، یاخود شتی تری لێ دروست بکات. چۆمسکی ناوی لەم توانایەی مرۆڤ ناوە داهێنان.(نسيم عون:2005: 75)

زمانی مرۆڤ لە ئاخاوتن دا سیستەمێکی کراوەی هەیە ، واتە مرۆڤ دەتوانێ ڕستەی بێ سنوور بەرهەم بهێنێت و زۆربەی ڕستەکانیشی بێ دووبارە بوونەوە بەکار دێنێت .جگە لە چەند ڕستەیەك نەبێت وەك سڵاو کردن و چاك و چۆنی و چەند ڕستەیەکی تر. داهێنانی ڕستە لای مرۆڤ زۆر فراوانە لە چاو سیستەمی پەیوەندی گیانەوەران، کە لە چەند دەنگێکی دیاریکراو پێکهاتووە،واتە مرۆڤ توانایەکی بەرزی هەیە بۆ دروستکردن و داهێنان.

نموونە یەك بۆ ئەمە منداڵێك وەر گرین لەتەمەنی پێنج ساڵیدا،بەڵکو لەتەمەنێکی بچوکتریش، چاودێری قسەکانی بکەین،دەبینین لەتوانای دایە هەموو ڕۆژ بەسەدان ڕستەی نوێ دەربڕێت، کەپێشتر دەری نەبڕیوە لە هەموو ئەم ڕستانەش بگات، کەپێشتر گوێی لێنەبووە.هەروەکو چۆمسکی دەڵێت شێوازێکی ناوەکی قوڵ هەیە لە ڕێکخستنی ناوەوەی مرۆڤ وای لێ دەکات ئەم هێزو توانایە جیاوازی هەبێت.(غالب المطلبى:1986: 40)

یەکێ لە دیاردە هەرە سەیرو سەرسورهێنەرەکانی زمان ئەوەیە پیاو دەتوانێ هەمیشە ماناو بیری تازەی پێشتر نەبیستراو و نەزانراو دەربڕێ و تێ بگات هەر بەو کۆمەڵە وشانەی فەرهەنگی مێشکی. (وریا عمر:2003: 209) ئەم تایبەتمەندییەی زمان تواناستی ئاخێوەر دەردەخات لەبەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ژمارەیەکی بێ کۆتایی ڕستە، کە پێشتر گوێ ی لێ نەبووە. ئەمەش لە نێو بوونەوەراندا تەنها لای مرۆڤ بەدی دەکرێت.بەکارهێنانی سروشتی زمان، بەکارهێنانێکی نوێ کردنەوە یە. بەواتا یەکی تر ئەوەی کە زۆر جاران مرۆڤ دەیدرکێنێ یان دەریدەبڕێت ، لەکاتی بەکارهێنانی زماندا ، هیچ گومانی تێدا نییە ، دەربراوی تازەن و بەهیچ جۆرێك ناکرێ بە شتێکی دووبارە بوو لەوەی کە پێشتر مرۆڤ بیستوویەتی لەقەڵەم بدرێت. دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی زمان لە ژێرهیچ فشارو هاندەرێکی دەرەکی و ناوەکیدا نییە، بەڵکو سەربەستەو دوورە لە هەموو کۆت و پێوەندێك. لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێبینیە،زمان بە ئامرازیکی هزرو گوزارشتکردنی خودی لەقەڵەم دەدرێت،و بەکارهێنانی ڕەتەوی زمان و گونجانی لە گەڵ بارودۆخی قسەکردن دەردەخات . لە

ڕاستیدا ئەم توکمەییە سیمای سەرەکی زمانی مرۆڤە ،بۆیە هیچ ئامرازێك لەتوانای دانییە ئەو توکمەییەی ،کەلەزماندا تێبینی دەکرێت، شیتەڵ بکات.(میشال زكريا:1983: 31) .

ز مان ئامێرێ کە خاوەن بەهرە و بلیمە تەکان بەکار یدەهێنن لەناو هەموومیلەتێك بۆ نیشاندانی کارە داهێنەرەکانیان ،بۆ ئەوەی ببنە سەرکردایەتی میللەت و بیرمەندو زاناکانی.( نايف محمود: 1985: 32)

مرۆڤ دەتوانێ زمان بۆ ئاماژەکردن بەکار بێنێت، بۆ دەربڕینی دیاردەکانی دەوروو بەری لە شت و ڕووداوانەی، کە دوورن لە قسەکەر لە رووی کات و شوێنەوە بەکاربهێنێ. هەروەها دەتوانێ باس لە ڕابردوو ئایندە بکات و لێی بکۆڵێتەوە ، یان شت لە زمانی ترەوە وەربگرێت و وەك کەرەستەیەکی زمانی خۆی بەکاری بهێنێت.

مرۆڤ زمان بەکاردێنێت بۆ ئیشارەتدان بە شت و ڕووداوی دوور لە قسەکەر لە رووی کات و شوێن .بۆنموونە دەتوانێت باس لە ڕووداوێك بکات کە لەشوێنێکی دوورو لەکاتێکی کۆن ڕوویداوە ،هەروەکو چۆن دەتوانێت باس لە ڕووداو یان تاقیکردنەوەکانی کە روویان نەداوە بکات. ( محمد حسن عبدالعزيز: 1991: 11) چونکە توانای داهێنانی هەیە . مرۆڤ دەتوانی باسی دونیایەکی نەبوو بکات. لەبەر ئەوەی زمانی مرۆڤ سیستەمیکی کراوەیە. ئەم سیستەمە کراوەیە وادەکات بەئارەزووی خۆی ڕستە بەکار بێنی تەنانەت ئەگەر ڕستە و وشە دووبارەش نەکاتەوە تەنها هەندێك شت دووبارەیە ئەویش ئەو دەربڕینانەیە کە بۆ چاك و چۆنی بەکاردێت.

لەچوارچێوەی ئەوەدا دەتوانین بڵێین زمانی مرۆڤ داهێنانی تێدایە کەسنور بۆ چوارچێوەی مرۆڤ نییە.

## 4- داهێنان( Creativity )

**سەرەتا:**

داهێنان شۆرشێکە لە مێژووی ژیانماندا. تەنها لە لایەنێك یاخود لە زانستێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لە هەموو لایەنەکان هەستی پێدەکرێت.داهێنان کردەیەکی دەروونی یەو بەرهەمی پشت بەستنی خودە.داهێنەر تەنها بە زانیاریە زانراوەکانی ناوەستێت، بەڵکو هەوڵ دەدات بۆ گەڕان وخوێندنەوە بە دوای زانیاری زیاتربۆ دەوڵەمەندکردنی زانیاریەکانی لە لایەنێکی دیاریکراو و دۆزینەوەی نهێنیەکانی، کەوا هێشتا درکی پێنەکراوە.و شەی داهێنان بەرامبەر (Creation) یان (Creativity) یە کە بە واتای خوڵقاندن و دەرچوونە لە ئاسایی دا.

توانای داهێنان وەك بەهرەیەکی سەرنج ڕاکێشی درەوشاوەیە لە ژیانی ڕۆژانەماندا.دەبێتە هۆی گۆڕانی ژیان بەرەو سەرفرازی و خۆش گوزەرانی لە گشت لایەنێك. شوێنی داهێنان لەناو کارەکانی بیرکردنەوەی مرۆیی بە قوڵترین و فراوانترین و ئاڵۆزترین جۆری بیرکردنەوە دادەنرێت. لە بەر ئەمە دیاریکردنی سروشتی داهێنان کارێکی زۆر قورس و گرانە. داهێنان بە گرنگترین توخمی سامانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

وشەی داهێنان وەرگێراوی وشەی ئینگلیزی(Creativity) یە. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەم وشە ئینگلیزیە لە هیچ فەرهەنگێك لە فەرهەنگەکانی زمانی ئینگلیزی نەبووە تاوەکو ئەم دواییا نە. تەنها دوو و شە هە یە کە (Creation, Creativeness)ە، و (لیۆ تۆن Lyton-1971)دەڵێت: و شەی (Creativity) پیشە سازیەکی ئەمریکی یە ، و شەکە لەڕە سەن کاری (Create)ە.وبکەرە کەی (Creator)ە .و شەی(Creator) بەکار نا یەت بۆ وە سفی کە سێکی داهێنەر،چونکە وشەکە واتایەکی ئاینی هەیە.خولقێنەر تەنها خوا یە. بۆ یە سیفەتی (Creative) بەکاردێت.(ممدوح عبدالمنعم الكناني: 2005: 19 )

لەم بارەیەوە (روجرز)دەڵێت:(داهێنان سەرچاوەی گرتووە لە حەز و ویستی مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێ و ئەو پەری توانا کانی بەکار بێنێ. هەرکاتێك هزری مرۆڤ دەکرێتەوە بەرامبەر تەواوی شارەزاییەکانی ئەوکات هەڵسو کەوتی داهێنەرا نە دەبێت.دەبێتە وە ستایەکی لێزان. ئا یا دە توانین وە سفی داهێنان پڕ بە پێستی خۆی بکەین هەر چەندە توا نای شارەزایشمان هەبێت؟ (ویلیامز) وەڵام دەداتەوە: داهێنان وە سف کردنێکی ئا سان نییە. مرۆڤ لەهەندێ کات وا هە ست دەکات کاری داهێنان هزری دەجولێنی یاخود چۆتە ناخی مێشیکەوە.لەناکاو هەموو شتێك وون دەبێ.هەندێ جار وائەزانی داهێنان ئا سانە و هەنگاو لە دوای هەنگاو روون دەبێتەوە، بەڵام ئەم ئاسانیە وانامێنێ و تێگەیشتنی زەحمەت دەبێت.(اسماعيل ملحم:2003: 9).

پرۆسێسی داهێنان لە زۆربەی قۆناغە مێژوویەکاندا تا دەگا تە ئەمڕۆش،با بەتێکی سەرەکی با سکردنە.جێگەی مە شتومڕی زۆر بەی فەیلە سوف و زانا یانی فە سیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و تۆژەرەوەو ڕەخنەگرانی ئەدەب و هونەر بووە. ئەویش دەرە نجامی ئەو دە یان پرسیارانە بووە کە لەگەڵ دەرکەوتنی بەرهەمێکی داهێنراو و بەرامبەر ئاڵۆزی و سەیریی تواناو کەسایەتی داهێنەر لە مێ شکیان پەنگی دە خواردەوە. ئەگەر چی تۆژی نەوەی زاذ ستیانەی پرۆ سەی داهێ نان پاش دەرکەوتنی سایکۆلۆجیستەکان کەو تە برەودان، چونکە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر هێشتا لە ژێر کاریگەری بیرو ڕاو بۆچوونە کۆنەکاندا بوون. لەوەدا تاوەکو ماوە یەکی زۆر خەڵکی تێڕوانینێکی جیاواز و سەیریان هەبوو بۆ داهێنەران و هۆ کاری هەبوونی توا نای لە ڕادە بەدەریشیان بۆ خواوەندەکان دەگەڕاندەوە.(رۆشنا احمەد:2001: 14).

گرنگی دان بەداهێنان وەکو توانایەکی مێشکی بەرز وایە لەلایەنی زانستی و تەکنەلۆجیاوە. لێکۆڵەرەوان هەوڵ دەدەن بۆ دۆزینەوەی هێزی داهێنان و دیاریکردنی کاری داهێنەر ، بەڵام نهێنی بلیمەتی هەر بە شاراوەیی دەمێنێتەوە.لەسەر دەمی دێرین بە شێوەیەکی سەیر و سەر سوڕمانەوە لە تواناکانی تاك ڕادەمان و هەر شتێك ئەگەر خۆیان زانیاریان لە بارە یەوە نەبا یە سەرچاوەی ئەم توانایەیان بۆ خواوەندەکان دەگەڕاندەوە.

ئێستاش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەبینین بەرهەمی داهێنراوی پر بایەخ و پێشکەوتوو دێتە بەرهەم. هێشتالەیەکێك تەواو شارەزا نەبووین لەلا یەکی تر چەند بەرهەمی تری پر با یەخ و سەرسامکەر دێتە کایەوە و ئەوەی پێشخۆی کۆن دەکات و بەشێوەی ئەندازە و تەکنیکی نوێوە دێتە ئاراوە.

داهێنان به ئاسانی نایەت، جگه لەوەی پێویستی به ماندوو بوونی داهێنەر هەیه پێویستی به ماوه یەك له بێدەنگی و شاراوەی هەست و بەردەوامی هەیه.خاوەنەکەی هەست بەم کردەی داهێنانه ناکات تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بەرهەمدار دەبێت، واتە تەنها ئەوکاتەی شتەکی نوێ دێنێته ئاراوه، هەست بە گرنگی کارەکەی دەکات. ئەو کات هەست دەکات شتەکی نوێی بە ئەنجام گەیاندووه.

فەیلەسوف و شاعیرو هونەرمەندان مرۆڤ یان وەك خودێکی ڕەها کردە با بەتی سەرەکی زۆر بەی لێکۆڵینەوەکانی زانین. بەهۆی وورد بوونەوەیان له جیهانی مرۆڤ و ناخی خودی تاك. هەوڵەکانیان بۆ ئاشکراکردنی ڕاز و نهێنی مرۆڤ، وردە وەردە بیرۆکەی (بلیمەتی )و (داهێنەر) هاتە ئاراوه، وداهێنان و داهێنەر بوونە بابەتی سەرەکی لەزۆربەی لێکۆڵینەوەکانی توێژینەوه. له سالانی پێش زایین زاناو فەیلەسوفەکان تا ئەمرۆ هەریەکەو به شێوازێك و له گۆشەیەکەوه ڕوانیویەتیە پرۆسێسی داهێنان و چەندین بۆچوونی جیاواز هاتۆته کایەوه.(اسماعیل ملحم: 2003: 28-29)

لێکۆڵینەوەکان له بواری داهێنان ئەنجا مدراون دەگەڕێتەوه بۆ کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو. پاشان به شێوەیەك بەرز بۆتەوه له کۆتایی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان. لەو کاتانه هەندێ شت زۆر گرنگی پێدرا لەمانه کردەی داهێنان. زاناکان ولێکۆڵەرەوان گرنگیان به سیماکانی داهێنەر و تایبەتمەندیەکانی و ئامانجەکانیان دا.(شاکر عبدالحمید: 1987: 9)

ئەمرۆ دەبینین بەرهەمی نەخشەو ، هەوڵ و تەقەلا زۆر دراوه بۆ پشکنین و لێکۆڵینەوه و دۆزینەوەی بلیمەته هەڵکەوتووەکان بۆ کەلك بینین لێیان و بۆ گەشه پێ کردن و پەرەپێدانی کرداری داهێنان.بۆیه ئەمرۆ له گشت وولاته پێشکەوتوەکان به هەموو شێوەیەك به شوێن بلیمەته بەهرەدارەکان دەگەڕێن و ،بە هەموو جۆرێك هانیان دەدەن و هەوڵ دەدەن کار یان له گەڵ بکەن.هەروەها بەیارمەتی دەروون ناسەکانەوه، خەریکی ئەوەن بزانن، چۆن بتوانن مرۆڤی بەهرەدار لەمنالییەوه دەست نیشان بکەن. گەشە بە بەهرەکانیان بدەن. ئەو بەهرانەی، کە وەك کانزیاوی قەتیس ماو له ژێرەوه پەنگ دەخۆنەوه. یارمەتیان بدرێت بۆ گەشەپێدانی بەهرەکانیان و بەرەو پێشچوونی تاکو ڕێگایان بۆ بەرەلا بکرێت. ئەوسا بەگوڕژم و گوڕەوه دەست به هەڵقوڵین دەکەن.

داهێنان (creativity)هێنانه ئارای بابەتێکه کەپێشتر لەوێنەی نەبوو بێت. بەیەکێك لەتواناو کردەکانی هزری مرۆڤ دادەنرێت، لەبەرهەمهێنانی بابەتێك یان بەرهەمێك، که دەگمەن بێت و پێشتر نەبینرابێت ونەوترابێت و نەبیسترابێت.

(و لیم جیمس: 1911 ) دەڵێت: مرۆڤ هیچ ناکات تەنها بەلاسایی کرد نەوەی شتە کۆنەکان.داهێنەرەکان شتی نوێ دادەهێنن و خەلکانی تریش نەتها لاسایی ئەوان دەکەنەوه..(مالك حسین:2004: 88)

بەبڕوای هەندێك له زاناو توژەروان داهێنان جیاوازە لەخوڵقاندن ، چونکه داهێنان هێنانه کایەی بابەتێکه لەبابەتێکی دیکە، بەڵام خولقاندن هێنانە ئارای بابەتێکە له نەبوو بەجۆرێك لەوێنەی ئەو نەبێت و بێ هاوتا بێت له نایابێ و سەرسورهێنەریدا. داهێنان یان خوڵقاندن یاخود هێنانه گۆڕێی هەر شتێکی نوێ له هەر ڕوانگەیەکی نوێ بۆدیاردەیەك مانای داهێنان و سیفاتی

داهێنان لەخۆدەگرێت. بەمەرجێك ئەو بابەت و بەرهەمەی کە لە ڕەگەز و با بەتێکی پێشتری خۆی وەرگێراوە چ زانستی بێت یاخود ئەدەبی و هونەری لەچۆنیەتی بنیاد نانی بەرهەمە کە و شێوازی دار شتنەکەی د یمەنێکی نا یاب و کەم وێ نەی پێ بەخ شیبێت و بیخا تە چوار چێوەی داهێنانەوە،چونکە ئەوکاتە وێنەی بابەتێکی داهێنراو لەخۆ دەگرێت .

زانا کان لە سەر ئەوە ڕێک کەوتوون ج یاوازی لە نێوان میللە تە پێ شکەوتوو میل لەتی دوا کەوتوو، لەچەندی هەبوونی هزری داهێنەرەوەیە(وا تە ئەم میللە تە چەند کە سی داهێنەری تیا یە) داهێ نان بووە بە با بەتێکی بەهێزی پێ شکەوتنی گە لەکان. داهێ نان تێگەی شتنەکی تەواو قووڵ وفراوانە.داهێنان لە بنەڕەت کردەیەکە یان چالاکییەکی مرۆیی یە پەیوە ندی بە لا یەنی هە ستی هەیە. ئاراستەکردن لە لایەنێکی دیاریکراو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، کە چەند ئەنجامێك دادەنێت قووڵتر و ڕەسەنتر و سود بەخشترن. (شاکر عبدالحمید:1987: 9)

لە زۆر کۆنەوە ئەم جۆرە پرسیارە دەکرێت ، داهێنان چی یە؟گەلێك بیرو باوەری جیاوازیش دەربارەی پیشان دراوە ،بەڵام ساکارترین وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی بڵێین،داهێ نان ((الا بداع Creativity))کردارێ کی مێ شکە. بەر هەمێکی نوێی بێ هاو تای لێ دێ تە دی.(ا براهیم ا مین:1986: 9)کەوا تە داهێ نان یان خوڵقا ندن سەلماندنی شتێك یان با بەتێکی نوێ یە. تێروانینە لەڕوانگەیەکی نوێوە بۆ ئەو شتە یان ئەو بابەتەی پێشتر نەزانراوەو نەنا سراوە.بەم پێیە داهێ نان لەدوولا یەن و ڕووەوە بەدەر دە کەوێت. یان لەدۆزینەوەی شتێك،یان پەیوە ندی ناد یاری نێوان دوو شت، کەپێ شتر کەس نەیدۆزی تەوە. وە کو نیوتن هێزی کێ شکردنی دۆز یەوە.داهێنان کردەی بەرزبوونەوەیە لە زانست وهونەر. داهێنەر زۆر هەستیار دەبێت بۆ کێشەکان و د یاریکردنی ئەو لایەنا نەی کەموکوری تیا یە. گەڕان بەدوای چارە سەر و دا نانی چەند ڕێ تێ چونێك و تاقیکردنەوەیان بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی گونجاو و چاوەروان کراو .

جگە لەما نە لە ڕێگەی بیرکرد نەوەی داهێنەرا نە تاك یاخود داهێ نەر دە یەوێت پەیوەند یە نوێیەکان بدۆزێتەوە.یاخود بگاتە چارەسەری نوێ بۆ کێشەکان.یان ڕێگە و ئامێری نوێ بخوڵقێنی یا بەرهەمێکی هونەری جوان بەرهەم بێنی. بەواتایەکی گشتی،داهێنان بەرهەمهێنانی هەر شتەکی نوێ یە لە سەر بنەمای نوێ و ئیجابی. داهێ نان تەنها کۆکرد نەوەی بە شە کۆ نەکان نی یە ، بەڵکو دەبێت بۆمەبە ستی و بەر هەمێکی نوێ بەکاریان بێ نی، هەروەها پێکهێ نانی بنچینەی نوێ یە لە دەربڕینی هونەری.(روبرت ستيرنبرج:2005: 79)

داهێنان بەرهەمێکی نوێ و جیاواز و بە سوودە بەهۆی پاڵنەری ناوەوە روودەدات. ئە مەش بەهۆی ململانێ یان جێ بە جێ کردن یان هەردووکیان دێ تە ئاراوە. داهێنان لەزۆر بەی لقەکانی زانی ندا دێ تە گۆڕێ،چ لەهو نەردا(هێلکاری ،پەیکەر سازی ، مۆ سیقا، نوا ندن، بینا سازی)،چ لەئەدەبدا(شیعر،چیرۆك، ڕۆمان،شانۆگەری،ڕەخنە)،چ لەما تماتیك و زانستە سروشتی و تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتی و زانستەکانی دیکەدا.وەکو تیۆری ڕێژەیی ئەنیشتاین و پەر چەکرداری مەرجداری پاڤلۆڤ و شیکردنەوەی خەونی فرۆید و شیعرەکانی پوشکین و تابلۆکانی داڤنشی و بیکا سۆ و سیزان و دەرهێ نان و نواند نەکانی شارلی شاپلین و شانۆنامەکانی سۆفۆکلیس و

شک سپیرو.....هتر،کەبەرهەمی هەر یەکێکیان بەکارو با بەتی نا یاب و کەم وێ نە دەژم ێردرێن و دەرەنجامی تێروانین و ئەزموون و توانای هەریەکێك لەو زانا و هونەرمەندو شاعیر و نووسەرانەیە، کەبەداهێنەرو بلیمەت دەناسرێن.

ئێ مە وە ها هاتوێ نە دذ یاوە هەریە کەمان بەگ شتی ، کەم و زۆرجۆرە ها بەهرەی داهێ نانی تێدابێت،بەلاّم زۆری ئەم بەهرانە مات و شاردراوەن تیاماندا. بەروونی و درەوشاوەیی هەستیان پێ ناکەین. تا ئەو ساتەی هەریەکەیان بەهۆی هە ندێك وروژێنەرەوە، دەخرۆ شێت و بەجۆرەها شێوە گە شە دە کات و سەرهەڵدەدات. یان وەك کانی دەتەقێ تەوەو، بەگوڕم و گوڕەوە دە ست بە هەڵقوولاّندن دەکات.

ئەم بیرو ڕایە ئەوە دەبەخشێت، کە ئەو بەهرە و توایا نە فێرناکرێن و بەزۆر لێ کردن نایە نە دی، بەلاّم ڕێگا یان بۆ بەرەلاّدەکرێت و ئاڕا ستە دە کرێن. هە ندێ جاریش ئەم بەهرە یە هەر بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، یاخود دوای سەرهەڵدان توشی ڕەخنە و سەرکوتکردن یان گاڵتە پێ کردن دەبن.

ئەو لێکۆڵەرا نەی لە هۆی داهێناذ یان کۆڵیـ تەوە گەیـ شتونەتە دوو وەلاّم:دە ستەی یە کەم دەڵێن:داهێ نەران بە شێکن لە مرۆڤ خاوەن بـ نەمای بایلۆجی تایـ بەتن. شێوەی پۆلینکردنی بایلۆجـ یان جیا یە لە گەڵ خەلکانیتر. ئە گەر هەموومان لە شێوەی پۆلینکردن وە کو یەك بین بۆ (بتهۆفن)ێکی تر سەری هەڵنەدا، یاخود بۆ لە مێژوو شکسپیرەکیتر لەدایك نەبوو.

هەر چی دە ستەکەی ترە دەڵێن:لا یەنی با یەلۆجی لای هەموو مرۆ ڤەکان وە کو یە کە. ئە گەر پشکنین بۆ دەماغی بتهۆڤن و شکسپیر و دەماغی هەرکەسێکی تر بکرێت دەبـینین هیچ جیاواز یەك نییە ،ئەگەر جیاوازیش لە قەبارەی دە ماغی کە سەکان هەبێت ما نای ئەوە نییە، کە ئەوان بیر یان باشترە.(قاسم حسين: 2007: 11)

زۆر جار داهێ نان کوّت دەکر ێت و بەر بەرەکانی دەکر ێت. بەتایـ بەتی ئە گەر داهێنانە کە کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵ هەبێت. بـیەوێت رەو تی ژیاذیان بگۆڕێت، چونکە ئە گەر کۆ مەڵێك لەسەر بیروڕایەك راهاتبێت زۆر زەحمەتە بیرۆ کەی نوێ وا بەئا سانی پە سند بـکات و وەریبگرێت، چونکە لە گەڵ شێوەی بیرکردنەوە کەیان ناگونجـ ێت و لە سەر ئەم بیرە نوێ یە ڕا نەهاتوون .بۆ یە زۆرجار ئەوانەی لە بواری فەلسەفە و زانستەکان بیروڕای نوێ دەهێذنە ئاراوە بە شێت و سەرلێ شێواو لە قەلەم دەدرێن.

دوای پەیدا بوونی بیرۆکەی کارەکە، داهێنەرەکە دەست دەکات بەسەرنج دان و پر سیارکردن وخوێندنەوەو بەڵگە کۆکردنەوەو لێکدانەوەو تێبینی نوسینەوە، تاکو بەم جۆرە کەرە سەی پـلەی دواتر ئامادە بکات.

ئەو کەسە کەوا بەم جۆرە دەست دەکات بەپشکنین و خوێندنەوە، دەبـێت ئا گادار بـێت لەناو گ ێژاوی ئەو بیرو باوەرا نەی بەر چاوی یان بەرگوێی دە کەون ، خۆی لێ وون نەبێت و نەبێ تە

دیلیان. ئەگینا ئەو خوێندنەوا نەی لێ دە بن بەكۆ سپ و بەرهەڵ ست و ناهێلن كاذ یاوی بەهرەی ڕەسەنی خۆی بەرەهایی و ڕوونی، بەرەڵڵاو ئاڕاستە بكات.

وەك (فرذ سیس بێ كون )دەڵێت: ئەم جۆرە خوێندنەوا نە دەبێت هەر بۆ بیركرد نەوەو هەڵ سەنگاندن بێت نەك بۆ بڕوا پێهێنان و شوێن كەوتن و پیرەو كردن . گەلێك جار رووی داوە بلیمەتی بەهرەداری هەڵكەوت، وەها شێگرو شەیدا ی بیرو ڕا و شێوازی نووسینی كەسانی تر بووە، كەتێیدا تواوە تەوەو،خۆی لەبیر چۆتەوە و وزەی ئەوەی لێ بڕاوە ،كە خۆی بەرەلاّ بكات و توانای تایبەتی خۆی بەرەهایی و بێن گرتنەوە دەربخات.(ابراهیم ئەمین بالدار:1986؛ 196)

بەبۆ چوونی ئایدیالیەكان داهێنان توانایە كە بەهۆی سروش و ئیلها مەوە دێتە گۆڕێ. هەروەها بەبۆچونی ماتریالزمەكان كردارێكە سەرجەم مادی و رۆحیەكانی مرۆڤ تێیدا بەشداری دەكەن و بەهۆی لێزانی وزیرەكی داهێنەرەكەوە داهێنان دێتە ئاراوە. بەبڕوای زانا ڤسیۆلۆژییەكان و بە گوێرەی تیۆرییەكانی پاڤلۆڤیش ئەم پرۆسەیە بەندە بەچۆنیەتی چالاكی توێكڵ و خانەكانی مێشكەوە.یان زەین روونی و مەزندەكردن. بەبڕوای برجسۆن ڕوا ڵەتی پاڵنەرە ڕەمەكییەكانە و جیهانی نائاگایی داهێنەرە لای (فرۆید). یاخود حالەتێكە لەتێكچونی كۆئەندامی دەماروجۆرێك لەشێتییە لای (كرتشمەر) و ململانێیەكی دەروونیە بەبڕوای (یۆنگ).یان وەك(سویف)بۆی دەچێت پێداوی ستی پەیوەندی كرد نە بەكۆمەڵەوە . یاخود بەبڕوای زانا و لێكۆ لەرەوە مرۆیی و كۆمەلاّیەتییەكان تەنیا كردارێكە بۆبەدیهێنان و سەلماندنی خود.(هەمان سەرچاوە: 192)

هەروەها خەیالّ بە شێوەیەك لە شێوەكان،دەربڕین لەداهێنان دەكات. یان بەمانا یەكی دیكە"خەیالكردن"بۆخۆی پرۆسەیەكی داهێنان ئامێزە. وەك چۆن داهێنانیش بۆخۆی پرۆسەیەكی خەیالّ ئامێزە ،بەلاّم ئەگەر خەیالّ بكەوێتە دنیا یەكی بزرەوە، ئەوە داهێنان لەدنیا یەكی دیارەوە خۆی دەنوێنی.كەواتە گەرچی خەیاڵكردن بۆخۆی پرۆسەیەكی داهێنان ئامێزە، بەلاّم مەرج نییە هەموو خەیاڵكردنێك دواجار خۆی لەپرۆسەی داهێنان دا بەرجەستە بكات. بەو مانا یەش داهێنان پرۆسەیەكی ئاڵۆزو تەمومژاویە. خەیالّ بەشێك لەو پرۆسەیە لەخۆ دەگرێ.

كەوا تە بە شێك لەداهێنان پەیوە ندی بەپرۆ سەی خەیاڵكرد نەوە هەیە،بە شەكەی دی كە سەرچاوە دارە. ئیمە لەسەرەوە پرۆسەی خەیاڵكردن و داهێنا نمان زۆر لەیەك نزیك كردەوە، بەلاّم "هوبز"پێیوایە خەیالّ و یادەوەری یەك شتن. هەندێك لە بیرمەندانی تر خەیالّ تەنیا بەپرۆسەی فیكرەكان لەقەڵەم دەدەن. كە چی "كولردج" خەیالّ بەو هێزە دەزانێ، كە دذیای عەقلّ و دذیای سروشت بەیەكەوە دەلكێنێ. پرۆسەی داهێنان لەپرۆسەی بەردەوام بوونی چێژكەوتنەوە دا خۆی دەنوێنێ. چێژكەوتنەوەش وەك دوا دەرئەنجامی داهێنانە. (عبدالموتلب:2004؛ 12)

بوونی توانا عەقڵیەكان چەندە گرذگە لە پرۆسێسی داهێنا ندا ، ئا شكراكردن و دۆزینەوەی ئەم توانا یە ، گرذگی زیاتری دەبێت. ئەم مامەلە یەی كا یەی كۆمەلاّ یەتی لەگەلّ تاكدا دەیكات كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بونیادی كەسێتی و زۆرێك لە سیفاتە مەزاجی و بۆماوەییەكان دەبەخشێتەوە بە تاكەكانی . پرۆسەی داهێنانیش لە قۆنا غەكانی منداڵیەوە سەرهەڵدەدات و میانڕەوی لە بیرو مەزاجی تاكدا چەندین وەزیفەی جۆراو جۆر لە داهێنا ندا دا گیر دەكەن. كەسی

داهێنەر بە نەرمی بیرو مەزاج دەتوانێت شتێك بەرهەم بهێنێت، کە شێوازی ژیان و ستایلی فکری بگۆڕێت. ئەم جۆرە بیرکردنەوە یە لە کۆمەڵگا یەکی ئارام و دوور لە جەنگ دا دەردە کەوێت. ئەم جۆرە تاکانە دەیانەوێت ژیان بە ستایلێك بگۆڕن بەبێ پەنا بردنە بەر جەنگێگی خوێناوی .کا یەی کۆمەلا یەتی ئەو کات دەتوانێت گەنجێك پێ بگە یەنێت، کە گەنجا نە بیر بکا تەوە و مامەلە یەکی بێباکانەی لەگەڵدا نەکرێت. ئەو دە مەی گەنج لەلا یەن خیزا نەوە پەراویز دەخرێت و لەناو وێنای منداڵ دا وون دەکرێت. ئەوە سەرەتای وذبوونی توانا کانی گە نجە لەناو بێ سەرو بەری کا یەی کۆمەلأیەتیدا .(جوان حوسێن:2004: 6)

پرۆسەی داهێنان لە هەموو بوارێك دەوری خۆی هەیە و جێ پەنجەی تیا کردۆتەوە. هەروەك پەیوەندی بە هونەرەکانی وەك (وێنەکێشان و نیگارکێشان و شانۆ و ...هتد)هەیە لە گەلێك بواری تری ژیانی مرۆڤ کردەی داهێنان خۆی تیا دەبینێتەوە و دەوری خۆی تیا دەگێرێت. وەکو بواری نوسین وهونەر و زانست و چەندین بواری تر،کە بێ داهێنان پێشکەوتن بە خۆیانەوە نابینن.

- - **پێناسەی داهێنان**

سەرچاوە جیاوازەکان ئاماژە بەوە دەکەن داهێنان دیاردەیەکی ئاڵۆزە. لەزۆر گۆشەو ڕوانگەوە تەماشا دەکرێت، و هەریەکە لە فەیلەسوف و زانا و دەروون نا سەکان لە گۆشەیەك و لە لا یەنێکی جیاوازەوە لە پرۆسەی داهێنانیان ڕوانیوە. بە پێی لا یەن و بوارەکەی خۆی، پێنا سەی داهێنانی کردووە. بۆیە تاوەکو ئێستاش پێناسەیەکی وای داهێنان نییە هەموو زانا کان لە هەموو بوارە کان لە سەری ڕێك بکەون. بۆ یە گەلێك پێنا سەی جیاجیای بۆ کراوە. یاخود داهێنان بە یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی پەروەردە دادەنرێت. تاکی داهێنەر دەورەکی گەورە وکاریگەری هەیە لەسەر گەشەی کۆمەلأیەتی لە هەموو لایەنەکانی پەروەردە و هونەر.

**داهێنان:** بریتییە لە بەرهەمهێنانی شتێکی نوێ. نرخ و بەهایەکی نوێی هەبێت. لەداهێنا ندا توا نا یان ئامادەکی نابینرێت ، بەڵکو پرۆسێسی پراکتیزە بوونی دەرەنجامە لەو ڕێگایەوە.

پرۆ سەی داهێنان وەك روا ڵەتی دەروو نی چالاکییەکە . بەو مانا یەی لەڕێ گەی چالاکییە جیاوازەکا نەوە درو ست دەبێت و پێش دە کەوێت. لە بەر ئەوە دەکرێت پێنا سەی داهێنان بکەین بەوەی چالاکییەکە دەبێتە هۆی هێنانە ئارای بابەت و بەرهەمی نوێ و بەنرخ لەپێناو مرۆڤا یەتی و کۆمەڵدا.

(ماکینۆن□1983□D. W. Mackinnon) دەڵێت : ( داهێنان دیاردە یەکی فرەلایە نە زیاتر لەوەی وەك چەمکێکی تیۆری پێناسەیەکی دیاریکراوی هەبێت). (حسن احمد عیسی: 1979: 64)

دە قی داهێنان لە سەرەتا تەم و مژاویی و شاراوەیە، لە ساتە وەختی دە ست لێدان و خوێندنەوە گیانی دێتە بەر. هەر لەم گیانە شەوە نەمری بۆ خۆی بە دە ست دێنێ، و لە کۆتایی دەگاتە ئەنجامێك و ئەم تەم و مژییەی نامێنێت و ئەو لایەنا نەی لا مان شاراوە بووە بۆمان روون و ئاشکرا دەبێت.

جگە لەمانە (کسیکز اینتمیهالی Csikszentmihalyi-1961)دەڵێت: داهێنان واتە هەر هەڵسو کەوتێك یان بیرێك ئەنجامەکەی گۆڕانکاری بکات لەو شتە جێگیرەی هەیە. یاخود شتەکی جێگیر بگۆڕی بۆ شێوەیەکی نوێ.

(مارتیندال Martindale-1994) وا دەڕوانێتە داهێنان: دیاریەکی سرو شتی یە دەبێتە داهێنان ئەگەر بابەتەکە سود بەخش بوو یاخود بۆ ئەوحالەتەی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت بگونجێ.

هەروەها(الینیکوف Aleinikov-1994) دەڵێت :داهێنان پێویستی بە ئارەزوو و هیوایەکی بەهێز و بوونی روحی کارکردنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. داهێنان پێویستی بە ئارەزوویەکی ناوەکی بۆ گونجان (Harmony) و جوانی (Beauty)هەیە، بۆ گەشەپێدانی خود لە چالاکی جۆراوجۆر. ( عزالدین اسماعیل:1984: 22)

بەبڕوای ( مەکینۆن) داهێنان پرۆسەیەکە بەدرێژایی ڕۆژگار و زەمانە بەرەسەنێتی و گونجاندن و هێنانەدی ئامانجێك دەناسرێت. یاخود داهێنان دەرچوونە لەئاسایی.

هەروەها ماکینۆن بە جۆرەکیتریش پێنا سەی کردووە دەڵێت:داهێنان بەمانا تەسکەکەی، ئاماژەیە بەو توانایە جیاوازەی لای تاك هەیە، کە شێوازی داهێنەر دەردەخات بە پلەیەکی دیار. دیارکەوتنی تاك دەوەستێت لەسەر بوونی ئەم توانایەی داهێنان لە بەرهەمێکی نوێخوازی . یاخود دیارنەکەوتنی وەکو ئەم بەرهەمە ڕادەوەستێتە سەر سیفەتی ورووژاندنی سرو شتی. کێشەی زانایانی دەروونی کەسایەتی داهێنەرە.(فاخر عاقل:1985: 389) بەلای (یۆنگ)ەوە هەستی نائاگایی لە گشت کەسێك دا سەرچاوەی هەموو داهێنانەکانیەتی. (ابراهیم امین بالدار: 1986: 199)

داهێنان بەواتا زانستیەکەی ئامادەبوونی مێشکی تاکە، کە شتەکی نوێ بەرهەم بێنێ پێشتر نەزانراوە. (جمال حسین :1988: 360)ئەمە واتای ئەوەیە کەسی داهێنەر لە داهێنانەکەی پشت بە ئامادەبوونی بۆ ماوەیی لەگەڵ گونجانی بارودۆخی ژینگەی چاك دەبەستێت، لەگەڵ هەندێ لە زیرەکایەتی بۆ گەشەکردنی و جێ بەجی کردنی بیرەکە بۆگەیشتن بە ئامانج لە ژیانی واقیعی.

( تورنس) وا پێنا سەی داهێنانی کردووە: کردەیە کە بۆ لێکۆلینەوەی زانستی و کردەی هەستکردن بە کێشەو کەم و کوری لە زانیاریەکان،و پێکهێنانی بیری نوێ یان ئەگەرەکان. پاشان تاقیکردنەوەی ئەم بۆچوونانەو دەستکاری کردنی تاوەکو دەگاتە ئەنجام.(نادیا هایل السرور:2002: 85)

لەلا یەکیتریش دەڵێت داهێنان کردەیە کە تیا یدا تاك هەست بە کەم و کوری دەکات لە لایەنێکی دیاریکراو، کە چارەی ئامادە کراوی نییە. هێنانی ئەو زانیاریانەی هەیە بە بیر یاخود ئەو سەرچاوە دەرەکییانەی پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە. دیاریکردنی بەشە ون بووەکە لە کێشەکە، و گەڕان بەدوای چارە سەر و پێشکە شکردنی بە شێوەیەکی نوێ بۆ چارە سەری کێشەکە وتاقیکردنەوەی بیروبۆچونەکانی، وگەیشتن بە ئەنجام .

(سبیرمان Spearman) دەڵێت: داهێنان ڕوودەدات کاتێك عەقڵ دەتوانی لە پەیوەندی نێوان دووشت بگات و بە ڕێگەیەك شتەکی نوێی پێ لەدایك بێت.(فتحی عبدالرحمن: 2004: 80)

له بەر ئەوە تۆژێ نەوەكان لەم بارە یەوە ئەو پێنا سانەی بۆداهێناذ یان دا ناوە ج یاوازو جۆراوجۆرن. تاوێك پێناسەی داهێنان كراوە بە توانایەك بابەتی نویّ و بایە خدار بەرهەم بهێذ ێت، یان داهێنان چارەسەركردنێكی نوێیە بۆ كێشەیەك. دەمێكیش داهێناذیان پێ ناس كردوە بە ئەوەی پرۆسێ سێكە لەرێگە یەوە بەر هەم دێ تەدی. هە ندێك لەتۆژەرەوان لەو بڕوا یەدان ،داهێ نان هێنا نە كایەی بابەت و بەرهەمێكی نویّ و نرخدارە لە بەرژەوەندی كۆمەڵدایە.داهێنان خۆی كردە یەكی زۆر ئاڵۆز و شاراوەیەو هەروا بە شاراوەیی دەمێنێ تەوە بۆیە هیچ پێنا سەكی پڕ بە پێستی داهێ نان نییەو ناتوانیّ هەموو لایەنەكانی داهێنان روون بكاتەوەو بیخاتە روو.

داهێنان سیفەتێكی سەرەكییە، ژیانی شارستانی لە ژیانی سەرەتایی مرۆڤ جیا دەكا تەوە. ژ یانی سەرەتایی سەرتاپا لێك چوون و دووبارەبوو نەوە و ژ یانی شار ستانیش داهێ نان بەخۆوە دەگرێت.(عبد الموتەلیب:2004: 81)

**داهێنان:** یەكەیەكی كامل بووە لەكۆمەڵێك فاكتۆری خودی و بابەتی لە پێناو پراكتیزە كرد نی بەرهەمێكی نویّ و ڕەسەن، كە بەهایەكی هەبێت بۆ تاك و كۆمەڵ.

داهێنان و چارەسەری گرفتەكان لەناوەرۆكدا یەك دیاردە پێكدەهێنن.(جوان حوسین:2004: 6)

(جیلـ فۆرد 1959-J.P.Guilford) دەڵ ێت: بوونی داهێ نان وا تا چارە سەرێكی نویّ بۆكێشەیەك. بەرهەمی داهێنراویش دەبێت وەكو ڕێگەو ناوەندێك بێت بۆگەیشتن بەو چارەسەرە،كە ئامانجی داهێنانە.(جوان حوسین:2004: 7)

(هالیم Halpem-1984) دەڵێت: دەتوانین وا سەیری داهێنان بكەین، كە توانای پێكهینانی نویّ ی هەیە بۆ بیرەكانی، كە پێویستیان پێیەتی.

(بیرك نز Perkins-1984) بیری چڕدەكاتەوە لە سەر سیفەتێكی گرنگ لە بیركرد نەوەی داهێنەرا نە كە دەڵ ێت: بیركرد نەوەی داهێنەرا نە جۆرێ كە لە بیركرد نەوە، كە روونكرد نەوە لە سەر لایەنێكی دیاریكراو دەدات. ئەنجامەكەی دەبێتە بەرهەمێكی داهێنەرانە.

تاكی داهێ نەر سەیری ناوەوەی خودی خۆ یان دە كەن نەك دەرەوەی خود یان ، یاخود هاوڕێكانیان تاوەكو بڕیار بدەن لەسەر ڕاستی كارەكەیان.

(هار مان و رنجو لد Harman & Rheingold-1984) دوو پات لە سەر ئەقلی ناوەوە دەكە نەوە كە زاذ یاری ز یاتر ئا مادە دە كات لەوەی بە ئا گاین. دە توانین بگەیـ نە زاذ یاری وا كە ئاستەمە بیگەینیّ لە شیكردنەوەی ئەقلا نە. پێدانی شێوەی جیاواز لە چارە سەری زیاتر لەوەی هزری هۆ شیار دەدات، بۆ ئا سانكردنی كاری مێ شكی ناوەوە. دە توانین بـ ڵێین سەر چاوەیەكی دەوڵەمەندە لە زانیاری، كەوا ناتوانین بەهیچ ڕێگەیەكیتر بیگەینیّ.

ئەوەی زانیار یمان بۆ كۆدەكا تەوە و ئا مادەی دە كات جا ئەقلی ناوەكی دـ ێت یا ئەقلی هۆشیاری بە خێراییەكی زۆر، كەناتوانین لەم خێراییە بگەین. زۆربەی خەڵكی داهێ نەرەكان هەركە بۆ ماوە یەك لەكاركردن ڕادەوە ستن لە چارە سەری كێ شەیەك،هەندێجار شێوەی بۆ چوونی نویّ و بەسودیان بۆ دێت. نموونەیەك لەسەر ئەمە وەكو (برتراندرسل Bertrand Russell) لە چۆنیەتی

بەکارهێنانی ئەقلی ناوەکی یان بیرکرد نەوەی ناوەکی دەڵێت :(ئەگەر بمەوێ لە سەر با بەتێکی کەمێك گران بنووسم، لە سەرەتا بیری لێدەکەمەوە بیرکردنەوەیەکی زۆر قووڵ، وا تە بەکارهینانی زۆرترین توانای هەیتم بۆ چەند کا تژمێرێك یان چەند رۆژێك، هەندێك فرمان و زانیاری دەدەم وبۆماوەیەك وازی لێ دەینم، پاش چەند مانگێگ دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکە بە هۆشیاری تاوەکو ببینم لەکارەکە دەگەمە ئەنجام. دەتوانم تایبەتمەندی بکەم بۆ چەند شتی تر.لەماوەی واز هێنان لە بابەتەکە ئەقڵی ناوەکە یان هۆشیاری هەوڵدەدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی تر، کە یارمەتی دەدات بۆ بە ئەنجامدانی کارەکە. (روبرت و هاوەلەکانی:2004: 66-75)

(الینیکوف 1994) بەم جۆرە سەیری داهێنانی کردووە: داهێنان ئا مانجی بەرهەمهێنانی شتەکی نوێیە، لەناو ئەم کارە تایبەتمەندی کەسایەتی بۆ داهێنەرو یاساکانی جوانی سروشتی لە داهێنان دەردەکەوێ. داهێنان کردەیەکە دەبێت سەرەتاو کۆتایی هەبێت لە ڕێگەی چەند قۆناغێك. داهێنان کردەیەکە مەبەستی بەرهەمهێنانی شتێکی نوێیە و ئەم نوێیەش لەوانەیە بە نسبەت تاك وکۆمەڵیش وابێت.

هەروەها ( بودینBoden-1996) وانیشانی داوە ئەو دەربڕینەی مەبەستمان لێی داهێنانە،دەتوانین وا باسی بکەین: توانای تاکە بۆ بەرهەمهێنانی بیرەکی نوێ یان ڕەسەن، یان دۆزینەوە یان بەرهەمێکی هونەری کەلای شارەزایان پەسند بکرێت.(ممدوح عبدالمنعم الکنانی: 2005: 23)

(ریت Wright) بەم جۆرە پێنا سەی کردووە:حا لەتێکی تایبە تە بۆ چارە سەری کێشەکان لەگەڵ دوو پاتکردن لە سەر ڕەسەنی چارە سەرەکە و بەها کەی. مەبەست لە مە دەبێت چارە سەری کێشەکەی تیا بێت و چارەسەرەکان ڕەسەن بن و لە توانای مرۆڤ دابێت ئەم داهێنانە وەربگرێت و زۆر لە سەرەوەی ئاستی هزری مرۆڤ نەبێت، کە وەرگرتنی ئاستەم بێت.

(ماکیلر Mackellar)دەڵێت: داهێنان دەربڕینێکە لە هەڵچوونی ئاڵۆز لە نێوان بیرکردنەوەی واقیعی و بیرکرد نەوەی خەیاڵی.وا تە لە ئەنجامی بیرکرد نەوەی زۆر، کە تێکەڵیەك روودەدات لە نێوان هەردوو جۆری بیرکردنەوەی واقیعی و خەیاڵی لە کۆتایش دەگاتە ئەنجامێك کە زۆر بە دوای وێڵ بووە و گەڕاوە تاوەکو پێی دەگات. مرۆڤ زۆر جار بەهۆی خەیاڵەوە دەگاتە ڕێگە چارەی زۆر گونجا و شیاو کە کێشەکان و کەم و کوریەکان چارەسەر دەکات.

(شتاین Stein) دەڵێت :کردەیەکە کارێکی نوێی لێ بەرهەمدێت،کە کۆمەڵێك پەسندی دەکەن لە کاتێکی دیاریکراو بەوەی سود بەخشە.(ممدوح عبدالمنعم:2005: 22)

هەریەکە لە (جونسون و لایرد Jonson & Laird 1986)وا دەبینن داهێنان نهێنیەکی شاراوەیە، دەبێت هەرواش بمێنێتەوە. هیچ دوورە پەرێزی لە لێکۆڵینەوە نییە، چونکە مەبەستێکی گەورەی هەیە لەسەری گەر تێی بگەین. شتەکی سەیرە کەسێك داهێنەر نەبێت لێکۆلینەوە لە سەر داهێنەران بکات!! هەروەکو (اوزبورن 1953) دەڵێت:داهێنان لا یەنێکی گەورەی هەر بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، بەڵکو هونەرێکە دەتوانین فێری ببین و فیر بکرێین و جێ بە جێ بکرێت.(ممدوح عبدالمنعم الکنانی:2005: 22) وا تە گەر کەسێك خۆی داهێنەر نەبێت ئاستەمە لێکۆلینەوە لە سەر داهێنەران بکات، چونکە کاری داهێنان کارێکی تەم و مژاوییە و داهێنەرانیش ناتوانن بە تەواوی روونی

بکەنەوە، چونکە ئەگەر خۆی داهێنەر نەبێت هەرگیز ناتوانێت لە ئاڵۆزی ئەم کارەیە بگات و هەموو لایەنێکی روون بکاتەوە.

لای (ئەرستۆ) پرۆسێسی داهێنان هونەری تێگەیشتنی چالاکی مێشکی یە و تایبەتە بە مرۆڤەوە. لەبەر ئەوە ئەم پرۆسێسە شیاوی تێگەیشتنە و داهێنانی بەم جۆرە روون کردوەتەوە: داهێنان دروستکردنی ئەو شتەیە کە سروشت نەیتوانیوە دروستی بکات، بەلأم ئەگەر بیتوانیبا دروستی بیکات ،بەم شێوەیە دەیکرد کە هونەرمەند دروستی کردوە.وا تە سروشت نەیویستووە ئەو شتە دروست بکات، بەڵکو بۆ ئادەمیزادی جێ هێشتووە تاکو دەست ڕەنگینی خۆی تیا بنوێنێ و کۆت و کەلەبەرەکانی پڕ بکاتەوە. لەم قسەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە مەبەستی ئەرستۆ ئەوەیە (هونەرمەند بەرهەمەکەی بە شێوەیەکی مەتریالی بەرجەستە کراوە ، لە ئەنجامی ووردبونەوە و بیرکردنەوە و ئازاری دەروونی و شیکردنەوی سروشت ، بە شێوەیەکی تازەی داهێنەرانە دروستی دەکات و پێشکەشی خەڵکی دەکات).( محمد عارف:2006: 58)

(سیمبسۆن)لەپێناسکردنی داهێناندا دەڵێت: هەنگاوێ کە لەکەسێکی بەتواناوە بۆ خوڵقاندنی هزرو ڕوانگەیەکی نوێ.

بێگومان چاوەڕوانی داهێنان لە کەسێك دەکرێت لەتوانای دابێت کاری داهێنان ئەنجام بدات. ئەنجامێکی باشیش بێنێتەکایەوە. نەك چاوەڕوانی لە کەسێکی گێل و نەفام یاخود لە ئاستێکی زیرەکایەتی زۆر نزم دابێت و چاوەڕوان بین شتێك دابهێنێت کە هیچ کەسێك بیری لێ نەکردبێتەوەو بۆی نەچوو بێت.

بەبڕوای(کلوبفر)یش داهێنان ئامادەبوونی تاکە لەڕێکخستن و سازکردنی خود و بنەما هەستیەکانی و گونجاندنی ئەزموونە ناوخۆییەکانی لەگەڵ واقیعی دەرەکی و پێداویستیەکانی.

یاخود ئامادەبوونی تاکە بۆ تەواوکردنی داب و نەریتی کۆن لەناو ڕێکخراوی خود و هەستی بە سوود. هەروەها تەواوکردنی شارەزایی ناوەوە لەگەڵ واقیعی دەرەوەو پێداویستی یەکانی.( قاسم حسين صالح/2007: 14)

پاش سەرنجدان لەم پێناسە شێواز جیا جیایانەی لەسەر پرۆسەی داهێنان باسکراوە، دەگەینە ئەوە کە بڵێین داهێنان پرۆسەیەکە ژیانی شارستانی و پێشکەوتوو لە ژیانی دواکەوتووی جیا دەکاتەوە، چونکە لە کۆن تەنها چاو لێکەری بیروڕاکانی پێش خۆیان بوون کەچی ئێستا لە هەموو لایەنێك و هەموو بوارێك داهێنان خۆی تیا دەدۆزێتەوە. کەوا تە داهێنان پرۆسەی بەرهەمهێنانی شتەکی نوێیە لە نەبوو یاخود دۆزینەوەی لایەنی شاراوەیە لە بواری هونەر و زانست یان هەر لایەنێکی تر بێت.

- - **جۆرەکانی داهێنان**

جۆرەکانی داهێنان بە پێی بیروڕای لێکۆڵەرەکە دەگۆرێت و هەریەکەیان بە گوێرەی شارەزایی خۆی ، لە چ لایەنێك شارەزایە لەم لایەنە جۆرەکانی دیاریکردووە .لێرە هەندێ تێروانین دەخەینە روو:

فتحی عبدالرحمن دەڵێت: دووجۆر داهێنانمان هەیە

1–داهێنانی تاکی: هەرکەسێك بێت دەتوانرێت فێربکرێت

2– داهێنانی شارستانی: ئەمەش پێویستی بە بوونی بەهرەوە هەیە، یاخود توانا یەکی مێشکی بەرز. لە هەردوو حالەتدا سەیری داهێنان دەکرێت وەك دیاردە یەکی پێشکەوتوو.(فتحی عبدالرحمن:2004: 73)

گرنگیدان بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە (جیلفۆرد -Guilford 1950) لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەی ساڵانەی ئەنجومەنی دەروونناسانی ئەمریکی (1950) دوو جۆر بیرکردنەوەی جیا کردەوە:

بیرکردنەوەی دیاریکراو یان نزیکایەتی(Convergent thinking) تاقیکردنەوەی زیرەکایەتی و نەریت دەیپێوێت، و بیرکردنەوەی مەنتیق یان پەلهاوێژ (Divergent thinking) تاقیکردنەوەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەپێوێت. ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ دەست پێکردنی نوێ لەسەر لێکۆڵینەوەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.( ممدوح عبد المنعم:2005: 19)

(فکتۆر لۆڤنفید– V.Lovenfeld-1960) لە لێکۆڵینەوەی هونەری وێنە کێشاندا دوو جۆر داهێنانی لەیەکتر جیاکردەوە:

یەکەمیان (داهێنانی کردەیی Actual Creativity)

دووەمیان (داهێنانی شاراوە الکامن–Potential Creativity)

داهێنانی کردەیی بریتی یە لە گەشەکردنی داهێنانی شاراوە و کەوتنە کاری. بەڵام داهێنانی شاراوە هەموو ئەو توانایانەی داهێنان دەگرێتەوە کە لەنێو خودی تاکدا هەیە.جا ئەو توانا یە گەشەی کردبێت یان بە پێچەوانەوە .(الکسندرو روشکا: 1989: 100).واتە زۆرکەس توانای داهێنانی هەیە ، بەڵام هەوڵی دەرخستنی ئەم توانایە نادات. جا لە ترسی ڕەخنە گرتن و ڕەت کردنەوەبێت یاخود لەبەر هەر هۆیەکیتر بێت. ئەم توانایە لەناخی دەپوکێتەوە و لەناو دەچێت.

بەڵام ( ماکینۆن D.W. Mackinnon-1963 ) بە شێوەیەکی تر دوو جۆر داهێنان دەستنیشان دەکات:

1–ئەو داهێنانەی داهێنەر لە ڕێگەی بەرهەمەکەیەوە هەست و سۆزو پێداویستی یە ناخیەکانی خۆی دەردەبڕێت، وەکو شاعیرو نووسەرو وێنەکێش و پەیکەرتاشەکان.

2– ئەو داهێنانەی کە داهێنەر وەکو خوودی خۆی بە بەرهەمەکەیەوە نەبەستراوە،بەڵکو ئامانجی داهێنەر دەرەکییەو بەرهەمەکەش نێوەندێکە لە نێوان ئەو ئامانجە و پێداویستیەکەدا.( سەرچاوەی

پێشوو : 110 )واته لەم داهێنانەدا بەرهەم نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری وویست و خواستی داهێنەرەکەوە وەکو لە هونەرو ئەدەب دا روو دەدات،چونکە لە بواری بابەتی زانستی داهێنەر هەوڵ دەدات زیاتر پشت بە بنەمای زانستی ببەستێت و دوورکەوێتەوە لە هەست و سۆزی تایبەتی و بە پێی توانا هەوڵدەدات هەست و سۆزی خۆی لەناو بوارە زانستیەکە ڕەنگ نەداتەوە، چونکە ئەگەر ڕەنگدانەوەی هەست و سۆزی تیا بوو نابێتە بابەتێکی زانستی.

جلفۆرد جیاوازی دەکات لە نێوان(ڕەنجی داهێنانCreative Potential )و (داهێنانی بەرهەمهێنCreative Production) بە واتا بڵاوەکەی ئەو لایەنەیە کە حەزی گشتی جەماوەری لەخۆ گرتووە، چونکە بەرهەمی کەسی خوڵقێنەربە ئاسایی شێوەیەکی دیار وەردەگرێت لە کردەی داهێنان. وەکو شیعر ،ڕۆمان ، پارچە مۆسیقا،....هەر چی ڕەنجی داهێنانە بریتی یە لە ئامادەبوونی تاک بۆ داهێنانی بیر یاخود ئەنجامی سایکۆلۆجی نوێ، لەوانەش بەرهەمهێنانی بیرەکۆنەکان لە پەیوەندیکردنی بە بیرە نوێیەکان.(قاسم حسين: 2007: 15 )

(ڕۆجرز Rogers) دوو مەرجی گشتی داناوە بۆبیرکردنەوەی داهێنەرانە. وای بۆ دەچێت ببنە هاندەر بۆی. ناوی لە یەکەم ناوە ئاستی دەروونی(Psy safety)، و دووەمیان سەربەخۆیی دەروونی یە (Psy freedom). وەرگرتنی تاک گرنگترین هۆ یە، کە دەبێتە سەلامەتی دەروونی.روجرز دەڵێت: منداڵە داهێنەرەکان هۆشیاری تەواویان هەیە. ئەوانەی توانای داهێنانی بەرزیان هەیە لێزانن لە ڕێوەری ڕۆشنبیری و خۆشیان ئەم ڕاستیە دەزانن.( محی الدين توق و عبدالرحمن:1984: 285)

بیرکردنەوەی داهێنەرانە:بریتی یە لە چالاکییەکی مێشکی بەرز. ئارەزوو یەکی بەهێز ئاراستە دەکات بۆ گەڕان بەدوای چارەسەر و گەیشتن بە ئەنجامێک ، کە پێشتر نەزانراو بوو. بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە گشتی و ئاڵۆزی دەناسرێت، چونکە لە توخمێکی چووە ناویەك و هۆگر پێکهاتووە، کە حالەتێکی زەینی شاز دروست دەکەن .(صالح حسن احمد: 2005: 438)یاخود بریتی یە لە پێکهێنانی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەیەك یاخود دۆزینەوە و روونکردنەوەی گونجاو بۆ دیاردەیەك.

بیرکردنەوەی داهێنەرانە ئیشارەتە بە توانای خوڵقاندنی بیری نوێ و ڕەسەن.(محمود محمد:2004: 98)

کەواتە لە بیرکردنەوەی داهێنان مەرجە سەربەخۆیی بیرو ڕا دەربڕین و ئازادی دەروونی هەبێت بیرکردنەوەی داهێنان چالاکییەکی هزری مرۆڤە تێکەڵ بە خەیاڵەکانی دەبێت، بە مەبەستی گەڕان و دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو بۆ کێشەکە.

- **- هاتنەكايەی داهێنان**

**هۆی هێنا نە كا یەی داهێنان دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆو مەبە ستێك و هە ندێ لە داهێنەران باسی هۆی داهێنانیان كردووە و بۆ چەند شتێكیان گەڕاندۆتەوە. لەمانە:**

**(فرۆید)و گەلێكی تریش دوای ئەو ووتویانە،كە زۆرجار داهێنان لەهەڵچوون و بەربەرەكانی یان،ململانێ یەكی دەروونی یەوە پە یدا دەبێت. ئەو هەڵچوون و ململانێ یە چ بەئاگالێ بوون، یان بەنائاگایی جۆش و، قووڵپ و، ژان لێهاتن وا لەهۆش و دەروونی خاوەنەكەی دەكات ژیانی لێ ئاڵۆز بێت. ئەممەش نایەتەوە باری ڕاست و دۆخی سروشتی خۆی، تاكو ئەوەی لەهۆش و دەروونی ئەو كەسەدا بووە نەگاتە ئەنجامێك و بەشێوەیەك سەردەرنەكات.**

**گەلێك جار ئەم ژان لێهاتن و ململانێی ناو دەروون ، لەگەڵ بەهرەو شارەزایی و، زەین روو نی خاوەنە كەی دا جۆرە ها داهێنانی بالاَ یان لێ دێتە بەرهەم. شتەكی ئا سانە كە گەلێك لەو بلیمە تە بەهرەدارا نە بژمێرین یان ژ یانێكی نا لەباری پر لەململانێی دەروو نی وهەڵ چوون و ژ یانێكی نائاساییان بردۆتە سەر.**

**لە مۆ سیقاژەنەكان وەك: (بتهۆڤن)و( بارتۆك). لەفەیلە سوفە نوو سەرەكانیش (هێ نری جیمس)و، (نیشە)و(برۆ ست)و(یۆجین ئۆنیا). لەنیگاركێشەكان(ڤانكوخ). لەزاناكانیش (دارو ین)و (نیوتن)و هیتر وەك ئەوان. بەلاَم لە گەڵ ئەوە شا زۆر بلیمەتی هەڵكەوتوی تر هەبوون كە ژیانێكی ئاسایی لەسەرخۆی لەباریان بردۆتە سەر. (ابراهیم امین:1986: 198)**

**لێكۆڵینەوەی زۆر لەسەر بلیمەتەكان كراوە بینیویانە زۆربەیان منالَی یەتیم بوونە. (بیتهۆڤن) دایكی لەدە ست داوە لەتە مەنی شانزە ساڵیدا. هەركە گەیشتە تە مەنی هەژدە ساڵی باوكی لە شاری(بون) دەریكرد بەهۆی بەردەوام بوونی لەسەر ئارەق خواردنەوە. (ناپلیۆن) بووە لێپرسراوی خێزانەكەی هەرلە تەمەنی پانزە ساڵیدا بەهۆی مرد نی باوكی. (نیوتن) پێش ئەوەی لەدایك بێت باوكی مرد... زانا یان وای بۆ دە چن ئەم رووداوا نەو چەند رووداوی تری زە حمەت كاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر ئەم بلیمەتانە.(دین كیث سایمنتن: 1993: 49)**

**لەكۆن بلیمە تەكانیان دەگەڕا ندەوە بۆ ئەوە ، كە ئەوان كە سانێكن ئیلهامیان بۆ د ێت، ئەو ئیلها مەی دەگا تە بلیمە تەكان لەدەرەوەی خودی بۆی د ێت. وا تە لە جیهانێكی تر نەك جیهانی هەست پێكراوی چوار دەوری. ئەو شارەزاییەی هەیەتی نە لە خودیەتی و نە لە بوونی دا یە، بەڵكو شارەزاییەكە بۆی هاتۆتە خوارێ .**

**بلیمەتەكان لە هەموو لایەنەكانی تێگەیشتنی هەستی لەسەرەوەی مرۆڤی ئاسایی نین بەڵكو تەنها لە لا یەنێك لە سەرەوەی كە سی ئا ساین. بەلاَم لە لا یەنێكی تر وە كو ئەوانن یان لاوازترن. لەوانە یە بلیمەت لەلا یەنی تێگەی شتنی هە ستەوەری بینی نی بەهێز ب ێت، بەلاَم لەوانە یە لە تێگەیشتنی گوێ لێبوون ئاسایی یاخود لە هەر لایەنێكی تر لاوازبێت..(یوسف مخائیل:ب.ت.:32-79)**

**ئەگەر داهێنان كارێك بێت بۆ دەربرین لە خودی خۆی لە ڕێگەی پێكدادانی پێكهێنان لە نێوان داهێنەرو خود و كۆمەڵە كەی،و جێ بەجێ كرد نی ئە مە جەوهەر یەتی سەربەخۆیی یە.**

سەربەخۆیی بەمانا قوڵەکەی داهێنانی مرۆڤە بۆ خودی خۆی، جێ بەجێ کردنی خود بە تەواوی لە رێ گای کارو داهێ نان کردەی ئازاد کردنی. سەربەخۆیی مەرجی یەکە مە لە داهێ نان هەروەکو داهێنانیش مەرجە تاوەکو کارەکانمان سرو شتێکی سەربەخۆیی هەبێت.(حا سم ورمضان: 2001: 61-62)

لەگەڵ ئەوەی داهێنان لای تاك بەرپا دەبێت، بەڵام چەندین کەسانی دیکەی نا داهێنەریش لە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیەدا بەشداری دەکەن و ڕەنگە پرۆسەی داهێنان بهێ‌نە دی. وەك ئەوەی لە نێو داهێنەراندا کەسی وا هەیە دەتوانێت بیرۆکەکان لە بوارێکدا دەربڕێت، بەڵام ڕەنگە داهێ‌نەری دیکە ئەم توانا یەی لاواز بێت و هەروا بە ئا سانی ئەو بیرۆکە یە لە بواری گو نجاودا دەرنەبڕێت. هەروەها لە نێو دانەهێنەرانیشدا کەسی وا هە یە ناتوانێت بۆ خۆی بیرۆکە یەك بخوڵقێنێت. بەڵام ڕەنگە لە بیستن و زانینی بیرۆکەیەکدا( لە کە سێکی دیکەوە) رێ بازێکی نوێ بۆ تاقیکرد نەوەی بخوڵقێنێت، یان بە شێوازێکی نا یاب ئەو بیرۆکە یە دەربڕێت و پەرەی پێبدات. هەروەها ڕەنگە کەسانی وا هەبن خاوەنی بیرۆکەی داهێنەرانە نەبن، بەڵام بەهەر هۆیەك بێت ناتوانێت ئەم بیرۆکە یە دەربڕێت و بیگەیەنێتە کەسانی دیکە،بەڵام دەکرێت کەسی دووەم سوود لەم بیرۆکەیە وەربگرێت و لەنێو بوارێکدا سەقامگیری بکات. هەروەها دەکرێت کە سی سێیەم سوود لە بیرۆکەی ئەو بوارە وەربگرێت و لەبەرهەمێکی نایابدا دایڕێژێت. وا تە هەریە کەیان و لەکە سی پێشتر فێری چۆنیەتی زاڵ بوون دەبێت بەسەر ئەو کەم و کوریەی ڕە چاوی دە کات و ڕێگەی دەربڕینی لێدەگرێت.(رۆ شنا احمەد:2001: 25)

ماکینۆن(Mackinnon) یەکێ کە لە گرنگترین لێکۆ لەران لەم بوارە وادەبینێ داهێ نان دیاردەیە کە چەند لا یەنی هە یە زیاتر لەوەی بە تێگەیشتنێکی سەرپێیی خاوەن پێنا سەیەکی دیاریکراودا بنرێت.

هەر یەك لە (نو یل، و سیمون ، و شو)دەڵێن: بیرکرد نەوەی داهێنەرا نە بە شێوەیەکی ر ێك دەردەکەوێت لە چارەسەر کردنی کێشەکان، وبە داهێنان دادەنرێت ئەگەر یەکێك یان زیاتر لەم سێ مەرجەی خوارەوەی تێدا بێت:-

1- ئەنجامی بیرکردنەوەکە خاوەن بەها و ڕەسەن بێت.

2- بیرکردنەوە یەك ڕێک کەوتنی لە سەر نەبێ: وا تە بیرکردنەوە یەکی بەر پەرچ یاخود گۆڕان لە بیرەکانی پێشتر بکات کە وەرگیراون.

3- بیرکردنەوەیەك کە پاڵنەرو بەردەوامیەکی بەرزی تیا بێت. لە ڕێگەی کارە کەی بەدیار دە کەوێت بە شێوەی بەردەوامە یاخود پچر پچریە. هەروەها توانایەکی بەرزی تێدا بێت لە جێ بەجێ کرد نی هەر کارێك.(مالك حسن:2004: 14)

کەواتە داهێنان لە ئەنجامی چەندین هەلچوون و بەربەرەکانی دەروو نی پە یدا دەبێت کاتێك لە ناو بابەتە کە هە ست بە کەم و کوڕی دە کات ئەم هەڵ چوونی دەروونی یە لە گەڵ شارەزایی خاوەنەکەی. لەم بوارە دەبێ‌نە هۆی هێنا نە کا یەی کردەی داهێنان و دە ست کردن بە دوای ڕێگە

چارە بۆ بابەتەکە. یاخود بۆ کێشەکە چەندین ڕێگە چارە دادەنێت تا دەگاتە ئەنجام و کردنەوەی لایەنە شاراوەکەی بە دوای دەگەڕێت.

- - کەسایەتی داهێنەرو تایبەتمەندیەکانی

ناساندنی کەسایەتی داهێنەر و دیاریکردنی سیفاتەکانی مشتو مڕێکی زۆری لە نێوان سایکۆلۆجستەکاندا خوڵقاندوە. لەنێوان خۆیاندا بەتیۆری نیشانەکان لەقەڵەم دەدەن، هەندێك باس لە دیاریکردنی نیشانەکان دەکەن لەوەدا ئایا گشتین یان بە پێی جۆر دیاری دەکرێن! هەر کۆمەڵە یەکیش لە ناساندنی کەسایەتی داهێنەردا وەك یەکتر باسی ناکەن، بەڵکو هەرکەسەو بە شێوەیەك، هەندێك بە پێی ئاستی توانای داهێنانەکە داهێنەر دەناسێت،وەك ئەوەی داهێنەرێکی ئاست بەرز شتێکی خولقاندووە پێشترنەبووە و تەواو نوێیە. (حسن احمد عیسی:1979: 151) پرۆسەی داهێنان چەند زەحمەتە ناساندنی کەسایەتی داهێنەر زەحمەتریشە،چونکە کەسە داهێنەرەکانیش ناتوانن بە تەواوی وەسفی کەسی داهێنەر و تایبەتیەکانی بکەن.بۆیە هەریەکەو بە پێی تێڕوانینی خۆی وەسفی کەسی داهێنەری کردووە.

ئەگەرچی چەند سیفەتێکی دیارو ئاشکرا هەن لە داهێنەردا وەکو بەهرە یان زیرەکی یان بەهێزی توانای ئەندێشە یان هەوڵدانی زۆر، بەڵام ئەم سیفەتانە بە یەکجار لە داهێنەرێکدا کۆ نابێتەوە. هەبوونی ئەم توانا یە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. وا تە کێشەکە لای دەروونناسان کێشەی ئەو نیشانانەیە کە بە شێوەیەکی بنەرەتی لەبەرهەمهێنانی بابەتێکی نایابدا رۆڵ دەگێڕن، واتا کێشەکە ناسینی کەسایەتی داهێنەرە، ئەم ناسینەش هەر لەکۆنەوە تا ئیستا بەچەشنێکەو جۆراوجۆرە.

وردبوونەوە لە کردارو ڕەفتاری گەلێك لەداهێنەران دەرکەوتووە ئەو جۆرە کەسانە گەلێك حەز بەسەربەخۆیی دەکەن و بەئاسانی لەگەڵ کەسانی ترا ڕێ ناکەون و ناگونجین. حەزیش بە زاڵ بوون و دەست بە سەراگرتن دەکەن. بەگوڕو گەرمیەوە مل دەنێن بەئیشەوە.گرنگی داذ یان زۆر جیاوازە لە گرنگی دانی خەڵکانی تر. حەز دەکەن بە خوێندنەوەی بەردەوام. خێرایی پێشکەوتن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لە کارەکەی. هەستێکی ڕاستگۆیانە بەرازی بوون و حەوانەوەی دەروونی بۆ ئەنجامدانی کارەکەی. لە توانای دابێت ژمارەیەك لە چارەی سەرەتایی بدات بۆ کێشەیەك تاکو لە کۆتایی دەگاتە یەك ئەنجامی پەسند کراو بۆ کێشەکە. توانای بەهێز بۆ قەناعەت هێنان بە کەسانیتر....هتد

(کاتل،1962 ) بەگوێرەی هەندیك لێکۆلینەوە ، گەیشتۆتە ئەوەی بڵێت:

ئەوانەی لە وێژەکاری و زانستی داهێنەرن، ژیرو ،گۆشەگیرو، دوودڵن و ، حەز بەزاڵ بوون دەکەن و، هیچ گوێ نادەنە نەریتەباوەکانی ناو کۆمەڵ، هێزی خۆ پەرستنیشیان تێدا زاڵە. هەروەها پێویستە گونجان هەبێت لە نێوان جیهانی ئاگایی و جیهانی نا ئاگایی.(عباس مهدی:ب.ت.:47)

ئەدیبەکان توانای مێشکیان لەکەسانیتر باڵاترە و لە کراوەیی و ڕەهایی بۆ هاتنی ئاخاوتن و زمان پاراوەیی ولێوەشاوە و بە توانان. حەزیان لەو جۆرە کارانەیە کە مێشك دەجولێنن. پێیان

خۆشه كه بەسەربەخۆیی و، سەربە ستی بژین و بیروڕای خۆیان دەربڕن. ئارەزووی هه مه جۆره كاری هونەری و فەلسەفەیان تیا فراوانه.

لەلایەكیترەوە (مەكینۆن 1970) بەلێكۆڵینەوە ساغی كردۆتەوە ئەوانەی داهێنەرن چاو قایم و ئازان . ئازان له گیان و بیرو باوەڕیان.وەك ئازایەتی لەپرسیاركردن. ئازایەتی لەنەویستنی ئەوەی چەوت و نا لەبار بێت، هەتاكو ئه گەر چه سپاو بلاّو یش بێت. ئازا یەتی له رووخاند ندا،بۆ بذ یان نانێكی نویٚ ی به سوودتر. ئازا یەتی خەیاڵكردن لەو شتانەی ئا ستەمن و ڕێیان تیٚ نا چێت بۆ ئەوەی بیانهینیته دی. ئازایەتی دان پیا نان بەوا نەی له و یژدان چه سپاون،تاكو ئه گەر ململانێشی بەدوا بێت.(ابراهیم امین:1986: 200)

زانایانی كۆمەلاّیەتی وا دەبینن كه داهێنەر وەك خولّقێنەر وا یه، هیچ شتەكی نویٚ نایەنێته كایەوە تەنها پێچان و پێكهێنان له نێوان شته كۆنەكان ده كات...(علی الوردی:1959: 63) لێره بیروڕای من پیٚ چەوانەی بیروڕای ع لی وردی یه چونكه داهێ نەر كاری تەنها به ستنەوەی شته كۆ نەكان نییه،بەڵكو زۆر جار شتی نویٚ دەهێنێته كایەوەكه له كۆن به هیچ شێوەیەك بیری لیٚ نەكراوه تەوه و بەلاشی دا نەچوون یان ئەگەر باسیشیان كردبیٚ به شێوەیەكی سادەو سەر پێیه.

كه سی داهێ نەر به سەر خۆ یان و شتەكاندا زا لّن. توانا یەكی گەورەیان هه یه بۆ چاره سەر كردنی كێشەكان و سەركەوتن بەسەریاندا. له ڕێگەی سەربەخۆیی خۆیانەوە كارەكانیان به ئەنجام دەگەیەنن زیاتر لەوەی گویٚ له كەسانی تر بگرن. به نویٚ خوازی و سەربەخۆیی و بڕوا بەخۆ بوون دەناسرێن.

لەلایەكی ترەوە دەكرێت له ڕێگەی بواری چالاكییەكانەوە پێكها ته و چۆنیەتی كه سایەتی داهێ نەر دەستنی شان بكرێت، لەرووی كاركرد نەوە لەرووی باری كۆمەلاّیەتیەوە، لەرووی ئا كاری داهێنەرو هەڵسوكەوتەكانیەوە، لەرووی ئاستی ڕۆشنبیری داهێنەرەوە، چونكه له ڕێگەی نا سینی ئەم بوارو چالاكییانەدا ده توانین پاڵنەرەكانی داهێنەر د یاری بكەین كه هانیان داوه بۆكاركردن . هەروەها له زانی نی چۆنیەتی ئا مادەبوونی لەو بارو دۆ خەی تیا یدا یه. پا شان له ڕێ گەی بەرهه مەكانی داهێ نەرەوە شارەزایی سیفەتەكانی وەك ئازا یەتی و چاو نەتر سی له ووتـ نی ڕاستیەكان دا و بڕوا بوونی بەو بیرۆكەیه و ڕاستی هەستی لەبابەت و بەرهەمەكەیدا دەیدۆزێتەوە.

زۆربەی توێژەرەوەكان و ڕەخـنەگران بۆ د یاریكردنی ئەم خا سیەت و سیفەتانەی كه سایەتی داهێنەر بەرپەرچی هەموو ئەو بۆچوونانەیان داوەتەوە كه داهێنەر به كه سێكی نەخۆش و نا تەواو له قەڵەم دەدەن، بەڵكو ئەوە دەخەنه روو كه داهێنەر كەسێكی ساغ و ئاساییه. له زۆر رووەوە چ له بیركرد نەوەو بۆ چوونەكانیدا یاخود له توا نای هه ستكردن و چۆنیەتی هەڵ سوكەوت و نوا ندنی چالاكییەكانیدا.

لەڕاستیدا پرۆسێسی داهێنان له زۆر لایه نەوە د یارده و مه سەلەیەكی ناد یارو ئاڵۆزه.له بەر ئه مەش هه ندێك له هۆكاره كانی بەرپاكردنی به نده به د یاردەو بابەتا نەی ناد یارو ئاڵۆزن و تا ئێستاش له نێو زانستەكاندا تەواو روون نەبۆتەوە و له گریمان كاری دان.

کردەی داهێنان هیچ یاسایەکی نییە ئامانجەکانی دیاری بکات، چونکە ئەوەی دەدۆزرێتەوە لە کردەی داهێنان شتەکی نویٚ و ڕەسەنە.ئەقلٚ لای داهێنەر دەبێت توانای ماندوو بوونێکی زۆری هەبێت تا توانای ڕێکخستن و پێکهێنانی هەبێت.

داهێنەر کەسێکە خاوەن بەهرەیە . بەهرە بەو مانایەی ووزە و توانایەکی ڕەسەنە لە نائاگایی داهێنەردا . ئەمیش بۆ ووزە یەکی ئا گایی و هە ست پێ کراوی دەگۆرێت، تاوەکو ڕا ستیەکان بدۆزێتەوە. کێشەکانی نێو کۆمەلٚ و مرۆڤایەتی تاووتۆ بکات و لە ڕوانگەو گۆشەیەکی روون و نویٚ و دروستەوە چارەسەر دەست نیشان بکات. بەم پێیە کەسێکە هزرو بیرکردنەوەی بێ خەوشە. ئاستی هەستکردن و توانای تێگەیشتنی بەرزە. داهێنەرانی بواری ئەدەبی و هونەری خودی پاڵەوانەکانیان بە جەماوەرو تاکەکانی کۆمەڵەوە گرێ دەدەن لەسەرجەم ئەو کێشەو نەخۆشیانەی روو بەروویان دەبێتەوە، چونکە شارەزای جیهانی نائاگایین و جەماوە راکێشی ئەندێشەو زیندەخەون و بۆ چوونەکانیان دەکەن. لە بەر ئەمە کاری داهێنەرا نە کارێکی گرانە و دەبێتە هۆی فراواذ کردن و روونکردنەوەی هەست و نەست و زانیاریەکانی دەروون، لە پێناو دەرهێنانی ڕاستیەکان و کردنەوەی ئەو گرێیانەی لە بابەتەکانی بەردەم مرۆڤدا کۆت و تەگەرەو بەربەستن.

پرسیار زۆر کراوە لەو بلیمەتانەی داهێنراوی بالآ و پڕ بایەخیان هێناوەتە کایەوە. چۆن ئەو داهێنراوانەیان بەبیردا هاتووە.زۆر بەیان وەلاّمیان ئەوە بوو، دوای بیرلێ کردنەوە وپێوە خەریک بوونێکی بێو چان ، لەناکاو ئەوەی گرێ بووە لایان و، لە مێشکیان خولاوەتەوە ،زۆر بیر یان لێ کردۆتەوە، لەپڕ بەخورپە،وەك ئیلهام( Inspiration) چارەکەی هاتووە بەمێشکیاندا ولا یان روون و ئاشکرا بووە.

هەندێ لە داهێنەرانی وا هەبووە لەڕێگا رۆیشتوە لەناکاو ئەم رووناکیی یە لەمێشکی دا شەوقی داوەتەوە و،ئەوەی بەینێك لێی گەڕاوە و بە دوای دا وێڵ بووە لەناکاو بۆی روون بۆتەوە. هەندێکیتری وا هەبووە کە لەحەمامدا خۆی شوشتووە و هیچ خەیاڵی لای ئەو شتە نەبووە کە پێشتر زۆر بۆی گەڕاوە و، بەدەستیەوە داماوە، کاتێکی زانیوە کە لەپڕ هاتووە بەمێشکی.زۆربەی داهێنەرەکان دوای ماندوو بوون و هەلٚ چوون و ژان لێ هاتنێکی زۆر ئەوسا گەیشتونەتە ئەوەی لێی گەڕاون .

(ئەدیسۆن ) دەڵێت: بلیمەتی یەك لە سەدای ئیلهامەو نەوەتو نۆکەشی ماندووبوون و ئارەقەی نێو چەوانە.(عباس مهدی:ب.ت.: 49)

(ئیسحاق نیوتن I .Newton ) سێوەکەی دی لە درەختەکەی ناو باخەکەی خۆیان کەوتە خوارەوە. چەند ساڵێکی پێ چوو تاکو گەیشتە ئەوەی بزانێ ئەو سێوە بەهۆی هێزی ڕاکێشانەوە بەرەو زەوی هاتە خوارێ لەجیاتی ئەوەی بەرەو ئاسمان هەڵکشێت.

هەروەها ( چارلس داروین Charles Darwin) ساڵانێکی زۆر خەریکی زانیاری و بەڵگە کۆکردنەوە و بیرکردنەوە بوو. پێش ئەوەی بتوانێت بۆچوونەکانی دەربارەی گۆڕانی هەمەچەشن (تطور الأنواع) روون بکاتەوە و ئاشکرایان بکات.وەکو خۆی لەنوسینێکی دا باسی دەکات و دەڵێت: (( من رۆژێک یان بەرێگایەکدا، لەناو عارەبانەکەم دا، لە سەر پشت لێی ڕاکشا بووم، لە

ناكاودا ئەوەی دەمێك بوو بيرم لێی دەكردەوە، لەپڕداهات بەمێشكمدا و لە خۆشيا نەم دەزانی چی بكەم.

ئەم چە شنە بۆهاتنا نەی با سمان كردن، هەر چەند لەناكاو دا لە هزردا سەرهەڵدەدەن و دەردەكەون، بەڵام تۆوەكانيان بێ گومان ،پێشتر لەزەويەكی بەپيتدا دەڕوێن و چەكەرە دەكات، كەوا بەم جۆرە لەدوايی دا لەپڕ سەر دەردەكەن. (ابراهيم امين:1986: 195)

زۆر جار زاراوەی بلیمەت بە هاووا تای زاراوەی بەهرە(مەوهـ بە Giftedness ) دادەنرێت بليمەتی ما نای تايبەتی دەگرێ تەوە هەروەها كارێكی مێ شكی كۆ نە، هەر چی بەهرە يە تايبەتمەندييە كە لە دەربڕينی ئەكاديمی و لێكۆڵينەوە بەكاردێت. د ياريكردنی بە هەمان تو ندو تيژی نابێت . هەرچەندە هەندێك لە لێكۆڵەران دووپات دەكەنەوە كە پێويستە بەهرەو داهێنان جيا بكرێنەوە. لە بەر ئە مە بەهرە پەيوە ندی بە مندالآن هە يە. هەر چی داهێنا نە زياتر پەيوە ندی بە چالاكی گەورەكانەوە هەيە. هەروەها سيفەتی جێ بەجێ كردنی كارەكانی مێشكی زوويی هەرتەنيا بليمەت ناگرێتەوە بەڵكو زاراوەی بەهرەش دەگرێتەوە .

هەندێ لێكۆلەر وەكو(البرت R. S .Albert) وا پێنا سەی بليمەتی كردووە لە سەر بنەمای بەرهەمهێنان، دەڵێت بليمەت ئەو كەسەيە دەبێت بەرهەمی بۆكاتێكی دوور و درێژوو بۆ ژمارەيەكی زۆر لەكارەكان هەبێت كاريگەری روون و ئاشكرايان لەسەر كەسانيتر بۆچەند ساڵێك هەيە ( دين كيث سايمينتن: 1993: 8)

ئەندێشە بۆ داهێنەران بەتايبەتی داهێنەرانی بواری ئەدەبی و هونەری وەك چاوگەيەكی كاريگەرو بێ سنوورە، چۆنيەتی ئەو ئەندێشەيە ڕێباز و شێوازی بليمەتێك لە يەكێكی تر جيا دەكاتەوە. بە بڕوای(كۆڵن وڵسن Colin Wilson-1985) ئەندێشە بەهۆی پێكدادانی زانين و نەزانينەوە دێتە ئاراوە.(قاسم حسين:2007: 19) واتە جيهانی نەزانين و ناديار چالاك دەكات بۆ ئەوەی بەرەو زانين و ديار بچێت، ئەگەر چی ئەم ئەندێشەيە لای (كروچێ-- Croce, Benedetto 1952-1985)ی فەيلەسوف هيچی لە وزەی زەين روونی كەمتر نييە. هەروەكو دەڵێت:( هونەر بريتی يە لەبەرهەمی ئەندێشە يان زەين روونی و دەخرێتە روو.باسی ديارەكان ناكات، بەڵكو هەستيان پێ دەكات و نە زيادو نەكەم پێشكەشيان دەكات، چونكە هەڵسەنگاندنی هونەر لە زيرەكی ئەقڵمانەوە دەرناچێت، بەڵكو لە ئەندێشەو زەين روونيمانەوە. بەو مانايەی بەر لەوەی بە ئەقڵ بير بكەينەوە بەهۆی ئەندێشەو زەين رووذيەوە بە زانينەكان دەگەين، بەڵام بوونی ئەندێشە ياخود زەين روونی يان بەهرەو ئيلهام بە بێ گرنگيدان و هەوڵو تەقەللاو بايەخ پێ دانی داهێنەرەكە چ بەرهەمێكی نايابی ئەوتۆی لێوە پەيدا نابێت.(الفن والجمال: مجله اقلام:ژ3: 1975) جگە لەما نە داهێنان پەيوەستە بە ئاستی زيرەكايەتی و چەند لێكۆلينەوەيەكيان ئەنجام داوە بۆ دياريكردنی ئاستی زيرەكايەتی داهێنەران لەمانە:

(نيومان)لێكۆلينەوەی كردووە لە سەر ئاستی زيرەكايەتی و كۆمەڵەيەكی هێنا ئاستی زيرەكايەتيان بەرز بوو بينی ژمارەيەكی زۆريان توانای داهێناذيان نييە. بەراوردی پێكردن لەگەڵ كۆمەڵە يەكيتر ئاستی زيرەكايەتيان مامناوەند بوو. بينی ئەوانەی كۆمەڵەی دووەم ژمارەی

داهێنەریان زیاترە لە کۆمەڵەی یەکەم کە ئاستی زیرەکایەتیان بەرز بوو. زۆربەی لێکۆلەرەوانی لەم بوارە وا بۆ دەچن ئەوانەی توانای داهێنانی بەرزیان هە یە پێویستیان بە بە شێك لەم زیرەکایەتیە هەیە.( محی الدين وعبدالرحمن:1984: 285 ) لە ئا ستی مامناوە ند یاخود تۆزێك بەرزتر. زیرە کی ئازادی بیرکردنەوە یە. هەرکاتێك ئەم توا نا عەقڵ یە لاواز بوو ، ئەوا دەرە نجامی داهێنەرا نە کەمتر دەبێتەوە. هەموو با بەتێکی داهێنەرا نە دوور دەکەوێتەوە لە سەرپێی و لاوازی. هەربۆ یە توانا یەکی وەك زیرەکی و نەرم و نیانی و توانای قسەکردن بە پلەی یەکەم جیهانبینی فراوان دە کەن. ئە مەش چارەسەرێکی وردبین بۆ گرفتەکان دەدۆزیتەوە.( جوان حوسين:2004: 8 )داهێنان واتە سەیر کردنی ژیان بە باشترین و بە جوانترین شێوە ، ناتوانین بیر لە ژیانی مرۆ ڤی کۆن یاخود هاو چەرخ بکەینەوە بەبێ داهێنان و داهێنەران. داهێنان ژیانی مرۆڤ وەردەگرێ بە بەرزترین ئاست و شێوە. بەرامبەری بەبێ داهێنان و داهێنەر ژیانی مرۆڤ بەرەو لەناو چوون دە چێت.پێوەری ذێو دەولەتی لە ژیانی هاوچەرخدا بەهۆی رێژەی بوونی داهێنەران و جۆراو جۆری چالاکی داهێنانە.

داهێنان بەرپرسیارە لەوەی مرۆڤ پێی گەیشتووە لە شارستانیەت و ڕۆشنبیری لە مێژووە درێژە کەی، گەر داهێنان نەبوا یە مرۆڤ هەر لە سەر شێوەی سەرەتاییەکەی دەما یەوە تاوەکو ئەمرۆش. جگە لەما نە داهێنانی هونەری خۆ شی و شادی دەروو نی خەڵکی لەگە ڵە.(ع مر ح سن مساد:2005: 68 )

ئەو کا تەش بڕوای(گۆ تە- Johann. W. V. Goethe-1983-1749) لەو مەبە ستەدا دەهێنێتە دی کە دەڵێت: (مرۆڤ تاوەکو خۆی نەناسێت و لە خودی خۆی نەگات ناتوانێت جیهان و گەردوون بنا سێت. ئەو کا تەی خۆی نا سی ئەو جا هە ست دە کات د یمەنی جیهان لەخۆی دا بەرجە ستە بووە. ئە مەو سەرەڕای داهێنەر لە بەرجە ستەکردنی کێ شەکان و دۆزینەوەی چارە سەریان خز مەتێکی گەورەی مرۆڤا یەتی دە کات. لەدەرخ ستنی جوانی و لە چە سپاندنی ڕاستیەکاندا. لەم رووە وە کاری داهێنەران پێکهاتووە لە سەرنج دان و کۆکرد نەوە و خستنە سەر. دەرە نجامیش کارێکی نوێ بە ڕواذ گەو بیرۆ کەی نو ێوە دێ تە ئاراوە، چونکە هەوڵی دەر چونی مرۆڤا یەتی دەدات لە گیر بوون و لا سایی کرد نەوە و ڕۆتینی رۆژا نە. ئە مەش دەبێت بە گوێرەی خوا ستنی کۆمەڵە کەی و ڕەزامە ندیان دبێت. وا تە لەبەرژەوە ندیان دا دبێت چونکە تاکی داهێنەر لەکۆمەڵ بەدەر نییەو بەرژەوەندی کۆمەڵ بەرژەوەندی خۆیەتی..(رۆشنا احمەد:2001: 160 ).

ئەو لێکۆلینەوا نەی لە سەر داهێنان کراوە سەلماندوویانە داهێنان پێویستی بە رێژە یەکی زۆر لە زیرەکایەتی نییە. زۆر لە داهێنەران توانای زیرەکایەتیان تەنها کەمێك لەسەرەوەی دەرەجەی مامناوەندی دایە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ داهێنان توانایەکی بۆماوەیی نیە، بوڵکو سیمایەکە بە خوێندن و هەوڵدان و کۆششی زۆر بەدەست دەکەوێت.

جگە لە ڕە چاو کرد نی ئەم خا ڵە داهێنەر ئا مانجێکی سەرەکی دەخا تە بەر چاوی خۆی و دەیەوێت پێی بگات. هەوڵ دەدات بە چەشنێك دیمەنی واقیعی ژیان بکێشێت نەك تەنها مە سەلە ڕاست و ناڕاستەکان دیاری بکات، بەڵکو دەیەوێت ئەو مەسەلانەش بخاتە روو کە لە دا هاتوودا روو

دەدەن و ئێمە پێی دەگەین. ئەویش لە قاڵبێکدا کە ئاوێتەی بۆچوونەکانمان بێت و لەگەڵ ڕەوتی ژیانماندا بگونجێت.

کەوابێت وەکو چۆن مەبەستی داهێنەر دەرچوونە لەواقیعێکی دەق گرتوو، پرۆسێسی داهێنانیش دەرچوونە لە سنووورە دیاریکراوەکان و لە چوارچێوە دووبارەبووەکان. ئەم دەرچوونە مانای کار لە یەککردنی ووزە دەروونیەکان و گۆڕانی نێو هزرو بۆ چوونی داهێنەرەکە دەبەخشێت. واتە بڕینی جۆرە قۆناغێکی بیرکردنەوەو هەستکردن و ڕەخساندن و سازدانی قۆناغێکی نوێی دیکە بۆ هەستکردن و بیرکردنەوە. ئەم گۆڕانە وەك شۆڕشێکە لە بۆچوونی داهێنەردا بەرپا دەبێت. لە هەمان کاتدا دەبێتە شۆڕشێکی کۆمەڵ و ژیانی سەرجەم مرۆڤایەتی، چونکە داهێنەر لە دۆزینەوەی ڕاستیەکاندا وەکو کەسێکی ئاسایی بەرامبەر کارەسات و ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵ و سەردەمەکەی ناوەستێت، بەڵکو ڕوو بەروویان دەبێتەوە. ڕەخنەیان لێدەگرێت و لایەنە چاك و خراپەکانیان دەخاتە ڕوو. (ڕۆشنا احمد:2001: 161)

مرۆڤ تا ماوەیەکی زۆر سەیری داهێنەرانیان دەکرد کەوا خاوەن توانایەکی خارقیان هەیە،جیایان دەکەنەوە لە مرۆڤەکانیتر کە هیچ لەو توانایەیان نیە. لەوانەیە بەتایبەتی ئەم جۆرە سەیرکردنە ببێتە بەربەست بەرامبەر بە لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر کردەی داهێنان . زۆربەی کەس وایان دەزانی جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان توانای داهێنەران و هەموو جۆرە خەڵکێکی تر.بەڵام لە ڕاستی وانیە و جیاوازیەکی زۆر نیە لە نێوان داهێنەر و کەسانی تر تەنهاجیاوازی لەوەدایە ئەوان بە دوای ڕاستی دادەگەڕێن و خۆیان ماندوو دەکەن بۆ گەیشتن بە چارەسەری گونجاو.

جگە لەمانە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە سەر داهێنان پێشکەش نەکرا تەنها پاش ئەوەی کە زانایانی دەروونی ئەو بیرەی کۆنیان وەلانا. دەستیان کرد بە سەیرکردنی توانای داهێنان وەك هەر توانا وەسفێکی تر کەمرۆڤ هەیەتی وەکو زیرەکی، یاخود هەر سیمایەکی تایبەتی تر.(حسن احمد عيسى:1979: 15-16) جگە لەمە بیرکردنەوەی داهێنەرانەش وەکو هەر بیرکردنەوەیەکی تر، دەبێت چەند ئامانجێکی هەبێت و بیجولێنێت و کاریگەری هەبێت لەسەری هانی بدات و پاڵ بە خاوەنەکەی دەنێت بۆ خۆماندووکردن و بەردەوام بوون تیای بۆماوەیەك کە لەوانەیە چەند ڕۆژێك یان چەند مانگ بخەیەنێت.(عمر حسن مساد:2005: 70)

ئەگەر سەرنجێك لە بەرهەم و کارە نایابەکان بدەین، ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گر فت و کێ شەو ململا نێ و گۆڕانکار یەکانی کۆ مەڵ لەبەر هەمی داهێنەرا ندا بەرجە ستەکراوە.بەردەوام وە کو هەوڵ و شۆر شێکن دژی ستەمکاری و کۆ نە پەر ستی وەستاونەتەوە. دژی هەموو دیاردە و باەتێکن زیان بە مرۆڤایەتی بگەیەنێت. بەم پێیە داهێنەر کەسێکی ڕۆشنبیرە، بابەت و بەرهەمەکانی باس لەحالەتێك دەکەن بەرەو باشتر بچێت و خوازیاری دەربازبوونیانە لە ستەم و کۆنە پەرستی. بۆ ئەوەش لە لوتکەی ڕۆشنبیری جیهانەوە دەروانە دیاردەکان. خۆشی خاوەنی ڕۆشنبیریەکی فراوانە و هەست بە چۆنیەتی دیاردەکان دەکات. بیریان

لێدەکاتەوە و هەڵیان دەسەنگێنێت و بەدوای چارەسەری گونجاو دروستدا دەگەڕێت بۆ کێشەی نێو دیاردەکان.

هێزو توانای داهێنەر لەبوونی هەڵوێستدا دەردەکەوێت بەرامبەر ژیان و کارەساتەکانی ذێو ژیانی مرۆڤایەتی. ئەم هەڵوێستە لای بەرامبەر و لای جەماوەر درکی پێ دەکرێت. لەو بنەمایەوە کە هەموو کارێکی داهێنەرا نە مامە ڵە لە گەڵ هە ست و نە ست و ڕەو تی ژ یانی مرۆڤ دەکات، یاخود هەروەکو(یاسبرز)(Karl Jaspers-1969-1883) دەڵێت (مرۆڤی گەورە ڕەنگدانەوە یەکی گرذگە لە ئا ستێکی ناکۆ تایی هەموو بوون. خۆی ئاوێنە یەتی یان خۆی لەبیر یەتی.. پا شان جەماوەر بەرام بەر بەر هەم و کاری داهێ نەرێك دەکەوێ تە حا لەتی سەر سوڕمان و سەرنجدانێکی قوو ڵەوە. بەبینینی هەڵوێستی پۆزەتیفی داهێنەر هەست بە گەورەیی و بەرزیی ئاستی هزرو توا نای داهێنەر دەکات و ئەو بەرهەم و کارەی توشی سەرسوڕمانی کرد بوو بەکارێکی نایابی دادەنێت. لە بەر ئەوە داهێنان لە پێداویستی و مەبە ست و ئارەزوو و هەوڵ و گەڕانی خودی تاك و کۆ مەڵ و سەرجەم مرۆڤایەتی یەوە چاوگ دەگر ێت بۆ دۆزی نەوەی زانیار یەکانی ناخی خود و جی هانی دەورو بەر لە د یمەنێکی لۆژیکی نایا بدا، کە مانا یەکی پیرۆز و جوانی یەکی کەم وێ نەی لەخۆ گرتبێت.(رۆ شنا احمەد:2001: 161)

دەبێت دان بەوە دابنێین کەوا هێزێکی ناوەکی د یاریکراو هە یە. شتێك پێویستە بۆ کاری داهێنان،کە لایەنەکانی پێشکەوتن روون دەکاتەوە.(بیرد) یش لە(1874) بەڕا ستی بیردۆزە کی وای دانا، ئەم بیردۆزەش وا دەبینیٚ کە داهێنان لە ئەنجامی دوو گۆڕاوی سەرەکی یەوەیە، کە پەرۆش و شارەزایی یە.

پەرۆش هێز و توانایەکی زۆر دەدا تە داهێ نەر بۆ بەردەوام بوون لەکارە کەی، بەڵام پەرۆش بە تەنیا لەکارێکی ڕە سەن ز یاتر هیچ ئەنجامی تری لێدەرنا چێت.کە چی شارەزایی ئەو توانا یە دەدا تە داهێ نەر کە بتوا نێت بیری بەهێز و بیری لاواز لە یەکتر ج یا بکا تەوە. هەروەها یار مەتی داهێنەر دەدات بۆ داڕشتنی بیری ڕەسەن بەتوانایەکی بەرز، بەڵام شارەزایش بەبێ پەرۆش دەبێ تە کارێکی رۆتی نی دوو بارە کراو. داهێ نانی ڕا ستی پێوی ستی بە توانا یەکی باش لە پەرۆش و شارەزایی پێ کەوە هە یە. شارەزایش بە شێوەیەکی تەدریج لە گەڵ تە مەن ز یاد دە کات.(ما لك حسن:2004: 37)

زۆربەی بلیمەتەکان ڕێژەی زیرەکایەتیان زۆر بەرز نەبووە، بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوا نەی لە کۆن کراوە کە(کاترین کوکس) کردوو یەتی بە سەر پەر شتی (تو لمان) کە داهێ نەریش بوون . داهێنەران هەرکە م ندالٚ بوون زۆر بەیان وا د یاربوون لای مامۆ ستاکانیان بەهرەی لاوازیان هە یە. بەڵکو هە ندێکیان تەم بەڵترین کەس بوون لە پۆلە کەیان. ( کاترین کوکس) دەڵ ێت ژمارە یەکی د یاریکراو زانیار یمان هە یە دەر بارەی ڕ یاوە ناودارە کان کە ئەنجامی گە شەی داهێنەرا نەیان تیابەدیکراوە، کەچی لەسەرەتا ئاستی زیرەکایەتی یەکی وایان نەبووە.(مالك حسن:2004: 93)

هەروەکو وو تمان پەیوە ندی بەتین لە ذێوان ئا ستی زیرەکا یەتی و داهێنان نی یە، ر ێژەی زیرەکا یەتی بە هیچ شێوەیەك پ ێوەر نی یە ، کیَ لە ئێ مە کە سی زۆر زیرەك نانا سیَ یاخود زۆر خوێنەوارن، کەچی توانای داهێنانیان لە بچوکترین کاریشدا نییە.

توانای داهێنان بەتەواوی قەت وون نابێت و هەر دەمێنیَ. لێکۆ لەر ئە گەر شارەزایی لە چەند بوارێك هەبێت ئەنجامی داهێنانەکەی باشتر دەبێت، چونکە ئەو لێکۆ لەرەی لە یەك لا یەن شارەزایە دەتوانێت بە جدی کار بکات بیَ ئەوەی توشی هیچ گرفت ببێت لەکارە کەی و تو شی کێشەی نویَ نابێت، بەلاَم لێکۆلەری تر کە شارەزایی لەچەند بوارێك هەبێت هەندیَ شت دەتوانیَ بدۆزێتەوە کەوا لێکۆ لەری یە کەم نەیدۆزێتەوە. ئەو لێکۆلەرا نەی زۆر ترین ئەنجامیان هە یە ئەوا نەن، کە شارەزای چەند لایەنێکن لە کارەکان.(مالك حسن:2004: 38)

سایکۆلۆجی ستەکانی سەدەی پێ شوو بەر لە هەموو شتێك سەرنجیان خ ستبووە سەر تواناکانی ئەقڵی داهێنەر. بۆنموونە ئاستی زیرەکی، ئەم بۆچوونەش بە لا یەنی کە مەوە ذیو سەدە لە گۆڕ ێدا بووە، بەلاَم دوا تر ڕاو بۆ چوونەکان ز یاتر و فراوانترو هەروەها پەر تەوازەتر بوون. هە ندێکیان لەو بڕوا یە دا بوون زۆر بەی خەڵکی لەتواناو نیشانەکانی کە سایەتیدا لە یەکتر دە چن. ج یاوازی نێوانی شیان لە گەڵ داهێنەرەکا ندا لە ئا ست و ڕ لەی ئەو توانا یە و چۆنیەتی بەکار بردنیەتی. ئەگەرچی ئەوخاڵە گرنگەیان روون نەکردۆتەوە دەربارەی جیاوازیان.(رۆشنا احمد:2001: 15)

دەبێت داهێ نەر جۆرێك لە بیری ڕا ست و پەلهاو ێژی هەبێت. لە سەر ئەم بنەما یە زۆر بەی لێکۆلەرەوەکان گەیشتوونە ئەوەی پەیوەند یەکی بەرزی ذێوان داهێنان و زیرە کی ڕە فز بکە نەوە. وەکو بیری زۆربەی خەڵکی ئەوانەی ئەم دوو توانایە زانراوانە تێکەڵ دە کەن. لەم بارە یەوە داهێنان مەرج نی یە زیرەکایەتیەکی بەرزی هەبێت. هەروەکو (فرا نك بارون) زا نای بەناوبانگی دەروو نی دەڵێت:

مەرج نییە ڕێژەی زیرەکا یەتیت بەرزبێت تاوەکو مەز ندەکردنت هەبێت. بەڵکو مەز ندەکردن ز یاتر پ شت بە هە ست دەبە ستێت لەوەی پ شت بە توا نای ڕێنی شاندان و توا نای تێگەی شتنی دەڕبرین دەبەستێت. ئەوانەش بە پێوانەی زیرەکایەتی دادەنرێن.(اسماعیل ملحم:2004: 9)

هەموو مرۆڤ ێك توا نای تای بەتی هە یە، بەلاَم بە ڕ ێژەی ج یاواز لەتاکێك بۆ یەکێکی تر، لەکۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر .هیچ جیاوازیەك نییە لەنێوان تاکەکان تەنها لە بوونی دەرە جەی ئەم تواناو سیمایانە نەبێت. بە شێوەیەکیتر ئەو جیاوازیانەی لە نێوان تاك و کۆمەڵەکان هەیە جیاوازیە لە ڕێژە نەك لەجۆر یاخود جیاوازی لەچەندێتی نەك لەچۆنیەتی. ئەمەش لە سەر داهێنەرانیش جیَ بەجیَ دەبێت. ئەو توانا یەی هەیتیان لای هەموو خەڵکی تریش هە یە، بەلاَم بە ڕێژە یەکی کەمتر لەوەی لای داهێنەران هەیە .

هەر کە ئەم بیرە نوێیە چە سپا لای زانا یانی دەروو نی هیچ پێویستیەکی نەکرد تاك خۆی داهێنەر بێت تاکو لێکۆلینەوە لە سەر داهێنان بکات. هەروەها شتەکی ئا ستەم نەما هەوڵ بدەین لێکۆلینەوە لەسەر توانای داهێنان بکەین لەلای ئەوانەی داهێنەر نین. لەبەر ئەوەی ئەم توانا یە بە

شێوەیەك لەلای هەموو خەڵك بە پلەی جیاواز لای كەسانی بلیمەت و خاوەن بەهرە هەیە. هەروەكو چۆن كەسانی تر هەن بە ڕێژەیەكی زۆر كەم لەم توانا یەیان هەیە. هەموو كەسانێك لەنێوان ئەم دووانە بەش دەكرێت: ئێمە وای دەبینین سێیەكی خەڵك لەچوار دەوری مام ناوەندی دەسورێنەوە ئەوانیتر دەكرێنە دوو بەش نزیك یان دوور لایەنێكی بلیمەتە وخاوەن بەهرە دەگرنە بەر یان لا یەنی بێ ئاگایی دەگرنە بەر.(حسن احمد عیسی:1979: 16)

داهێنان لە ڕێگەی بەهرەو سەرنجدان و قووڵبوونەوەو بایەخدان و هەوڵی بەردەوا مەوە دێتە گۆڕێ. دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ ژیان و هەموو بارودۆخێكی مرۆڤا یەتی تێن و گوڕ بە داهێنەر دەبەخشێت، تاوەكو ئاڕا ستەو ڕێبازێكی ڕەهای بەرەو نەمریی و با شتر گونجاوتر بگرێتە بەر. تاوەكو ئەزموون و تاقیكرد نەوەكانی ژیانی خودی خۆی و دەوروبەرەكەی لەكارو بەرهەمێكدا بەرجەستە بكات،كە لەڕاستی و واقیع دا هەبێت. تیشك بخاتە سەر واقیع و ئەو ڕاستیانەی شاراوەو ناد یارن، لەپێناو ئەوەی كاریگەر تر بێت و زوو تر لە نەمری نزیك بێتەوە. ئەگەر چی ئەم هەڵسەنگاندن و بڕیاردا نە لای جەماوەر بڕیاری لە سەر دەدرێت، چونكە وەكو (لا نك ئیک پاوم) دەڵێت: (داهێنەر ئەو كەسە نییە، كە شوێنەوارێك یاخود كاریگەریەك دابهێنێت، بەڵكو شوێنەوار و كاریگەری لە ڕێگەی بەهاو نرخی بەرهەمەكەیەوە پەیدا دەبێت. ئەو بەها یەش داهێنەر دەكا تە مرۆڤێكی تایبەت و نا سراو...) دا نانی ئەم نرخ و بایە خەش بە بۆ چوونی ( پاڤیكو) لە هەڵسەنگاندنی كۆمە ڵەوە چاوگە دەگرێت و دەكرێت هەڵسەنگاندنی مێژوویی شی بۆ ز یاد بكەین.(الكسندر روشكا: 1989:)49) لێرە زیاتر مەبەستی لە هەڵسەنگاندنەكانی تۆژەرەوانە، كە لەبارەی بابەت و بەرهەمی چەندن ساڵی پێش خۆی یان چەندین سەدەی پێش خۆیان لێكۆلینەوە بە ئەنجام دەگەیەنن و لە خوێندنەوە یەكی نوێدا بەهاو نرخ یان بۆ دادەنرێت.وەكو( ماتیس جرنیوا لد)ی هونەرمەندی شێوەكار، كە بۆ ماوەی چەندین سەدە لە بیرچووبۆوە و لەهەڵسەنگاندن بە دوور بووە. پاشان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا مێژووی هونەری ئەم هونەرمەندە بەتوانا یە زیندوو كرا یەوەو ئێستا وەكو ئەستێرەیەكی پرشنگدارە لە ڕێبازی ئێكسپرێشینیزمی دەربڕینی ئەدەب و هونەری ئەڵمانیادا.

داهێنەر بە رو حی هە ست و سۆزی مرۆڤایەتی یەوە هە ست دە كات و دە ست دە كات بە دەربڕینی. لەنێو كارو بەرهەمەكە یدا ئەو نموو نە و بابە تە تایبەتیا نەی واقیع دەخا تە روو، كە شیاوی ڕێدراوێكی كاریگەر بێت بۆ سەر بینەرو گوێگرو خوێنەرەكانی سەبارەت بە ژیا نە واقیعە كەی. كاردەكا تە سەر خەڵكی لە پەیوە ندی و چالاكییەكانی بە جیهانەوە. لەم بارە یەوە داهێنان هۆكارێكە بۆ دە ست بە سەرداگرتن و پەیوە ست بوون لە هەموو بوارەكا ندا . لە ڕێگە یەوە جیهان و ژیان دەخولقێنێتەوە و ڕەخنەكانی لە بەرامبەر ژیان و چارەنووسی مرۆڤایەتی دەخا تە روو.كەسی داهێنەر پێویستی بە بەهرە ولێهاتوویی و ئارامی گەورە و توانا یەكی بەرز هە یە بۆ خولقاندن و هێنانە كایەوە. پرۆسێسی داهێنانیش پێویستی بە كۆشش و هەوڵی روونكرد نەوەی زیاتر هە یە، چونكە یەكێكە لە كێشە سەرەكییەكانی تۆژینەوەی زانستی و ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی بە گشتی و ڕەخنە گەرایی بە تایبەتی. پێویستی بە تۆژینەوە یەكی گشتگیرییە كە سەرجەم بوارە كانی وە كو یەكە یەكی گشتگیری لایە نە سەرەكییەكانی تاوتوێ بكرێت و بخرێتە

ژێر باس و لێکۆلی نەوەوە. هە ندێك لە توێژەرەوە بووز یاد گەری یەکان گرذ گی ئەم بابە تە دەخە نە ئە ستۆی ڕەخ نەگرانی ئەدەبی و هو نەری و چۆنیەتی ڕەخ نەو هەڵ سەنگاندنەکانیان. وەکو(بلینسکی) دەڵێت:(یە کەم کارو یە کەم گرذگی لە ئە ستۆی توێژەرەوەکاندا یە).(س.خ.را بو بورت: 1984: 3ژ)

کاری داهێنەرانە لە هەموو بوارەکان دا دەربڕی نی چۆنیەتی بینی نی جیها نە. نەك تەنیا لەو ڕووداوانەی پەیوەستن بەتاکە کەسەوە. بەڵکو هەموو ئەو ڕووداوانەی کۆمەڵایەتیشن. بەو مانا یەی شێوازە بۆ ڕوانگەو تێروانین دە خوڵقێنن. داهێنەریش ئەو مرۆڤە یە هەردەم بە دوای شێوەیەکی گو نجاو دا دە گەڕێت تاوەکو لە ڕێگە یەوە دەر بڕین لە جی هان ب کات و با بەت و ڕووداوە کانی دەربڕ ێت .داهێ نەر دەر بارەی کێ شەکانی خۆی دەدو ێت و کێ شە بنەرەتی یەکانی سەردەمەکەی دەخا تە ڕوو. بەردەوام بە شێوەیەکی ڕا ستەوخۆ لە ن ێو هە ست و سۆزی خۆی و مرۆڤا یەتی سەردەمەکەیدا دەژی. لە ن ێو خۆیا ندا خۆ یان دەردە بڕن. ئە مەش سرو شتی ئەو چێژەیە، کە سەرنجدانی جوانی مانای کارێکی داهێنەرانەدا بەدەردەکەوێت. وا تە بۆ خۆی جێگەی ڕەخنە یەکی خودی دەگرێتەوە خۆی. خۆی شیدەکاتەوە. لەبەر ئەوە داهێنەر کەسێکی وریایە و لە گەڵ واقیع دا دەڕوات. بێ ئەوەی لە واقیع دوور بێت یاخود لێی جیا بیتەوە. ئەم پابەند بوونەی فراوانتر دەبێت. لەلا یەکی ترەوە هەوڵ و تە قەلای داهێ نەر دەخا تە ڕوو. هەروەکو بۆ چوونی (دێلا کروا) دەڵ ێت :( جوانی بەبێ هەوڵ دان نادۆزرێ تەوە..). ئەم وتە یە لە گەڵ بیروڕای (ئ یدگار ئالان پۆ و ئەنتۆن چیخۆف)یەکدەگرێتەوە بۆ ئەو ڕەخنا نەی ئاڕا ستەی ئی لهام و سرو شیان کردوە.(پۆ)دەڵ ێت:(زۆر هەڵە یە گر یمانی هاتنە خوارەوەی سروش بکەیت بێتە لات، بۆ ئەوەی خوڵقێنەر بیت و توا نای خوڵقاندنت هەبێت. دەبێت سەرجەم بوارو لایەنەکانی بەرهەمەکەت بە تێگەیشتنەوە بە شێوەیەکی ڕاست و گونجاو پێکەوە گرێ بدەیت). (چیخۆف)یش دەڵێت: (هونەرمەندی داهێنەر بەبێ هەوڵدان و بیرکردنەوەو خۆ ئامادەکردن کاری داهێنەرانە ناهێنێتە گۆڕێ. ئەگەر نو سەرێك بێتە لام و ئا ماژە بەوە بدات، کە بەبێ بیرکردنەوە و خۆ ئامادەکردنێکی پێشوەخت و لە ژێر سروش ئیلهامێکی کتو پردا چیرۆکێکی نوسیوە من بە شێت لەقەڵەمی دەدەم). ( شاکر عبدالحمید سليمان: 1985 : 5ژ )

بابەتی داهێنان لە زمان دا هەر لە کۆنەوە هەبووە ،بەڵام بە سەرهەڵدانی تیۆری بەرهەم هێنان و گواستنەوەی(چۆم سکی) چووە ناو قۆ ناغێکی تر و جەخت لە سەر توا نای ق سەکەر دە کات. دەتوا نێ ژمارە یەکی بێ سنوور لە ڕ ستە بەر هەم بێن ێت و تێ بگات بێ ئەوەی پێ شتر گوێی لێ بوبێت( جان لاينز: 1376: 41-42)

( ڤیکتۆر یا و هەڤالانی) داهێ نان و بەر هەمهێنان لە تایبەت یە گ شتی یەکانی ز مانی مرۆڤە.( ويكتوريا فرامكين و سايرين: 1380 : 25 )

بەمجۆرە کاری داهێنەرا نە پێوی ستی بە کاریگەر یەکی قوڵی ن ێوان سەرنجدان و ڕێکخ ستنەکانی هە ست پێ کراوی جی هانی و ئا گایی و نائا گایی هە یە لە وی ست و د یاریکردنی چۆنیەتی و ڕوونکرد نەوەی حالە تەکانی لە نێوان خەڵك و واقیع. یان ئێ ستاو ڕا بردو و ئایی ندە. چونکە لە ن ێو ئەم حالەتا نەدا تێبی نی کردن و سەرنجدان ڕۆڵێ کی گرنگ دەگێر ێت. پرۆ سەی

سەرنجدان ئەو پرۆسێسی داهێنا نە پێکدەهێنێت، کە داهێنەر پێی هەڵدە ستێت و سەرجەم ووزە ئەقڵی و پاڵنەرە دەروونی و جەستەیەکانی بۆ دەخا تە کار. بەم پێیە داهێنان پرۆسێسێکە بەرەو ئامانجێکی پیرۆز هەنگاو دەنێت و گوێ بە هیچ کۆت و بەربەستێك نادات. لە وێنەی شەپۆلێکدایە کاریگەر بێت و کاری تێ بکرێت ،بەلأم هەرگیز نافەوتێت.

باشترین نموونەی کاری داهێنەرا نە توا نای کە سێکی داهێنەر بووە بە با بەتیکی سەرەکی ژمارە یەك لە توێژەروان بووە وەك (لیۆ ناردۆ دافنشی ) وەك لوتکە یەکی سەدەی پانزە بوو. ئەو ناوبانگەی لە هونەری ئەدەب و زانست دا دەستگیری کرد بوو تاوەکو ئەمرۆش هەروەکو خۆ یەتی. لەبەر ئەوەی کەوتۆتەوە سەر تێروانینە گشتگیریە بێوێنە کەی. گشتگیری (دافنشی)پێکهاتبوو لەو هێزە گیانیەی خواستی زانینێکی لە خۆ گرتبوو، کە سنووری نییەو ڕێرەوی بیرکرد نەوە و هەڵسو کەوتی نیشان دەدات. ئەم هونەرمەندو زاناو بەهرەمەندە لەو بڕوایەدا بوو چاوەکانی ڕێگایەك بوون بۆ زانین. هەستی بینین لەلای باڵاترین هە ستەوەرەکان بوو، چونکە تەنیا بینین ڕا ستی ئەزموو نە دڵنیاو ڕا ستەقینەکە دەدۆزێ تەوە. بەم جۆرە هەموو دیاردە یەکی وەك با بەتێك دادە نا بۆ زا نین. ئەمیش بە گوێرەی ووتە بەناو بانگەکەی :(فێربیە چۆن دەبینیت).( رۆشنا احمد:2004؛ 166) واتا چۆن توێژینەی مرۆڤ سازدەکەیت و داهێنەرەکانی خوڵقاندن بەرپا دە کەی. داهێنەرەکانی (دافنشی) لەو بوارانەدا بوو، کەهەستی بینینیان لە ئامێز گرتووە. لە وێنە کێشان و پەیکەر سازی و ئە ندازیاری دا ڕەنگی دابووەوە، چونکە زیرە کی و توانا یەکی بەهێزی هەبوو لە سەرنجدان و تیبینی کرد ندا. توانای گەورەی لە هونەری وێنە کێشاندا گەیاند یە توێژینەی خودی سرو شت خۆی. ئەویش بە شێوازو میتۆدێکی قووڵ و لۆژیکی. لەبەر ئەوەی هونەرو زانستەکەی لە یەك ئا ستداو وە کو یەکتر دەخستە روو.

کەوا تە بەر هەمی داهێنەرا نە خۆ یان هەڵگری نەمرین ، چونکە لە سەردەمی خۆ یان و دوای خۆیان سودێکی زۆریان بەخشیوە. بوونەتە هۆی پێشکەوتنی ڕادەی ڕۆ شنبیری سەردەمەکەیان و سەرنج ڕاکێشانی خەڵکانی چوار دەوریان. تاوەکو ئەمرۆش هەر لە هەمان ئا ست دان و هەڵگری سوود و چێژی تایبەتین. خاوەنی ما نا و زانینێکن کەس ناتوا نێ نکوڵ یان لێ بکات بە تایبەتی لەوەدا کە ڕا ستگۆیانە دیمەنی دیاردە کان دەکێشن و جوانی و ڕا ستیەکان ئا شکرا دە کەن. تاکی داهێنەر بە سامانێکی میللی دادەنرێت و گەو هەرێکی دەروونیە و دەبێت بە دوا یان بگەڕێین و بیانپارێزین، چونکە دەبنە هۆی پێشخستنی شارستانیەت.ڕێگە نەدەین ئەم توانا یە لەناویان وون بێت و بتوێتەوە. تاکی داهێنەر خێرا هەست بە بوونی کێشە دەکات و بیری داهێنەرانە لە نەبووەوە پە یدا دە کات. وا تە بیری نوێ لە شتی وا درو ست دە کات ، هیچ ئە سڵ و ئەسا سێکی نەبێت لە دەوروبەرماندا. لە ڕێگەو چارەسەری نوێ دەگەڕێن. ئامانجی روونیان هە یە و دەیا نەوێت بیگەنێ. گرنگی بە توانج لێدانی خەڵکانی دەورو بەریان نادەن کە ڕەخنەی رووخێنەریان لە سەر دە گرن. لەسەرنەکەوتن ناترسن و چاو نەترسن بەرامبەر هەموو ئەم کێشانەی رووبەروویان دەبێتەوە.

- **- تواناى داهێنان**

هەمووكەس داهێنانيان وەك يەك بۆنا يەت. (سپيندەر Stephenspender) دەڵێت، هەنديك كەس لەو بليمەتانەى ك كردارى داهێنان دەهێننەكا يەوە چۆنيان بۆ بێت،بێ زۆرى لە خۆكردن و ما ندووبوون، دەينو سن و دەيهێن نە كا يەوە. لەم كە سانەش((مۆزارت)) بە نموو نە دەهێنيتەوە، دەڵێت: هە نديكى تريش وەكو ((بتهوڤن)) لەبيرو باوەريكى بچوكى سادەوە دە ست پێ دەكات و بەرەنجدان و، عارەق ڕشتن و ،پێوە هيلاك بونيكى زۆر، كردارەكەى دەكات بە شاكاريكى داهينراوى بليمەتانەى بالاو مەزن.هەموو جۆرە كرداريكى داهێنان، دەبێت خاوەنەكەى لە پيشەوە خۆى بۆ ئا مادە بكات و، شارەزايى يەكى فراوان لەم بابەتا نە پە يدا بكات كە پەيوە نديان بە و جۆرە داهێنانەوە هەيە.

هەروەها شێوەى بيركردنەوەى كەسێك بۆيەكێكى تر جياوازە. بۆ نموونە(شيلر)ڕەفەكانى ناو مێزە كەى پردە كرد لە سێوى گەنيو ،ئەو سا شيعرى بۆ دە هات.(بۆدلێر) ئە گەر حەشيشەى نەكێشابايە،هيچى پێ نە دەوترا.(كانت) بە ڕۆژ لە كاتێكى تايبەتى دا لەناو جێگاى نوستن ڕادەكشاو خۆى بەپێخەف دادەپۆشى هەر سەرو دەستى بە دەرەوە بێت،ئەو سا مێشكى دەكرا يەوە و دەستى بەنووسين دەكرد.(مۆتسارت) ماوە يەك خەريكى وەرزش دە بوو ئەو سا دە ستى بەئاواز دانانى مۆسيقا دەكرد.هەروەها چەندين داهێنەر هەن ئيشى بيركردنەوە و نووسينيان پێ ناكرێت ئە گەر گوێ لەمۆسيقا نەگرن يان جگەرە نەكێشن، يان چاى، يان قاوە، يان مەى نەخۆنەوە. هەنديكى تر دەبێت لەجێگايەكى تايبەتى بچنە خەلوەتەوە، تاكو بيرو باوەرو نووسينى ئا شكرايان بۆ بێت. بەم جۆرە هەريەكە بەشێوەيەك دەكرێتەوە و داهێنانى بۆ ديت .(ابراهيم امين:1986: ژ109)

بوونى توا ناى داهێنانيش لە كە سێكەوە بۆ كە سێكى تر دەگۆڕێت. بە پێى ئا ستى زيرەكا يەتى. دەبێت كە سى داهێنەر ئا ستى زيرەكا يەتى لە سەرەوەى مامناوە ند بێت. هەروەها ڕادەى توا ناى ئەم كە سە بۆ گەڕان بە دواى ڕێگە چارە سەرى گو نجاو، چونكە ئە گەر ئەم كە سە هەرچەند تواناى داهێنانى بەرزى هەبێت، ئەگەر خۆى پێى نەزانێت ياخود هەوڵ نەدات ئەم توانايە دەربخات بۆ سوودى گشتى بەكارى نەهێنێت ئەوا ئەم توانايە هەر بە شاراوەيى دەمێنێتەوە و لە شوێن خۆى دەپووكێتەوە و وون دەبێت.هە ندێ كە سيش دواى خوێند نەوە و ما ندوو بوون و فشارى زۆر لە سەر مێشكى،كێشەكە لەناو مێشكى دەخولێتەوە و پێوەى ما ندوو دەبێت تاكو دەگاتە ڕێگە چارەى گونجاو.

- - **پلەكانی داهێنان**

ئەوەی ئێ ستا لەلای زۆر بەی دەروون نا سەکان بڕوای پێ کراوە و، بەپێی ئەوەی کە لە ژمارەیەکی زۆری بلیمەتە بەهرەدارەکانەوە بیستویانە و بەگوێرەی ئەو بیرو باوەڕا نەی (والاس G Wallis.) لە سالی 1926 دا بلاوی کردو تەوە لە گەلْ ئەوەی بەلێکۆلینەوە ساغ بۆ تەوە. کرداری داهێنان بە چوار پلەدا تێپەر دەبێت، کە ئەمانەن:

## 1- پلەی ئامادەبوون (Preparation):-

لەم پلەیە پێویستە داهێنەر پێناسەیەکی تەواوی بابەتە کە بکات بۆ چارە سەری دە گەڕێت. کۆکرد نەوە و ڕێکخ ستنی زاذ یاری پێوی ست لە سەر کێ شەکە،کە لە چوار چێوەی زاذ یاری تا کدا نییە. هەروەها دا نانی چەند ئەنجامێکی سەرەتایی لە سەر زانیار یەی هە یەتی یاخود لەوانە یە بیگەینێ لە پلەی داهاتوو.

داهێ نەر لە هەموو لایە نەکانی کێ شەکە دەکۆلێ تەوە لەوماوە یە تاك چەند لا یەنێکی تر شارەزایی پە یدا دە کات و بەهرەی فراوان دەبێ.فێری شێوازی نوێ دەبێت. یار مەتی دەدات بۆ د یاریکردنی کێ شەی بیری لێدەکا تەوە. لەم قۆنا غە چەند کردە یەك دەکر ێت وەك خولْقا ندنی ئاڕا ستەی داهێ نانی گ شتی و دا نانی مەر جە سەرەتاییەکان بۆ داهێ نان. د یاریکردنی لا یەنێکی د یاریکراو و گرنگ یدان پێی.کۆکرد نەوەی زاذ یاری گو نجاو و وەرگرتذ یان و تێگەی شتن لێ یان. خوێندنەوەی زۆر لەسەر کێشەکە و تاوتۆکردنی بابەتەکە لەگەلْ خاوەن بەهرەکان. (قاسم حسين: 2007، 85-84)

لەم پلە یەدا، ئەوەی لەمێ شك دا دەبێ تە کێ شە، خاوەنە کەی والا یدەکات بیری لێبکا تەوە و د یاری ب کات و زاذ یاری گو نجاو لە سەر کێ شەکە کۆبکا تەوەو لێ یان تێ ب گات و ب چێتە بنج و بنەوانیا نەوە. ئەو سا لە گەلْ یە کدا بەراوردیان ب کات و هەڵیان ب سەنگێنێت و بکەوێ تە بژارەو پوختەکردنیان. بە جۆرێك بەوردی چاوبڕێتە ئەو بەلْگا نەی ڕەذگە بیبە نە سەر ئەوەی لێی و نەو بەشوێنیا دەگەڕێت.گۆتە( Goethe) لەباس کردنی ئەم پلەیەدا وتوویەتی:

کەواتە ئەم پلەیە هەنگاوی کۆکرد نەوەی زانیارییەو بەردەوام لە لێکدا نەوە و گەڕاندا یە بێ ئەوەی بگاتە هیچ چارەسەر و ئاکامێك، واتە کێشەکە هەر دەمێنێتەوە.

## 2- پلەی کرکەوتن یان هەڵهاتن (Incubation):-

ئەم پلە یە بەدوای پ لەی ئا مادەبوون د ێت لێرە هونەرمە ند سەرقالْ دەبێت بە شێوەیەکی هەستی بۆ پشکنینی بیرە ڕەسەنەکە، بۆ گەیشتن بە پلەی دوای، کە پلەی ئیلها مە. لێرە داهێ نەر هەڵدە ستێ بە تاقیکرد نەوەی ڕێ گە چارە تاوەکو بگات بەمەبە ست .لێرە لێکۆ لەر پ شت بە چەند

شێوازێك دەبە ستێت تا بگا تە ئەنجام وە كو پیا سەكردن و چونە مەلەواذ گە یاخود ڕاوی ما سی یاخود یاری كردن ...هتد.

لێكۆلەران بۆیان دەركەوتووە زۆربەی چارەسەرەكان لەو كا تە د ێت ،كە بیریان بە بابەتەكە سەرقالٌ نییەو بیر لە بابەتەكیتر دەكەنەوە یاخود دوورن لە بیركردنەوە لە چارەسەرەكانی.

(جیلفۆرد Guilford) دەڵێت: ئەم پلەیە مەرجە لە داهێنان هەبێت .نەك بە شێوەیەك لە شێوەكانی چالاكی دابنرێت. لەم پلەیە تاك نازانی كەی ئیلهامی بۆ دێتە ناو دە ستی. لێرە تاك بیر لە كێشەكە ناكاتەوە، بەڵكو وەلای ناوە، بەڵام وا دیارە مێشكی ناوەوە هەر بەردەوامە لە بیركردنەوە لە كێشەكە.( ممدوح عبد المنعم الكنانی:2005: 107 )

لەم پلە یە هونەرمە ند تو شی د ڵەڕاوكێ و پە ستانی زۆر دەب ێت. ئەم هەموو هەڵ چونانەی دەروونی هونەرمەند دەبێتە هۆی ئەوەی هە ست بە ئارامی نەكات و جێگیر نەبێت. ئەم قۆنا غەش لەوانەیە درێژ یاخود كورت بێت، بەڵام بە دیاریكردنی تەواوی بیرە ڕە سەنەكە و دا نانی چوار چێوە بۆی كۆتایی دێت. (قاسم حسین: 2007: 86 )

ئە مە قۆ ناغی ڕێكخ ستن و چاوەڕێكردنە، چونكە مێشك لە زۆر بیرو خەوش دەكۆڵێ تەوە. هەروەها لەو شتانەش، كە هیچ پەیوە ندیان بە كێشەكەوە نییە. چەندین جار بە بیركرد نەوەكانی دەچێتەوە و بەرەو جیهانی نائاگایی دەڕوات ، بەڵام جار جار دەگەڕێتەوە جیهانی ئا گایی و زیندە خەونەكانی. بۆ بۆ چونەكان و د یاریكردنی بیرۆكە كەی بەكاری دێنێت. ماوەی شەو نخونی پێش ماوەی ئاگایی دێت. لەماوەی شەو نخونی بیركردنەوە لە كێشەكە لەناو چوار چێوەیەكی د یاریكراو دەبێت. بە شێوەیەكی زنجیرە یی ڕێك وڕێك بە شێوەی ئا گایی نییە هەر چەندە چەند ڕووداوێكی مێشكی تیایە كە بەشێك لەم ماوەیە دەبات.

( تورنس و سامنتر–1990) دەڵ ێت: ماوەی ما ندووبوون ئەو قۆناغە یە، كە داهێ نەر بە شێوەیەكی ڕا ستەوخۆ هە ست بە داهێ نان دە كات. ئەو ماوە یەش بە خوڵقا ندنی شتی نوێ و داهێنەرانە دەست پی دە كات. لەم قۆنا غە واهە ست دە كەی لەكارە كە كەم و كوری تیا یە و شتێك وونە. قۆناغی یەكەم شاراوەیە نادیارە پاشان ململانی ڕوودەدات. ئەمەش پاش سەرهەڵدانی یەكەم تیشك لە تیشكەكانی ئیلهام.(نادیا هایل:2002: 152 )

لەم پلەیە داهێنەرەكە ئارەزووی هەڵهێنانی كێشكەكەی لێ دەبێت بە خولیا. دوای پشكنین و گەڕان و، سۆراغكردن و، كۆكردنەوەی زانیاری و بەڵگە. پاش ئەوەی بەدەستیەوە دوو چاری گەلێك گرفت و، زۆر جاریش ڕەتا ندن و خەو زڕا ندن دەب ێت. بەنا چاری وازی لێ دەهێ ن ێت و پ شت گوێی دەخات.

بەدوای ئەوە بیرو سەوداكەش لەئاستی بە ئاگابوون دا(Conscious) نامێنێ و دادەكشێت بۆ بن بەئاگابوون (Subconsciouc). یان بۆناو قوولایی ئەو دەروو نە ئا گا لێ بڕاوەی، كە پ ێی دە ڵێن (ناهە ستی –اللا شعور Unconscious). ئەو هە ستە نا گایی یە ما تەی كە لەژێرەوە وەك ئاگری بن كا، كاری خۆی دەكات و تین و هالاوی لە هەموو بیرو كردارو ڕەفتارێكی ئەو كە سە دا

د یاری دەدات. لەم ماوە یەدا ،جار جار دەگا تە ئەوەی د ڵی خە بەر بدات ، کەوا لە هەڵهێنانی چارەسەرەکەوە نزیك بێتەوە.

کەواتە ماوەیەك بە دوای چارەسەری کێشەکە دەگەڕێت و چەندین ڕێگە چارە دەبینێتەوە بۆ کێشەکە ،بەڵام هەرناگاتە چارەسەر لەم پلەیە.بۆیە بۆماوە یەك واز لە کێشەکە دێنێت هە ندێ جار ماوەکە کورتە و هە ندێ جار درێژە دەکێشێت.ئینجا پاش ئەم ماوە یە دوو بارە دەگەڕێتەوە سەر کێشەکە و زۆر جار لە لایەنێکی تر روو دەکاتەوە کێشەکە. هەندێ جار هەندێ لا یەنی ئەم کێشەی لا گرنگ دەبێت، کە پێشتر لای بێ بایەخ بووە و گرنگی پێ نەداوە ئەم جارە گرنگی پێ دەدات و بە دوای چارەسەری نوێ دەگەڕێت. زۆرجار هەر لەناکاو گرێیە کەی بۆ دەکرێتەوە و چارە سەرەکەی لەلا سەرهەڵدەدات.

## 3- **پلەی ئیلهام بۆ هاتن و روون بوونەوە** (In separation):-

ئەم پلەیە، کە لووتکەی کرداری داهێنانەکەیە. ئەوەی لێڵ و وو نە ، لەپڕ روون دەبیتەوەو دەدۆزرێتەوە. سەختی یەکەی ئاسان دەبێت. تاریکییەکەی روناك دەبێتەوە.

مەبە ستمان لە ئیلهام هاتن ئەو کاتە یە، کە بیرلەناکاو دەبێتەوە بۆ چارە سەری کێشەکە. بەشێکی گەورەی لە چالاکی هزری سەرقاڵی بوو لە پلەی کرکەوتن و ئا مادەبوون. گوا ستنەوە لە ئاستی ئا گایی تەواو بە هەموو لایە نەکانی کێشەکە بۆ ئا ستی ناهە ستی یان پێش هە ستی کە چارە سەری ئاماژە کان و زانیار یەکانی قولایی پ لەی ئا مادەکردن و کردەوت نە. لە پ لەی ئی لهام شارەزایی داهێنەر کۆتایی پێدێت بە چارە سەری کێشەکە یان هە ست کردن بە ئا سوودەیی پاش چە شتن و ما ندوبوونی زۆری هزر. لەوانە یە درێژە بخا یەنێت یاخود کورت بێت چونکە ناتوانین پەلەی تیا بکەین.( **ممدوح عبد المنعم**: 2005; 108 )

هەر وەك ئەوەی یەکێك وی ستبێتی هەڵبە ستێك دا بنێت و بۆی نەهاتبێت ، کە چی پاش ماوەیەك لەپڕ بۆی ئاسان بووبێت. یان هەر بەو جۆرە لەدانانی ئاوازێك دا، یان لەچارە سەرکردنی کۆسپێکی زانستیانەدا بە ئەنجام گەیشتبێت .لێرەدا ئە مەی لەپڕ وەك (ئیلهام)بەخور پە لەمێشکدا روون دەبێتەوە. بەپێی بیرو باوەڕی زانایانی دەروونی بەرهەمی لێکدانەوەیەکی وایە، کە لەمێشکدا پەنگی خواردووە ،تاکو لە پڕ هاتووە بەمێشکیداو بەجۆرێکی تایبەتی سەری هەڵداوە.

لەم پلە یە چارە سەری کێشەکە بە تەواوی دەدۆزرێتەوە، لە گەڵ هە ستکردن بە باوەر بەخۆ کردن و ئارامی بەوەی ئەو ئەنجا مەی ئەو گەی شتووەتێ شتەکی نوێ یە. ئەم قۆنا غە تەنها درەو شانەوەیەکی ئی لهامی نی یە، بەڵکو چەند رووداوی دەروو نی لەگە ڵە. دەبێ تە هۆی روون بوونەوەی بابەتەکە.

ئیلهام لای دەروونناسەکان کردەیەکی هزری یە وەك هەر کردەیەکی هزری تر دە ماغی مرۆڤ بە ئەنجامی دەگە یەنێ. ئا مادەکردنی بیرە پاش ما ندووبوون و گەڕانی زۆر ئەم کارە بە ئەنجام دە گات. بەکاتی گەی شتن بە ئەنجام دەوتر ێت ساتی ئی لهام بۆ هاتن. هە ندێ لە هونەرمە ندان

بەتایبەتی شاعیرەکان وا دادەنێن لەناکاو روودەدات بێ ماندوبوون. ئەمەش بۆ چوونێکە هەڵەیە ئەگەر کردەی داهێنان بۆ ئەم کاتە بگەڕێنێتەوە و ماندووبوون و شەونخونی لە بیربکەین، کە لە پلەی ئامادەبوون و کرکەوتن دەبینرێت .(قاسم حسين:2007: 87)

لەم پلەیە کە پێی دەوترێت پلەی ئیلهام بۆ هاتن.داهێنەر لەناکاو بابەتەکەی بۆ روون دەبێتەوە و ئیلهامیان بۆ دێت، بەڵام ئەمە لە دوای ماندوو بوونێکی زۆر دەبێت ، نەك بێ ماندوو بوون و شەونخوونی. هەروەکو هەندێ لە نووسەران و داهێنەران دەڵێن ، چونکە ئەوان وا دیارە ڕەچاوی ئەم هەموو ماندوو بوون و ڕەنجدانەی خۆیان لە بیر دەکەن، کە بۆی کێشاوە تاکو گەیشتوونە بەم پلەیە و هەر ئەو کاتەیان لە بیرە، کە ئیلهامیان بۆ هاتووە و چارەسەرەکەیان لا روون بۆتەوە.

## 4 - **پلەی پێدا چوونەوە** (Berification):

دەشتوانین بڵێین پلەی هێنانەدی یان بەڵگە هێنانەوە. مێشك لەناکاو دەگاتە چارەسەری ئەوەی پێشتر لێی ڕاماوە و، بۆی گەڕاوە.خاوەنەکەی هەروا زوو و بە ئاسانی بێ هەڵسەنگاندن و تاقیکرنەوە ناگاتێ ،چونکە ئەو چارەسەرە کە بۆی دەرکەوتوە هێشتا خاوە، یان گەڵاڵەیەو، شتێکی تاقی نەکراوەیە. دوورنیە نا تەواوبێت. لەبەر ئەوە هەروا زوو لێی دڵنیا نابێت. بۆیە دەیەوێت پوختەی بکات و، تاقیبکاتەوە بۆ ئەوەی دەریبخات و ساغی بکاتەوە، تا چ ڕادەیەك لەو دۆزینەوەیەدا بە ئەنجام گەیشتووە. هەر کەم و کوریەکی تێدا بەدی کرد، بەدوای چارە بۆی بگەڕێت.

هەندێك لەدەروون ناسەکان بڕوایان وایە کرداری داهێنان هەر بۆ ئەوە بەسەر ئەم پلانە دابەشکراوە تاکو بزانرێ ئەو بیرکردنەوەو، ڕامان و، پرسیارانە چۆن ڕێگا بۆخۆیان پاك دەکەنەوە. یان تۆوەکانیان چۆن چەکەرە دەکەن و سەرهەڵدەدەن. ئەگینا لەگەلێك شوێن ئەم پلانە تێکەلاو بە یەك دەبن و بەگشتی پێکەوە روو دەدەن و سەر هەڵدەدەن.(ابراهيم امين:1986: ژ109)

پاش ووردبونەوە لە سروشتی قۆناغەکانی پرۆسێسی داهێنان (باتریك و بلات و شتاین) گەیشتنە ئەوەی، کە قۆناغی یەکەم قۆناغێکی زۆر گرنگە، چونکە داهێنەر لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاریەکان دەرفەتی دەستکەوتنی ئەزمونێکی بۆ دەرەخسێت، کە لەڕێگەیەوە دەتوانێت بابەتی داهێنانەکەی یاخود کێشەکە دیاری بکات. بەڵام لە قۆناغی دووەمدا داهێنەر بۆ ماوەیەك واز لە بابەتەکە یاخود کێشەکە دێنێت . بەبڕوای ئەم تۆژەرەوانە لەبەر ئەوە داهێنەر بۆ ماوەیەك لە بابەتەکەی دوور دەکەوێتەوە، چونکە تاوەکو هاتەوە سەری لە ڕوانگەیەکی نوێ و لایەنێکی ترەوە سەیری کێشەکە بکات. لەوانەیە ئەم جارە شتی تری بکەوێتە بەر چاو، کە جاری یەکەم نەیبینیوە یاخود بەلایەوە گرنگ نەبووە. بۆیە تێڕوانینی نوێی لا دروست دەبێت. لە قۆناغی سێیەم قۆناغی کۆکردنەوە و قۆناغی چوارەمیش هەموو ئەزموون وتاقیکردنەوەکان لە خۆ دەگرێت.(رۆشنا احمەد:2001: 24)

کەواتە پلەی پێدا چوونەوە، کە دوا پلەیە لە پلەکانی داهێنان لەم پلەیە کەسی داهێنەر مێشکی ئاسوودە دەبێت و ئەو شتەی لای شاراوە و ئاڵۆز بوو بۆی روون و ساکار دەبێت، چونکە

له پلەی ئیلهام چارەسەرەکەی بۆ پەیدا دەبێت. لەم پلە یە تەنها داڕشتنەوەی بیرەکان و دانانی چارەسەرەکانی دەکەوێتە سەر و دووبارە بەسەر چوونەوەی بابەتەکە و داڕشتنەوەی بە شێوەیەکی روون و ڕەوان. داهێنەر بەڵگە لەسەر بیرەڕا و ئەنجامەی پێی گەیشتووە دەهێنێتەوە. بیرە نوێیەکەی تاقی دەکاتەوە و لە کۆتایی دەبێتە بەرهەمهێنانی ئەنجامێکی داهێنەرانە.جا ئەم چارەسەرە چ لە زانست بێ یان هونەر یا هەر بوارێکی تر بێت.

- - تایبەتیەکانی داهێنان

زۆر بەی توێژەروان لەوخا ڵەدا هاوبۆ چونن، کە ئەو بەر هەم و بابە تەی دەخرێ تە قالبی داهێنانەوە پێویستە ژمارەیەك نیشانەی تایبەتی تێدا بەدی بکرێت. وەکو:

1/ئا سانی پێکهێنانی بیرەکە: ئەم تایبەتمەند یە لە هەموویان گرنگترە. دەبێت بیرە کە نوێ بێت. پێشتر نەبیسترابێت و نەبینرابێت، واتە گۆڕانکاری لە واتای وشەکان بکات.ئەگەر برەو دانیش بوو بەبیرۆکەیەکی پێش خۆی، ئەوا دەبێت ڕێکخستن و داڕشتنی بەرهەمەکە سیفاتی کەم وێنەیی و بێ هاوتایی هەڵگرتبێت. ئەو توانایە یە بۆ پێکهێنانی بیرەکان لە کاتێکی دیاریکراو دەبێت لەگەڵ پێداویستی ئەو کات و سەردەم بگونجێت.

2/پێویستە ڕەسەن بێت. روون و بێ خەوش و بەنرخ و نایاب وبەها داربێت و دەربڕینی ئاسان بێت. دەگەڕێتەوە بۆ توانای دروستکردنی وشە، کە بگونجێ لەگەڵ مەبەستە تایبەتیەکەی.

3/دەبێت بەجۆرێك لەگەڵ ڕاستی رووداوەکانی ژیاندا بگونجێت ،کە چارەسەری کێشەیەك بکات. سوود و مانایەکی پیرۆز بەژیان ببەخشێت.

4/دەبێت دووربینی و بیرکراوەیی تێدا بەدی بکرێت و بەرپەرچی هەموو کۆنەپەرستی و بیر تەسکیەك بداتەوە.

5/کردەی داهێنان لای هەموو تاکێك هەیە، واتە تەنها بۆ چەند کەسانێکی دیاریکراو نییە. هەموو تاکێك لەم جۆرە کردەی زانیاری و مزاجی هەیە، بەڵام ئەوە ئەوە ناگەیەنێ هەموو تاکێك داهێنەرێکی شازە. لای هەندێ تاك داهێنان دەگاتە لووتکەی گەشە ، و لەلای هەندێکی تر ئەم ئەنجامە نایەتە دەست بەهۆی کردەی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی زۆر وەکو ڕێگرتن و جیابوونەوە و سەرقاڵ بوون و گرنگی نەدان و چەند هۆی تر.(شاکر عبدالحمید:1987: 12)

6/مەرجە سەرنج ڕاکێش و تەندروست بێت. هەڵگری جوانی بێت و توانای پێکهێنانی بنیادنانی هەبێت . هەروەها جێگەی ڕەزامەندی بێت، و لەپلەیەکی بەرزو باڵادا بێت. ئاسانی بەیەکەوە بەستنەوەی تیا بێت. مەبەست لە دروستکردنی وشە پەیوەندی واتایی هەبێت لەنێوانیان (واتای خودی و واتای پێچەوانەکەی).

7/پێویستە توانای بەخشینی زانیاری نوێی هەبێت بۆ بوون و گوزەرکردنی ژیانی مرۆڤایەتی، چونکە نیشانەکانی بەر هەمێکی داهێنەرانە بەر هەمی دەبێت، کە لە خزمەت و بەرژەوەندی

نەتەوەیەك یاخود سەرجەم مرۆڤایەتیدا بێت. لەپێناو دەرخستنی جوانی و ڕاستی هاتبێتە ئاراوە و جوانی بەخش بێت.

8/کردەی داهێنان شتەکی شاراوە نییە، بەهەموو شیکردنەوەیەك دەڕوات وەکو هەر کردەیەکی سایکۆلۆجی تر بە لێکۆلینەوە و شیکردنەوەی زانستی دا دەڕوات بۆ چارە سەرکردن یان ڕێکخستنی کرداری بەکار دێت.(شاکر عبدالحميد:1987 : 12)

هەروەها کردەی داهێنان یەك تاکە کردار نییە، بەڵکو ئەم زاراوەیە کورتکراوەی کۆمەڵێك کردەی زانیاری و پاڵنەری ناوەوەی تاکە. کردەیە کە پەیوەندی بە تێگەیشتن و بیرکردنەوە و شیکردنەوە و ....هتد هەیە.

بیری داهێنەر دەبێت روون و ڕەوان بێت و بێ خەوش و تەم و مژ بێت. ئەم توانایەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و بە پێی بوونی شارەزایی و بوونی ئاستی زیرەکایەتی کەسەکە دەگۆڕێت.

## 5- داهێنان لەبواری هونەرو زانست

کردەی داهێنانی هونەری یان زانستی زنجیرەیەك چالاکی ڕێکخراوە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، یاخود زنجیرەیەك گۆڕانکاریە شێوەیەکی گونجاو وەردەگرێت. شتێك روودەدات و ئیشارەت بە زنجیرەیەك قۆناغی یەك لەدوای یەك دەکات پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. لە ڕێگەیەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی مەبەستمانە.

هونەرمەند کاری گۆڕانکاری دەکات بەنسبەت تاکەکانی دەوروبەری. ئەم کردەیەش بنەمای تێگەیشتنی داهێنانە، جا ئەگەر لە زانست بێ یان هونەر. زانا یان مەبەستیان گۆڕانە لە دونیای ماددی هەست پێ کراو، بەڵام هونەرمەند مەبەستی گۆڕانە لە ویژدانی تاکەکانی کۆمەڵەکەی. ئەوەی دەبێتە هۆی گۆڕان بوونی لەیەکچوونی هەستی لەنێوان ئێمەی تاکی یەك کۆمەڵ وەهەنگاوی یەکەم لە دۆزینەوەی شاعیری بلیمەت یان داهێنەر بە شێوەیەکی گشتی، واتە بە دۆزینەوەی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەکەی.

لەسەرەتا دەبێت پەیوەندی کەسی ئاسایی بەکۆمەڵەکەی بزانین، پێش ئەوەی هەوڵ بدەین لەپەیوەندی نێوان داهێنەرو کۆمەڵەکەی بگەین جیاوازیش لە نێوان ئەم دووانە جیاوازییە لە دەرەجەنەك لە جۆر.(حسن احمد عيسى: 1979 : 134).

چەند توێژەرەوەیەك دەستیان کرد بەلێکۆلینەوەی ئامادەکی داهێنەران بەپێی ئەو بوارەی داهێنانی تێدا بەرپا دەکەن. لەئاکامدا گەیشتنە ئەوەی داهێنان لەبواری مۆسیقا تەنیا پێویستی بە ئامادەکییەکی تایبەتی داهێنەرەکە نییە ، بەڵکو دەبێتە چالاکی زانستی و ڕاهێنانی بەردەوام و هەوڵ و کۆششی بەردەوامی داهێنەرەکەشی لەتەکدا دەبێت. داهێنان دەبێت خۆ ئامادەکردنەکی باشی بۆ بکرێت. بەردەوام بوون و ماندوبونێکی زۆرو مەشق و وەرگرتنی بەهرەی پێویستە تاوەکو تاك بتوانێ بیرەکانی ڕێك بیەخێت ولەسەر لایەنێکی دیاریکراو جێ بەجێی بکات.

لەم بارە یەوە (ماتیس) بەم جۆرە بیروڕای خۆی دەردەبڕ یت ((داهێ نان کاری ڕا ستی هونەرمەندە گەر داهێنان نەبێت هونەریش نابێت)).

(بیکاسۆ) دەڵێت:(ئەو شتەی گرنگ بێت داهێنا نە، هیچ شتەکی تر گرنگ نییە، داهێنان هەموو شتێکە).(شاکر عبدالحمید:1987: 7 )

پێویستە لەداهێنانی بواری وێنەکێشان و هو نەری وێنەگرتن دا داهێنەر هەموو بە شەکانی بابەتە کەی ببە ستێت بەیە کەوە و لە هە ستپێکردنێکی گ شتگیردا ببینر ێت. هەروەها بەوردی و خێرا یی دیمە نە بینراوە کان د یاری بکات و لەیادەوەر یدا هەڵیبگرێت. پا شان پەیوەندیی یەکانی روو ناکی و سێبەرو بابە تەکانی لەیەکە یەکی گو نجاو دا هەڵب سەنگێنێت. جگە لەوەی دەب ێت هاوسەنگی نێوان هە ستی جوانی هو نەری و هە ست و سۆزە پاڵنەرەکانی ناخی خۆیی و مەرجە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان لەدیمەنێکی نایابدا ڕابگرێت.(رۆشنا احمد:2001: 18 )

هەروەکو هونەرمەند(ماتیس) دەڵێت: لەسەرەتاکانی ژیانم فێری چەند وە سیلەیەکی جیاواز بووم لە ڕەنگ و وێنە فێری کردم تا لە توا نام دابێت لا ساییان بکە مەوە لە گەڵ دا نانی شت وە کو شێوە، قەبارە، هونەری شەرق و...هتد. پاشان دەستم بەیەك بە ستنەوە کرد لە نێوان شتەکانی لە خەیاڵم دایە لەگەڵ سروشت. هەربەم جۆرە بووم تاوەکو رۆژێك هات بتوانم پشت بە خۆم ببە ستم و تێبگەم کە پێویستە واز بێنم لە لاسایی کردنەوەی کۆنەکان. یاخود بە شێوەیەکی تر لە شتەکان بگەم بە ڕێگەی تایبەتی خۆم.( شاکر عبد الحمید:1987: 126 )وا تە لە سەرەتا پێویستە شارەزاییمان هەبێت لە بیروڕاکانی پێشتر و داهێنەرانی پێش خۆمان و لەسەر ڕێگەی ئەوان برۆین تاوەکو رۆژێك دادێت خۆشمان لەم بابە تە دەبینە بلیمەت ئیدجا پشت بە بیروڕای خۆمان ببە ستین و بە ڕێگەی تایبەتی خۆمان برۆین.

کۆ مەڵێك لێکۆ لەر لە گرن گی و با یەخ و سوودی بەرهە مە داهێنراوەکا نەوە لە داهێنان یان کۆڵی تەوە و جیاوازی شیان خ ستۆتە ن ێوان داهێ نانی زان ستی و داهێ نانی هو نەری و ئەدەبییەوە.(وایتفیلد –1973– Whitefeld ) دەڵێت: (داهێ نان لە ڕەنگدا نەوەی لای بەرام بەر دەردە کەوێت. ئەو کا تەش هە ست بە بوونی دوو جۆر داهێ نان دەکر ێت، داهێ نانی زان ستی و تەک نەلۆژی لە گەڵ داهێ نانی هو نەری و ئەدەبی. لە هو نەرو ئەدە بدا دەر برین و درك پێکرد نی لە هەڵ چوون و سۆز و خودەوەیە، بەڵام بەرهە مە زان ستی و تەکنەلۆژ یەکان بە گوێرەی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆوە دیاری دەکرێت. یان بە ڕێژەی زانستی و عەقڵی پێشبینی دەکرێت. هەروەها ئامانجی داهێنراوە تەکنەلۆژیەکان لە بەکاربردندا مۆرکی سوود بەخشینە، بەڵام ئامانجی داهێنراوە هونەری و ئەدەبیەکان چێژ وەرگرتن و جوانیە.(الکسندر روشکا:1989: 66 ) بەڵام چەند تۆژەرەوە یەکیتر دە ستیان کرد بە لێکۆڵینەوەی ئامادەگی داهێنەران بە پێی ئەو بوارەی داهێنانی تیادا بەرپا کردووە، لەئاکام گەیشتنە ئەوەی داهێنان لە بواری مۆسیقادا تەنیا پێویستی بە ئامادەگییەکی تایبەتی داهێنەرە کە نی یە، بەڵکو دەب ێت چالاکی زان ستی و ڕاهێ نانی بەردەوام و هەوڵ و کۆش شی بەردەوامی داهێنەرەکەشی لە تەکدا بێت.

هو نەر پێوی ستی بە مە شق و کردەی وەرگرت نی بەهرە هە یە. بۆ نموو نە هونەرمە ندی ئینگلیزی(کۆنستایل J.Constable) لەسەر وێنەگرتن بەم جۆرە بیروڕای دەردەبرێت:(هیچ رووی نەداوە، کە بینیبمان وێنەگری مندالْمان هەبێت و ناش بێت هەبێت، چونکە ئەم هو نەرە پێویستی بە خبرەو لێکۆڵینەوەی دوورو درێژ هەیە، چونکە بە هونەرێکی دە ستی و هزری دادەنرێت لە یەك کاتدا. کەواتە شارەزایی و لێکۆڵینەوە پێویستە چونکە لەڕێگە یەوە شارەزایی توێکڵی زانستەکە دەبین، لە ڕێگەی وەرگرتنی توێکڵەکە .هونەرمەند دەتوانی شارەزایی تواناکانی خود بێت و ئەوەی ئەتوانێ بیکات.(شاكر عبدالحميد:1987: 126)

هونەر لەلای فرۆید شوێنێکە لەناوەڕاستی جیهانی ڕا ستی چواردەوری هیوایە تەکانی داوە و جیهانی خەیاڵ هیوای تیا جێ بەجێ دە کات. چونکە هونەرمە ند مرۆڤێکی دامرکاوە لەڕا ستی، چونکە سامان و هێزو شەرەف و خۆشەویستی دەوێت، بەلاّم کەموکوری تیا یەو نایگا تێ بۆ یە دەیەوێت بگاتە ئەم هیوایاتانە لە ڕێگەی خەیاڵ.

داهێنان لەبواری ئەدەبدا رۆڵی سەرەکی دەگەرێتەوە بۆپرۆ سەکانی بیرکرد نەوە. تێروانینی رەفتار، لەوەدا لە ڕێگەی هە ست و خوا ست و هەڵچوون و مەیلەکا نەوە خەڵکی دەنا سێت. لێرەدا جیاواز یەك بەدی دە کەین لەنێوان تێبی نی کرد نی نو سەر لەتێبینی کرد نی زانا یەك. نوو سەر هەرچیەکی تایبەت و جەوهەرییە لەبابەتی تێبینی و سەرنجەکانی خۆیدا ڕەنگ دەداتەوە، بەلاّم زانا هەو ڵدەدات بەرام بەر سەرنجی بابەتە کەی ز یاتر با بەتی بێت .نوو سەر لەڕێ گەی سەرنجدانیەوە دە چێتە ن ێو ژ یانی خەڵکی. لە وێ نا کرد نی کە سایەتیەك دە چێتە ناخی یەوە و لەژیاذ یدا دەژی.تێبینی و وێناکردنەکانیشی لەبەرهەمێکدا دەردەبڕێت گونجاو هەڵگری جوانی بێت.(الكسندرو روشكا: 1989: 45)

داهێنەری ڕەسەن لە هونەر تەنها مرۆڤێکی بەهرەدار نییە، بەڵکو مرۆڤێکی سەرکەوتووە لە ڕێکخستنی کۆمەڵێك چالاّکی بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێکی د یاریکراو. هو نەریش ئامادە یە بۆ ئەم چالاکییانە.

ئەگەر بتەوێ بەڕا ستی داهێنەر بیت، دەبێت ئەوە پە سند بکەی ناوبانگیت نەوێ . ئە گەر بەڕاستی داهێنەر بیت، دەبێت فێری خۆشەویستی هو نەر بیت بۆ هو نەر نەك بۆ مەبە ستێکی تر. ئەگەر ببینیت هەندێ لە هاوڕێکانت کاری تۆیان بە دڵ بوو، ئەمە شتەکی چاکە، ئە گەر هیچ کەس خۆشی لەکارەکەت نابینی، ئەو کات تەنها خۆت خۆ شی لەکارە کەی خۆت وەرگرە. ئە گەر خۆت خۆشیت لەکارەکەت وەرگرت و هەستت کرد ئەوەی دەتەوێ بە ئەنجامت گەیاندووە، ئەمە بە سە بۆ کارەکەت .

ئە گەر لەکارە کەت هە ستت بە ئا سوودەیی خەیاڵت کرد ئە مە هو نەری ڕا ستەقینەیە. گوێ مەدەرە ڕەخنەگران، چونکە ئەوان هیچ لە هونەر نازانن. لەڕاستی ئەوا نەی ناتوانن ببنە هونەرمە ند دەبنە ڕەخنەگر.

ئەگەر نەتوانی بەشداری لە پێشبرکێی ئۆ لەمپی بکەی ئەوا دە توانی لە تەنیشت شەقامەکە بوە ستی و بەرد لە پێ شبرکێکەرەکان بگری . ئە مەش کاری ڕەخنەگرەکا نە. نمونە یەك بۆ ئەم

دیاردەیە: (صۆفیا) زۆر خولیای وێنەکێشان بوو، هەموو ڕەخنەگرەکانی سەردەمی خۆی ڕەخنەیان لەوێنەکانی ئەو دەگرت. پاش ئەوەی زۆر بێزاربوو لە ڕەخنە دووبارە بووەکانیان. هەموو وێنەکانی لە دەرەوەی ما ڵەوەی هەڵوا سی پا شان بانگهێشتەی هەموو ڕەخنەگرەکانی کرد و داوای لێ کردن پەری وێنە کێشان و ئەلوان لەگەڵ خۆیان بێنن تاوەکو وێنەکانی چاك بکەنەوە،چونکە ڕەخنەیان بە شێوەیەکی زۆر لێ گر تووە و ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە هە ڵەکان چاك بکە نەوە. بەڵام هیچ لە ڕەخ نەگرێك نەهات. ئا سانە ڕەخ نە بگرین، بەڵام هە ڵە چاککردنەوە قور سە. پاش ئەم ڕووداوە ڕەخنەگرەکان وازیان هێنا لە ڕەخنەگرتن لە وێنەکانی. کارێکی چاکی کرد بە ئەنجا مدانی ئەم ڕووداوە.(اوشو:2005: 125)

کردەی داهێنان لە هونەری وێنەگرتن بەم ئاسانیە نییە هەروەکو هەندێ کەس وای دادە نێن، بەڵکو هونەری ڕێکخستنی ڕەنگەکا نە بە ڕێگە یەکی د یاریکراو. ئەم هو نەرە پێویستی بە چالاکی داهێنەرانە هەیە و پەیوەندی بە گۆڕانکاری هەیە، کە ڕوو دەدات نەك هەر لە سەر تابلۆی هو نەری، بەڵکو لەسەر مرۆڤەی کارەکەش ئەنجام دەدا ڕوودەدات.

شێوەی دەربڕینی هونەرمە ندەکان ج یاوازە لە بنەمای دینامیکی بە شدار بوو دەرنا چێ. دەتوانین وا سەیری بکەین هۆیەکە لە داهێنان و دەبێتە هۆی ئەوەی یەکێکیان شاعیر بێت و یەك دارتاش یان وێنەگر یان بڵاو کەرەوە، بەخشان نووس ....هتر لە شێوە جیاجیاکانی داهێنان.

(سویف)یش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی جۆری ئەو توێکڵە بیرەی کە داهێنەرەکە وەریدەگرێت. بەردەوام بوون لە سەری بە شێوەیەکی تایبەتی لە سەر کارە هو نەری و ئەدەبی و زانستی. ئەم توێکڵە خۆی کردەی تێگەیشتنەکانی پا شی ڕێکدەخات بۆ کاری هو نەری یاخود زانستی لەگەڵ لایەنی داهێنان بگونجێت. شێوەی وەرگرتنی ئەم توێکڵە گرنگترین کردە یە لە ڕێکخستن و تەواو بوون بۆ کەسایەتیەکەی. هەر ئە مەش ڕا بردوو بە ئێستا دەبە ستێتەوە.(حسن احمد عیسی: 1979: 140)

هو نەر بە شێوەیەکی ئا سایی لە بیرۆکەیە کەوە دە ست پێ دە کات، بەڵام ئەم بیرۆکە یە پێویستی بەچەند کردەیەکی جۆراو جۆر و بەردەوام هە یە تاوەکو گە شە بکات و پێش بکەوێت. هەروەها (کاندنسکی W. Kandinsky) دەڵێت: (هونەرمەند پێویستە ڕاهێنان نەك هەربە دە ست و چاوی بکات بەڵکو پێویست ڕاهێنان بە ڕوحیشی بکات، بە شێوەیەك بتوا نێ ڕەنگەکان کێش بکات بە قیاسی تایبەتی. پاشان دەبێتە هەڵگری کردەی داهێنانی هونەری) .بیکاسۆ گرنگی هونەر دووپات دەکاتەوە و دەڵێت ((من ناتوانم بژیم بێ ئەوەی هەموو ژیانم تەرخان نەکەم بۆ هو نەر. لە ژ یانم زۆر حەزم لێ یەتی هەروەکو هیوا یەتێك. هەر شتەکی دەی کەم پەیوە ندی هەبێ بە هو نەر هەستەکی دلخۆش کەرانەم دەداتێ، کە هیچ سنووری نییە)). وە دیلاکروا دەڵێت:( ئەنجامی ژیانم بەردەوام یەك شتە، هیوایەکی بێ کۆتایی بۆ ئەو شتانەی ناتوانم بیگەمێ. بۆشاییەك کە ناتوانم پری کەمەوە، و پێویستیەکی زۆر لە بەرهەمهێنان لە هەر شتێك بێت). ( شاکر عبدالحمید:1987: 15-127).

کردەی داهێنان کردەیەکی تایبەتی یە بەمەبەستی گۆڕانکاری ایجابی و داهێنان و پێشخستن بۆ ڕێکخستنی ژیانی خود و کۆمەڵ.وێنەگری داهێنەر هەروەکو بیرمەندی ئیسپانی (اورتیجا جاست O.Y.casset) هەوڵ دەدات ئەو شتانە بدۆزێتەوە کەلەپشت رووکەشی شتەکانەوە هەن. ئەمەش بۆ پێکهێنانی شێوەیەکی نوێ، چونکە هونەر کۆپی شتەکان نییە بەڵکو داهێنەریانە.

لایەنی داهێنانەکە کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر هونەرمەندەکان، چونکە مەبەستیان نەك هەر ئەوەبێ فێرمان بکەن چۆن سەیر بکەین، بەڵکو مەبەستیان ئەوەیە هەندێ مانا کە شاراوەیە و روون نییە بۆمان روون بکەنەوە. داهێنان توانایەکی بەرزی بیرکردنەوەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی جۆراو جۆر و نوێ لە زانست و هونەر، یاخود لە شتی تریش جێ بە جێ دەکرێت لە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ.

وێنەگربە شێوەیەکی ئاسایی لە بیرۆکەیەکەوە دەست پێ دەکات، بەلام ئەم بیرە پێویستی بە چەند کردەیەکی جۆراو جۆر و بەردەوام هەیە تاوەکو گەشە بکات و پێش بکەوێت و تەواو بکرێت. (سلفادور دالیS.Dali ) دووپات لەسەر ئەمە دەکاتەوە و دەڵێت ((خۆشی من دۆزینەوەی هەموو ڕاستیەکانە لە ڕێگەی شێوازی تایبەتیم لە وێنەگرتن)).(شاکر عبدالحمید: 1987: 14)

هونەرمەندی خوڵقێنەر ئەو دەربڕینەی مەبەستیەتی تەنها ئەوکاتە بەدەستی دەینی کە بیرکردنەوە ئاوازیەکەی تەواو هەستەکانی وەردەگێرێت. و هەموو کردەیەکی مۆسیقایی لەسەر یا سایەك دەڕوات هونەرمەندی داهێنەر لەبەر ئامانجی تاکی ناتوانێت لێی دوورکەوێتەوە. لە ڕاستی کاری هونەری ئەو هونەرمەندە دیاریدەکات لەکاتی کردەی داهێنان.

هیچ شتێك ناتوانێت سەربەخۆیی داهێنانی مۆسیقا بسەلمێنێت جگە لە پێشکەوتنی خودی بیری ئاوازەکە.هونەریش هیچ شتێك روونی ناکاتەوە تەنها خۆی نەبێت.( چیزیل برودیە: ب.ت.: 13) دەتوانین شیعرێك دابرێژین یاخود وێنەیەك بکێشین بێ ئەوەی پێشکەوتنی لایەنی مێژوویی ئەم هونەرانە بزانین، بەلام حەرامە لەسەر مۆسیقا ژەنێك داهێنان بکات لەم هونەرە لە دەرەوەی لایەنی مێژوویی. هەموو مۆسیقایەکی نوێ لاسایی مۆسیقایەکانی بۆماوەیی دەکاتەوە بە شێوەیەکی نوێ. چۆن هونەرمەند بە ڕابردوو دەبەسترێتەوە دەبێت ڕێخۆشکەری داهاتوو بێت.

گرنگترین کاری داهێنان لەو کەسانە بەرهەمدێت کە لە کێڵگەیەکی تر کاردەکەن (لایەنێکی تر جیاواز لەکاری خۆی). بۆ نموونە، ئەگەر زانایەکی ریازیاتی کاری لەسەر مۆسیقا کرد، شتەکی نوێ دێنێتە ناو جیهانی مۆسیقا. ئەگەر لە مۆسیقا ژەنەکان بووە زانایەکی ریازیاتی، شتەکی نوێ دێنێتە ناو جیهانی ریازیات، واتە گەورەترین کاری داهێنەرانە ئەو کەسانە بەرهەمی دێنن کە لەکارە تایبەتمەندیەکەی خۆی نەبێت و لە کێڵگەیەکی تر کار بکات.

هەرکە شتەکی نوی دێنیە ناو جیهان، بێ گومان توشی پەسند نەکردن دەبێت لە جیهان بە ئاسانی پەسند ناکرێت. ئەمەش زۆربەی کات بلیمەتەکان سزا دەدات.ئەمەت لە بیربێت لە جیهان ڕێز لەکەسی نا داهێنەر دەگیرێت. هونەرمەندان و لێزان و شارەزایان ڕێزیان لێ ناگیرێت. هەموو کەس لە ڕابردوو دەگات، چونکە فێربووینە تێی بگەین، هەر شتەکی نوێ دێتە ناو جیهان هیچ

کەس ناتوانێ هەڵسەنگاندنی ئەم کارە بکات و ڕێزی لێ بگرێت. شتەکی زۆر جدیە بە شێوەیەك کە هیچ پێوانەیەکی گونجاو نییە پێوانەی کارەکەی پێ بکەین.

(فنسنت فان غوغ)هیچ ڕێزەکی لێ نەدەگیرا کە زیندوو بوو. نەیدەتوانی تەنها یەك وێنەش بفرۆشی.ئێستاش هەر وێنەیەکی بە مەلاین دۆلار دەفرۆشرێ. خەڵك وێنەکانی ئەویان بە دیاریش لێی وەرنەدەگرت. زۆربەی وێنەکانی دابوو بە هاوڕێیەکانی، و دەیدا بە هەر کەسێك ئەگەر ئامادە بوایە وێنەکەی ئەو لە ژوورەکەی هەڵواسێ. زۆربەی خەڵك دوو دڵ بوون لە هەڵواسینی وێنەکانی لە ژووریان لە ترسی ئەوەی نەوەك خەڵك ڕەخنەیان لێ بگرن و بەبێ ئارەزوو لە هونەر لە قەڵەمیان بدەن.فان غوخ جیهانی تایبەت بەخۆی هەبوو. چۆنیەتی سەیرکردنی نوێی هێنایە ناو جیهانی هونەر. ئەمەش پێویستی بە چەند ساڵانێك هەیە و بە شێوەیەکی تدریج خەڵك خۆی ڕێزی لە بەهرەکەیان دەگرێت. خەڵك زۆر لە سەرخۆیە لە پێشکەوتن،و کەسی داهێنەر بەردەوام لە پێش کاتەکەی خۆی دایە.(اوشو:2005: 123-124)

هونەریش هەروەکو (ناعوم جابو N. Gabo) دەڵێت: بەردەوامی بە هۆیەك لە هۆیەکانی دەربڕین دادەنرێت بۆ توانای شارەزایی مرۆڤ بۆیە ناتوانین دەست بەرداری ببین.

خەیاڵی داهێنەرانە جۆرێکی نوێیە یاخود ڕیزکردنەکی نوێیە لە وێنە خەیاڵیەکان و بیرەکان بۆ چارەسەری کێشە بەکاردێت. هۆیەکی ناوەوەی باشە بۆ دۆزینەوەی کێشەو هەوڵ دان بۆ گەڕان بەدوای چارەسەر بۆی. بۆیە گرنگە لە هەموو هونەر و زانستێك. هونەرمەندیش توانایەکی خەیاڵی بەرزی هەیە و ئەو بارە دروست دەکات کە پێشتر کەس بیری لێنەکردۆتەوە. لەوانەیە پاشانیش نەبێ. دەتوانین وەسفی خەیاڵ بکەین، کە دۆزینەوەی شێوەی نوێیە یان دانانی نوێ بۆ بۆ چوونەکانی کۆن و داهێنانی شتی نوێ، یان باری وا کە بەهای خۆی هەبێت. فان خوج دەڵێت:(دەبێت هونەرمەند خەیاڵ و هەستیان هەبێت).(شاکر عبدالحمید:1987: 137).

بە پێی ئەم بیروڕایانەی لەسەرەوە باسمانکرد بۆمان روون دەبێتەوە داهێنان لە بواری هونەر و زانست پشت بە توانای کەسی داهێنەر دەبەستێت. ئەم کەسە لە چ بوارێك توانای داهێنانی هەیە، لەم لایەن دەتوانێت پەرە بە تواناکانی بدات و لێکۆلینەوەی سەرنج ڕاکێش و بە سوود بەخش پێشکەش بکات. ئەگەر کەسێك داهێنەریش بێت لە هەموو بوارەکان توانای داهێنانی نییە بەڵکو تەنها لەیەك بوار ئەم توانایەی هەیە لە وانەیە لەلایەکیتر نەك توانای داهێنانی نییە بەڵکو لە ئاستێکی نزمیش دابێت، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە داهێنەران هەن بوارێك زیاتر توانای داهێنانیان هەیە، و ئەو کەسانەی بەهرەی داهێنانیان لە لایەنێك زیاترە ئەم کەسانە چاوەڕوانی داهێنانی زۆر چاکیان لێ دەکرێت.

## 6- داهێنان و پاککردنەوەی خود

پاککردنەوەی خود ئەوکاتە ڕوودەدات ئەگەر داهێنەر تووشی هەڵچوونی توند بێت، واتە بەهێز پێش یان لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەی. ئەمە دەگۆڕێت بۆ حەوانەوە و ئارامی و ئازاد بوون

لەمۆتەکەی هەڵچوون. داهێنەر پاڵەپەستۆی زۆری شارەزایی و کاریگەری کۆمەڵا یەتی لە سەردەبێ کاتێك کە ئەدەبێك دادەنێت یان هونەرێکی شێوەکاری یان ئاوازێك دادەنێت. پاش ئەنجا مدانی کارەکەی ئەم پاڵەپەستۆیە دەروونیەیان لەسەر نامێنێ لەحالەتەکانی هەڵچوون.

(برجسۆن)دەڵێت جەوهەری داهێنان هەڵچوونە، وا پێناسەی هەڵچوون دەکات لەرزینی سۆزە لە دەروون. و دەڵێت: دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان دوو جۆر هەڵچوون، هەڵچوونی (لە ژێر هزری)و هەڵچوونی قووڵ(سەرەوەی عەقڵ)و ئەم هەڵچوونە قوڵە هۆیەکە بۆ گەیشتن بەو بۆچوونانە. ئەمەش جەوهەری داهێنانە و هۆی سەرهەڵدانی هەڵچوونی قووڵە لە نێوان بلیمەت و ئەو بابەتەی سەرقاڵی کردووە.(قاسم حسين:2007، 80)

(سلتر)پەیوەندی نێوان توانای داهێنان و شلەژانی دەروونی لەم ووتەیە کورت دەکاتەوە: کاری داهێنەرا نە درو ست دەبێت لە چەند لا یەنێکی چالاك و چاکی کە سایەتی. کارە کانی ڕێکخستنی هەڵچوون دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی ماددەیەك و جۆرێکی تایبەت بۆ کارکردن لە سەری. یاخود پێشخستنی ،واتە یەك لاکردنەوەی ئەم هەڵچوونانە دەبێتە هۆی ئەوەی لا یەنێکی تایبەتی هەڵبژێری بۆ کارکردن لە سەری. یاخود پێشخستنی.(اسماء علي ملا حم:2003، 33) ناخۆشی و ئازاری هونەرمە ندان یار مەتیان دەدات بۆ گەڕان بەدوای ڕێگە یەك بۆ پاککرد نەوەی خود، بەڵام کاری داهێنەرانە خۆی لە هێزەوە پەیدا دەبێت نەك لە لاوازی.

( جونز و نودر 1972)وا پێنا سەی کردەی داهێنان دە کەن: کردەی داهێنان کردەیە کە لە ڕێگەی گرنگی دانی تاکی داهێنەر بە کێشەیەکەوە سەرهەڵدەدات. پاشان گەڕانێکی قوول بە هەموو ئاراستەکانی. ئینجا بیرە داهێنەرەکە دێت بە شێوەیەك بێ بیرکردنەوەیەکی بە ئا گایی لە کێشەکە. پاشان دۆزینەوەی چارەسەرێکی پەسندکراو.(نادیا هایل السرور:2002، 150)

(فان جوخ)یش کە باس لە داهێنان دەکات و باس لەکا تەکانی سەرەتای داهێنان دە کات لە ژیانی هونەرمەند لە کێشەو ماندوو بوون دەڵێت: ماوەی سەرەتای ژیانی هونەرمە ندان لە حا لەتێك دەبێت کە ڕێککەوتن نییە لەگەڵ دەروونی لە ڕێگەی هەست کردن بەوەی کە توا نای نیە کۆنترۆڵی هەبێت لەسەر کارەکەی. لە ڕێگەی هەستکردن بە نەبوونی باوەر بە تواناکانی و چۆنیەتی گەیشتن بە کۆنترۆڵ کردن لە سەر بابەتە کە. لە ڕێگەی ئاواتی گەورە بۆ جێ بەجێ کرد نی پێشکەوتن، و نەبوونی باوەر بە خودی خۆی. هونەرمەند ناتوانی زۆر دووربکەوێتەوە لە هەستکردن بە دڵە ڕاوکێ وورووژا ندن، بەڵام ئەم هە ستە نابێت بەردەوام بێت. دەبێت کاتێك بێت هونەرمە ند یان داهێنەر لەمانە هەمووی دەربچێت و لەهەموو ئەم هەستانە بپەرێتەوە.(حسن احمەد عيسى:1979، 127)

کەوا تە پاککرد نەوەی خود ئەو کا تە دێتە کا یەوە، کە ئەو کە سە گەیشتبێتە چارە سەری گونجاو و ڕازیکەر بۆ کێشەکە مەبەست ئەنجامەکە یەتی. سوود مە ند بێت بۆ کۆمەڵە کەی، کە بۆ ماوە یەك پێوەی خەریك بووە و شەونخوونی لە دیار کێشاوە.کە دە گات بە چارە سەری کێشەکە ئەوکات وا هەست دەکات دەروونی بە تەواوی ئاسوودە بووە و بە هیچ شێوەیەك ئەم هە ستی دوو دڵی و دڵە راوکێ و هەست نەکردن بە ئارامی نامێنێ. لەم قۆناغە تێپەریوەو بەرەو قۆناغی روونی و

ئاسوودە بوونی خەیاڵ دەڕوات وا هەست دەکات کە بەتەواوی ناوەوەی پاك بۆتەوە لەم هەڵچوونی دەروونی وبیرو بۆچوونەکانی پێشتری هیچ نەماوەو دەروونی هیچی تیا نەماوە لەم دڵە ڕاوکێیانە.

## 7- داهێنان لە زمانی شیعردا

مەبەست لە داهێنان لە شیعر روون کرد نەوەی سەر چاوەی شیعری لای شاعیران. ئەوانیش بۆ چەند هۆ یەك دەگەڕێد نەوە بیروای زانا یانی کۆن سەر چاوەی شیعر بۆ خواوە ندەکان دەگەڕێد نەوە، بەڵام بیروڕای سەردەمیانە هە ندێکی بۆ ئیلهام و زۆربە شی بۆ توا نای تاکە کەس دەگەڕێننەوە.

سویف تۆژی نەوەی کرد لە سەر کردەی داهێ نان لە شیعر. کردەی داهێ نان لە لا یەنێکی د یاریکراو روودەدات وە کو هەر دیاردە یەکی تر. لە ڕێرەوە کەی بە کۆ مەڵێك د یاردە کاریگەرە لەوانە یە هە ستی یان نا هە ستی بێت. سویف لە لێکۆلینەوە کەی دەڵێت مەرجی یە کەم لە شاعیر بوونی پەیوەندی دیاریکراو لەنێوان شاعیرو کۆمەڵەکەیەتی. ئەم پەیوەندیەش لە هەستکردن بە کەم و کوڕی لە ژینگە کەی. ئەم هە ستکردنە پاڵی پێوە دەنێت بۆ گەڕان بەدوای چارەی گونجاو لە داهێنانی هۆنراوە یان ئاواز یاخود وێنە...هتر لە کردەی هونەری کەوا پێدەچێت هونەرمەند هەندێ وەڵامی دیاریکراو بداتەوە لەوانەی سەیری هونەرەکەی دەکەن.(**حسن احمد عیسی**:1979: 134)

(سوقرات) بە (ایوان Iion)ی شاعیر دەڵێت شیعر جۆرێکە لە ئیلهام و شاعیر دەجولێنێت. ئەویش هیچ وەڵامێکی نییە (مەبەستی هیچ قسەیەکی نییە بەرامبەری) زۆرکاریگەری هە یە لە سەر شاعیر هەروەکو موگ ناتیس کاری گەری هە یە لە سەر ئا سن. هیچ شتەکی لە دە ست نی یە ڕای دەکێشێت بۆ خۆی. ئەفلاتون ناو لەم هێزە دەنێت (شەیتانی شیعر). ئەم بیرەش تاماوە یەکی زۆر هەر بەردەوام بوو ناوی تری لێنرا. (سوروکن)دەڵێت گەورەترین داهێنان بەهۆی هێزێکی نائاسایی دوورە لەلایەنی هەستەوە. ناتوانرێت دیاری بکرێت، چونکە لەسەرەوەی توانای کاری مرۆڤە. (جاك ماریتان Maritain) لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا شیکردنەوەی بۆ داهێنان زۆر لەم بیرە جیاواز نییە. ئەو وا دەبینێت داهێنان ڕێك دەخرێت توخمی خولقێنەری سرو شتە. هێزی داهێنان پشت دەبەستێت بە زانینی هەستی روحی.(**عبدالستار ابراهیم**:1987: 141)..

هەروەکو پێ شتر ئاماژە مان پێدا کۆمەڵ گە کۆ نەکان بە چاوێکی سەیرەوە لە شاعیرو هونەرمەندیان دەڕوانی. بە بڕوای ئەوان شاعیر بە زمانێکی تایبەت دەدوێت و جیاوازە لەو زما نەی خەڵکی قسەی پێدەکەن. ئەم بۆچوونەش شاعیری لە خەڵکی ئاسایی جیاکردەوە لە ئاستێکی نێوان شێت و پێغەمبەریان دادەنا.

ئەفلاتون(Plato )دەنووسێت:( شاعیر بوونەوەرێکە پیرۆزی نێو حەوت تەبە قەی ئاسما نە و جووتێك باڵی هەیە. تاوەکو خواوەند سروشی پێنەبەخشێت ناتوانێت هۆنراوە دابنێت و داهێنان بەرپا بکات.ئەو کاتەی ئیلهامیشی پێ دەبەخشرێت شاعیر دەکەوێتە حالەتێکەوە ئەقڵ و هۆشی

خۆی بزر دەکات و دەکەوێتە هۆنینەوەی هەڵبەست و شیعرەکانی، چونکە ئەگەر هۆشی لەلای خۆی بێت ناتوانێت پێشبینی شتە نادیارەکان بکات و هیچ بهۆنیتەوە. ئەمەش تەنیا لەتوانای ئەو کەسانە دا یە خواوەند خۆی هەڵی بژاردون ئەوان خۆ یان لە خۆیا ندا شاعیرو هونەرمەندن. خواوەندەکان لە زمانی ئەوانەوە وو تەکانی خۆیا نمان پێرا دەگەیەنن. ئەوان تەنیا نێوەندێکن لە نێوان خواوەند و ئێمە. خواوەند لە ڕێگەی ئەوانەوە لەگەڵ ئێمە دەدوێت، چونکە هونەری جوانی وداهێنانی شیعر دەستکردی مرۆڤ نییە، بەڵکو دەستکردی خواوەندەکا نە تەنیا خواوەندیش ئیلهامیان پێ دەبەخشرێت .(ثامر حسن:1986: 65)

هەروەها دەڵێت شاعیر تەنها داهێنان لە شیعر دەکات ئەویش بە هۆی خواوەندی شیعر کە شیعری پێ دەبەخشێت. زۆر بەی خەڵك تاوەکو ئەمرۆش سەر چاوەی شیعر بۆ سروش دەگەڕێننەوە. ئەویش بەهۆی خواوەندێکی پیرۆزەوەیە. ئەگەر لە توانای مرۆڤ بکۆلینەوە زۆربەی بۆ ئیلهام دەگەڕێتەوە لە بواری هونەرو ئەدەب و لەوانەیە لە زانستیش بێت. لە لێکۆلینەوەی ژیانی شاعیر دەبینین سەر چاوەی زۆر بەی کارە داهێنەریەکانیان بۆ سروش دەگەڕێننەوە. بۆ نموونە (رود یارد کبلنج Rudyard Kipling 1937–1985) دەڵێت کە روحێك ئیلهامی پێ دەبەخشێت ناوی ناوە (روحی پاسەوان Daemon) لەناو قەڵەمەکەی دەژی وەکو نوو سەرێك. هەروەها دەڵێت: روحی پاسەوان هاوڕێمەو سەرچاوەی ئیلهاممە. لەگەڵم دەژی و لەناوەوەم دایە کە رۆمان و ئەفسانە دەنووسم. رۆمانی(کیم Kim)، و هەردوو ڕۆمانەکانم لە سەر (دڵ ڕەش)، زۆر گرنگیم پێی دەدا لەگەڵی دەڕۆیشتم رۆیشتنەکی بەندە لەترسی ئەوەی نەوەك لەناو قەڵەمەکەم بڕوات.... کاتی ئەم روحە ئیلهامت پێ دەبەخشێ لەحالەتێکی دیاریکراو دەبێت. بە ڕێگەیەکی هەستی بیرناکەیەوە و کۆنترۆڵت نییە لەسەر بەرهەمەکانت. ئەوەی لەسەر تۆیە تەنها بیرکردنەوەو چاوەڕێکردن و گوێ ڕایەلی تاوەکو پێت دەڵێ چی بکەی.(روبرت ستیر نبرج:2005: 24- 25)

بیرە فەلسەفیە بلاوەکەی شیکردنەوەی کردەی داهێنان لەلایەنی هونەری بە شێوەیەکی تایبەتی شیعر دەگەڕێتەوە بۆ بیری ئیلهام ،لای شاعیرەکان بۆ مێژووەکی کۆن دەگەڕێتەوە. بۆ کاتی هۆمیرۆس کە ئەلیاذەی نووسی، یاخود لە هۆنراوە کۆنەکان، شیعریان دەنووسی دەیانووت شیعر دەربڕینێکە شاعیر لە خواوەندەکان بۆی دێت.

(فلیکس کلای F.Clay:1917)وا وەسفی ئەم کاتە دەکات کە پێی دەڵێن ئیلهام بۆهاتن. دەڵێت: ئەو ساتە دوورە لە کۆنترۆل و ویست. بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بۆت دێت. و (بولدوین Baldwin) لە فەرهەنگی فەلسەفەو دەروونناسی پێنا سەی ئیلهامی کردووە بەوەی روونکردنەوەی هزرە یاخود ئاگادارکردنەوەیەکە بۆی دێت لە پشتەوەی سروشتەوە.

( ستیفن سبندر Stephen Spender:1946) واباسی ئیلهام دەکات: ئیلهام سەرەتای هۆنراوەیە هەروەها ئەنجامی کۆتایشیتی...ئەو بیرە سەرەتاییەی دەکەوێتە ناو دەروونی شاعیر هەروەها بیرە کۆتاییەکەشە کە کارەکەی لەسەر جی بەجێ دەکات. لە نێوان ئەم سەرەتاو کۆتاییە ماندووبوون و رەنجی زۆر هەیە.(قاسم حسین:2007: 81)

ئەمە بۆچوونی زۆربەی فەیلەسوف و ڕووناکبیران بووە نەك تاوەکو سەدەی نۆزدە بەڵکو تا ئەمرۆش لایەنگرانی ئەم بیرە هەر هە یە.خاوەن بیرا نی ڕیبازی ڕۆ مانتیکی بانگهێشتەی سروش و ئیلهام دەکەن و بەسەرچاوەی سەرەکی داهێنانی دادە نێن. ئە گەر چی لە تیۆری لا سایی کرد نەوە ئەفلاتون لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە مامەڵە لەگەڵ شاعیر دا دەکات، بە پێی ئەو تیۆرە بوون دەبێت بە سێ بازنەوە یان خوڵگەوە، بازنەی نموو نەیی بەرز یاخود هە ستپێکراوە ئەقڵیەکان کە بازنەی ڕا ستیە تەواوەکانن. و باز نەی سرو شت یان جیهانی هە ست پێکراو ئەوەی مرۆڤ بە هە ست و نەستەوە پەیوەندی پێوە دەکات. ئەم بازنەیەش لاسایی کردنەوەی بازنەی یەکە مە. پا شان بازنەی هونەر و شیعر کە لاسایی کردنەوەی بازنەی دووەمە یان دیمەنی د یمەنێکی لا سایی کراوەیە.لە بەر ئەوە لە نرخ و پیرۆزی شاعیر کەم دەکا تەوە و لە کتێبی دە یەمی کۆمارە کەی دەیخا تە ڕ لەی کۆتاییەوە.

ئەگەر شاعیر ئیلهامی پێ نەبەخشرێت ، ناتوانێت ئاقلا نە دیاردە یەك ڕوون بکا تەوە، بەڵام ئەفلاتون سەرنجی لە توانای شاعیرو هونەرمەند نەدا وەك خۆی لا سایی سرو شت ناکا تەوە، بەڵکو تەواوکەری سروشتەو هەست و سۆزی خۆشی بۆ زیاد دەکات.( مجید محمود :مجله الاقلام: 1975 )

هەرچی ئەرستۆیە لە ئەفلاتون وورد تر شیعر هەڵدە سەنگێنێت و با شتر وزانستیانە تر لە ئەدەب و ئیـ لهام و داهێـ نان و شاعیر و هونەرمە ندان دەکۆڵێتەوە.هونەرمە ندیش ناوەرۆك و جەو هەری دیاردە کان دەنا سێت. هەوڵی دۆزینەوەی ما ناو سیفەتی د یاردە شاراوەکان دەدات و لەبەرهەمێ کدا بە شێوازێکی هو نەری دەر یدەبڕێت، وا تە بە بڕوای ئەر ستۆ هونەرمە ند لا سایی دیمەنێك ناکاتەوە و واقیع وەك خۆی کۆپی ناکات، بەڵکو بە جۆرێك دەریدەبرێت کە دەبێت ببێت. لە پێناو داهێنانی هونەریشدا ئەرستۆ داوا لە شاعیر و هونەرمە ندان دە کات جگە لە تۆژینەوەی داهێنانی هونەری گرنگی بدەن بە لایەنی ڕۆ شنبیری بۆ ئەوەی ئەو پرۆسێسە تەواو هەڵبسەنگێنن دەبێت لێی تێبگەیت و بتوانیت بیکەیت. لە بەر ئەوە مرۆڤ هەر لە مناڵیەوە دەبێت ئەو بابەتا نە بخوێنێت و بایەخیان پێ بدات.(رۆشنا احمەد:2001: 31 )

پاش ئەر ستۆش ناوی (هۆراس) لە مـ ێژووی هو نەردا دەردە کەوێت. با سی لە داڕ شتنی شیعردا کردووە لەو بڕوایە دابووە کاری زمان لە شیعردا ئەوە یە دەر بڕین و هە ست و نە ستەکانی بەرامـ بەر ئەزمونێك دەر بخات. شاعیریش هەڵگری پەیامێکی پیرۆز و دەروون و ڕوحێـ کی پاك و بێگەردی خواوەندیە. لەبەرئەوە بلیمەتی شاعیر و هونەرمەند بەندە بە بەخـ شینی توا ناو هیزێك کە خواوەند دەیداتیێ. ( مجید محمود: مجله الاقلام:1975 )

بابەتی لێکۆڵینەوە لە شیعر وەکو داهێنان بۆ مێژوویەکی کۆن دەگەرێتەوە و زانا یان هەر لە کۆ نەوە هەوڵی ئەوەیان داوە بگە نە سرو شتی ئەم دیاردە یە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوا نە بە لێکۆڵینەوەکانی (فرۆید) گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی و لێکۆڵینەوەی لێ کراو و هەوڵی ئەوە درا داهێنانی شیعر بە دەروونناسیەوە گرێ بدرێت. لێکۆڵینەوەکان بەرەو سێ ئامانج ئاڕاستە کران:

1– لێکۆڵیـ نەوە لە سایکۆلۆژی داهێـ نەر وا تە شاعیر، توو شی چ دۆخـ ێك دەبـ ێت کاتـ ێك شیعرێك دادەهێنێ.

2–خوێندنی هەرشتێك پەیوەندی بە پرۆسەی داهێنانەوە هەبێت،واتە ئەو قۆناغانە چین كە شیعر بۆ داهێنانی پیایدا تێپەر دەبێت.

3– هەڵسەنگاندنی شیعر پاش داهێنانی.(ثامر حسن جاسم:1986.: 14)

بیرو بۆ چوونی تایبەت سەری هەڵدا بۆ لێكدانەوەی ئەم خاڵانە هەریەكەو بە شێوەیەك لێكیداوە بەتایبەتی خاڵی دووەم، چونكە باس لە چۆنیەتی دروست بوونی شیعر دەكات.

(برناد شۆ) دەڵێت تەنها هزر ناتوانێت هەموو ڕاستیەكان تێبگات واتە(مێشك بە تەنیا ناتوانێت لەهەموو ڕاستیەكان بگات)، چونكە لە بیرو ڕاكانی كەم و كورتی هەیە بۆ تێگەیشتن لە ڕاستیەكان و بنەماو مەبەستەكان روون ناكاتەوە.

گوێگرو خوێنەر لە بەردەم شیعرو هەڵبەستێكدا، لە بەردەم هەست و سۆزو هەڵچوونی شاعیرێكدا، هەست بە توانای دەربڕینی شاعیرەكە دەكەن. بەرامبەر نایابی بەرهەمە داهێنراوەكە ئەو هەست و سۆزە دەدۆزنەوە كە خۆیان پێشتر بە شێوەیەكی روون یان ئاڵۆز دركیان پێ كردوە و بیریان لێ كردۆتەوە، بەڵام نەیان توانیوە وەك شاعیرەكان لە ڕوانگەیەكی دیارو روونەوە وەسفی بكەن و دەری ببڕن. واتە شاعیرەكە یان داهێنەرەكە بەتەنیا لە توانای دابووە ئەو هەست و سۆزە دەربڕێت و بیخاتە روو كە خەڵكی ناتوانن، كەوابێت بەرهەمی نایاب جەوهەرو ناوەرۆكی توانای داهێنەر دەردەخات و دەبێتە تایبەتمەندیەك .

زۆرجاریش ئەم تایبەتمەندیە لەسەرنجدان و تێبینی كردندا خۆی دەنوێنێت. چركردنەوەی داهێنەرانە هەڵێكە بۆ پێشخستنی بابەتی داهێنان بەرەو پێشەوە. بۆ روون بوونەوەو دەركەوتن، بۆ ڕێككەوتن و گونجاندن و جوانی .وەكو شاعیری فەرەنسی ( بۆدلێر) ووتویەتی: (ئەگەر ئۆجین دێلاكروا نەبوایە ئێستا ئەڵقەیەكی زنجیرەی شارستانیەت كەم دەبوو..). هەروەها تەقەلایەكە بۆ گۆڕان و بەرەو چاكتر و باشتر چوون، شاعیری ئینگلیزی( ستیفن سنیدەر) دەڵێت: (كێشەی نووسینی داهێنەرانە لە بنەڕەتدا بەندە بە سەرنجدانەوە، چونكە سەرنجدان لە نووسیندا جیاوازە لە سەرنجدان لە شیكردنەوەی مەسەلەیەكی ماتماتیكی. ئەو سەرنجدانە بۆ وور یایی و ئاگاداربوونەوە بە ڕێگەیەكی تایبەتی. لەو ڕێگەیەوە شاعیر ئاگاداری هەموو ئەو بارودۆخ و هەڵوێستانە دەبێت كە پێشكەوتنە جیاوازەكانی نێو هزرو بیركردنەوەی لەخۆی گرتووە.( شاكر عبد الحميد: مجله افاق العربيه :ژ5 )

زۆر لە زانایان و هونەرمەندان و شاعیران وەسفی ئەوكاتەی بیرەكەیان بۆ دێت لە ئیلهامەوە بۆ سەر هۆشیان دێتە خوارێ وەكو رووناكیەك یان بروسكێك دێت لەوكاتەی ئەوان ئاگادارنین. هەروەكو زانای فەرەنسی (هنری بوانكاریە) دەڵێت: زۆربەی لە دۆزینەوە بیركاریەكانی لەناكاو بۆی هاتووە لەكاتێك بیری لێ نەدەكردەوە لە كێشە زانستیەكە. هەروەكوبیرەكەی بە سەر دابەزێت ئەویش لە شەقامەكانی پاریس پیاسەی دەكرد. ( فاجز) دەڵێت:( كە لە خەو دا بووم گوێم لە مۆسیقای بنەرەتی بوو كەلەسەر یەكێك لە ئامێرە گەورەكانی مۆسیقای لێدەدرا.( عمر حسن مساد:2005: 70)، بەڵام ئیلهامی شیعری لەكۆنەوە تاكو ئەمرۆ مێشكی فەیلەسوف و بیرمەندەكانی سەرقاڵ كردووە. لە كۆنەوە ئەفلاتون ووتویەتی ئیلهام لەسەرچاوەیەكی سەرەوەی توانای مرۆڤ بۆ شاعیر

د ێت و ئەو سەر چاوەیە لە سەرەوەی زانیار یەکانی مرۆڤەو ئەوان هیچ لە پەیامی نازانن لە گەڵ ئەوەش ئەنجامی زۆر باش بەدەست دێنن.

هەروەکو مصطفی سویف دەڵێت: ئەگەر شاعیر یان بلیمەت عەقڵە جیاوازە ڕەخنەگرەکەی هەر لابێت نەیدەتوانێ شعرێك هەڵسەنگێنێ ، وهیچ شاعیرێکی بلیمەتمان نە دەدۆزیەوە بتوانی لەهەموو جۆرەکان شیعری هەبێت، بەڵکو شاعیر یەك لقی دیاریکراوی دەبوو بەبێ ئەوەی توانای دارشتنی هەبێت لەوانیتر. ودروستکردنی وشە گرانترین کارەلەویش گرانتر لە لایەنەکان لا یەنی شیعرە.( مالك حسن:2004: 31)

سویف هەڵسا بە لێکۆلینەوە لە بنەما دەروونیەکان بۆ داهێنانی هونەری لە شیعر دەڵێت: کردەی داهێنان لە لا یەنێکی دیاریکراو روودەدات، و کاریگەرە بە کۆمەڵێك هۆ لەوانە هەست پێکراو یان هەست پێ نەکراو بێت. لەو ململانێیەی تاك تووشی دەبێت لە ئێوان ئامانجەکانی خۆیی و ئامانجی بە شداربوو بۆ کۆمەلێك پەیدا دەبێت. لەوانە یە ببێتە سەرهەڵدانی بلیمەت. مەرجی یەکەم لە کردەی داهێنان جا لە شیعر بێت یاخود شتی تر دەبێت لە لایەنی کۆمەلایەتی بلیمەت بگەرێین. ئەم مەرجەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پەیوەندیەکی دیاریکراو لە گەڵ کۆمەڵەکەی.( قاسم حسين:2007: 26)

هەندێ لە مۆسیقاژەنەکان ووتویانە لەناکاو یان لە خەون دا ئاوازەکان لە گوێیاندا زرنگاوەتەوە و ئەوانیش دواتر ئەوەی بیستبوویان نووسیویانەتەوە و بە ئاسانی ئاوازەکانیان نوسیوەتەوە. (مۆزارت) یەکێك بووە لەو دانەرە مۆسیقییانەی بە ئاسانی ئاوازەکانی نووسیوە. (داروین) ووتویەتی سالانێکی زۆر خەریکی بەڵگە کۆکردنەوەو زانیاریەکان بووم، بەلام لەناکاودا ئەو وەلامەی دەمێك بوو بەدوای دا دەگەڕام بە مێشکمدا تێپەڕی و خەریك بوو لەخۆشیا بفرم. سەبارەت بە توانای نووسینم دەربارەی گۆڕانی توخمەکان و پێشکەوتنی ڕەگەزەکان.( سەر چاوەی پێشوو: 27)

(گاوس) دەڵێت نازانم چۆن گەیشتم بە بەرهەمەکانم .(لویس پاستۆر)ی زانای فەرەنسی دەڵێت: ئەگەر پێم بڵێن بەگەیشتنت بە ئاکام و مەبەستەکان زۆر لە ڕاستیەکان دوور دەکەویتەوە، لە وەلام دەڵێم، بەڵێ ئەمە ڕاستە. سەربەست و ڕەها خۆم دەدەمە دەست ئەو بیرۆکەی کە بە ئاشکراو روونی ناتوانم بەڵگەیان لەسەر بێنمەوە و بیسەلمێنم. ئەوەش ڕوانگەو هەڵوێستی منە بەرامبەر بە تێروانینم بۆ شتەکان.( حسن احمد عيسى:1979: 39)

هەرلەو بارەیەوە، کە لەخەو هۆنراوەو چیرۆکەکانیان بۆ د ێت شاعیر(کولریدج-Kolleridge 1954) لە پێشەکی هۆنراوەکەی بەناوی(کبلا خان Kublai Khan)دەڵێت: خەوێکی قووڵم لێکەوت، کە سێ کاتژمێر دەبوو. هۆنراوەکەم لەخەو بۆهات دووسەد تا سێ سەد بەیت دەبوو. هەرکە لە خەو هەڵسام هۆنراوەکەم بەجوانی لە بەر چاو مابوو دەستم کردە قەڵەم و هۆنراوەکەم نووسی، بەلام لەو کاتەکە سێك بۆ کارێکی پێویست بانگی کردم و نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند.هەرکە گەڕایەمەوە ژوورەکەم کەمێکم بە بیرهاتەوە، بەلام ئەوانیترم لەبیرچووبەوە و هەشت یاخود دە بەیتم لە بیرمابوو..(قاسم حسين :2007: 82)

هەرچەندە ئەمە بیروڕای هە ندێ لە داهێنەرا نە، بەڵام ناتوانین وا دابنێین هەموو کردە یەکی داهێنان تەنها بەهۆی سروشەوەیە،و هونەرمەند یاخود زانا بەبێ دەنگی بوەستێت و چاوەڕێ بکات وە حی بۆ بێت. چونکە سروش شتەکی دەرە کی نییە بۆ هونەرمە ند بێت یاخود وەری بگرێت. هەروەکو هەیە یان خەڵات وەربگرێت، بەڵکو شتەکە هەڵدەقوڵێ لە خودی هونەرمەند، بەڵکو ڕا ستی دەربڕی نە لە خودی هونەرمە ند. لێرەوە دەبێت هونەرمە ند عەقڵ و خەیاڵ و هە ستی توا نای داهێنانیان هەبێت.(عمر حسن مساد:2005: 71)، وەکو(ئەنشتاین) ووتو یەتی: بە درێژایی حەوت ساڵ بیرم لە تیۆری ڕێژەیی کردۆتەوە. پاش چەندین نوو سین و ما ندووبوون و شەو نخوونی ئینجا توانیو مە بگە مە ئا مانج و مەبەست.یاخود(دیستۆ فسکی)لەنامەیەکا بۆ(ئێس- ئەک ساکۆڤ) دەنوو سێت: ڕەنگە بڕوا نە کەی شەو و ڕۆژ چەند خەریك دەبم و چەند خودی خۆم ئاوێتەی نوو سینەکانم دە کەم. بە دە مارگیری و ژان و هەموو بونێکمەوە دەنوو سم. ساڵێکی ڕەبە قە کۆی دەکەمەوە و دەینووسمەوە.تا گەیشتمە بەرهەم. هەروەها (ئەدیسۆن)دەڵێت داهێنان لە سەدا یەکی ئیلهامە و نەوەتو نۆی ماندوبوون و شەونخوونی و هەوڵە.( مجله الاقلام:1975 ) هەروەها بەهەمان شێوە چەند زانای تریش باسیان لەماندوو بونی خۆیان کردووە.

(کالفن تیلور)ی لێکۆڵەر پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەربارەی نزیکەی سەد پێنا سە لە سەر داهێنان، گەیشتە دانانی پێنج ئاست تاگەیشتن بە بەرهەمێکی داهێنەرانە ئاستەکانیش ئەمانەن:-

1-ئاستی دەربڕین: داهێنان لەم ئاستەدا دەربڕینێکی سەربەخۆیە، لە بەر ئەوە سیفاتی لەخۆوە و سەربەستی لەخۆ گرتووە.

2-ئاستی بەرهەمهێنان: تاك لە ئا ستی دەربڕین دە چێتە ئا ستی بەرهەمهێنان لە داهێنان. پاش ئەوەی بەهرە کەی پەرە دە سێنێ و دەگە نە بەر هەمێکی کاری تەواو. داهێنان لێرە توانا یەکی گەشەکردو تری هەیە، داهێنەر دەگاتە ئاستێکی دیاریکراو بۆ بەرهەمهێنانی بابەتێك.

3-ئا ستی داهێنان: ئەم ئا ستە پێویستی بە بەهرە نییە، بەڵکو پێویستی بە شارەزایی یە لە تێگەیشتنی پەیوە ندی نوێ، لە نێوان بە شە جیاوازە کانی پێشتر دۆزراوە تەوە دیارنییە .وا تە پێویستی بە ئەزمونی پێشوەختەوە نییە، بەڵکو بە بیرکردنەوە یەکی نەرم درك بە پەیوەند یە نوێیەکانی نێوان بەشە دابڕاوەکان دەکات ،کە پێشتر نەزانراوە.

4-ئاستی هێنانە کایەوە: ئەم ئاستە پێویستی بە توانایەکی زۆرهە یە لە ئەندێشەیەکی پاك پاش تێگەیشتنی لە بنەما سەرەکییەکان. تێگەیشتنەکی تەواو، کە پێویستە لە سەر داهێنەر چاکیان بکات و ڕێکیان بخات. وا تە لێرە داهێنەر توا نای دا ماڵین کردنیان هە یە دەربارەی ئەو بنەما بنەڕەتیانەی تەواو لێیان تێگەیشتووە و دواتر ڕێك و گونجاوتریان دەکات.

5-ئا ستی پێگەیشتن(دەرکەوتن): بەرزترین ئا ستە لە ئا ستەکان، و بەرزترین دیمەنی داهێنا نەو دانانی بنەمایەکی تەواو نوێ لە ئاستەکانی داهێنان.(1)

(1)لەم بابەتە سوودم لە حسن احمد عیسی وەرگرتووە:1979: 17-18

لێرەدا (تیلور)هەوڵی داوە باسی شیعر بکات و ئەم قۆناغانە روون بکاتەوە، کە شاعیر پیا یدا دەڕوات تا دەگاتە بەرهەمێکی داهێنەرانە.

کەوا تە ئە گەر شاعیر بە داهێ نەر داب نرێ دە بێ جی هانێکی تای بەتی هەبێ و جۆرە سەربەستیەکی هەبێ، تاوەکو کارە هونەریە کەی درو ست بێ.(خلیل ابراهیم العطیة:1986: 20) چونکە زمانی ئاسایی ناتوانێ هەموو جۆرە دەڕبرینێکی ناوەوە دەربخات. بۆیە زمانی شیعر لە ڕێگای دەبڕینی کەم بەکارهاتوو و نائا شنا هەوڵی بەجێگەیا ندنی ئەم کارە دەدات. کەوا تە زمانی شیعر زمانێکی دروستکراوە و داهێنانە.(شکری محمد عیاد: 1988: 72)

بەم شێوەیە ئەوەی زمانی شیعر لە زمانیئاسایی جیا دەکا تەوە جۆری بەکارهێنانی زما نە. چونکە زمانی شیعر بەکارهێنانێکە لەگەڵ یاسا و نەریتەکانی زمانی ئا سایی دا ناگونجێ و لادا نە لە ڕێککەوتنەکان و تێکدانی شیرازەی زمانی ئا سایی. بەم شێوەیە داهێنانی شیعر بۆ ڕە گەزێکی گرنگ دەگەرێتەوە ئەویش زمانە.(عبدالسلام نجمالدین عبدالله: 2007: 44).

پرۆ سەی داهێ نان هەمی شە شۆڕ شی تاکی ڕۆ شنبیرە بە سەر کۆ مەڵگادا ئەم شۆڕ شەش لەشیعردا ئەگەر لەلایەك بەشیعریەتی نەستەوە پەیوە ست بێ، بێگو مان لەلا یەکی ترەوە دەکەوێتە سەر هەست،یان دەکەوێتە سەر ئاگاییە زانراوەکان .

بەم واتایەش ئەگەر شاعیر لەهێزی ناوەکی خۆیەوە شیعر والا بکا ،دۆزینەوە و فرە ڕەهەندی و بێ سنوری ڕاستەوخۆ دەلالەت لەسروشتی نەست دەکات و لەهەمان کاتیش دا پشت بەهە ست و ئاگاییە زانراوەکان دەبەستێ. بێگومان خودی ئەو دۆزینەوە و بێ سنوریە وەك تەم و مژ هەرگیز لای شاعیر دەلالەت لە یاری کردن بە زمان تا ئا ستی ڕەتکرد نەوەی هە ستیارێتی و چری نا کات. وەك لای هە ندێ لە شاعیران بە سەقەتی پرۆ سێس دەکرێت. لەم ئا ستەدا تەم و مژ ڕا ستەوخۆ بەئیفلیجی ب نەماکان و بێ ه ێزی دەڕ برین و شێوانی رو حی سەردەمەوە پەیوە ست دە بێ. لەم حالەتەشدا خودی بێ سنوری و خۆدانە دەست و فرە ڕەهەندی لەرووی بیرو بۆچون و شەفافییەتی زمان جیهانبینینەوە لەدایك دەبێت و بەهۆی درەو شانەوەی تیشکە کریستالیەکانەوە قوڵایی یەکانی ناخی خوێنەر دەبڕێت و گفتو گۆی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی دەلالی دەسازێنێ.

زانایانی دەروونی داوایان لە زانا کان و هونەرمە ندان و خوڵقێنەران و داهێنەران لە زانست و شیعر و مۆسیقا کرد وەسفی ئەوە بکەن، کە لە دەروونیان هەیە لە کاتی لێکۆلینەوە،یان لە ڕا ستی لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیان. لەم لێکۆلینەوە بۆیان دەرکەوت گرنگترین هۆ لە کردەی داهێنان سروشە ماوەیەك بیرکردنەوەی لە پێشە یاخود ماوە یەك لە ئارامی و حە سانەوە و بێ دەنگی لە

پێشە. بیری ئیلهامی لەناکاو دێت. لەکاتێك داهێنەر خەریکی بیرکردنەوە نییە لێی. لەوانە یە ئەم بیرە خەون بێت بۆی.(عمر حسن مساد:2005: 70)

مێشکی داهێنەر پڕە لە لێکۆلینەوە و تاقیکردنەوەو شارەزایی و زانیاری. ئەم شتانەش بۆ چەند ساڵێکی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام پارێزراوە لە کۆگە یان خەزێنەی یادگاری.

ئەم ڕا ستیەش لە سەر شیعرو شاعیرانیش جێ بەجێ دەبێت،هۆنراوەکانیان وا پێدە چێت لەناکاو بۆیان هاتووە بێ پێشەکی. لەوانەیە مێژوویەکی دوورو درێژی هەبێت لە بیرکردنەوە، بەڵام هۆی هاتنی ئیلهام لەناکاو دەگەڕێتەوە بۆ حالەتی حەوانەوە و ئارامی و ئازادکردنی زەین بەومانەی دەیبەستێتەوە و باری گران دەکات لە بیرکردنەوەی کێشەکان و جێ هێشتنی کێشەکان بۆ ماوەیەك. بەمەش مۆلەت دەداتە زەین بۆ بیرکردنەوە لێی جارێکی ترو بە شێوەیەکی تر لە لایەنێکی جیاواز.(عبدالرحمن عیسوی:ب.ت.:23-24)

خوێنەرانیش زۆر کاریگەریان هەیە لە سەر داهێنەر یاخود شاعیر ئەگەر خوێنەر تاکە کەسێکیش بێت، یاخود گەر ئەم تاکە کەسەش لە خەیاڵی بێت، یان کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی بێت. چونکە ڕێز لە ڕۆشنبیری ئەوان دەگرێت.

هەروەکو (بایرون) لەنامەیەکی بۆ(هوبهاوس) لە 31 مایسی 1817 دەڵێت:(....زۆرم پێ خۆش بوو کە زانیم هەندێکیان یەکەم نەشیدی مذیان بە دڵ بوو. بە شێوەیەکی تایبەتیش زۆرم پێخۆش بوو(بیلی) پێی سەرسام بێ، چونکە پیاوێکی نایابە ئەگەر داهێنەر نەبێت). (شیلی) لە نامەیەکی بۆ (بایرون) لە 14 سبتمبری1821 دەڵێت:((داوات لێ دەکەم کە هیچ بیروڕای خەڵکم بۆ نەنێری(مەبەست نامەی خەڵکی) جا ئەگەر پیاهەڵدان بێ یان سەرزەنشت کردن بێت، چونکە ئەم بیروڕایانە کاریگەریان هەیە لەسەرم و کاریگەریان لەسەر تەرکیزم هەیە، منیش دەمەوێت بە شتی تر سەرقاڵ بم)).

(شیلی)یش گرنگیەکی زۆر بە بیروڕای خەڵکی دەدات لە شیعرەکانی، گوێ لەم بیرورایانە دەگرێت ،بەڵام پەسندیان ناکات تاوەکو کاریگەریان نەبێت لەگرنگی دانی بە بەردەوام بوون لەسەر کاری داهێنان.

زمان لە داهێناندا ماهیەتی بوو نەو ئەڵقەی پێوەندی نێوان دەق و خوێنەرە، بەڵام پەیدابوونی خوێنەر سەرچاوەکەی بەجەوهەری داهێنانەوە پەیوەست نییە، یاخود مەرج نییە هەموو خوێنەرێك بتوانێك بەشێك بێت لە داهێنان، یان بەشداری پرۆسەی داهێنان بکات.

داهێنان شتێکە دەشێ بکەوێتە دەرەوەی شتەکانی دیکەوە ،لەلایەکی دیکەش مەرج نییە داهێنەر هەر کە قەڵەمی گرتە دەست ئیتر چاوەڕوانی داهێنانی لێبکرێت، کەواتە شاعیر دەتوانێت کاریگەریان هەبێت لەسەر کەسانی دەوروبەریان ودەتوانن کاری چاکسازی بنیات بنێن لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە، چونکە کاریگەری زۆریان لەسەر زەینی خوێنەران هەیە و سەرنجیان بۆخۆی کێش دەکات.

شاعیران دوونیایەکی تایبەت بە خۆیان هەیە و سەربەستن لە کۆت و زنجیری یاساکانی زمان و دە توانن د یاردە و شتی وا لەناو بەرهە مەکانیان بەکار بێنن زۆر لە واقیع دووربێت ، بەڵام بە شێوەیەکی جوان و داهێنەرا نە و سەرکەوتووانە دایدەر یژن بە شێوەیەك کاری گەری لە سەر خوێنەرەکان هەبێ و بەرهەمێکی نایابی لێ بێتە دی.

کەواتە بە پێی بیرورای زانایان لە کۆنەوە تاکو ئێستا بۆمان روون دەبێتەوە شاعیران خۆیان توا نای داهێناذ یان هە یە هەر چەند ئە گەر کەمێکیش بۆ ئیلهام بگەڕێ تەوە، چونکە ئە گەر ئەم توانایەیان لە ناخیان نەبێت دەبێت هەمووومان توانای داهێنانمان هەبێت لە بواری شیعر نووسین، چونکە بۆ بەهرەی شاعیرەکە دەگەڕێتەوە بۆیە هەمووومان ئەم توانایەمان تیا نییە.

# بەشی دووەم

# بەشی دووەم

## داهێنان لە شیعرە کوردییەکانی مەحوی

### 1- داهێنان لە شیعرەکانی مەحوی

**سەرەتا:**

مەحوی یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکان و لە هۆنراوەکانیشی دا گەلێك هونەری جوانکاری و داهێنانی تیا کردووە بۆ دەوڵەمەند کردنی شیعرەکانی. زۆر بە جوانی و لێهاتوویش ئەم کارەی جێ بەجێ کردووە، چونکە خۆی سۆفییەکی زیرەك و لێهاتوو بووە و شارەزای زۆربەی جۆرەکانی هونەری ڕەوانبێژی و زمانەکانی دراوسێی بووە. شێوە جوانکاریەکی زۆر جوانی لە هۆنراوەکان بەکار هێناوە. لەناو هۆنراوەکانیشی چەند وشەی داهێنراو و وشەی نوێ باو بەکار هاتووە. جگە لە چەندین هونەری تر بۆ جوانکردن و دانانی مۆسیقایەکی جوان بە هۆنراوەکانی و پاراستنی کێش و سەروای دێرەکان.

داهێنان لە شیعری مەحوی بە زەقی دیارە و ئەوەی لە دیوانەکەی بگات و زمانی مەحوی بزانێ بە ئاشکرا بۆی دەردەکەوێ. یەکێك لە داهێنان و توانای زمانیی مەحوی تێکشکاندنی زمانە و داهێنانی کۆمەڵێ زاراوەیەکە لەو بوارەدا.(بەشێك لە بابەتەکانی فیستفالی مەحوی:2001: 88)

زۆر بەی بیرۆکەی هەڵبەستەکانی مەحوی لە داهێنانی خۆیەتی. محەمەد نوری عارف دەڵێت:هەندێك بیرۆکەی لە خواجە حافزی شیرازییەوە وەرگرتووە، بەڵام وەرگرتنەکە دەقاو دەق نییە. بەڵکو مۆرکی تایبەتی خۆی لەهەر یەك لەو بیرۆکانە دیارە. لەگەڵ لەیەکچوونی هەردوو کۆمەڵگاکەی حافز و مەحوی، وای کردووە بیرۆکەکانیان لە یەك بچێ. هەرکامیان بێ، سوود وەرگرتن لە یەکتری، لە دێوان شاعیران دا، کارێکی پێویست و پەسندە.(سەر چاوەی پێ شوو: 126) وا ئێمەش لێرە بە پێی توانا وێنە شیعریەکان و داهێنانەکانی شاعیر بە پێی ئاستەکانی زمان دەخەینە روو.

### 2- وێنەی شیعری لە هۆنراوەکانی مەحوی دا

وێنەی شیعریی لە شیعری کۆندا وێنەیەکی ڕوونبێژی یە. لە بارەی بە ئاگایی لای شاعیری داهێنەر دەخوڵقێ و دەبێتە مایەی جوانکاری لە هۆنراوەکانیدا. بە زۆری وێنەیەکی ڕوون بێژییە و لە ڕێگەی لێکچواندن و ئاوەڵواتا(خوازە) و (خواستن) . یا لە ڕێگەی وەسفکردن و پێکەوەنانی هونەری درکەوە دروست دەبێ و تام و چێژێکی تایبەتی دەدات بە گوێگر و خوێنەری شیعرەکان. چونکە کاردەکەنە سەر هەست و سۆز و ئەندێشەیان و تام و چێژەکی خۆشی لێ وەردەگرن.

خوڵقاندنی وێنەی شیعری لە هۆنراوەی شاعیراندا، سەردەمی کۆن و نوێی بۆ نییە، چونکە لەگەڵ پەیدا بوونی شیعر، وێنەی شیعریشی لەگەڵی خوڵقاوە. بە بێ ئەوەی شاعیر ئاگاداری بێ .یا

مەبەستی خوڵقاندنی وێنەکانی بێت. واتە: لەباری بێ ئاگایی شاعیر دروست دەبێ و وێنەیەکی زۆر جوان و گەش لە شیعری شاعیر دەخوڵقێنێ.

هەر لەم بارەیەوە (عزالدین اسماعیل) دەڵێت: وێنەی شیعری خەونە، بەڵام خەونێکی ئاسایی نییە. بەڵکو زیندە خەونێکە دیمەنێکی تەواو وێنە دەگرێ و تۆمار دەکات و هەڵیدە بژێرێت و دروستی دەکات.(عزالدين اسماعيل: ب.ت. : 146) و(سیمۆنیدن)یش دەڵێ: (وێنە شیعرێکی بێ دەنگەو شیعریش وێنەیەکی دەنگدارە).(فرانكلين.ر.روجرز:1990 : 46)

وێنەی شیعری وەکو بابەتێکی رەخنەی ئەدەب بایەخی تایبەتی و شوێن پەنجەی دیارە و لای رەخنەگران جێگەی سەرنج و تێڕوانینە. خوێنەر کاتێ دێرە شیعرێك دەخوێنێتەوە هەست بە بوونی وێنەیەك دەکات لەناو وشەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.(هێلەرئەحمەد:2001: 5)

مەحوی(1831–1906) لە شاعیرە مەزنەکانی کوردە و یەکێکە لە چڵە پۆپەکانی ڕێبازی شیعری کلاسیکی کوردیمان. شاعیرێکی وردەکارو شێوە پتەوە. ڕوخساری هۆنراوەکانی بەتەواوی لە گەڵ ناوەڕۆ کە پتەوەکە یدا کار یان لێک کردووە و لە گەڵ یەکتردا جۆ شاون و بوونە تە زادەی تاقیکردنەوەیەکی ئەدەبی کلاسیکی نەتەوەییمان. زۆربەی هۆنراوەکانی بە فەلسەفەی تەسەوفی نەقشبەندیی ئاودراون. مەبەستیشی لە شیعردانانیدا بەکارهێنانی کێش و سەروای پتەو نەبووە. ئەوە ندەی بە دوای ناوەڕۆکی بەهێزدا گەڕاوە. هەر هۆنراوە یەکی دای ناوە کردووە یەتی بە تاقیکردنەوە یەکی تازە بۆ داهێنانی هۆنراوەی پتەوتر و نوێتر و بەبێ ئاگاداری لە چۆنیەتی دروست بوونی شیعرەکانی. وێنەی جوان و پتەوی شیعری لەناو چەمکی شیعرەکانیدا خوڵقاون و بە چاکی هەست و سۆز و ئەندێشەی، خوێنەر و گوێگری شیعرەکانی دەوروژێنێ. وێنەکانی لەناو هۆنراوەدا وەکو زنجیرە یەك ئاوێنەی ڕوون لە گۆشە جیاجیا کانی هۆنراوەکانیدا دادە نێ، تاکو بابەتەکانیان بنوێنن و شاعیری هونەرمەندیشمان وێنە شیعرییەکانی بەرزیی و ژیانی هۆنراوەکانی دەنوێنن.(کەریم شارەزا:2001: 105)

**ریشێکی پان و تووکی بنا گوێ درێژ و لوول**

**سۆفی لە دینی لادە بە دیمەن لە جوو دەکا(3) لا 58**

شاعیر لێرە وەسفی ئەو سۆفیانە دەکات، کە هەر بە دیمەن سۆفین دەڵێت ئەمانە دیمەنیان نیشانەی دەروونیانە. بە ریشی پان و تووکی درێژ و لوولی بنا گوێیان دوورن لە دینەکەیان. لە جوولەکە دەچن.

یان لە شوێنەکیتر وەسفی یارەکەی دەکات و دەڵێت:

**دەمت چی؟ پڕ لە دوڕ، دورجێکی یاقووت**

**نیشانە و مۆری چی؟ خەتتێکی زمڕووت (1) لا113**

لەم دێرە شیعرە شاعیر بە شێوەیەکی جوان وێنەیەکی شیعری دروست کردووە لەسەر یارەکەی. وێنەی دەم و لێوی یار دەکێشێت لە سەر بنەمای لێکچواندنی ڕەوان. دوڕ لەم دێرە بە

واتای ددان هاتووه و به هۆی لا یەنی ئا سۆیەکەوە دەزا نین چونکە دەم ددا نی تیا یە و ئەم دوا نە لەگەڵ یەکتر دێن،دەمیشی بە دورج چواندووە، کە گەوهەر و شتی بە نرخی تیا هە ڵدەگیرێت . چۆن دوڕ و گەوهەر لە ناو دورج هەڵدەگیرێن بە نرخن ،دەمی یاریش پڕە لە ددانی جوانی وەکو گەوهەر.

**کە ئەو لێوو ددانەم دی، بە جارێ**

**لەبەرچاوم هەموو لەعل و گوهەر کەوت ( 2 ) لا** 120

**لەم دێرە شیعرەش بە هۆی پەیوەندی ستوونییەکەوە دەزانین لێوی یار بەراه ـبەر ـلەعل وە ستاوە و ددا ـنی بەرامبەر گەهەرە. واتە لێوی سوور و جوانە وەکو لەعل و ددانی سپییە وەکو گەوهەر هەرکە چاوی ـبە لـ ـیو و ددانی یارکەوتووە هەموو لەعل و گەوهەری لەبەرچاو کەوتووە.**

**دەم نادیار و نازی قسەی پڕ بە دەشت و شار**

**دنیایەك ئاوی زیندەگی و دەرخری لە هیچ ( 6 ) لا** 134

**لێرە شاعیر باس لە دەمی یارەکەی دەکات ،زۆر بچووکە و دیارنییە، کەچی نازی قسەی دونیای پڕ کردووە.**

یاخود کە وەسفی پردی سیرات دەکات:

**(( حتما )) دەبێ گوزەر بە (( سیرات )ا بکەن هەموو**

**چاك و خراپ و ، موئمین و کافر، کیە و میهن** ( 93 )

**پردێکە راکشاو بەسەر بانی دۆزەخا**

**باریك و تیژە وەك دەمی تێغێکی ئاهینین( 94 ) لا** 438

ئەم جۆرە وێنانەی سەرەوە لە تێڕوانین و بۆچوونی شاعیر دەربارەی ئەو جیها نەی تیا یدا ژیاوە چۆن دەڕوانێتە دیاردە و شتەکانی دەوروبەری دەخاتە روو. زیاترلە ئا ستی وا تادا وێنەکان بە دیاردەکەون، کە لەمەودوا باسی دەکەین.

## 3- داهێنان بە پێی ئاستەکانی زمان

شاعیر یەکێ کە لە شاعیرە بە توانا کانی کورد و زۆر بە زانایا نە و سەرکەوتوانە کردەی داهێنانی لە هەموو ئاستەکانی زمان ئەنجامداوە. لێرەش لەسەر هەر ئاستێك باسی کردەی داهێنان لەلای شاعیر دەکەین.

### أ-داهێنان لە ئاستی دەنگسازی:-

شاعیر لەهەموو ئاستەکان کردەی داهێنانی کردووە. زۆر بە لێزانی لەگەڵ ئەم کردەیە هەڵس و کەوتی کردووە. نەك هەر لەم ئا ستە، بەڵکو لە ئا ستەکانیتریش داهێنانی کردووە. گەر سەیری هۆنراوەکانی بکەین دەبینین گەلێك هونەری جۆراوجۆری بەکار هێناوەو لە هەر هەموو جۆرە کانی

زۆر بە زا نایی و بە لێهاتوویی ئەم کردا نەی جێ بەجێ کردووە. لە ئا ستی دەنگسازی چەند جۆرکردەیەکی بەکار هێناوە وەکو:—

## 1/ دووبارە بوونەوەی دەنگ:

شێوازێکی ئەدەبیە. لەناو شیعردا زۆر بەکار دێت. کاردانەوە یەکی ڕا ستەوخۆ و زۆر بەهێزی هەیە لەسەر مۆسیقای ناوەوەی شیعری و سەرنجی خوێنەر بۆخۆی ڕادەکێشێت، بە هۆی دا نی ئەم شێوە مۆ سیقا جوا نەی بە هۆنراوە کەی بەخشیوە. بۆ یە مەحویش زۆر بە چاکی و بە جوانی ئەم جۆرە هو نەرەی بەکار هێناوە. هەروەکو وو تمان دوو بارە بوو نەوە دەورە کی گەورەی هە یە لە د یاری کرد نی جۆری مۆ سیقای شیعری وەك هو نەری ( کێش و سەرواو هاو سەرواو ڕە گەزدۆزی و ...هـتد) ئەما نەو چەندین جۆری تری هو نەرەکانی ڕەوانبێژی پ شت بە دوو بارە بوونەوە دەبەستن. دووبارە بوونەوەش لە هەموو ئاستەکان هە یە جا ئا ستی دە نگ بێت یا و شە و گرێ و ڕستە، لە هەموویان بەشدارە و دەوری خۆی هەیە.

دووبارەبوونەوە (تەکنیکێکی هونەری بەرزە، هێزو توا نا بە شیعر دەدات و ڕێژمایی دە کات بۆ دامەزراندنی ووزە یەکی دەنگی هێمادار کە لە خزمەتی شیعرەکەی دا دادێت). بۆ یە پێویستە لە سەر شاعیر زۆر بە لێ هاتوویی مامە ڵە لە گەڵ دوو بارە کرد نەوەی دە نگ و و شەو گرێ و دە ستەواژەکاندا بکات . بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بە کار یان بهێنێت، کە ببێتە سەر چاوەی هەڵقووڵانی تامو چێژێکی بە هێزو وروژێنەر بۆ خوێنەر. بیخا تە ناو چوار چێوەی هێزێکی موگناتیسی و سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێ. چونکە (ئەگەر شاعیر نەیزانی بە جوانی و چاکی مامەلە لەگەڵ جۆرەکانی دووبارەکردنەوەدا بکات ئەوا بەشێکی زۆری ئەو مۆسیقایەی شیعر هە یەتی کاریگەری کەم دە کات. چونکە گوێگر دەگا تە ڕادەی ما ندوو بوون و بێزار بوون). بەڵام ئە مەش زۆر کەم ڕوودەدات، بەڵکو (( بە پێ چەوانەوە دووبارەکردنەوە کە هەژان و جوولە یەکی کارەبایی چاوەڕوان نەکراو بە گوێگرو خوێنەر دەدات. ))(عەزیزگەردی:1999: 63) . شاعیر ئەو بنەمایەی زۆر بە شارەزایی بۆ خزمەت مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی بەکارهێناوە. بۆیە هەر بە بیستنی شیعرەکانی دڵ و دەروون هە ست بە جۆرە خۆ شی و مۆ سیقایەکی وروژێ نەر دە کەن. ئەم دووبارەکردنەوانەی شاعیریش سوودی لێوەرگرتوون بریتین لە :—

## یەکەم : دووبارەکردنەوە لە ئاستی ئاسۆییدا :-

دووبارەکردنەوە لەم ئاستەدا لە دەنگ(Sound) دەست پێدەکات پاشان بەرەو و شە و گرێ و ڕستە دەڕوات.

### 1 - دووبارەکردنەوەی دەنگ:-

بریتی یە لە دووبارەکردنەوەی دەنگێك بۆ چەند جارێك لەناو دێرە کی شیعرەکەی. یاخود چەند دێرە کی لە دوای یەك یان لە شیعرەکە هەمووی هە ست بە زۆر دووبارەکرد نەوەی دەنگێك

دەكرێت. دوو بارە بوو نەوەی دەنگیش زیاتر بۆ مەبەستی دانانی مۆسیقایەكی جوان و سەرنج ڕاكێش، كە سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی رادەكێشێت و توو شی بێزاری نابێت لە خوێند نەوەی هۆنراوەكە. بە پێچەوانەوە تام و چێژێكی تایبەتی لێ وەردەگرێت.

(شاعیر كاتێك دەنگێكی تایبەتی یان كۆمەڵە دەنگێك دوو بارە دەكاتەوە، دەیەوێ جەخت لەسەر لایەنی مۆسیقای شیعرەكە یان پارچەیەك لە پارچەكانی ئەو دەقە بكاتەوە لە ڕێی چنینی مۆسیقی و جۆرە چێژێك بە گوێگرو وەرگر ببەخشێت).(عەزیز گەردی:1999: 63) دوو بارە كرد نەوەی دەنگ بە پێی (ڤاوڵ و كۆنسنانت) دەگۆڕێت و دەكرێتە دووبەش:

## أ-**دووبارەكردنەوەی دەنگی بزوێن**( Vowel ):-

بریتی یە لە دووبارەكردنەوەی دەنگێك یا چەند دەنگێكی ڤاوڵ بۆ زیاتر لە چەندین جار لە دێرە شیعرێكدا.(ئەم هاوبزوێنە، لە دێرە شیعردا نەك هەر لەكۆتایی بەڵكو لە زۆر شوێنی تری دێرە شیعر بەكار دێت، و دەوری لە خێرا كردن یان هێدی كرد نەوەی ریتمی شیعرەكەدا هەیە).(عەزیز گەردی:1999: 63) شاعیر لە بە شێكی زۆری شیعرەكانیدا دەنگە ڤاوڵەكانی دوو بارە كردۆتەوە بە مەبەستی دانانی شێوە مۆسیقایەكی جوان و سەرنج راكێش و كاریگەر، چونكە تام و چێژێك لەم شێوە دووبارە بوونەوەیە دەبینێت. بۆنموونە وەك ئەم دێرە شیعرانەی دواوە:-

**لەو ڕۆژەوە جودا بووە لێم ئەو پەری وەشە**

**ڕۆژم ڕەشە، شوعوور و دڵم لێ بووە جودا** ( 6 ) لا39

لێرەدا چواردە جار دەنگی(و) و یانزە جاردەنگی(ە) دووبارەبۆتەوە. جگە لە دوو بارە كرد نەوە وێنەیەكی شیعری لەسەر بنەمای لێكچواندن دروست كردووە.

<u>لێ چوو</u> <u>لەوچوو</u> <u>ئەوزار</u> <u>رووی لێكچوون</u>

ئەو پەری وەش

لە نیوە دێری دووەمیش وێنەی سەرگەردانی خۆی بۆمان وەسف دەكات.

**مەحموودی (( فی السما ))یە ، حەبیبی خودایە ئەو**

**مەقبووڵی بارە گاهـ ، ئەوە موختار و موستەفا** ( 6 )لا44

شاعیر لەم دێرە شیعرەدا نۆ جاردەنگی (و) و نۆجار دەنگی(ە)دووبارە كردۆتەوە.

**شەرەف هەر عیلمە، نابینی كە ئەشرەف**

**موشەڕڕەف بوو بە ئەمر ئەووەڵ بە (( اقرأ ))!( 7 )لا74**

لەم دێرە شیعرەش مەحوی بە سەركەوتوانە دانانی مۆسیقایەكی جوان كارەكەی ئەنجام گەیاندووە و چواردە جار دەنگی(ە) دوو بارە بۆتەوە. ئەم دووبارەكردنەوانەش هەر بۆ مۆسیقای

شیعرەکان نییە ، بەڵکو مەبەستی تریشی لە دوایە وەکو پاراستنی کێش و سەروا . یان جەخت کردنەوە و دووپات کردنەوە لەسەر وشەکە..هتد.

چ یارایە، بەبێ ئیمایی ئەبرۆ سەیری ئەو چاوە

حەرامە مەیکەشی لەم مەیکەدە بێ روخسەتی حاجیب( 2 )لا85

لەم درێرە سێزدە جار دەنگی(ی) دووبارە بۆتەوە.

هەر دەڵێ پێوە نەبێ داغ و خەتی جێ دەمی تێغ

دەعویی عیشقی ببێ دەعوییە بێ مۆر و سەنەد( 2 )لا150

حەوت جار دەنگی ڤاوڵی(ێ) دوو بارە بۆ تەوە و دە جاریش دەنگی ڤاوڵی (ە) دوو بارە بۆتەوە.

## ب- دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێن ( Consonant ):-

بریتی یە لە دووبارەکردنەوەی دەنگێك یان چەند دەنگێکی کۆنسنانت لە دێرە شیعرێکدا بۆنموونە وەك ئەم دێرە شیعرانەی خوارەوە:-

بابی وتی بە هامە : غەزەب ئەو بلێسەیە

بەربۆتە رۆحی بابت و بەر عومری (( بوو لەهەب ))( 7 )لا81

لەم دێرە دوانزە جار دەنگی کۆنسنانتی (ب)دووبارە بۆتەوە.

گەر بتی ئێمەت نەدیوە، بۆچی دوێنی دەت پەرستن؟!

ئەی بورەهمەن، تۆ لەلات ئەمرۆکە چی وەك لا کە(( لات )) ( 12 ) لا93

لەم دێرەش حەوت جار دەنگی(ت)دووبارە بۆتەوە.

بە خەندەی لەب دەداتن موچدە (( لا تحزن )) بە مەحزوونان

دەمی تێغی برۆی ئیفشا دەکا تەهدیدی (( لاتفرح ))( 6 )لا139

لێرە هەشت جار دەنگە(د) دووبارە بۆتەوە.

کەم بوو وەك ئەو دەمە، سیدق ئەم دەمە هەم کەم بووە ڤات

فەرەحی نەك بە دوا بی، غەم و هەم هەم بووە ڤات( 1 ) لا95

لەم دێرە دەنگە(م) نۆجار دووبارە بۆتەوە.

گوڵ و لالەی کەژ و کۆ، کۆهکەن دێنێتەوە فکرم

کە خوونی ناحەقی ئەو مەوج ئەدا ئێستەش لە کێوو شاخ( 3 ) 142

لەم دێرە دەنگی (ك) حەوت جار دووبارە بۆتەوە.

**دڵ بۆیە خۆشی دێ لە نەخۆشی بە پڕ بە دڵ**

**بیمارە چاوی یار و خۆشی دێ لە دەرد و دا( 3 ) لا** 38

لەم دێڕەدا حەوت جار دەنگی (د) دووبارە بۆتەوە.

– هەروەها هەندێ جۆرو ئەندازەی تری دووبارەبوونەوە لەناو شیعرەکانی مەحوی بەکارهاتوون و هەر لە ئاستی دەنگسازی دان بریتین لە:–

1- **ئەندازەی ڕیتمی ( الهندسه الایقاعیە )**:–بریتی یە لە دووبارەبوونەوەی دەنگێگ لەچەند وشەیەکی لەدوای یەك هاتوو(صافیە محمد ئەحمەد:2009: 89) وەکو:

**نەمامی قامەتی پەروەردەی ئاوی دیدەکەی من بوو**

**کەچی گوڵچینی باغی وەسڵی ئەو ئێستاکە ئەغیارە ( 6 ) لا** 504

2- **ئەندازەی کۆتایی ( الهندسه الخاتمه )**:- هەمان دەنگ یان چەند دەنگێك لەکۆتایی هەردوو نیوە دێر دووبارە دەبێتەوە(سەرچاوەی پێشوو: 89) وەك:–

**یەکێ پرسی: کە پێغەمبەر لەگەڵ ئەم شەوکەت و شانە**

ا–ن–ە

**چ موجیب موتتەسیل پڕ فیکرەت و دائیم بە ئەحزانە؟( 1 ) لا**400

ا–ن–ە

**چوو ئەو فیرعەونە حیزە بۆ جەهەننەم، قوڕ بە سەر هامانا**

ا–ن–ا

**دەبێ ئەسبابی زووتر چوونە خزمەت ئەو بدا سامانا ( 1 ) لا** 392

ا–ن–ا

3- **ئەندازەی دەستپێکردن ( الهندسه الفاتحه )**:-هەمان ئەم دەنگانە لەسەرەتای هەردوو دێوە دێر دووبارە بۆتەوە(سەرچاوەی پێشوو:90) وەك:

**وتم: با لەم دەر و لەم کۆیەدا ئانێ سکوونەت کەم**

و–ت

**وتی: عاشق دەبێ هەر دەربەدەر بێ ، کۆبەکۆ بڕوا( 3 ) لا**68

و–ت

**مەعدووم ئەوا دیارە نە شەیئە و نە مەرئییە**

**م-ە**

**مەبیە قسەی ئەوانە کە هەم کێشی فەلسەفین** ( 81 ) **لا**434

**م-ە**

4- **ئەندازەی چوارچێوەیی ( الهندسە** المحیطیة**)**:-**بریتی یە لە دووبارە بوونەوەی دەنگێک یان چەند دەنگێك لەسەرەتاو کۆتایی وشەی نیوە دێری دووەم(صافیە محمد ئەحمەد**:2009: 90)

**چ هیجرەت؟ شەهدی وەسڵ، ئارامی جانە بۆ هەوا خواهان**

**چ هیجرەت؟ بۆ عەدوو تەعزییی رۆح و زەهری هیجرانە** ( 79 ) **لا**488

**ه-ی-ج-ر** **ه-ی-ج-ر**

5- **ئەندازەی پەیوەست ( الهندسة الرابطة ):- دووبارە بوونەوەی دەنگێك یان چەند دەنگێکە لەکۆتایی نیوە دێری یەکەم و سەرەتای نیوە دێری دووەم (سەرچاوەی پێشوو**:90**)وەك:**

**وەکوو (( جامی )) دەڵێ، دەم وشك هەڵاتوو من سەگێکی گەر**

**گ-ە-ر**

**جگەر تینووم و دەخوازم نمێ لەو بەحری ئیسحانە** ( 115 ) **لا**500

**گ-ە-ر**

**وەکوو خورشید و مەه پێی سەیریان لێ هەڵبڕی تا غار**

**غ-ا-ر**

**لە غارا سەیری کرد ئەعدا کە وەك سێبەر لە دوویانە** ( 73 )**لا**486

**غ-ا-ر**

6- **ئەندازەی کۆبوونەوە( الهندسە اتالیفیە): بریتی یە لە کۆبوونەوە یاخود دووبارە بوونەوەی هەمان کۆمەڵە دەنگە لە بەشی کۆتایی نیوە دێری یەکەم(سەرچاوەی پێشوو**:90**) وەك:**

**تا بۆ قسێکی دەرخۆری تەنزیهی دەم دەبەم**

**دە دە**

**هەر بەو دەم ئەو دەمە دەبمە لێوی خۆگەزان** ( 5 ) **لا** 452

ئیخلاس ئەگەر ببێ (( فبها ))گەر نەبێ ، دەبێ

بێ بێ

کەسبی بکەی بە تەزکییەی ئەخلاق و نەفسی دوون ( 114 ) لا444

دووەم: دووبارەکردنەوە لە ئاستی ستوونیدا :-

مەبەست لە دووبارە بوونەوەی ستوونی، واتە شاعیر وشە دووبارە بووەکە یاخود گرێیە دووبارە بووەکە بە شێوەی ستوونی دووبارە بوونەتەوە. ئەم دووبارە کردنەوەیە دوو جۆری هەیە :

1-دووبارە بوونەوەی ڕێك: مەبەست لەمە دەنگێك چەند جارێك دووبارە ببێتەوە بە شێوەی ستوونی و بێ ئەوەی دەنگی تر بێتە نێوانیان. وەکو:

بپرسە حاڵم، ئیهمالی وەفا بەس

بترسە تۆ لەحەق ، جەور و جەفا بەس( 1 )

بەکامی غەیر و بێگانە، برالە!

بەری بوونت لە یار و ئاشنا بەس( 2 ) لا186

2- دووبارە بوونەوەی نا ڕێك: بریتی یە لە دووبارە بوونەوە یەك دەنگە لە دوای یەك هاتووەکان دەکەونە سەر یەك ئەستون پچرانیان تێ ئەکەوێت.واتە دەنگی تر ئەکەوێتە نێوانیان. وەکو:

مەگەر ئەو سێبەرانەی خەزنە مەندە کردووە بۆ حەشر

چ دلسۆزە کە لەو گەرمایەشا سایەی لەسەرمانە

لەگەڵ بێ سایەیی، سایەی خەیاڵی کەوتە سەر هەرکەس

چ کەسدار و چ بێکەس، سەییدە، سەردارە، سوڵتانە( 38 )

.

.

خودا پێداوەکانی فائیزی ئیکسیری سوحبەت بوون

چ من، چی تۆ،مەلائیك، ئەنبیا خۆزگەی بە خۆیانە( 43 ) لا476

## 2- كرتانى دەنگ:

هەركە سەيرى هۆنراوەكانى مەحوى دەكەين دەبينين لە زۆر شوێن هونەرى كرتانى دەنگى بەكار هێناوە. زياتريش بەمەبەستى ڕێكخستنى كێش و سەرواى شيعرەكانى و دانانى مۆسيقاى ڕێك و جوان لە شيعرەكانى بووە و لە هەندێ شوێنيش بۆ شێوەى دياليكتەكە دەگەڕێتەوە.

### أ/ كرتانى دەنگى بزوێن (ڤاوڵ):-

شاعير لە زۆر شوێن كرتانى دەنگى بەكار هێناوە و لەچەند شوێن دەنگە كرتاوەكان دەنگى ڤاوڵە، بۆمەبەستى ڕێكى شيعرەكەى ئەم جۆرە هونەرەى بەكار هێناوە .وەك لەم دێرە شيعرانەى خوارەوە:-

كە تۆ غايب لەبەر چاوم دەبى، چم بێ لەتۆ غايب

قيامت حازرى بەرچاومە، خۆمم لە خۆ غايب(1) لا84

لەم دێرە دەنگى (ە) كرتاوە لە وشەى (قيامت) و خۆى قيامەتە. هەروەها لە وشەى(چم)دا دەنگى(ى)كرتاوە وشەكە خۆى(چيم)ە.

بە دەرسى من نەشا( والشمس)ى پارى تەلعەتت، ئەمساڵ

ئيجازەم دە موتالاكردنى (والليل)ى خەتت و خاڵ(2) لا244

لەم دێرەش دەنگەكى بزوێن كە دەنگى(ى)يە كرتاوە لە وشەى(نەشيا)و بووە بە (نەشا).

بەخششى دنيا مەخۆ،يەعنى بە نانێكى جۆ

خۆ مەكەرە بەر منەت پيرە ژنى نانەوا(2) لا 69

لەم دێرە لە وشەى(بەخشش)دا دەنگى (ى) كرتاوە، وشەكە خۆى (بەخشيش)ە.

### ب/كرتانى دەنگى كۆنسنانت:-

لە زۆر شوێن دەبينين شاعير شێوەى كرتانى دەنگى كۆنسنانتى بەكارهێناوە، ئەگەر سەيرى هۆنراوە كانى بكەين دەبينين شێوەى كرتانى كۆنسنانتى زياتر بەكار هێناوە لەناو دێرە شيعرەكانيدا هەروەك لە خوارەوە هەندێكيان بە نموونە دێنينەوە :

ئەگەر واعيز دوسەد تەعنە بدا، تەعنێكى لێ نادەم

ئەگەرچى موستەحەققى لەعنە، بابۆ رافزى بێ سەب(4) لا82

لەم دێرەيە لە وشەى (لەعنە) دەنگى (ت) كرتاوە، وشەكەخۆى 0لەعنەت)ە.

گونجايشى جەلالى خەياڵى ئەوم لە دڵ

جێ بوونەوەى سەمايە، لەيەك دانە كونجوو دا (5) لا39

لێرە دا لە وشەی (گونجایشی) دەنگی (ن) کرتاوە کە خۆی وشەکە (گونجانیشی) یە.

**قەسەمی گوێی بەچاوی بەچە دا پیری موغان**

**کە لەمەولا نەبییێ وەعز و قسەی مەولانا( 5 ) لا66**

لەم د ێرە شیعرە لە و شەی (بە چکە) دەنگ گی (ك) کر تاوە و بووە بە (بە چە).واتە پیری مو غان گوێچکەی سوێند دام بە چاوی بەچکە موغ،لەمەولا پەند و ئامۆژگاری پیری تەریقەت نەبیستێ.(مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس:1387 : 66 )

## ج/ کرتانی زیاتر لە دەنگێك:-

لێرەدا دەبینین مەحوی جگە لەوەی لە زۆر شوێن دەنگێکی کرتا ندووە بۆ ئەوەی شێوەی هۆنراوەکانی جوان بێت و ئاوازەی جوان بدات بەدە ستەوە لە زۆر شوێنیش زیاتر لە دەنگێکی کرتاندووە. وەك لەم دێرانەی خوارەوە:

**یەعقووب وەش کە (( مەحوی ))یە ، چاوێشەداری هیجر**

**چاوی بە گەردی راهی بە شیرت گلی شکا ( 7 ) لا 54**

لە وشەی (هیجران) کە زیاتر لە دەنگێك کرتاوە ، کە دەنگی(ا، ن) کرتاون.

**فەلەك هەرگا کەسێکی هەڵبری، وەقتی هیلاکەتیە**

**کە سەربۆ گەیینە پەت بێ، پێ لە کورسی و ئەسکەمل چ بکا؟!( 6 ) لا47**

لە وشەی(گەیینە) دەنگی (ش، ت)کرتاوە، کە وشەکە خۆی (گەییشتنە).

**سبەینێ وەرنە سەیری کوشتنم وادەم چەها داوە**

**لەسەر وادەی درۆی ئەو نادەم ئیتر وادە، قەت نادەم( 6 ) لا 270**

لە وشەی(چەندەها) چەند دەنگێك کرتاوە کە دەنگی(ن-د-ە) کرتاون و بووە بە ( چەها)، کە بە تەواوی بووە بە وشەیەکی نوێ.

**بە نەشئەی بۆنی گولزاری چ کۆیەك**

**لە تە نما مورغی رۆحم هاتە تەیران؟!( 3 ) لا 284**

لە و شەی (کۆلان) کر تانی ز یاتر لە دەنگ ێك روو یداوە و و شەکە بۆ تە(کۆ)،لێرە ئە گەر ئەم وشەیە لەناو دێری شیعری نەبێت قەت نازانی لە وشەی(کۆ) مەبەستی (کۆڵان)ە.

**کە ئێمە چوونە جەنە تمان بە تۆ دا**

**لە ئێمە لادە زاهید! ئێمە هەرچین( 2 ) لا291**

شاعیر لە ز یوە لەتی دووە می ئەم د ێرە شیعرەدا لە و شەی (هەر چین) چەند دەنگەکی کرتاندووە، وشەکە خۆی (هەرچی هەین)ە، بەڵام شاعیر سێ دەنگی کرتا ندووە کە دەنگەکانی(هـ- ە-ی)ە. بۆ پاراستنی کێشی شیعرەکە ئەم دەسکاریەی کردووە.

## 3 -گۆڕانی دەنگ:

شاعیر بە شێوەیەکی روون و بەرچاو لەناو شیعرەکانی هە ست بە هونەری گۆڕانی دە نگ دەکرێت. وەکو:

**هەتا ماوە دەبێ ئەشکی نەدامەت داوەرێنێ چاو**

**عەرەق رێتن نەبێ، شەخسی لە کاری خۆ خەجڵ چ بکا؟!( 4 ) لا 47**

لەم بەیتە شیعرە لە وشەی (رێتن) دەنگی (ش) گۆڕاوە بۆ دەنگی (ی)، وشەکە خۆی (رشتن)ە.

**گەر عاشقی لە خوونی جگەر قوم دە ،دەم مەدە**

**مەی خوارە، خام کارە هەتا هاو و هوو دەکا ( 4 ) لا58**

لەم د ێرە شعرە شاعیرگۆڕانی لە و شەی ( مەی خۆر)کردووە بۆ جوانی کێش و سەروایی وکردوویەتیە ( مەی خوار).واتە دەنگی (ۆ)ی گۆڕیوە بە (وا).

**دەمێ بوو یار هەمدەم بوو لەگەڵ دڵ سەبر و هۆش ئاخر**

**لەبەر بێ تابی، ئەو تەشریفی برد و بێ رەفیق ئەمما ( 6 ) لا 65**

لەم بەیتەش وشەی ( هاودەم) ی گۆریوە بۆ (هەمدەم) کە دوو دەنگی (ا،و)ی گۆڕیوە بە دوو دەنگی (ە،م).

**دەم زارێ تیا مابێتەوە رەنگاری ریق ئەمما**

**پیالێکی عەقیقە، پڕ لە بادێکی عەقیق ئەمما ( 1 ) لا62**

لەم دێرە گۆڕانی و شە لەناو دوو و شە روو یداوە، و شەی (پیالێکی) و (بادێکی) یە ،ڕا ستی وشەکان(پیاڵەیەکی) و (بادەیەکی)یەکە سێ دەنگی گۆڕیوەتەوە کە( ە،ی،ە) یە بە دەنگی(ێ).

**چاوە ،جێی ئەو شۆخە بێ، وتم و وتی:**

**ئەم مەلا شێخە قسەی بێجا دەکا ( 3 ) لا 55**

لێرە وشەی (بێجا)گۆڕانی بە سەر هاتووە وخۆی وشەکە (بێجێ) یە.دەنگی (ێ) گۆڕاوە بۆ دەنگی (ا).

**دنیا بە حیلە مەیلی بە ئەبنای ئەگەر ببێ**

**ئەم (( دایە رێزبار ))ە بەفرزەندی شوو دەکا ( 5 ) لا58**

لەم دێرە لە وشەی (دایە رێزوار) دەنگی (و) گۆڕاوە بۆ دەنگی(ب) و بووە بە (دایە رێزبار).

**مژدێکی چەندە خۆشە رەقیبی ملی شکا**

**عەیبی فەقەت ئەوەندەیە یارم دڵی شکا( 1 ) ل52**

لە و شەی(مژدێکی)گۆڕانکاری بە سەر دا هاتووە و و شەکە خۆی (موژدە یەکی ) یە، دەنگی(و)کرتاوەو دەنگی (ەیە) گۆڕاوە بۆ دەنگی (ێ).

## 4 - هێزی بەمەبەست ( هێزی بەرانبەری ڕستە ):-

هێز(stress ) زاراوەیەکی دەنگسازی یە. ئەو هێزەیە دەکەوێتە سەر بڕگە یەك لە بڕگەکانی و شە.واتە ئەو و شەیەی لە دوو وە یا زیاتر لە دوو بڕگە پێکدێت. ئە گەر گۆڕینی هێز لە و شەی زمانێك ببێتە هۆی واتا گۆڕینی، واتای ئەوەیە هێز لەم زما نە فۆنیمە.( محمد علی خولی، 1987، 161) بڕگە یەکیان هێزی دەکەوێتە سەر و بە گۆڕینی ئەو هێزە لەو بڕگە یەوە بۆ بڕگە یەکی تری ئەو و شەیە دەبێتە هۆی گۆڕینی وا تای ئەو و شەیە وە یا دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو و شەیە لە رووی ڕێزما نەوە.( غازی فاتح:1984؛ 84).

لەم جۆرەدا هێزی سەرەکی دەخرێتە سەر و شەیەك لە و شەکانی ناو ڕستە بە مەبە ستی دووپات کردنەوەی ئەم وشەیە، بەزەقی لەکاتی قسەکردن هەستی پی دەکرێت .دەزانرێت کام و شە زیاتر قسەکەر یاخود شاعیر مەبەستیەتی.

کەواتە هێزی بەمەست بریتی یە لە هێزی سەرەکی دەخرێتە سەر و شەیەك لە و شەکانی ناو ڕستە بە مەبە ستی دوو پات کرد نەوەی و شەکەو نەفی کرد نی دژە کانی ڕەنگە هەبێت.( محمد علی خولی:1987؛ 167)واتە شاعیر هەر وشەیەك کە مەبە ستی بێت دەتوانێت هێزی بخا تە سەرو لەوانیتر د یارتر بێت لەناو دێرەکە. ئەم جۆرە هێزەش تەنها لە دڕکا ندن و خوێند نەوەی شیعرەکە دەردەکەوێت. ئەوکات دەزانین هێز لەسەر کام وشەیە و ئەمەش تەنها شاعیر خۆی دەزانێ هێزی بە مەبەست لە چ شوێنی دێرەکەیە، چونکە ئێمە لەناو ناخی شاعیر نیین و نازانین شاعیر کام و شەی مەبەستە زیاتر دوو پات بکرێتەوە لە وانیتر و بە زە قی د یار بێت. شاعیر فۆنیمە ناکەرتیەکان بە تایبەتی هێزی بە مەبەست و ئاوازەی بەکار هێناوە، بەڵام ئەم دووانە لە دەربڕین بە دەر دە کەون و شاعیر خۆی دەزانێت ئەم دووا نە لەناو ڕستە لە چ شوێنێك دان، چونکە تەنها خۆی دەزا نێ کام وشەی زیاتر مەبەستە و دەیەوێت زەقی بکاتەوە. ئەمانەش بۆ دا نی مۆسیقایەکی جوان و سەرنج ڕاکێش بەکار دێت تاکو خوێنەر لە خوێند نەوەی هۆنراوە کەی بێزار نەبێت.یاخود بۆ مەبە ستی دووپاتکردنەوە لەسەر وشەکە. بۆنموونە:

**کوشتنی ئیسفەندیاری نەفسە بەستەی رایی پیر**

**گەر مەدەد کا، یانەکا، لەو شاهە ئیمدادێ دەکەم ( 6 ) ل277**

لەم دێرە شیعرە گەر شاعیر مەبەستی لە کوشتنەکە بێت ئەوە هێز دەخاتە سەر (کوشتنً) و ئەگەر مەبەستی ئیسفەندیار بێت ئەوا هێز لە سەر ئەو دادەنێت کە بەم شێوەیە دەبێت(ئیسفەندیاًر)و ئەگەر مەبەست نەفسەکەبی هێزەکە دەچێتە سەر ئەو بەم شێوەیە(نەفًس)و کام وشە شاعیر مەبەستیەتی هێزەکە دەخاتە سەر ئەو وشەیە بۆ دیاریکردنی ئەو وشەیەی هێزە بە مەبەستەکەی لەسەرە هیچ کەس ناتوانێ دیاری بکات تەنها شاعیر نەبێت، چونکە خۆی کام وشەی مەبەستە هێز دەخاتە سەر ئەم وشەیە.

## 5 - **ئاوازە** (Intonation):-

بێگومان ئاوازەش وەك هێز رۆڵی گرنگی هەیە لەناو دێرە شیعرییەکان و مۆسیقایەکی جوان بە شیعرەکە دەدات و سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕا دەکێشێت.هەروەها ئەمەش لە ناو دێری شیعریدا لە درکاندن هەستی پێ دەکرێت و دەتوانن بەچەند شێوەیەك دەرببڕدرێن، واتە شوێنی ئاوازەش زیاتر شاعیر دەزانێ لە چ شوێنێکەو چ جۆرە ئاوازەیەکە، چونکە خۆی چ جۆرێکی مەبەست بێت بەم شێوەی دادەنێ، بەڵام خوێنەر ناتوانێت بزانێت شاعیر چ جۆرەکی مەبەستە. چونکە لە ناخی شاعیردا ناژین تا لە مەبەستی بگەین. ئاوازەش لەلایەن زانایان و پسپۆڕان پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە و هەریەکەو بە جۆرێك پێناسەی کردووە.

بێ ئەوەی هێزی ڕستە خۆی بگۆڕێ، ئاوازەش دەتوانێ واتای ڕستە جیا بکاتەوە. (ئەورەحمانی حاجی مارف:1976؛ 74)

ڕۆڵی ئاوازە تەواوکەری ڕۆڵی فۆنیمە نا کەرتیەکانی (Supraseqmental) ترە، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ بە تەواوکەرو هاوکاری هێز دادەنرێ، چونکە هێز جەخت کردنەوە یە لە سەر برگەیەکی وشە هۆکارێکی هاریکەرە لەگەڵ ئاوازە و هۆکارەکانی تری وەك سروشتی دەنگەکان و ڕۆنانی پێکهاتەکان و مەبەست و روخسار و ناوەرۆکی دەربڕینەکان(عبدلوەهاب خالید:2007؛ 58)، ئاوازەی وشە هەروەکو غازی فاتح دەڵێت :گۆڕانی ئاوازەی تاکە وشەیەك دەگرێتەوە و پێی دەڵێن ئاوازەی (tone)و دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەو وشەیە.( غازی فاتح:1984؛ 93)، هەروەکو وشە ڕستەش ئاوازەی تایبەتی خۆی هەیە لەکاتی دەربڕین قسەکەر یاخود شاعیر ئاوازەیەکی تایبەتی بێ دەبەخشێت.

هێز و ئاواز لە ئاخاوتندا ڕۆڵێکە گرینگیان هەیە لە گەیاندنی مەبەستی قسەکەر بە هۆی ئاوازی ئاخاوتنەوە ،دەتوانین باری دەروونی قسەکەر(دلخۆش، دڵتەنگ، ترساو)ە یان جۆری ئاخاوتنەکەی (سەرسورمان، پلاروتوانج، گاڵتە پێکردن....)دیاریبکەین.(هێمن عبدالحمید شمس: 2006؛ 45)

ئاوازەی ڕستە دەوەستێتە سەر ژمارە و چۆنیەتی لەرینەوەی دەنگە ژێیەکان لە چرکەیەکدا. بە گۆڕینی لە رینەوەی ژێکانیش دەبنە هۆی گۆڕینی ئاوازەی ڕستە.(طالب حسين:1998: 45) ئاوازەش ڕۆڵی گرنگی هەیە و دەبێتە هۆی گۆڕینی جۆری ڕستەکە. جا ئەگەر ڕستەکە پرسیاری بێت یان هەواڵی یان سەرسوڕمان...هتد. قسەکەر بە هۆی رۆڵی ئاوازە و هێز دەتوانێت جۆری ڕستەکە

بگۆڕێت و واتاکە بگۆڕێت لەمە پرسیارکردن پێچەوانەی هەواڵ گەیاندن دەوەستێت.چونکە ڕستەی هەواڵی زانیاریت پێ دەبەخشێ بەڵام لە ڕستەی پرسیاری زانیاری داوادەکرێ.بۆ نموونە:-

**دڵ بۆیە خۆشی دێ لە نەخۆشی بە پڕ بە دڵ**

**بیمارە چاوی یار، و خۆشی دێ لە دەرد و دا ( 3 ) لا 38**

ئە گەر لەم د ێرە شیعرەی مەحوی بە شی یە کەمی لەتی دووەم وەرگرین(بیمارە چاوی یار) ئەگەربڵێین:

**بیمارە چاوی یار. ( ئاوازە بەرەو خوارە ) واتە نزم**

**بیمارە چاوی یار؟ ( ئاوازە بەرەو سەرەوەیە ) واتە بەرزە**

بە گۆڕینی ئاوازەکەی دەبێتە ڕستەی پرسیار واتە لە نزمەوە دەگۆڕێت بۆ بەرز.

**<u>ب/داهێنان لە ئاستی وشە سازیدا</u>:-**

شاعیر مەحوی لەم ئا ستەش بە شێوەیەکی شارەزایانە بە چەند جۆرێك کردەی داهێنانی ئەنجام داوە وەکو:

**1- وشەی نوێ باو:-**

مەحوی شاعیرێکی لێهاتوو بە توا نابووە، بۆیە لە بواری وشە دارشتن و وشە داهێنان زۆر زاناو بەتوانا بووە گەلێك وشەی نوێ ی داهێناوە کە شاعیرانی تر ئەم وشانەیان دا نەهێناوە لە ئاستی وشەسازی دا. هەروەها لیچ لەو بڕوایەدا یە داهێنانی وشە یا سای لێکسیکی تێك نادات، بەڵکو دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی زمان.(مریم خلیلی جهانتیغ: 1380 : 176 )

شاعیر بە شێوەیەکی زانایانە و لێهاتووانە چەند وشەیەکی نوێی داهێناوە شاعیرانی پێش ئەو دا یان نەهێناوە و بەکاریان نەهێناوە. وەك (بێ نایی کردن ، سەرکەنا، چەوتاوە، ذ یەت، مەننی.....هتد) داهێناوە. وەکو ئەمانەی خوارەوە:

**بەر پێی ئەوم بە مێزەرەوە، سەرکەنا، وتی:**

**(( مەحوی )) تەمایە بم خەڵەتێنێ بە تووری پووت ( 7 ) لا117**

لێرەش دە ستکاری شێوەی داڕشتنی و شە کراوە لە جیاتی ئەوەی بڵێ ( کە سەرم بە مێزەرەوە نایە بەر پێی یار و کردم بە قوربانی وتی مەحوی دە یەوێ بە سەلکە توورێکی پووچەڵ هەڵم خەڵەتێنێ)(مەلا عەبدولکەریمی مودەررس:1387 : 117 ) گووتوو یەتی (سەرکەنا) ، لێرەدا تەنها لە ناو سیاقە شیعرەکەوە واتا دەبەخشێ ئەگەر بە تەنیا بێت هیچ واتا یەك نادات بە دە ستەوە.بەم جۆرە مەحوی دەستکاری لە لایەنی مۆرفۆلۆجی کردووە.

**دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی عیشق**

**(( مەحویا )) دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا ( 9 ) لا 52**

شاعیر لەم دێرە شیعرەیدا وشە ئاراییەکی جوانی بەکار هێناوە ، وشەی (بینایی) داهێناوە لە جیاتی وشەی(سەیرکردن یان ڕوانین) ی بەکار هێناوە.وشەی بینایی کردن لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵام مەحوی بە کاری هێناوە و خۆی دایڕشتووە.

**کەمالات و مەعاریف مەبیە ، بێ دەخلی هەوێنی عیشق**

**عەجەب پشکووتووە لەم جەزوە نارە پڕ بە عالەم نوور ( 4 ) لا 162**

لێرە شاعیر (مەبیە) ی بە مانای (نابێ) بەکارهێناوە، لە ڕەگی کاری (بوون) و (مە) ی نەفی دروستیکردووە لەکوردیدا لەگەڵ (بوون) هەمیشە (نە) بەکارهاتووە نەك (مە) کەچی لێرە شاعیر بە (مە) نەفی کردووە.

**قامەت نەمام و پشتی وەکو مێو و ڕۆنی نەرم**

**چەوتاوە ، ڕەق هەڵاتووە، وەك چەوتە مێوی پیر ( 2 ) لا 383**

لە زمانی کوردی وشەی (چەمانەوە ، لاربوونەوە، خواربوونەوە) هەیە کە هەموویان هاوواتان مەحوی هەڵساوە لەگەڵ ئەم وشانە وشەی (چەوتاو)ی بەکار هێناوە و کردوویەتیە بە هاوواتای ئەمانە، واتە شاعیر زۆرجار وشەی نوێ دروست دەکات هەر تەنها بۆ پێویستی نییە بەڵکو هەندێ جار وشەش هەیە بەرامبەر ئەو وشەیەی ئەو هەڵی بژاردووە، بەڵام ئەو بۆ جوانی هۆنراوەکەی وشەیەکی نوی دادەهێنێت.

**جێی ئیعترازی کەس نیەت و نەبووە، هەر کەسێ**

**لا دا لە نا بەکارو حەزەر کا لە نا بەکەس ( 9 ) لا189**

لە ذیوە دێرە یەکە مدا (نیە)لە بەر پێویستی شیعرەکە بووە بە (ذیەت) و، لە ذیوە دێری دووەمیشدا لە سەر شێوەی (نا بەکار و نا بەجێ و .....هتد) مەحوی و شەی (نابە کەس) ی دروستکردووە لە کوردیدا بە (ناکەس) دەردەبڕێ.

**موستەغنییە لە مەننی سەفینە و سەفینەوان**

**هەرکەس کە ئیشی هەر بە خودا بێ، نە ناخودا( 2 ) لا 38**

لەم دێرە شیعرەش شاعیر داهێنانی کردووە و لە جیاتی (منەت) وشەی (مەننی) بەکار هێناوە، شاعیر لەم وشە داڕشتن و داهێنانە زۆر لێزانە و زۆر بە جوانی وشە داهێنانی کردوو.

**برۆ داگرتنت عەششاقی پێ چوونە شەرارەی مەرگ**

**دەها مەرگ ئینتزارێکن بە ئەمرێکی برۆ رۆیین ( 6 ) لا 294**

لە زمانی کوردی چەند وشەمان هەیە بۆ دەربڕینی سەرسوڕمان وەکو( ئاخ ، ئۆف ، ئای....) مەحوی وشەی( دەها)ی خستۆتە سەر ئەم وشانەو سەرسوڕمانی خۆی پێ دەربڕیوە.

## 2- پاش و پێشکردنی وشەی لێکدراو:-

سەیری هۆنراوەکانی مەحوی بکەین دەبینین لەچەند شوێن هونەرێکی جوانی بەکارهێناوە لەناو شیعرەکانی، کە هونەری پاش و پێشکردنی وشەی لێکدراوە. بۆ روونکردنەوەی مەبەستمان چەند نموونەیەك دەخەینە روو:-

**گەردی رێی هەستاوە جێ داوا دەکا**

**بەختە! ماڵی چاوی کێ ئاوا دەکا! ( 1 ) ل55**

لەم دێرە شیعرەیە پاش و پێشی کردووە لە ناو و شەی لێ کدراوی ( ماڵی بەختیار) کردوویەتیە بە (بەختە ماڵ) لێرە وەك دیارە جگە لە پاش و پێشکردنی وشەی لێکدراو لەناو ئەم هونەرەی شێوەی کرتانی دەنگیشی بەکار هێناوە لە وشەی (بەختیار) و کردوویەتیە (بەختە)و چەند دەنگێکی لێ کرتاندووە کە دەنگی (ی، ا، ر)یەو لە شوێنیان دەنگی (ە)ی بەکارهێناوە.

**تورکی چاوی مەستی (( مەحوی )) موژدە بێ**

**وا کەبابی جەرگ و دڵ داوا دەکا ( 9 ) ل 57**

شاعیر هونەری پاش و پێشکردنی لەم دێرەش بەکار هێناوە . وشەی (چاوی تورکی) یە، شاعیر ئەم وشەیەی بۆ یارەکەی بەکار هێناوە لەبەر جوانی، چونکە تورکی ناوبانگن بە جوانی بۆیە یارەکەی بە تورکان چواندووە.لەئەدەبی کۆن تورك بە واتای جوان دێت.

**بە تیر ئەمڕۆ دڕیی وا هەرچی پێش هات**

**خودا پێبداوە هەرکەس بەر نەزەر کەوت( 6 ) ل 121**

لەم دێرە شیعرەش دەستکاری لە شێوەی وشەی لێکدراو کراوە لە نێوان وشەی (هاتە پێش) دە ستکاری کردووە و کردوو یەتی بە ( پێش هات) ئەم دە ستکاریەش بۆ پارا ستنی کێ شی بەیتەکە یە. وەك لە زۆر جێگەی تریش هەر بەم مەبە ستە بەکاری هێناوە. هەروەها (ە)ی کە لە کۆتایی (هات) دایە ئەویشی کرتاندووە.

**خودا ئەم دەردی عیشقەم لێ نەکا کەم**

**هەتا هەم بەس لەباتی هەر دەوا بەس( 5 ) ل 186**

پاش و پێش کردنی وشە لێرەش کراوە و لە نیوە لەتی یەکەم لە جیاتی ئەوەی بنوسێ (کەم نەکا) شاعیر بۆ پاراستنی کێشی بەیتەکە شوێنی بە شەکانی وشەکەی گۆڕیوە و کردوو یەتی بە (نەکا کەم).

**تۆ کە دەرکەوتی، مە پرسە چی بەسەر دێ جان و دڵ**

**حاڵەتی شەونم تەماشاکە بە وەقتی رۆژ هەڵات** (4) **لا**91

شاعیر جێ گۆڕینی کردووە لە ذێوان دوو و شەکەی ئەم گرێ یە کە (دڵ و جان)ە، شاعیر کردوویەتیە(جان و دڵ).لێرەدا شاعیر جگە لە پاش و پێش کردن وێنە یەکی شیعری زۆر جوانی لەسەر بنەمای لێکچواندنی نا ڕاستەوخۆ دروست کردووە.

3 - **داڕشتنی وشە**:-

لەداڕ شتن و چنینەوەی شیعرەکانیدا شاعیر هەوڵ یداوە بە کەرە ستە و ئامرازی ماتر یالی هۆنراوەکان هەڵبکۆڵێنێت و بینەخشێنێت. ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە یە تا هەموو چینەکانی کۆمەڵ بتوانن بە ئاسانی لە جۆری عیشقەکەی مەحوی تێبگەن.( شوکر سلیمان:1999: 131 ) چەندین وشەی نوێی دار شتووە بە مەبە ستی جوانی و ڕازاند نەوەی شیعرەکانی. وە کو (پێغەمبەر ستان، هەڵیاوەسیم، ڕۆیاندن...هتد).

**بە تیرێ کوشتمی، هەڵیاوەسیم، سووتاندمی، ڕۆیی**

**دوعا بۆ حیفزی کەن، کێ دیویە جانانە وا گوستاخ** (2) **لا** 142

لێرە دەستکاری کاری (هەڵیواسیم)ی کردووە و بووە تە ( هەڵیاوە سیم). ئەمەش لە شوێنی دیکەشدا ئەنجام دراوە. وەك لای (نالی) یش لەبەیتە شیعرێکدا ئەم د یاردەی نیشان داوەو کارە کە لەحا لەتی کە سی دووە می تاك دا یە و لە ج یاتی بڵێ (هەڵتوا سیم) نووسیویەتی(هەڵتاوە سیوە)، هەروەك لەم بەیتە هاتووە؟

**بەگوێ هەڵتاوەسیوە، سەر موعەللەق /ل** 251(ابراهیم شوانی:2001: 88 )

**موسەبیب حەز ناکا، پڕ عالەم ئەسبابت پەڕێ کایە**

**فەقەت چاری نیە قەت یەك بە دوو بینینی مام ئەحوەل**( 4 ) **لا** 252

وشەی(مام ئەحوەل)ی بەکار هێناوە لەزمانی ئا سایی بەکار نا یەت و مەحوی بۆ جوانی دێرەکەی وشە ئارایی بەیتەکەی بەکاری هێناوە.

(( **مەحوی** ))! **بە** (( **موتوا** )) **وە کە لە مردن ببێ نەجات**

**ڕۆیاندنت لە پێشە، لە پێشا وەرە بڕۆ** ( 7 ) **لا** 297

شاعیر وشەی (ڕۆیاندن)ی بەکارهێناوە کە بەمانای بە (ڕۆیشتن )دێ ،کە داڕشتنەکی نوێیە.

**لە ئەحبابی قەدیمی بەزمی ئولفەت ماوەتن دووتەن**

**یەکێ پەروانە هەم دەردە ، یەکێ بولبول کە هەم فەردە**( 4 ) **لا** 314

(ماونەتەوە)ی گۆڕیووە بە (ماوەتن) کە وشە دارێژیەکی نوێی بەکار هێناوە بۆ پاراستنی کێش و سەروای دێرەکە.

**بە نووری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بووبوون**

**غەریبی تازە هاتوو دەیوت: ئەم پێغەمبەرستانە** (65) **لا** 483

لە زمانەکەی ئێمە پاشگری (ستان) بۆ شوێن بەکار دێنین وەکو (کوردستان) واتە شوێنی (کوردان)، بەڵام مەحوی هەڵساوە ئەم پاشگرەی بەکار هێناوە لەگەڵ پێغەمبەر و کردوویەتیە (پێغەمبەرستان) و وشەیەکی نوێی پێ داڕشتووە.

**لە ئاوی تێغی هەر زامێ بوو ئاوا**

**برینی من نەبێ هەروایە وەیران**(2) **لا** 283

لێرەش وشەی (وێران) دەسکاری کراوەو گۆڕانی بەسەر هاتووە و بۆتە وشەی (وەیران).

**کوشتەی ئەو چاوەم لە جەمعی کوشتەگان**

**خەنجەری موژگانی، من ((منها)) دەکا** (4) **لا**56

شاعیر خەنجەری داوەتە پاڵ موژگان ،خۆی موژگان خەنجەری نییە بەڵام شاعیر ئەم هونەری جوانکاریەی بەکارهێناوە ، هەروەها گونجانەکی جوانیش هەیە لە دێوان (کوشتە) و (کوشتەگان) بەواتەی کوژراوەکان بەکاری هێناوە.ئەمە لێک چواندنی ڕەوانە کە تەنیا لێ چوو و لەو چوو ماونەتەوە، واتە موژگانی وەك خەنجەرە.

**جەلال و شەوکەتی: ئەستۆ شکێنی سەرکەشانی عەسر**

**جەمال و تەعلەتی: جەوهەر گودازی زولمەتستانە** (27)**لا**472

لەم دێرەش شاعیر وشەی نوێ ی دارشتووە، ئەویش وشەی (زولمەتستان)ە کە وشەی (زولمەت) پاشگری شوێنی (ستان)ی هاوێشتیتە تەکی وشەکی نوێ هاتۆتە ئاراوە.

**لە روخساری لەتیفی: گوڵ ، لە جەعدی عەنبەرینی دڵ**

**دەجۆشێت و دەبارێ، ئەو گولستان، ئەم دڵستان** (32) **لا** 473

شاعیر لەم دێرە شیعرەش وشەی نوێی داڕشتووە لە (دڵ) و پاشگری شوێن(ستان) بووە بە دڵستان.وێنەیەکی ڕونبێژی لەسەر بنەمای خواستن دروست کراوە.

لێ خواستراو: گوڵ

بۆ خواستراو: یار(کە دەرنەکەوتووە)

نیشانەی خواستن (روخساری لەتیف) واتە دەم و چاوی جوان.

**تورکی من کوشتارخانەی عاشقانی دی، وتی:**

**من ((بر نجی بر یزید)) ، ئێرە ((ایکنجی کربلا))** (6) **لا** 61

لەم دێرەش شاعیر وشە ئارایەکی جوازی کردووە کە پاشگری (خانە)ە داوەتە پاڵ (کوشتار) و وشەیەکی نوێ کە (کوشتارخانە)یە دروست بووە.

**ئەو نەهاتن: دەردە، داغی ئەو نەهاتن: دەردەها**

**کەس بە دەردی من نەچێ، وەك من نەبێ تووشی نەهات (10) لا93**

شاعیر لـ ێرەش و شەی (دەردە ها)ی دار شتووە لە و شەی (دەرد) لە گەڵ پا شگری ( ها) وشەیەکی نوێ پەیدا بووە.بە مەبەستی دەردی زۆر

**دەبینی ((قل هو الله)) خوێنەکانی کونجی مزگەوتان**

**رووە و سەحرا، کە دەبیەن وا سوراحی هاتەوە قولقول (4) لا 247**

لەم دێرە شیعرەش شاعیر وشەی(مزگەوتان)ی دروست کردووە کە لە (مزگەوت) و پا شگری (ان)ی عەرەبی پێکهاتووە. لە زمانی کوردی بەم شێوەیە بەکار نایەت .

## 4- دووبارەکردنەوەی وشە:-

بری تی یە لە دووبارەکرد نەوەی و شەیەك ز یاتر لە جار ێك لە ناودێرە شیعرێك یان لە شیعرێکی تەواو. شاعیر کە وشەیەك دووبارە دەکاتەوە مەبەستی جەخت کرد نەوەی زیاترە لە سەر ما ناو مەبە ستی ئەو و شەیە بە مەش مۆ سیقای شیعرەکە پ تەوتر دە کات و خوێ نەریش ز یاتر سەرنجی دەداتێ. مەحوی شاعیر شێوازی دووبارە بوونەوەی بەکار هێناوە بە شێوەیەکی زۆر جوان و لە هەر سێ ئا ست ئەم هو نەرەی بەکار هێ ناوە، کە سەیری هۆنراوە کانی دە کەین دوو بارە بوو نەوەی بە شێوەیەکی زۆر بەکار هێناوە و لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی.بۆ نموونە دووبارە بوونەوەی وشەی( یەك یەك، روو بە روو، نازە ناز...هتد و دووبارە بوونەوەی چەندین ڕستەو گرێ وەکو( چاوی حەیات، چ ب کا، بە رووت...هـ تد و دوو بارە بوو نەوەی ڕ ستە وەکو( ئەو نەهات، برِوا نە چۆنم بۆت...هـ تد). دووبارەکردنەوە لای شاعیر چەند جۆرێکە.

1- دووبارەکرد نەوەی ئەو و شانەی کە خۆ یان لە دووبە شی وەك یەك دوو بارەکراو پێك هاتوون وەك:(وەروەر، تاتا، هەم هەم)بۆ نموونە:

**ئەگەر ئازادەگییەك بێ لە عەمدا بۆمان**

**چی هەیە غەیری بە پێچی پەل پەل داوی حەیات (4) لا98**

یاخود:

**دا بە یەکبارە بە بادا عومری خەڵق**

**دێ بە با کا کۆڵەکەی تاتا دەکا (5) لا56**

2–دووبارەکرد نەوەی و شەیەك دوو جار لە سەر یەك بۆ مەبە ستی جوانی شیعرەکەو بەخ شینی مۆسیقایەکی جوان بە شیعرەکە وەکو:

**لە فیرقەی خاکسارانی مەحەببەت بفکرە یەك یەك**

**بە دیمەن یەك نەفەر ، دامەن بە لێوی سەد فەریق ئەمما**( 3 )**لا**63

**کەم بوو وەك ئەو دەکە، سیدق ئەم دەمە هەم کەم بووە قات**

**فەرەحی نەك بە دوابێ، غەم و هەم هەم بووە قات** ( 1 ) **لا**95

هە ندێ و شە دوو بارە بووە کان ئامراز ێك یان و شەیەکیان دەکەوێ تە نێوان. ئەم جۆرە دوو بارە کردنەوە یە هونەرێکە پێ ی دەو ترێ لە دوای یەك هاتن. ئەویش بریتی یە لە دوای یەك هاتنی وشەی وەکو یەك بەڵام ئامرازێك یان وشەیەك یان دەستەواژەیەك دەکەوێتە نێوانیان وەکو:

**دەم لە دەم نانی رەقیبانی چ بێ مروەتییە**

**تێکەڵی ئاوی دەباخانە دەکا ئاوی حەیات**( 5 )**لا**99

**من وەسڵی ئەو بەرابەری جەننەت دەگرم و ئەو...**

**دۆزەخ بە ئاهی سینەیی من روو بە روو دەکا** ( 2 ) **لا**57

**وتم : با لەبەر دەرو لەم کۆیەدا ئانێ سکوونەت کەم**

**وتی: عاشق دەبێ هەر دەربەدەر بی، کۆ بە کۆ بڕوا**( 3 ) **لا**68

3– دووبارەکردنەوەی وشەیەك لەکۆتایی هەردوو نیوە دێری شیعر وەکو:-

**مژدێکی چەند خۆشە رەقیبی ملی شکا**

**عەیبی فەقەت ئەوەندەیە یارم دڵی شکا**( 3 ) **لا** 53

وشەی(شکا)لە کۆتایی هەردوو نیوە دێر دووبارە بۆتەوە.

**گەردی رێی هەستاوە جێ داوا دەکا**

**بەختە!ماڵی چاوی کێ ئاوا دەکا !**( 1 ) **لا**55

**دەم و زاری تیا مابێتەوە رەنگاری ریق ئەمما**

**پیالێکی عەقیقە ، پڕ لە بادێکی عەقیق ئەمما**( 1 )**لا**62

4– دووبارەبوونەوەی وشەیەك لەسەرەتاو ناوەراستی هەمان دێرە شیعر:

**کەم بوو وەك ئەو دەمە، سیدق ئەم دەمە هەم کەم بووە قات**

**فەرەحی نەك بە دوا بێ، غەم و هەم هەم بووە قات** ( 1 )**لا**95

**چاری قەدەر بزانە نیە، چەندە چاری وا**

**بێ چارە ما کە بوو بە دوو پەنچەی قەزا دوچار( 6 ) لا157**

5- دووبارەبوونەوەی وشەیەك چەند جارێك لە دێرە شیعرێکدا وەکو:

**روو ترش و روو خۆشە لە رووێکا، لەیەك دەما**

**قەهری درۆیە، میهری درۆ، هەردوو هەر درۆ ( 3 ) لا297**

لەم دێرە شیعرە چەندجار وشەی (روو)دووبارە بۆتەوە

**تۆ چوویە باغ و پشتی شکا، حەقیە، باغەوان**

**بازاری گوڵ شکاوە ، دڵی بولبولی شکا ( 3 ) لا 53**

**لێرە هونەری ڕەگەز دۆزیش هەیە چونکە ( شکا ) هەرجارە و بە واتایەك هاتووە.**

**پشتی شکا: واتە بێ تاقەت بوو**

**بازاری گوڵ شکا: ڕەواجی نەما**

**دڵی بولبول شکا: دڵی بولبول ڕە نجا**

**غونچە دەمی لەباسی دەمی تۆوەدا ، سەبا**

**مشتێکی دا لە دەمی ، دەم قسەی زلی شکا( 6 ) لا54**

**دنیا بەکامی هیچ کەسانە هەمیشە دەم**

**هیچ ئەلبەتە بە هیچ دەمێ نابڕێ لە هیچ( 2 ) لا133**

6- دووبارەکردنەوەی وشە لەناوەراستی هەردوو نێوە دێری شیعرەکە وەك:

**زامی دڵ وێران و ماڵ ئاوا تەبیب**

**ماڵی وێرانم کە ماڵ ئاوا دەکا ( 8 ) لا57**

**خەندێکی لە غونچەی دەمی تۆ دی کە لە باغا**

**هەر لەو دەمەوە لێو و دەمی غونچە لە گۆ چوون ( 6 ) لا288**

7- دووبارە بوونەوەی وشەیەك زیاتر لە جارێك لەهەمان نیوە دێری شیعردا وەکو:

**بەناو ئێمەش ریجالین و ریجالی (( هم رجال )) هەم**

**بە فەجری ناو دەبەن سەد حەیف ، ئەگەر سادیق، ئەگەر کازیب( 4 )لا86**

**هەر رۆژە مردنێکیە بژیێ بە رۆحی وا**

**دەستی کەوێ بە گرتنەوەی دەستی بۆ تەڵەب( 6 )لا80**

8- دووبارە بوونەوەی وشەیەك لەناوەراستی نیوە دێری یەکەم و سەرەتای لەتی دووەمی وەکو:

**رووتێ لە سەیری پۆشتەیەك بوو چ خۆشی وت:**

**سەیری هەیە فەرەس کە پەرۆشی جلی شکا( 5 ) لا53**

**لێرە شاعیر هونەری ڕەگەز دۆزی تەواویشی بەکار هێناوە لە وشەی( سەیری )دایە، سەیری یەکەم بە وا تای تەماشاکردن و سەیری دووەم بە واتای سەرسورمان دێت.**

**عەنبەر سارا وتم زولفی، نەباتی میسری لێو**

**زولفی ئالۆزا ، وتی لێوی کە ناوی من نەبات( 9 )لا92**

**لەم دێرەش ڕەگەز دۆزی هەیە لە وشەی ( نەبات )، لە نیوە دێری یەکەم بە واتای شەکرو نەبات د ێت و لە نیوە دێری دووەم بە واتای ناوی نەهێنێ.هەروەها لێکچواندنیشی بەکار هێ ناوە کە ( زو لف ) لێ چووە و ( عەنبەری سارا ) لەوچووە،سەرەتا لێکچواندنی ئاسایی دروست کردووە، بەڵام پە شیمان دەبێ تەوە بە هێنانەوەی ( زولفی ئالۆزا وتی لێوی کە ناوی من نەبات ) زولفی لەم لێکچواندنە ڕازی نەبووە. چونکە ئەو لە عەنبەر بۆن خۆش ترە.**

9- دووبارەبونەوەی وشە لەسەرەتای دێری یەکەم و ناوەراستی نێوە لەتی دووەم:

**چاری هەر دەرد و غەمێ کردنە مردن، چ بکا**

**نەیتوانیوە بکا چاری غەم و دەردی حەسەد( 7 ) لا 151**

**لە دنیادا وەکوو منداڵی ناکام**

**بە ناکامی دەچن دنیا بە کامان( 7 ) لا286**

10- دووبارە بوونەوەی وشەیەك لە سەرەتا و کۆتایی هەمان نیوە دێر وەکو :

**شەو کەسێ پرسی لە خۆ دەرخستنی پەروانە شەو**

**ئەو وتی: نا تێگەیشتوو! تەجرەبەی مەردانەشەو( 1 ) لا299**

**شەو نەبوو، بەحریتی موحیتی عەنبەری بوو، ناوی شەو**

**بوو بە نیسبەت ئەو شەوە، خاکستەری گوڵخانە رۆژ( 15 )لا181**

11- دووبارەکردنەوەی وشەیەك لەسەرەتای هەردوو نیوە دێر وەکو:

**تەڵەبی رەحم و مرووەت لە دڵی ئەهلی زەمان**

**تەڵەبی ئاوی حەیاتە لە سەرابستانا ( 2 ) لا 65**

12- دووبارە بوونەوەی وشەلەسەرەتای نیوە دێری یەکەم و کۆتایی نێوە دێری دووەم وەکو:

**شەو ، هەموو شەو چاوەڕێیە رۆژ هەڵێ، هەر رۆژ هەڵات**

**مەحوەسەرتا پا لەبەر پێیا فیداکارانە شەو( 6 )لا300**

غولاّمانە سەرم دانا لەبەر پێیا، وەکوو زوڵفی

کەچی ئەو هەر منی خستۆتە پشت گوێ وەك غولاّمانە ( 3 ) لا320

- - دووبارە بوونەوە لە ئاستی ستوونی دا :-

1 -دووبارە کردنەوەی ڕێك: واتا وشە دووبارە بووەکان ئەکەونە ژێر یەکتری بێ ئەوەی هیچ وشەیەك لە نێوانیان بێن یاخود بەبێ پچران لەدوای یەك دێن ئەم وشانەش لە ناو پارچە هۆنراوەیەك دان یان هۆنراوەیەك یاخود چەند دێرێك وەکو:

چوتە چم سروی چمان اشکم چمان

چم لچم جاری نبی بو چم چمان

چم لە بیداری چمی بختی چمی

چم دکا دیوت لچم کمتر چمان ( 1 ) لا392

شەو چ شەو، لێ پشکواوی قەڕنەها سوبحی ئومێد

هەر لە داوێنی یەکێ سوبحا بە لەك پەنهانە ڕۆژ

شەو شەوی میعراجی شاهی ئەنبیا بێ، وا دەبێ

بپەرستێ، بەلکی سوجدەی بۆ ببا هەر ئانە ڕۆژ

شەو نە بوو، بەحری موحیتی عەنبەری بوو، ناوی شەو

بوو بە نیسبەت ئەو شەوە، خاکستەری گولخانە ڕۆژ ( 15 ) لا181

2- دووبارە بوونەوەی ناڕێك: واتە وشە دووبارە بووەکان بە شێوەیەکی ڕێك لە ئاستی ستوونی لە دوای یەکتر دووبارە نەبووینەوە بەڵکو وشەی تر دێتە نێوانیان .وەکو:

شەو دەبێ بادەی لە دەستی ساقییەك وەرگرتبێ

ئەم سبەینێیە لە مەشریق دێتە دەر مەستانە ڕۆژ ( 6 )

حەقیە ڕۆژ و شەو کە بێ تابی دەکا، وادەی ویساڵ

شەو بوو، بێ بەش ما لە وەسڵی ئەو سەرا پا جانە ڕۆژ ( 12 )

شەو چ شەو، لێ پشکواوی قەڕنەها سە بحی ئومێد

هەر لە داوێنی یەکێ سوبحا بەلەك پەنهانە ڕۆژ ( 13 ) لا 181

ج/داهێنان لە ئاستی ڕستە سازی:-

لەم ئا ستەش چەند جۆر ێك كردەی ئەنجام داوە كە سەر بە ئا ستی ڕستە سازین وە كو ئەمانەی خوارەوە:

1- پاش و پێشكردنی كەرەستەكانی نێو ڕستە:

گەر سەیری هو نەرەكانی شیعری بكەین لە لای مەحوی دەبینین لە هەموو جۆرە كان زۆر بە زا نایی و لێ هاتوویی شارەزایی هەموو هونەرەكا نە، ئەم هونەرا نەش بەتای بەتی لە ئا ستی ڕستەسازی زۆر بە جوانی جێ بەجێ دە كات وە كو پاش و پێش كرد نی كەرە سەكانی ڕ ستە وا تە گۆڕینی شوێنی كەرەسەكان ریزكردنی كەرەسەكان لەناو یەك ڕ ستەدا كاریگەری دەروو نی شاعیر نی شان دەدات، سەرەتا لەژێر باری دەروو نی زاذ یاری گ شتی دەردە پەرێنێ و دە یەوێت بی كات بەباس بۆ هەموو ئەو واتایانەی كە بە دوایەوە دێن، هۆی دەرپەڕینی زانیار یەكەش پەیوە ندی بەو نەخشەوە هەیە ، كە شاعیر لەمێ شكی خۆ یدا بۆ ناردنی نامە كە ئا مادەی كردووە.(عبدالوا حد م شیر: 2005 :96) جگە لە وشە سازی لە ئاستی ڕستە سازیش داهێنانێكی زۆری بە ئەنجام گەیا ندووە، و لە زۆر جێگا شوێنی كەرەستەكانی گۆڕیوە، لە زمانی كوردی شێوەی ڕێزكرد نی كەرە ستەكان بە شێوەی (بكەر +بەركار +كار)ە بەڵام لە زۆر شوێن ئەم ڕێزە گۆڕاوەو پاش و پێشی كەرەستەكان كراوە ئە مەش ز یاتر بە مەبەستی پاراستنی كێش و سەروای دێرەكانە ،وەكو:

1- كار + بكەر + گرێی ناوی + بەركار + ئاوەلناو + ئاوەلناو.

**مەبە (( مەحوی )) بە روو پێدانی یاری عیشوەگەر مەغروور**

**وەكوو دنیا سەباتێكی نیە ئیقبال و ئیعرازی( 7 ) لا 350**

شاعیر لەم د ێرە شیعرەیدا كاری ڕ ستەكە كە (مەبە) یە كردوویەتـ یە لووت كەی شیعرەكەو هێناویەتیە پێشەوە هەرچەندە لە زمانی كوردی شوێنی كار لە كۆتایی دێرەوەیە.

2  ئاوەڵناو + كار + گرێ...

**روو ترش و روو خۆشە لە رووێكا، لەیەك دەما**

**قەهری درۆیە، میهری درۆ، هەردوو هەر درۆ ( 3 ) لا297**

لەم د ێرەش ئاوەڵ ناوی كردووە بە لووت كە كە خۆی لە دوای ناوەوە د ێت و شوێنی لە ناوەڕاستی دێرە شیعر دایە، بەڵام بۆ تێك نەچوونی كێشی شیعرەكەی هێناویەتیە سەرەتای دێر.

3- ئاوەلناو+ ناو +بكەر+ ئاوەلناو+ بەركار

**جونوونی نەو زوهوورە (( مەحویا ))دێوانەگی مەنسوور**

**كە دێوانەن هەموو مائیل بە بەرد، ئەو مەیلی داری كرد( 11 ) لا149**

له جیاتی ئەوەی بڵێ (کە دێوانە هەموو مائیل بە بەردن)، کەچی هاتووە جێگۆرکێی بە (ن) کەسی سێیەمی کۆ کردووە و خستوویەتیە پاڵ (دێوانە).واتەجێ ناوی کەسی سێیەمی کۆ شوێنی گۆراوەو هاتۆتە پێشەوە.

4- کار + ئاوەلناو+ راناو، بکەر+ ئاوەلناو...

**دەزانێ رۆژە ئەو، من شەو، کەچی پێشم دەڵێ: ((مەحوی))**

((حضوری **گرهمی خواهی، مشو** ((حافظ)) **از او غایب**)) (4) **لا**85

لێرە پاش و پێشیەك هەیە لە نیوە دێری یەکەم کە شوێنی (ئەو و رۆژ)پاش و پێش کراوە و رێز بەندی خۆی بەم شێوەیە( دەزانێ ئەو رۆژە)

5- گری+ ئاوەلناو+ راناوی سەربەخۆ+ ئاوەلناو+بکەر...

**لە خاکی پاکی ئەو بەردەرکەدا گەوزا رەقیب، ئامان**

**دەری کە، حەیفە گوور ئاسن خەسارەت دا لە ئیکسیرت**(7) **لا** 101

لەم بەیتەش پاش و پێشی لە ذێوان وشەکان کراوە، لە ذیوەی یەکەم گۆرانەکە روو یداوەو رێزەکە خۆی بەم شێوەیە یە(رەقیب لە خاکی پاکی ئەو بەردەرکەدا گەوزا، ئامان).

6- گرێ+کاری رانەبردوو+ بکەر....

**بەدەستی دوودەکەون ئەهلی، ئەر لە پێ کەوتن**

**بەسم نەدیوە لە دنیا،هەتاکو بڕوا دەست** (9) **لا** 105

7- ئاوەلناو+ ئامراز+ بکەر..

**جوان و شیرینە ئەگەر دنیا، لە روودا میهرەبان**

**وەردی خارە، شەهدی زەهری مارە، عەهدی بێ سەبات**( 11 ) **لا** 93

8- بەرکار + بکەر+ کار+....

**واعیزم پرسی، یەکێ شۆخانە جوابی دامەوە:**

**وەعزی چی؟! سەر لنگە دەستارێ کرەی هات** (7) **لا** 92

9- ئامرازی پەیوەندی+ .....+کاری داخوازی + بکەر.

**بۆ وەفا کردن بە وەعدەی هاتنی بمرە، وتی:**

**کەس نیە ئیختاری کا وا هاتووە وادەی وەفات** (3) **لا** 90

10  دیارخەر+ ئامرازی پەیوەست+ دیارخراو....

**کۆتری دڵ، چەنگولی بازی قەزا یەعنی موژەی**

**دی، بە زوڵفی چوو پەنا با، کەوتە نێو داوی بەلا ( 3 ) لا 60**

11- بکەر+ ئامراز+ بەرکار+ کار+...

فەلەك هەرگا کەسێکی هەڵبڕی، وەفتی هیلاکەتیە

کەسەر بۆ گەیینە پەت بێ، پێ لە کورسی و ئەسکەمل چ بکا؟!(6) لا47

هەروەها چەندین نموونەی تریش هەیە کە شێوەی جیا جیای ڕێزکردن نیشان دەدەن لای مەحوی وەکو:

**وەسیەتی مەجنوونە : هەرکەس دەردی دنیا عارە بۆی**

**خۆ بکا وەك من بە دەردی عیشقی یارێ موبتەلا ( 3 ) لا60**

لە لەتی دووەمی دێرە شیعرەکەدا پاش و پێشی کراوە لەناو بەیتەکە کە دەبێت بوترێ (وەك من خۆی بە دەردی عیشقی یارێ موبتەلا بکات).

**مەسەلەی عەهد و وەفا وەك مەسەلی عەنقایە**

**پیاوەتی باسی لە کن کەس مەکە، ئادەم بووە قات( 2 ) لا 96**

شێوەی ڕێزکردنی ئەم دێرە دەسکاری کراوە لە لەتی دووەم بەم شێوەیە ڕێز بەندەکەی(لە کن کەس باسی پیاوەتی مەکە، بنیادەم قات بووە)

**لەناوا باسی تۆبەی تۆ بوو ئەمڕۆ ئەی ستەمگەر شۆخ**

**بخە ئەم تۆبە پاشی کوشتنی من، تۆ بی یو پیرت ( 3 ) لا100**

گۆڕانی شوێنی کەرەسەکان لە هەردوو لەتی ئەم دێرە هەیە کە خۆی بەم شێوەیە ( ئەی شۆخی ستەمگەر ئەمڕۆ باسی تۆبەی تۆ لەناوا بوو، ئەم تۆبە بخەرە پاش کوشتنی من، تۆ بی یو پیرت)

## 2 - کرتاندنی کەرەستە لە نێو ڕستەدا :-

واتە لادانی هەندێ کەرەسە لەناو دێرەکە خۆی دەبێت هەبێت بەلاّم بۆ پێویستی شیعرەکە تاکو شێوەی کێش و سەروای دێرەکە پارێزراو بێت هەندێ کەرەسە لادەدات بەلاّم ئەو کەرەسانەی لا دەدرێن نابێت واتای ڕستەکە یاخود دێرەکە بگۆڕن و کاریگەری زۆریان هەبێت لەسەر دێرەکە بەڵکو وشەی وا هەڵبژێرین بۆ لادانیان کە بە بێ بوونی ئەم کەرەسەیەش واتاکەی تەواو و روون بێت و تەم و مژی دروست نەکات. جگە لە مانە شاعیر لە هەرسێ ئاستی (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی) هونەری کرتانیشی بەکار هێناوە بە شێوەیەکی جوان ئەم کرتانانەش هەندێ جار زۆر لە شێوە ئاساییەکەی دوور دەکەوێتەوە و تەنها بە هۆی وشەکانی پێش و پاشی لە واتای دەگەین، نموونە لە ئاستی دەنگسازی وەکو(بە دادایی، نەشا...هتد) و لەئاستی ڕستەسای وشەی کرتاو وەکو(یار، خۆتیان، هەیە...هتد).

**غەرقی موحیتی رەحمەتی عوزماتیان بکەی**

**ئێمەش لەگەڵ ئەوانە، سبەی (( یوم یحشرون )) ( 123 ) لا446**

لەم د ێرە شعرە و شەی(خۆتیان)کرتاوە کە لە دوای رە حمەت د ێت بەم شێوەیە(غەرقی مەحیتی عوزماتی رەحمەتی خۆتیان بکەی).

**بەختە زاهید کە بەهەشتی بووەتە مەئوا، من**

**غەیری (( بیت الحزن ))ی دەرد و جەفا نیمە مەلاز( 5 ) لا 172**

لەم د ێرەش و شە لادراوەو شاعیر کاری (هە یە ) کە لە کاری ( بوون)ەوە هاتووەی لاداوە و دێرەکە بەم شێوەیە(زاهید کە بەهەشت بووەتە مەئوای بەختی هەیە، من).

**وەرە دەستی بە خوونم کە نیگارین**

**خوێنی من حەلاڵت بێ، نیگارا! ( 8 ) لا42**

لە نیوە لەتی یەکەم کرتانی وشە کراوە کە وشەی یارە کە دەبێت بەم جۆرە بێت(وەرە ئەی یار دەستت بەخوونم بکە نیگارین).

**جونوونی ئەو زوهوورە (( مەحویا )) دێوانەگی مەنسوور**

**کە دێوانە هەموو مائیل بە بەرد، ئەو مەیلی داری کرد( 11 ) 149**

لەم دێرەش شاعیر جێناوی لکاوی(ن) ی کرتاندووە کە دەبێت لە دوای وشەی ( بەرد) بێت و بنووسرێت (بەردن)بەڵام ئەم جێناوەی کرتاندووە.ئەمەش هەر بۆکێشی شیعرەکەیە.

**عولووی مەرتەبەی گەر شەممەیەك تێ گەیێنم من**

**دەترسم بەردە بارانم بکەن ئەم تێ نە گەیوانە ( 43 ) لا 476**

لەم دێرەش وشە کرتاوە ، کە نیوەی یەکەم بەم جۆرە یە(عولووی مەرتە بەی پێغەمبەر ئەگەر من شەممەیەك تی گەیێنم).واتە وشە کرتاندراوەکە ناوە کە (پێغەمبەر)ە.

**قوم هەر دەبێ لە خوێنی جگەر دا بە ئاهەوە**

**ئەو مەستی غەفلەتە لەبی مەیگوونیە گەرەك ( 6 ) لا235**

لەسەرەتای دێرەکە وشەی (یار) لادراوە و شاعیر باسی نەکردووە،لەم دێرەیەش بکەر لادراوە.

**بە خوێنم تێنووە، با نۆشی کات و نۆشی بی، ئەمما**

**لەسەر چی، تۆ بڵێ ئەو لێوە مۆرە وا لە من بوو سوور ( 5 ) لا163**

لەم دێرەی شاعیر لەسەرەتای نیوەی لەتی دووەم وشەی لاداوە کە خۆی بەم جۆرە یە ( نازانم لەسەر چی، تۆ...)کە وشەی (نازانم)کرتاندراوەو دەرنەبڕاوە.

**هارومارن، غەیری یەك یەك، یەکسەری دێو ودەدن**

**ئیکتیفا نابی بکەی ((مەحوی))! بە جاریَ ئەلعەیاز( 5 ) لا173**

لە نیوە لەتی یەکەم کرتاندن کراوە لە واتاکەی بەم شێوەیە (هەموویان هارومارن، غەیری یەك یەك نەبیَ، یەکسەر دێو و دەدن).

**رەهرەوی ڕێگەی مەحەببەت وا دەبی، هەر سەعیەتی**

**تا هەیە لەم ڕێگە ئاخر کاری سەردانانە رۆژ( 2 ) لا 178**

لەم دێرەش شاعیر هونەری کرتاندنی بەکار هێناوە و ئامرازی تیا کرتاندووە شوێنەکەشی بەم جۆرەیە(...ئاخر کاری سەردانانە وەك رۆژ).

**کیَ قەدری شیعری ئێمە دەزانیَ، بەری دەکا**

**هەر ساحێبە لەبەر کەری کالآیی بیَ رەواج( 2 ) لا127**

شاعیر لە زۆر جێگەی تریش زۆر بە جوانی بیَ ئەوەی واتای دێرەکە تێك بچێت وشە یاخود ئامراز دەکرتێنیَ بۆ پاراستنی کێشی بەیتەکە ،لەم دێرەش ئامرازی (لە) کرتاوە لە پێش (بەری دەکا) کە خۆی (لەبەری دەکا)یە بۆ پاراستنی کێشەکەی، بەلآم لە نیوە لەتی دووەمی دێرەکە (لە)ی گەڕاندۆتەوە.

**زالَمی دلَ رەقی روو گرژی موسولَمان ئازار**

**هەر بە ئیزایە کە رەنگی بگەڕێتە روخسار( 1 ) لا381**

لەم دێرە شعرەدا شاعیر بە شێکی لە وشەی لێکدراوی (ئازار دەر) کرتاندووەو تەنها پارچەی یەکەمی هێشتۆتەوە کە (ئازار)ەو پارچەی دووەم کە(دەر)ە کرتاندوویەتی بۆ پێویستی دێرەکە ئەم کرتاندنەی ئەنجام داوە.

## 3- <u>لە سنووری دەستەواژەو گریَ</u>:

### أ - <u>دووبارە بوونەوەی گریَ</u>:-

شاعیر زۆر بە زانایی و لێهاتوویی و بە جوانی دووبارە بوونەوەکانی بەکار هێناوە و جگە لە دەنگ و وشە بەلَکو لە گریَ و ڕستەش دووبارەبوونەوەکانی ئەنجام گەیاندووە ، لە گرێش بە چەند جۆر دووبارە بوونەوەکانی جیَ بەجیَ کردووە وەکو ئەمانەی خوارەوە:

أ- دووبارەبوونەوەی گریَ لەناوەراستی دێری یەکەم و کۆتایی دێری شیعرەکە وەکو:

**خزر ئەگەر چاوی حەیاتی بڕییە ئاوی حەیات**

**من لە خاکی دەری جانانەمە هەر چاوی حەیات ( 1 ) لا 97**

ب- دووبارە بوونەوەی گریَ لەکۆتایی دێرە شیعر :

**ئەرێ دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵ ڕەنگت لەگوڵ چ بکا؟!**

**کە جیلوەی گوڵ لە گوڵشەندا نەبێ، بولبول لەچڵ چ بکا؟!**( 1 ) **لا**46

لەم دێرەدا لەکۆتایی هەردوو نیوە دێر گرێی (چ بکا) دووبارە بۆتەوە

**ئیتتیفاقی ئافتاب ئانێ موقابیل بوو بە رووت**

**ئافەتێکی دی نەما تابی، بوەستێ روو بە رووت**( 1 ) 111

**لەم دێرەیە هونەری ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە ( رووت ) لە نیوە دێری یەکەم بە واتای روخسار دێت و لە نیوە دێری دووەم بە واتای بەرامبەرت دێت.**

ج- دووبارە بوونەوەی گرێ لەهەمان نیوە بەیتی شیعر:

**بەو جەماڵە عیشق و ، بەو جاهە حەسەد**

**هەم دڵی من، هەم دڵی دوشمن کەباب**( 2 )**لا**76

د- دووبارە کردنەوەی گرێ لەسەرەتای دێرە شیعر:

**چ هیجرەت؟ شەهدی وەسڵ، ئارامی جانە بۆ هەوا خواهان**

**چ هیجرەت؟ بۆ عەدوو تەعزییی رۆح و زەهری هیجرانە** ( 79 ) **لا** 488

**هەر ئەو ئاوە بووە تۆفانی داغستانی کوفر و شیرك**

**هەر ئەو ئاوە تەراوەت بەخشی باغستانی ئیمانە** ( 70 ) **لا**485

## ب- داهێنان لە ئاستی دەستەواژەو گرێ:

**شاعیر هەندێ وشەی خستۆتە پاڵ یەکتری ئەم وشانە لە زمانی ئۆتۆماتیك لەگەڵ یەکتر بەکار نایەت شاعیر بەمەبەستی جوانکاری و رازاندنەوەی هۆنراوەکانی و بەتین کردنی چەند وشەی لەم جۆرەی داهێناوە وەکو:**

**شەو بە ئێمە بانەویدی هاتنی جانانی دا**

**یەعنی ئەی شەونم گەلینە! موژدەبێ میوانە رۆژ**( 4 ) **لا**178

**لێرەش شاعیر وشە ئارایشەکی جوانی کردووە کە وشەی ( شەونم گەلی)دروست کردووە لەسەر شێوەی (کوڕگەل، مێگەل...)ئەو هەڵساوە شەونمی لەگەڵ گەل بەکارهێناوە.**

**لە باوەشما دەدا مەوج ئەشکی حەسرەت**

**کەمەرتی گرتە باوەش تا کەمەرچین**( 4 ) **لا**292

لەم دێڕی شاعیر وێنەیەکی جوانی دروست کردووە کە (مەوجی ئەشك)ە، فرمێسك هەر چەند بە خور بێتە خوارەوە شەپۆل دروست ناکات و سیفەتی شەپۆڵ دروست کردن هی دەریایە، شاعیر بۆ بەهێزکردنی هۆنراوەکەیی و جوان دەرخستنی ئەم شێوەی بەکار هێناوە.

هەر ئاهی عاشقە دەمی پێ بێتە پێکەنین

ئەم غونچە بەو نەسیمەیە بیپشکوێ دەماغ (8) لا 213

شاعیر لەم دێڕەدا وشەی نوێی دارشتووە کە (بیپشکوێ دە ماغ) ە خۆی غونچە دەپشکوێت بەڵام شاعیر داویەتیە پاڵ دەماغ.

ئەمە پێ ی دەوترێ (خوا ستنی درکاو) پشکوتی لە گوڵ وەرگرتووە و داو یە بە دە ماغ. لێ خواستراوە کە (گوڵ) بە دەرنەکەوتووە بۆ خواستراو(دەماغ) ە دەرکەوتووە.

لەبەر قا پی خەراباتا، کە یارەب دا یمە ئاوا بێ

مەگەر خامێ بەسەر دا کەم، بکەم گاهێ دەماغێ چاخ (4) لا 142

شاعیر لەم دێڕەش وشەی نوێی دارشتووە، کە وشەی (دەماغی چاخ)ە و شەی (چاخ) کە بە واتای قەڵەوە بۆ مرۆڤ دێت یان گیانەوەر بەڵام بۆ دەماغ لە زمانی ئۆتۆماتیکی بەکار نایەت. کە چی شاعیر خستوویەتیە پاڵ یەك و وشەی نوێی پێ دارشتووە.

بێ منەت رزقێکە غەم، بمرم لە برسان ، ئەو دەخۆم

تەفرە ناخۆم و تەڵەب ناکەم لە دنیا قووتی رووح (4) لا137

لەم دێڕە شیعرە شاعیر وشەی (رزق)و (غەم)ی داوەتە پاڵ یەکتر و شەیەکی نوێی دروست کردووە کە (رزقێکە غەم)ە.

کە تێغت دڵ دەکا دوو قەد، دەدا تەبشیری ((قد افلح))

دەنووسێتن لە سەفحەی سینە تەفسیری ((الم نشرح)) (1) لا137

لەم دێڕە شیعرە شاعیر (سەفحەی سینە)ی دارشتووە سینە سەفحەی نییە و ئە مە سیفەتی پەڕاوە کەچی داویەتی بە (سینە). خواستنی درکاوە (سەفحە)ی لە دەفتەر یان کتێب وەرگرتووە و داویەتیە سینە.

گوڵ و لالەی کەژ و کۆ، کۆهکەن دێنێتەوە فکرم

کە خوونی نا حەقی ئەو مەوج ئەدا ئێستەش لە کێوو شاخ

شاعیر لەم دێڕە سیفەتی (مەوج)ی داوە تە پاڵ (خوون)، سیفەتی مەوج لەگەڵ دەریا بەکار دێت، شاعیر لەگەڵ خوێن بەکاری هێناوە.

قسەی زوڵفی ئەوەندە تووڵی کێشا تاقەتی چوو خۆی

وتی: شەو نیوە بوو، نەبڕایەوە، کێ باسی ماری کرد(5) لا 147

لەم دێرە یەش نوو سیویەتی (قسەی زوڵفی)کە چی زو ڵف توا نای قسەکردنی نی یە و ئە مە سیفەتی مرۆڤە.هەروەها لێکچواندنی نا ڕاستەوخۆ ھە یە لە نێوان زولفی ڕە شی یار و مار. وا تە وێنەکە لەسەر بنەمای لێکچواندن دروست کراوە.

کۆتری دڵ، چەنگۆڵی بازی قەزا یەعنی موژەی

دی، بە زولفی چوو پەنا با، کەوتە نێو داوی بەڵا (3) لا60

لەم دێرە شیعرە شاعیر کۆتری کۆکردۆتەوە لەگەڵ دڵ هەرچەندە دڵ کۆتری نی یەن بەڵام بۆ جوانی شیعرەکە شاعیر بەکاری هێناوە. ئەمە لێکچواندنە واتە (دڵی وەك کۆتر).

**خودا بیدا بە رەحمەت، داغی دڵ چاوی دڵە ((مەحوی))**

**بە گریە چاو ئەگەر چوو، شك دەبەم چاوێکی بیناتر (9) لا**161

لەم دێرە شیعرەش وشەی(چاو)ی لەگەڵ (دڵ) بەکار هێناوە کەچی دڵ چاوی نییە.

**ئەوەندەی لێ دەزانم بەم نەزانی خۆمەوە((مەحوی))**

**بە چاوی سەر خودا بینە، بە چاوی دڵ خودازانە(57) لا**481

لەم دێرەش شاعیر سیفەتی (چاو) کە هی مرۆڤ و گیانەوەرانە داویەتی بە (دڵ).

**تا لە ماڵی دەرنەکردووە ئەم شەوێ سەد شووکەرە**

**((مەحوی)) ئازانە بدە تۆ سێ بە سێ تەلاق (7) لا**221

شاعیر وشەی(تەلاق)ی خستۆتە پاڵ دونیا کەچی ئەم وشەیە لەگەڵ ئافرەت بەکار دێت.ئەم دێرەش خواستنی درکاوە.

**پیاڵەی دیدە لە بڕێزە، دڵا تۆش**

**بجۆشە، سازی ناڵە هەم ببێ کۆك(2) لا**233

شاعیر پیاڵەی لەگەڵ دیدە بەکار هێناوە بەڵام دیدە پیاڵەی نییە.

**خەت و زاری کە باسی کەوتە گوڵزار**

**کە چ ئەستۆ ما وەنەوشە، غونچە دڵ تەنگ (6) لا** 241

لەم دێرە سیفەتی دڵ تەنگی کی تایبەت بە مرۆڤە داویەتیە پاڵ غونچە.

**بە دەستی غونچە دەمێ، دەستی دا کە بەیعەت بۆم**

**چ ئارەزوومە لە ((عیسا)) دەم و لە ((موسا)) دەست(8) لا**104

سیفەتی دەست کە هی مرۆڤە داویەتیە پاڵ غونچە .مەبەستی شاعیر لەم دێرەیە کە ئەو بۆی رێ کەوێ دەستی بەیعەت پێکردن بخا تە دە ستی نازدارێکی دەم خونچەوە، ئیتر چ ئارەزوو یەکی هەیە لە هەناسەی مردوو زیندووکەرەوەی عیسا و لە دەستی مووسا کە وەك چراتیشکی دەدایەوە.

**ئابڕوو یەکجاری چوونی غونچە، یەك دەم خەندە بوو**

**گەر حەیات ئەی دڵ دەویٚ، شیوەن کە ((ما دام الحیاە))(14) لا**94

دەستەواژە دارژاوەکە لە (ئابروو چوونی غونچە)یە خۆی سیفەتی ئابروو چوون تایبەت بە مرۆڤە، بەڵام شاعیر وشە ئارایشەکی جوانی کردووە و داویەتیە پاڵ غونچە.

**لەهەر جێیەك هەڵیٚ خورشیدی عیشقی گوڵ روخان ((مەحوی))**

**ئەگەر عەقڵی بیٚ، لەو جیٚگە ئاونگی عەقڵ چ بکا؟!(9) لا** 48

لەم دێرەدا (ئاونگی عەقڵ) بەکار هاتووە، کە لە پێکەوە بەستنەوەی هەردوو وشە کەمانای نویٚ و تازەی دروستکردووە چونکە لە زمانی ئاسایی عەقڵ ئاونگە نییە

**گەردی ڕێی هەستاوە جیٚ داوا دەکا**

**بەختە! ماڵی چاوی کیٚ ئاوا دەکا! (1) لا**55

شاعیر وشەی ماڵی داوەتە پاڵ چاو ،خۆی چاو ماڵی نییە بەڵکو ماڵ پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، بەڵام شاعیر بۆ جوانی دێرەکەی ئەم جوانکاریەی بەکار هێناوە

**بۆ کەمیٚ لەو عەنبەرە، بۆ تەقوییەی رۆحی دەماغ**

**بێنی کا، وەك ئێمە دایم چاوەڕێی ئیحسانە رۆژ(16) لا**181

شاعیر وێنە یەکی جوانی دروست کردووە کە رۆحی بە دەما غەوە بەستووە رۆح نیشانەی گیانلەبەرانە ئەوان خاوەن رۆحن و شاعیر لە گەڵ دە ماغی دا ناوە و شەیەکی نوێی پیٚ دروست کردووە .

**بە کوڵمی ئاڵیا ئالا خەتی سەبز**

**ترنجی کەوتە بەر پەنجەی ترنجۆك (4) لا** 233

شاعیر سیفەتی (پەنجە)تایبەت بە مرۆڤ و گیانلەبەرانە داو یەتی بە (ترنجۆك) کە میوە یەکی ڕواوی ڕەش سەوزە.لەم د ێرەش خوا ستنی در کاوە پە نجە کە بۆ مرۆ ڤە و باس نەکراوە کە لیٚ خواسراوە و ترجنۆك بۆ خواستراوە و باس کراوە.

## 4- <u>دووبارە بوونەوەی ڕستە :</u>

کردەی دوو بارە کرد نەوە هەروەکو وو تمان لە هەموو ئا ستەکان ئەنجام دراوە ئا ستی ڕستە سازیش یەکێ کە لەم ئا ستانەو کردەی دوو بارە بوو نەوەی ت یا ئەنجا مدراوە لـ ێرەش وە کو ئاستەکانیتر چەند جۆرێکی هەیە وەك ئەمانەی خوارەوە:

أ – دووبارەکردنەوەی ڕستە لەهەمان نێوە لەتی دێرە شیعر:

**ئەو نەهاتن: دەردە ، داغی ئەو نەهاتن: دەردەها**

**کەس بە دەردی من نەچێ، وەك من نەبێ تووشی نەهات**( 10 )**لا**93

**لەم دێرەیە ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نیوە دێری یەکەم ( ئەو نەهات )مەبەستی یارەکەیتی نەهاتووە و لە نیوە دێری دووەم ( نەهات ) واتە ساڵی نەهات** (قەحط)

**ئابڕوو ڕێژە ویسالی یار و خوێن ڕێژە فیراق**

**عالەمی عیشق و مەحەببەت هەر برێژە ، هەر برێژ**( 4 ) **لا** 183

ب – دووبارە بوونەوەی ڕستە لە کۆتایی هەردوو نیوە دێری شیعر:

**بە دەم مەوجی خوێنی ئەشکەوەم ، بڕوانە چۆنم بۆت!**

**دەروونم کەیلی زووخی دەرد و غەم، بڕوانە چۆنم بۆت!**( 1 )**لا**109

**کە دیم ئالۆزە چاوی، زوو وتم: ئەم فیتنە هەڵبەستە**

**وتی: جاران ئەتۆ دەتوت بە من: کەم فیتنە هەڵبەستە** ( 7 ) **لا**309

## 5 - **بە لووتکە کردن** ( Topicalization )

لەم جۆرە هونەرەی شیعری دا شوێنی کەرەسەکانی ڕستە دەگۆڕێت و ئەوەی زیاتر مەبەستە دەکرێت بە لووتکەی دێرەکەو ئەوانیتر لە دواوەی دێت واتە شاعیر بیەوێ جەخت لەسەر کامە و شە لە دێرەکە بکات دەیهێنێتە پێشەوە لەسەرەتای ڕستەکە دێت جا ئەگەر کار بێت یاخود ئاوەڵناو یا ئاوەڵکار یا بەرکار یان هەر بە شێکی تری ڕستەکە کە خۆی شوێنی لەسەرەتای دێرە کە نەبێت، لە زمانی کوردی لە زمانی ئاسایی قسەکردن لە سەرەتا بکەر دێت ئینجا بەرکار لە کۆتایی ڕستە کار د ێت وە ئاوەڵ ناو و ئاوەڵ کار لە ناوەڕا ستی ڕ ستەکە د ێن یاخود تەواو کەرەکان، کە هەریە کەو شوێنی خۆی دیارە بەڵام شاعیر بەمەبەستی دووپات کردنەوە لە سەر و شەیەك شوێنی دەگۆڕ یت و دەیکات بە لووتکەی دێرە شیعریەکەی.

**مەبە (( مەحوی )) بە رووپێدانی یاری عیشوەگەر مەغروور**

**وەکوو دنیا سەباتێکی نیە ئیقبال و ئیعرازی**( 7 ) **لا** 350

شاعیر لەم د ێرە شیعرەیدا کاری ڕ ستەکە کە (مەبە) یە کردوویەتیە لووتکەی شیعرەکەو هێناویەتیە پێشەوە هەرچەندە لە زمانی کوردی زۆربەی کات شوێنی کار لە کۆتایی دێرەوەیە.

**روو ترش و روو خۆشە لە ڕوویێکا، لەیەك دەما**

**قەهری درۆیە، میهری درۆ، هەردوو هەر درۆ** ( 3 ) لا297

لەم د ێرەش ئاوەڵ ناوی کردووە بە لووتکە کە خۆی لە دوای ناوەوە د ێت و شوێنی لە ناوەڕاستی دێرە شیعر دایە، بەلاّم بۆ تێك نەچوونی کێشی شیعرەکەی هێناویەتیە سەرەتای دێر.

## د- داهێنان لە ئاستی واتاسازی دا :-

لەم ئاستەش هەروەکو ئاستەکانیتر مەحوی زۆر بە توانایانەو شارەزایانە کردەی داهێنانی ئەنجام داوە و تیای سەرکەوتوو بووە هەرچەند شاعیر زیاتر گرنگی بە لایەنی واتا دەدا بەلام گەلێك لە کردەی داهێنان و هونەرەکانی رەوانبێژی ئەنجامداوە، لە ئاستی واتاسازی کە دەبێتە دوو بەش ، ئاستی سیمانتیك و ئاستی پراگماتیکە و شاعیر لە هەردوو بە شی کردەی داهێنانی ئەنجام داوە و لە خوارەوە لە هەردووکیان ئەدوێین:

### أ لە ئاستی سیمانتیك :-

لە ئاستی سیمانتیك(Semantic) شاعیر زۆر شارەزایانە مامەلەی لەگەڵ کەرەسەکان کردووە وەکو فرەواتا و هاوبێژی کە لە زۆر بەی زما نەکان بەدی دە کرێن بەلاّم ڕادەو چەندێتیان بە ندە بە زمانەکەوە لە هەندێ زمان زۆر بەکار دێن و لە هەندێکیان رەواجیان زیاترە.

پەیدا بوونی فرەواتایی بە هۆی زۆر بەکارهێنان و گوا ستنەوەی وا تایی و تە سك بوو نەوەو فراوانبوونی واتاوە دروست دەبێ، وهاوبێژی و فرەوا تا مەرج نییە تەنیا لە وشەدا بەدی بکرێ، بەڵکو زۆر جار لە یەکەی گەورەترو لەیەکەی بچوکتریش بەدی دەکرێ.( صباح رەشید قادر: 2000: 1 )

### 1-/ واتا لاوەکییەکان:

#### ( 1-1 ) واتای ڕەنگدانەوە:

ئەم جۆرە واتایە جۆرێکە لە واتای ئەو وشە فرەوا تا و هاوبێژا نەی کە یەکێك لە واتاکانیان وا تای تابۆ یە کە دەبێ تە ئەوەی واتا یەکی دەروو نی هەڵگرێت و بە سەر وا تا هۆ شەکییەکە زاڵ دەبێت.بەلاّم مەحوی تەنها لە دێرێك ئەم جۆرە واتایەی بەکار هێناوە وەکو:

**کوڕی بێ، تاسەر ئەم دایەی زەمانە مەمکی کەس نادا**

**کە سەعبە شیری شەفقەت (( مەحویا )) لەم شێرە دۆشینە** ( 7 ) لا326

#### ( 2-1 ) واتای بابەتی:

مەبەست لە واتای بابەتی ئەم جۆرە واتایەیە کە هیچ تەم و مژیەکی تیا نییە و بە ئا سانی لە مەبەستی دێرە کە یان هۆنراوە کە دە گەی. لێرە بیری خوێنەر زۆر ما ندوو نا کات و بە ئا سانی لە

بابەتی هۆنراوەکە دەگەی.لە واتای بابەتی زیاتر مەبەستمان واتا هۆشەکییەکەیە کە لەناو خەڵك باوەو بە ئاسانی تێی دەگەین چونکە لەناو فەرهەنگ دا هەن.

واتای فەرهەنگی وشە بریتییە لە واتای هۆشەکی وشەکە و ئەو واتایەی کە لەگەڵ وشەی تردا دروستی دەکات (Jean Aitichison, 1993, 81)چونکە وشەکانی دەوروبەری واتای تاکە وشەکە دیاری دەکەن(Allis, 1970, 5)جا بۆ لێکدانەوەی هەر وشەیەك بێت سەیری دەوروبەری وشەکە دەکرێت کە وشەکەی تیا وتراوە.وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

لە دنیا تێپەڕی هەر کەس بە باڵی هیممەت، ئازایە

لە عوقباش ئەو کەسە گەر تێپەڕی، بازێکە ئازاتر (6) لا 160

لەم دێرە شیعرە واتای بابەتی دەدات چونکە هیچ تەم و مژیەکی تیا نییە و یەکسەر لە بابەتی دێرەکە دەگەی.واتە هەرکەس ئازابوو بە باڵی هیممەت لە ئارەزووە خراپەکانی دونیا خۆی رزگار بکات،ئەو کەسە کەسێکی ئازایە.لە پاشە رۆژیش بە ئاسانی تێدە پەڕێت و بازێکی ئازاتر و چالاکترە.

مردنێکی لەبەر ئەو قاپییەدا مەردانە

بە خودا چاترە ئەمرۆ لە گلاراوی حەیات (2) لا97

یاخود کە دەڵێت:

دڵم بێ تابە، ئەحواڵم خرابە

هەتا تۆمی دڵ ئارام و دل ئارا (3) لا 406

من رۆژم رەشم و فەرقی نیە رۆژی من لە شەو

سەد رۆژ ئەگەر هەڵێ لەسەرم ، رۆژم هەر شەوە (14) لا410

ئەو کە دڵ دوو قەد دەکا شیری برۆی

ئیکە خەنجەر بۆ بەقەد خۆیا دەکا (7) لا5

زامی دڵ وێران و ماڵ ئاوا تەبیب

ماڵی وێرانم کە ماڵ ئاوا دەکا (8) لا 57

غونچە دەمی لە باسی دەمی تۆوەدا، سەبا

مشتێکی دا لە دەمی، دەم قسەی زلی شکا (6) لا54

لەو رۆژەوە جودا بووە لێم ئەو پەری وەشە

رۆژم رەشە، شەعوور و دڵم لێ بووە جودا (6) لا 39

لەم بەحری فیتنە بەڵکی نەجاتت بدا خودا

داوێنی با خودا بگره ، بەرده ناخودا ( 1 ) ل36

## ( 3-1 ) واتای هاوڕێیەتی: (Collocation Meaning)

وا تای هاوڕێ یەتی یەکێکە لەو حەوت جۆرە واتا یەی کە ( لیچ) ئا ماژەی بۆ کردووە و لە ئەنجامی بەیەکەوە هاتنی وشەکان پەیدا دەبێت.( عبدالواحد شیر:2007: 1-7) بە دوا دا هاتنی و شە لە سنووری ڕستەدا، بە پێی سیستەمێکی دیاریکۆاو پێی دەگوترێت هاوڕێیەتی( محمد علی خولی: 1982: 46)

هەروەها شاعیر لە ئا ستی واتا سازیش داهێنانی زۆر ت یا کردووە لە هەردوو بە شی سیمانتیك و پراگماتیك. لە ئا ستی سیمانتیك لە زۆر بەی جۆرە کانی وا تا کردەی داهێ نانی ئەنجام داوە وەك وا تای هاوڕێیەتی کە وشەکانی هاوڕێ یەتیان هە یە لە گەڵ یەك بەکاری هێناوە وە کو ( سوبح و ئ ێوارە، شین و گریان، ئاه و ناڵە ....هتد) جۆرەکانی تری واتا.

بە دوا داهاتنی و شە لە سنوری ڕ ستەدا، بە پ ێی سیستەمێکی د یاریکراو پێی دەگوترێت هاوڕێیەتی وشە لە ئەنجامی بەیەکەوە هاتنی زۆرەوە و دووبارە بوونەوە واتایەك پەیدا دە کات پ ێی دەڵێن واتای هاوڕێیەتی، ئەم جۆرە واتاییە پەیوەندییەکی شوێنی ئا سۆییە لە ئەنجامی هاوبە شی کردنی وشەیەك لەگەڵ چەند و شەیەکی تر پە یدای دەکات. ئەم و شانە هە ندێکیان گەلێ زۆر لە گەڵ یەکتری بەکار هاتوون وەکو یەك وشەیان لێهاتووە و کە ناوی یەکێکیان بێنی یەکسەر ئەویتری بە دوا دادێ.

دەبێ بێ ئافتابی پوومەت و سوبحی جەبینی من

چ فەرقێکی ببێ ڕۆژی لە شەو، سوبحی لە ئێوارە! ( 17 ) ل507

لەم دێرە (ڕۆژ و شەو) هاوڕێیەتیان لەگەڵ یەك هەیە بەهۆی زۆر هاتنیان لەگەڵ یەك .

نەخۆشی عیشقی لێوت وەسیەتی کرد:

بتاشن داری عونتابی بە تابووت ( 6 ) ل114

هاوڕێیەتی لە داری عونناب دایە

ئەتۆش ئەی نەفسی بەد تینە، بەبێ جێ دڵ مەسووتێنە

لەبەر کەسر و کەمی دنیا، بەسە ئەم شین و گریانە( 18 ) ل469

شاعیر لەم د ێرە دوو و شەی بەکار هێناوە وا تای هاوڕێیەتیان درو ست کردووە لە بەر زۆر بەکار هاتنیان لەگەڵ یەکتری ئەوانیش(شین و گریانە).

لەو شۆخە نیمە چاوی تەڕەحوم، کە مەزهەبی

جەورو جەفایە، دەرحەقی ئەهلی وەفا خوسووس ( 5 ) ل 191

شاعیر لەم دێرە شیعرەیدا وشەی (جەور و جەفا)ی بەکار هێناوە کە ئەمانە هاوڕێیەتیان هەیە لەگەڵ یەکتر.

**سینە سەد لەت بوو، سەرم سەد داغی سەودا پێوە، چووم**

**عەرزی حاڵم کەم، بە ئیستیهزاوە دەیوت، چاك و باش**(5) لا 197

لەم دێرە شیعرەش شاعیر چاك و باشی لەگەڵ یەك بەکارهێناوە ئەم دوو وشە هاووا تان لەگەڵ یەکتری.

**نەوەك هەر چاوی مەستە، خۆشی هەر مەست**

**بەلادا دێ، کە دێ، وەك تورکی سەر مەست**(2) لا106

لەم دێرەش وشە هەیە کە هاورێیەتی هەیە لە نێوانیان کە(چاو مەست) ە ئەمانە وەکو یەك وشەیان لێهاتووە لەبەر زۆر بەکار هاتنیان لەگەڵ یەکتری.

**فەزیلەی ئەسڵ و فەسڵ ئینسانی پێ نابێ بە ساحیب فەزڵ**

**کە تۆ کۆسەی، بە تۆ چی مامە ریشی باب و باپیرت!** (6) لا101

شاعیر لەم دێرە وشەی بەکار هێناوە کە هاورێیەتی هەیە لە نێوانیان وەك (ئەسڵ و فەسڵ) و (باب و باپیر).

**شێخ و توڕڕەی مێزەر و نەقل و نوقولی هیچ و پووچ**

**من بە توڕەڕەی یار ئەسیرم، ئەو بە کۆڵێ توڕڕەهات** (8) لا 92

لەم دێرەش وشەی(هیچ و پووچ) هاوڕێیەتیان هەیە لەگەڵ یەك.

**لە چاوم خوێنی جاری کرد و هەم ڕەنگی لە روو بردم**

**ئەم ئاشووبی دڵ و دینە بە لێوی ئاڵ و چاوی کاڵ**(3) لا 244

شاعیر لێرەش وشەی(لێو ئاڵ وچاو کاڵ)ی بەکار هێناوە .

**لە ڕەشکی سەیدی فیتراکی چ شیرین شەهسەوارێکە**

**کە ((مەحوی))! هەروەکوو دێوانە، عەنقا کەوتە شاخ و داخ** (7) لا143

لەم دێرە وشەی (شاخ و داخ) هاوڕێیەتیان هەیە لەگەڵ یەکتری.

**بەبێ جێ کەسێ بێ بکا غەییەتم**

**سەگی هارە، دێ دەمگەزێ پڕ بە دەم** (4) لا178

لەم دێرە شیعرەیەدا وشە هاورێیەکان (سەگی هار)ە.

**لەجێ مانەوە ترش و تاڵت دەکا**

**ترێ بوو بە سرکە، عەسەل بوو بە سەم** (5) لا279

لەم دێرە شیعرەش وشەی(ترش و تاڵ) هاوڕێیەتیان هەیە لەگەل یەکتری.

## 2-/ پەوەندیە واتاییەکان:

### (1-2) هاوواتاکان (Synonym)

هاوواتا بریتی یە لە دوو وشە یان زیاتر کە یەك واتایان هەبێت. واتە لەناو دێرە شیعر بەکار دێن کە هەمان واتا دەدەن بە دەستەوە، ئەم دوو وشەیەش یان تەواو وەکو یەکن لە واتا سەرەکی و لاوەکی دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە یان لە سیماکان و واتا مەنتقییەکانیدا لەیەك دەچن، بەڵام لە واتا لاوەکی و دەربڕین و رۆژاندن جیاوازن. مەحوی لەپەیوەندیە واتایەکانیش کە هەرسەر بە ئاستی سیمانتیکە چەندین وشەی داهێناوە و بە شێوەی سەرنج راکێش بەکاری هێناوە وەك لە هاوواتا و دژواتا و چەندین جۆری تر، کە سەیری هۆنراوەکانی مەحوی دەکەین وشە ئارایشەکی جوانی تیا کردووە بە شێوەیەکی وا کە لایەنی کێش و سەرواکەشی پاراستووە وشە هاوواتاکان وەکو(جیلوەدەر و لامیع ...)کە لە ناو یەك دێر هاتوون، یان (قول و بەندە)کە دیسان هاوواتان وەکو

**تەسدیق و باوەڕت بە دڵ ئەوجا بە مانە بوون**

**ئیمانە، هەر بەوە دەگەیێ ئەوجی ((یۆمنون))** (105 لا441

لەم دێرە شیعرە وشەی(تەسدیق وباوەڕ) لەگەڵ یەك هاتوون کە هەردووکیان هاوواتان.

**قول و بەندە و غولاّم و خادیم و دەربانی بەردەرگای:**

**((نەجاشی))و((توببەع))و((هیرقەل))، ((عەزیزی میسر))و((خاقان))ە** (40) **لا** 476

لەم دێرە شیعرەش وشەی هاوواتا لەگەڵ یەکتر بەکار هاتوون کە ئەمانەن((قول و بەندە) هەردووکیان هەر بەندەن و (غولاّم و خادم)یش هەردووکیان هەرهەمان واتایە.

**لەو سەلاتانە کە وەك گەوهەرن و دەدرەوشێنەوە**

**جیلوەدەر، لامیع، هەموو رەخشندە، وەك رەخشانە رۆژ** (21) **لا**182

شاعیر وشەی هاوواتای بەکار هێناوە کە (درەوشێنەوە) و (جیلوەدەر) (لامیع)(رەخشندە) هەوویان خاوەن هەمان واتان کە (درەوشانەوەیە).

**دوو ئەسپ مەنزڵت پێ تەی دەکەن تا سەرحەدی مردن**

**بە دیققەت ((مەحویا)) تێ فکرە، شەو شەبدێزە، رۆژ ئەشهەب** (7) **لا** 83

شەو واتای تاریکی یە هەروەها شەبدیزیش هەر بەواتای تاریکی یە.

**سەرداری ئەنبیایە بە کول، خاتەمی روسول**

**ساحێب لیوایە، پێشرەوە، رۆژی وا پەسین** (47) **لا** 426

لەم دێرە شیعرە وشەی(ئەنبیا و روسول) هاوواتان.

## (2-2) دژواتاکان:-

بریتی یە لە دوو وشە جیاوازەی کە دوو واتای جیاوازیان هەیە.شاعیر لەناو یەك دێرە شیعر بەکار یان دێنێت. شاعیر زۆر بە جوانی و شە دژیە کەکانی (Antonymy) لە گەڵ یەکتری کۆکردۆتەوە و لەناو یەك دێر بەکاری هێناون.

**ویسالت نارە، هیجرت رۆژەرەش، وەك ئافتابی تۆ**

**لەتۆ نەزدیکە پشکۆیە، خەڵووزە گەر لەتۆبیٚ دوور** (6) **ل**163

لەم دێرە شیعرە وشە دژەکان (ویسال و هیجر)ە کە پێچەوانەی یەکترن.

**ئەلبەتە مەجنوونی رۆژی روومەتی لەیلایەکە**

**موتتەسیل، شام و سەحەر، کەوتۆتە ئەم شاخانە رۆژ** (7) **ل**179

شاعیر لەم دێرەیدا دوو وشەی کە دژی یەکترن لەگەڵ یەکتری کۆکردۆتەوە کە (شام و سەحەر)ە.

**رۆژ و شەو ئەم سەر زەمین و بن زەمینەی پشکنی**

**نەبووە شوێن هەڵگرلە عەکسی جیلوەی ئەو جانانە رۆژ** (10) **ل** 180

شاعیر دوو وشەی دژیەکتر بەکار هێناوە کە وشەی (رۆژ و شەو)ە.

**ئەر لە دنیا چاکەیێ سادر بوو، تەفرەی پێ نەخۆی**

**رووسپی هەر روو رەشە گەر بێ سەد ئازایی بکا** (3) **ل**49

و شەی دژەرۆ یی لە ذێوان (روو سپی)و (روو رەش)دا یە کە هەریەکەیان ئەویتر بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە و شاعیر لەگەڵ یەکتری بەکاری هێناوە.

**لە فەیزی ناوی** ((مةولانا ضياءالدين)) **ەوە ئێستە**

**هەموو رۆژە شەوم، قەترەی وجوودم بەحری ئەنوارە** (20) **ل**507

لەم دێرەش وشەی دژ هەیە لە نێوان (رۆژ و شەو)دایە کە ئەم دوو وشە دژ بەیەکترن و لە گەڵ یەك بەکاری هێناوە.

**هەتا ئەو ناوە پاکەم کردە زیکر و فیکری رۆژ و شەو**

**هەناسەم بۆنی میسکی گرتووە، لێوم شەکەر بارە** (21) **ل** 507

لەم دێرەش دوو جۆر هونەری بەکار هێناوە کە ئەویش دژیەك و لێکچواندنە، دژیەکە کە لە نێوان (شەو و رۆژ)ەکە دایە و لێکچواندنەکەش لە نێوان(بۆنی هەناسەی خۆی کە بە بۆنی مسکی چواندووە) و (لێو)یشی بە (شەککەربار)چواندووە.

**کەشك بەم (( مەحویا )) هەر شەربەتی مەرگ**

**لەسەر ئەرزا نیە ئاوی گەوارا ( 11 ) لا43**

وشە دژەکە لە (شەربەتی مەرگ) دایە کە مەرگ ناخۆشی یەو شەربەت شیرینی یە، ئەما نە دژی یەکترن یەك شیرین و ئەویتر تاڵ.

**دەبێ بێ ئافتابی روومەت و سوبحی جەبینی من**

**چ فەرقێکی ببێ رۆژی لە شەو، سوبحی لە ئێوارە! ( 17 ) لا507**

وشە دژەکان لەم بەیتە لە نێوان (رۆژ و شەو) وە لە نێوان (سوبح و ئێوارە )دایە .

جگە لە وشە دژەکان هەر لەناو ئەم دێرە وشەی لێکچووش هەیە کە لە نێوان (ئافتاب و روو مەت)ە کە روومەتی یاری بە ئافتاب واتە رۆژ چواندووە.

**ئەسیرت وەقتی کوشتن شادە مەرگن، ناگەنە کوشتن**

**لە خۆشی خۆشییا رۆحی فڕیوە تا چووە مەزبەح( 3 ) لا138**

شاعیر لێرەش وشە دژیەکەکی بەکار هێناوە کە لەنێوان وشەی (کوشتن)کە ناخۆشی یە لەگەڵ (خۆشی)، یارەکەی کە فەرمانی کوشتن دەدات لەسەر دیلەکانی ئەوان لە خۆشییان دەمرن پێش ئەوەی گیانیان بە هۆی سەربڕین دەرچێ لە خۆشیان دەر ئەچێ.

**دووری ئەگەر بەڵایە، نزیکییشە ئیبتیلا**

**دوورن لەحەسرەتان و نزیکن لە حیرەتان ( 16 ) لا455**

شاعیر وشەی دژی بەکار هێناوە کە (دووری و نزیکی)ە.

**لەو رۆژەوە جودا بووە لێم ئەو پەری وەشە**

**رۆژم رەشە، شوعوور و دڵم لێ بووە جودا( 6 ) لا39**

شاعیر لەم دێرەش وشەی دژواتای بەکار هێناوە ئەویش وشەی (رۆژم رەشە)یە رۆژ خۆی رووناکەو سپی یە کەچی ئەو وشەیەکی پێچەوانەی خۆی کە دژەکەیەتی داوەتە پاڵ بۆ مەبەستی جوانی دێرەکە هاتۆتە ئاراوە.

**زامی دڵ وێران و ماڵ ئاوا تەبیب**

**ماڵی وێرانم کە ماڵ ئاوا دەکا ( 8 ) لا 57**

لەم دێرەش وشە دژواتا هەیە کە(ماڵ وێران) و (ماڵ ئاوا) یەکە ئەمانەش پێچەوانەی یەکترن و هەریەکەیان ئەویتر ڕەت ئەکاتەوە.

**جەننەت ، جەهەننەم ئێستە کە هەن، زۆریان بەسەر....**

**دارۆییوە شوهوور و دوهوور، ئەزمینە و سنین ( 101 ) لا440**

شاعیر لەم دێرە وشەی (جەننەت و جەهەننەم) ی لەگەڵ یەکتر بەکار هێناوە.

**ئەم دۆزەخ و بەهەشتە دەمێنن ((الی الابد))**

**هەم تێشیا دەمێننەوە ئەهلی ئان و ئین (102) لا440**

شاعیر هەر لە نیوە لەتی یەکەم دوو وشە دژەکەی بەکار هێناوە کە (دۆزەخ و بەهەشتە).

**دووری لەو، ئاگرێکە بە جەننەت دەکا جەحیم**

**رەوحیٚ لە قوربیایە بە دۆزەخ دەکا جینان (15) لا455**

شاعیر وشە دژی بەکار هێناوە کە (جەننەت و دۆزەخ).

**دڵ زیندووە بە عیشق و بژی تۆ لە مەرگ ئەمین**

**بەم دەردە بمرە، تا ببیە ((حی لا یموت)) (4) لا116**

## (3-2) <u>بەش لە گشت:(Member-cellection)</u>

مەبەست لە بەش لە گشت وشەیەك بەکار دێت لە ناو شیعرەکە مەبەست گشتییەکەیەتی واتا لە جیاتی ناوی بەشە گشتیەکە بێنیٚ ناوی یەکێك لە ئەندامەکانی دێنێت .

**لە پڕ ئەو چاوە هەڵدەبڕێت و جەرگی عالەمیٚ دەبڕیٚ**

**نیە، هەر بەرقە غەمزەی دڵ شکافی، بیٚ بەریق ئەمما (2)لا63**

وشە خوازەکە گشت لە بەشە کە وشەی(عالەم)ە و خۆی گشتی یە و شاعیر بۆ بەشێکی بەکار هێناوە کە کۆمەڵەی (دڵدارانە).

**قەسەمی گوێی بە چاوی بەچە دا پیری مەغان**

**کە لەمەولا نەبییٚ وەعز و قسەی مەولانا(5) لا66**

لەم دێرەش بەش کە (گویٚ یە) بۆ گشتی( کە مرۆڤەکە)یە خوازراوە. دەڵیٚ گوێی قەسەم دام ومەبەستی خۆیەتی.

## (4-2) <u>گونجان(Compatibility)</u>:-

ئەم جۆرە پەیوەندییە بەیەکدا چوون پیشان دەدات و دوو مەرجی هەیە:

ئەو ڕستانە دەبێت داپۆشینیان تێدا نەبێت.دوو وشە گونجاوە کە دەبێت زاراوە یەکی گشتیان هەبێت.

**لەناو ئەو گورگ و ورچ و سەگ گەلە دەرچوو ((بأذن الله))**

**بە یاری غارەوە، یاری لە باری، ریٚ لەبەریانە (72) لا486**

لەم دێرە شیعرە وشەی (گورگ و ورچ و سەگ) بەکار هاتووە کە ئەما نە گونجان لە نێوانیان هەیە هەموویان دڕندەن لە گیانەوەرەکان.

**بەیەك دوو عەنکەبووت و کۆتری بێ فام و بەستە زمان**

**شوعوور و فەهمی گۆڕی لەو سەگ و ئیبلیس و دێوانە ( 74 ) لا**486

لەم دێرە شیعرەش گونجان هەیە لە نێوان (کۆتر و عەنکەبووت) سەر بە گیانەوەرانن.

**کەسێ بێنێتە نوتق ئاسك، بەعیر و سووسەمار و گورگ**

**بە تەسدیقی مەقیڕ بن یەك بە یەك ئەم بێ زوبانانە( 82 ) لا**489

شاعیر (بەعیر و سووسەمار و گورگ)ی لەگەڵ یەك کۆکردۆتەوە کە ئەما نە گونجان هە یە لە نێوانیان لە لایەنی کە هەموویان گیانەوەری بیابانین.

**سەیری سەگ مەرگی رەقیبت کە، کە غەیری ئەو سەگە**

**شێری غەمزەت شێر و بەوری رووبەروو بێ، دوو قەدە ( 3 ) لا**316

سەگ و شێر هەردووکیان گیانەوەرن و دڕندەن.

**زوبانی لاڵە، بۆ حەیرانە، حاڵی بۆ پەریشانە**

**لە سۆسەن دەفکرم(( مەحوی ))، لە وەزعی نێرگس و سونبول( 7 ) لا** 248

لەم دێرە( سۆسەن و سونبول و نێرگس ) هەموویان سەر بە کۆمەڵەی گوڵن.

**دەبینم، شێری شێر ئەفکەن دەڵەك کەوڵی دەکا، دەبیەم**

**بە کۆڵێ کلکەوە رێوی لەگەڵ کەوڵی دەڵەك دەدوێ( 2 ) لا**357

لەم دێرەش (شێرو رێوی) کە گیانەوەر هەردووکیان دەگرێتەوە

**وتم : کە دەردەکەوێ زوو کە ئەم غەزاکەرە تۆی**

**بە دەستی سەوز و سپی بوونەوەی جەمال و روو( 2 ) لا** 397

لەم دێرەش وشەی(سەوز و سپی) دا رەنگ هەردووکیان دەگرێتەوە.

**چاو و گوێ بخوازە بۆ ئیشی مەهیم**

**(( حبك الاشیاو یعمی و یصم ))( 9 ) لا** 408

لەم دێرەش وشەی (چاو و گوێ) سەر هەردووکیان دەگرێتەوە.

**عەزلی نیە پەیەمبەر و قەت نەبوەتە نەبی**

**عەبد و ژن و پیاوی دەنی خەسڵەت و میهین( 60 ) لا** 429

لەم دێرەش(ژن و پیاو) کە مرۆڤ هەردووکیان دەگرێتەوە.

**((صیدیق))ە ئەفزەل ئەووەل و ، ((فاروق))ە سانی ئەو**

**((ذی النور))ە نووری سیێوم و ، ((کرار))ە چارەمین** ( 65 ) لا 430

لەم دێرە (ئەوەل و سانی و سییوم و چارەمین) ئەمانەش هەموویان ژمارە دەیانگرێتەوە خۆی.

**ئەفزەل لە پاش ئەمانە شەشەی باقیە لە دە**

**هەر ئەو دەیە موبەششەرەن ئەمرۆ کە جەننەتین** ( 68 ) لا 431

لەم دێرەش کە ناوی(شەش و دە) هاتووە کە ئەمانەش ژمارە دەیانگرێتە خۆیان.

**بە یومنی ئەو، بەهارە پایز و زستان و هاوینم**

**کە هەر گاهێ بکەم بەحسی لە دەورم گوڵ بە خەروارە** ( 22 ) لا 508

لەم دێرەش کە (بەهار و پایز و زستان و هاوین) ی لەگەڵ یەك کۆکردۆتەوە ئەمانەش وشەی (وەرز)دەیانگرێتە خۆ.

## ( 5-2 ) **داپۆشین** ( Hyponymy ):-

داپۆ شین یان گرت نەوە ... لە زما ندا زاراوە یەکمان هە یە وەك زاراوەی گ شتی ( Super Ordinate) و چەند زاراوەیەکی تایبەتیمان هەیە، زاراوە تایبەتیەکان پۆلێك دروست دەکەن لە ناو زاراوە گشتیەکەدا. لە داپۆشین هەر دەبێت لە بچووکەوە بۆ گەورە بێت.

(لاینز) پێی وایە کە داپۆشین (گرتنەوە) بریتی یە لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان دوو وشەدا هە یە بە شێوەیەك کە وا تای یەکێکیان ئەوە ندە فراوان ب ێت کە بتواذ ێت وا تای و شەکەیتریش بگرێتەوە.( کوروش سەفەوی: 2006: 16 )

داپۆشینیش دوو جۆرە :1–داپۆشینی تەواو.2–داپۆشینی نا تەواو.

**لە کن پشکووتنی غونچەی دەمی ، وەك گوڵ، ساراسەر گوێم**

**گوڵی روخساری دەرخا، نێرگس ئاسا سەربەسەر چاوم**( 4 ) لا 265

لەم دێرە شیعرە داپۆ شین هە یە و شەی(گوڵ) و شەی(نێرگس) دادەپۆ شێت چونکە ذێرگس جۆرێکە لە گوڵ و دەکەوێتە ژێر باڵی گوڵ ،لەلاّم هەموو گوڵێك نا کات ذێرگس چونکە چەندین جۆری ترمان لە گوڵ هەیە.

**بۆ وەفا کردن بە وەعدەی هاتنی بمرە، وتی:**

**کەس نیە ئیختاری کا وا هاتووە وادەی وەفات** ( 3 ) لا 90

**لەم دێرە هونەری دا پۆشین هەیە.**

1–**وەفات: واتە جێ بەجێ کردنی وەفاکەی**

2- وەفات: واتاکانی مردن (کە شاعیر مەبەستیەتی).

### 3-/**فرەواتا و هاوبێژی:**

(1-3) **فرەواتا** (Poly seamy):-

فرەواتا واتە وشەیەك لە واتایەك زیاتری هەبێت بەڵام وشەکان لە بنج لەیەکتریەوە نزیك بن و لە فەر هەنگ بە یەك و شە بنو سرێن ، وە ئەم دوو و شەیە یان لە ئەرك یان لە شێوە یان لە هەردووکیان ئەبێن لە یەکتری دچن.بەڵام لە فرەوا تا و شە لەو چووەکە دەد یێت لە سیفەتی لێکچوونەکەیان لەلای لەوچوو زیاتر بێت.وەکو کە دەڵێت( یارم وەك مانگە) مانگەکە کە لەو چووە سیفەتی درەوشانەوە و جوانی لەلای ئەو زیاترە وەك کە لەلای یار دەست دەکەوێت.

کەواتە فرەواتا بریتی یە لە هاتنی دانەییێکی فەرهەنگی بە زنجیرەییێك واتای جیاوازەوە ، یان و شەییێك بە ژمارە یەك وا تاوە پێی دەو ترێ فرەوا تا .(صباح رەشید قادر:2000: 10) یاخود بریتیە لە ( بەکارهێنانی هەمان لێکسیم بە دوو یان ز یاتر لە دوو واتا.لە مەش ز یاتر (گرێ تەر و یدمان و ئەت لەس و سۆ) دەڵ ییێن: وا تا جیاوازە کانی یەك فۆرم دە بێ هاوڕەگەزبن،لە هەمان سەر چاوە سەرچاوەیان گرتبێ.(سەلام ناوخۆش:2003: 67)

فرەواتا لەگەڵ ئەوەی هۆیەکە بۆ دروستکردنی تەم و مژیی واتایی، وەکو دیاردە یەکی زمان ڕۆڵی بنیاد نەری زیاترە نەوەك لاوازکردن.فرەوا تایی وەکو زۆربەی دیاردە کانی تری زمان بە دوو لایەنەکەی زمانەوە(دەنگ و واتا)وە بەندە، وە ئەم دوو لایەنەش بە بەردەوامی لە گەشەو گۆرا ندان ، ئەم گۆڕانەش زۆر لەسەر خۆ ڕوو دەدات و لەناکاو نایەتە کایەوە، بەڵکو کاتێکی زۆری دەوێت.(علی عبدالواحد:1945: 316)

شاعیر لە ناو هۆنراوەکانی چەندین وشەی بەکار هێناوە کە تەم و مژی دروست دەکەن و ئەو و شەیەی بەکار هاتووە گەر لێکچوونێك هەبێت لە نێوانیان دەبێتە فرەوا تا. نموو نەبۆ ئە مە لە فرەواتا وەکو(مەه، شیر، قیر...هتد)کە ئەو واتایەی بۆی بەکار هاتووە پەیوە ندی هە یە لەگەڵ وا تا فەرهەنگییەکەی.

**لە رۆژئاوا ئیمشەو بێ نیقابە**

**مەهی من، ماهی عالەم بێ مەفەڕکەوت (6) لا121**

فرەواتا لە وشەی (مەه) دایە کە واتایەکی (مانگ)کە بە ئاسمانەوەیە و واتاکەی تری (یار)ی شاعیرە کە لە جوانی بە مانگی چواندووە.هونەری خواستن لە(مەه)ە کە لێ خواستراوە و (یار) بۆ خواستراوە کە باس نەکراوە ، و(بێ نیقاب) نیشانەی خواستنە.

**دڵ فکری کردەوە، چییە قیرم بووە بە شیر**

**پیرانی بردەوە، کە جوانیمی کەوتە بیر(1) لا 383**

شاعیر لەم دێرەدا قیری بۆ مووی ڕەشی سەری یار بەکار هێناوە، وا تە قژی ئەوە ندە ڕە شە وەکو قیر وایە.هەروەها دەتوانین بڵێین وشەی دژیش هەیە، کە لە نێوان قیری قەترانی و مووی سپی بە شیری دوڕی سپی یە....کە (قیر)و مووی ڕەش هێماو ڕەمزی لاوی و گەنجی یە بە پێچەوانەوە، ( شیر) و مووی سپی هێ ماو ڕە مزە بۆ پیری کە نەفتی.(قیر) لێ خوا ستراوە و ( مووی ڕەش) بۆ خواستراوە کە باس نەکراوە، بەهەمان شێوە (شیر)یش لێ خواستراوە و (مووی سپی) بۆ خواستراوە کەباس نەکراوە.

**دینتم ئیمانە خۆ، کوفرە نەگەیم بە تۆ**

**قورِ بەسەرم، دینە : چوو، کافرییتە : بوو ئەوا( 5 ) لا70**

لێرە وشەی دین دوو واتای هەیە یەکیان بە وا تای ئایین و ئەویتریان بە وا تای بینین د ێت. شاعیر لێرە دەڵێ ئیمان و موسولمانێتی من بەوەیە چاوم بە تۆ بکەوێ و کافر بوونیشم بەوە یە بە پێ گەیشتنت شاد نەبم ، دە سا قور بە سەرم. وا بێ د ین بووم چونکە دیتنتم بۆ نەبوو کافر بووم.هونەرێکە جوانی دروست کردووە.

**لەکێ پرسم دڵی بۆ پڕ لە خوێنی حەسرەتە یاقووت**

**عەزا پۆشی چییە و کێیە، جلی پیرۆزە بۆ شینە! ( 3 ) لا324**

شاعیر وشەی(شین) ی بەمەبەستی (شیوەن) بەکار هێناوە نەك وا تا ڕا ستیەکەی خۆی کە ڕەنگی شین بێت. هەروەها مامەڵە لەگەڵ گەوهەر(یاقووت) بێ گیان دەکات وەکو کەسێکی ئاقڵ.

**با حەقیش بێ لە بۆ ((مەنسوور)) ((انا الحق)) حەق نیە**

**شێتییە ، مەجنوون ئەگەر بێ نازی لەیلایی بکا ( 7 ) لا51**

هەرچەندە لێرە لەیلا بەرانبەر (مەجنوون) هاتووە، بەڵام ئا ستی ژێرەوەی دێرە کە وانیشان دەدا کە (لەیلا) مەبە ستی ڕێی (خودا) یە، وا تا: چۆن درو ست نییە مەجنوون بڵێ (انا لیلی)، هەربەم جۆرە ناشێ هەللاج بڵێ (انا الحق) هەر چەندە وا هە ست بکات.(**د.ئیبراهیم شوانی**: 2001: 89)

**تۆوی سەر خستووە بن خاکە ، سەر ئەفرازیی بەر**

**هەر لە ڕێگەی تەڵەبا بوو سەری دانا ، دانا ( 6 ) لا 67**

شاعیر لێرەش وشەی هاوبێژە بەکار هێناوە کە وشەی(دانا) یە واتاکانی بەریتییە لە (دانایی و ژیری) لەگەڵ (سەردانان)

**وەکوو ڕۆژ ئەو مەهە لەو دوورە دەرکەوت**

**لە مێوە ئەشك و ئاهی ئێمە سەرکەوت( 1 ) لا120**

لەم د ێرە شاعیر یارە کەی هەم بە ڕۆژ و هەم بە مانگ چواندووە وا تە ئەم دوو و شەیە هەردووکیان فرەواتان ، چونکە واتایەکیان کە ڕۆژ یان مانگە واتاکەی تریان یاری شاعیرە بەڵام ئەم

دوو لەوچووە هەردووکیان سیفەتی جوانی یان دەروشانەوەیان لە یار زیاترە. مەه لێ خواستراوە و یار بۆ خواستر

**بەسەر روخساری زەردا جۆگەلەی کێشاوە ئەشکی سوور**

**بە یادی سەروی بالایەك ئەوەندەم شین و زاری کرد( 2 ) لا146**

شاعیر وشەی (شین)ی بە کار هێناوە لەم دێرە بە واتای( شیوەن) و وەك رەنگیش واتای (ڕەنگی شین) دەدات کە فرەواتان.

## ( 2-3 ) **هاوبێژ**( Homonym ):-

هاوبێژ پێچەوانەی فرەواتایە چونکە لە فرەواتا دەبێت پەیوەندی هەبێت لە نێوان وشەکان یان لە شێوە لەیەکتر بچن یان لە ئەرك، بەلام لە هاوبێژی مەرج نییە سیفانی هاوبەش هەبێت لە نێوانیان، لە وانەیە وشەیەك بۆ شتەك بەکار بێت کە بەهیچ شێوەیەك لە وشە ڕەسەنەکە نەکات.

هاوبێژ بریتییە لە یەك فۆرم ،کە دوو واتا یا زیاتری هەبێت.( **محمەد معروف و سباح**: 2006: 65 ).محمەد معروف دەڵێ:( بریتییە لەو جووتە وشانەی بە ڕێکەوت هەڵکەوتوون کە هەمان شێوە یان هەمان دەنگیان هەبێت ،بەلام لە واتا جیاوازبن.( **محمەد معروف** :1987: 170 )

ئەو وشەی هەڵبژێراوە گەر زۆر لە واتای وشەکە دوور بێت و هیچ پەیوەندیەکیان نەبێت لە نێوانی دەبێتە هاوبێژ وەکو (چار، چاك، غەم...هتد)

**ئەی ئەو کەسە کە مەستی غورووری بە هاتی کار!**

**بەو دەستی زۆرە بدڕە پەرۆیەك لە کاری (( چار ))( 1 ) لا155**

شاعیر وشەی ( چار)ی هاوبێژی بەکار هێناوە کە واتا یەکی ژمارەی ( چار)ە و واتا کەیتری (قەیسەری رووسە).(**مە عەبدولکەریمی مودەرریس**:1387: 155 )

**هەتا حەق ناسیرە، هەر حەقمە مەنزوور**

**وەکوو مەنسوور ئەگەر بمکەن بە دارا ( 3 ) لا40**

لەم دێرە شیعرەدا وشەی هاوبێژ بەکار هاتووە کە وشەی(حەق)ە بە رامبەر بە خوا بەکاری هێناوە و ناوی خوای نەهێناوە وە (حەق)ەکەی دووەمیش هەر بە واتاکەی خۆی کە ( حەق)ە بەکار هاتووە.

**دا عەکسی جیلوە دەرنەکەوێ، نەك لە چاکییە**

**ئەو شۆخە چاکی سینەیی(( مەحوی ))رفوو دەکا( 7 )لا59**

لەم دێرە وشە هاوبێژێك هەیە کە وشەی(چاکی)یە ، دوو واتای هەیە یەکیان هەر بە واتای ( چاکەکردن)ە و دووهەمیان بە واتای( لەت)کردن دێت ئەم دوو واتا یە هیچ پەیوەندیەکیان بە یەکترەوە نییە و نە لە شێوە لەیەك دەچن نە لەئەرك.

**غەمی خۆشی نیە((مەحوی)) لە دڵیا، هەر غەمی تۆیە**

**لە عیشقتدا دەکەم غەم بۆ بەغەم، بڕوانە چۆنم بۆت!(7) لا** 111

شاعیر وشەی هاوبێژی بە کار هێناوە لە وشەی(غەم)دایە غەم بە واتای(هەم و ناخۆشی) و لە(بەغەم)یش بە واتای بە خێوکردن هاتووە.

**لە ڕۆژێکی فەلەك ساقی بووە، تێفکرە لەم بەزمە**

**قەدەح ئاشامە هەر نادان و هەر دانایە خوون ئاشام(3) لا** 258

لەم دێرە بە روونی دیارە شاعیر لە (ساقی) مەبەستی واتا بنەڕەتیەکەی نییە کە مەی گێرە بەڵکو مەبەستی (خوا)یە و دەڵێت لەو رۆژەی کە گەردوون (خوا) بووە بە مەی گێر، هەر نەفامە مەی هەڵدەدا و هەر دانایە خوێنی دڵی خۆی ئەخواتەوە.

**نەشئە بەخشێکە لێوی مەنگوونت**

**هەر بە ناوی مەسیحی خستە سەما**

لەم دێرە شیعرە شاعیر مەحوی وشەیەکی بەکار هێناوی کە دەتوانین بڵێین دوو واتا دەدات بە دەستەوەو هاوبێژی دروست کردووە ئەویش وشەی (سەما)یە کە دەتوانین بڵێین بە واتای سەما(رەقس) هاتووە کە ناوی پێغەمبەر هاتووە حەزرەتی عیسا لە خۆشیا رەقسی کردووە یاخود بە واتای (ئاسمان) واتە بەناو هێنانی پێغەمبەر حەزرەتی عیسا چووە بۆ ئاسمان.

**مەپرسن بۆچی ئیمشەو زولفەکەی جانانە پڕ تاب**

**هەر ئەو زولفە نەبوو، ئەمڕۆکە کردی عالەمێ بێ تاب(2) لا** 371

شاعیر زۆر بە جوانی لەم دێرە شیعرەی وشەی هاوبێژی دروست کردووە لە وشەی (تاب)، تابی یەکەم کە ئالێنراوە بە وشەی (پڕ)ەوە مانای ئالۆزبوون و پەشێوی یە و (تاب)ی کە وشەی (بێ) ی پێوە لکاوە مانای (پەرێشان بوون) و (بێ حەوسەڵەیی) دەدات.(**سۆران مەحوی**:2005: 12)

**پەس((ئەوروپالی))! بەس بگەزن لێو، ئەمە چیە**

**ژا پۆنییەك موحاسەرە دا چار دەوری چار(5) لا** 157

لەم دێرە وشەی (چار) هاوبێژە یەکیان بە واتای (چوار) و ئەویتریان بە واتای(قەیسەر)دێت.

**چاری قەدەر بزانە نیە، چەندە چاری وا**

**بێ چارە ما کە بوو بە دوو پەنجەی قەزا دوچار(6) لا**157

شاعیر یەك وشەی بە چەند واتا یەك بەکار هێناوە کە هاوبێژی دروست کردووە ئەویش وشەی(چار)ە یەکەمیان بە واتای(چارەسەر)دێت و دووهەمیان بە واتای (قەیسەر)ە ە (دو چار)یش بە واتای (گرفتار) هاتووە.

**وەك سوندوسی لەبەر کە، وەکوو رۆحی بگرە دڵ**

**پیرایشی زوهووره، هەم ئارایشی بوتوون** ( 133 ) **لا** 449

**شاعیر وشەی سوندووسە بەکار هێناوە ئەمەش دوو واتای هەیە یەکیان گوڵی سوندووسە ،و ئەویتر بە واتای( پارچە ئاوریشمی بە تاڵی زێر چنراو) دێت کە لەد دێرە واتای دووەم مەبەستە.**

**لەو شۆخە نیمە چاوی تەڕەحوم، کە مەزهەبی**

**جەور و جەفایە، دەرحەقی ئەهلی وەفا خوسووس** ( 5 ) **لا**191

**لەم دێرەش شاعیر وشەی (چاو)ی بە کار هێناوە بە واتای(چاوەڕوانی ) و خۆشی ئەندامێکە لە سەر.**

**(( مەحوی ))! ئەدەب خەمۆشی و مەحوییەتە، لەگەڵ**

**نەسرەوتنییێکی، یەعنی بە دەم دەردەوە گلان** ( 21 ) **لا**457

**لەم د ێرەش ( مەحوی) دوو وا تای هە یە کە یەکیان( شاعیر خۆ یەتی) و ئەویتی( مەحو وا تە نەمان و لەناو چوون و ڕەش بوونەوە).**


## 4- واتای چاو :-

**شاعیر مەحوی زۆر بە جوانی چاو کە هۆی بینینە کە یەکێکە لە پێنج هە ستەکانی مرۆڤ، زۆرجار لە ڕوانگەی واتاسازیەوە لە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە و بۆ مەبە ستی تر خۆی نزیك دەکا تەوە، لێرەش شاعیر بۆ چەند واتا یەکی تری بەکارهێناوە وەکو (تۆ فان، وا تای کوێر، وەکو پەرداخ...)**

**چاو یەکێکە لە ئەندامە گرنگەکان چونکە بە هۆی چاوەوە کاری بینین جێ بەجێ دەکرێت و پەیوەندی بە (بەش لە گشت )ی مرۆ ڤەوە هە یە کە بە شێکە لە سەر و پەیوەندیە واتایە کەی چاو دەردەخات.**

## ( 1-4 ) واتای پەیوەندی چاو ( هاوڕێیەتی چاو ):-

**واتای هاوڕێیەتی ئەو واتایەیە کە و شەکە پە یدای دە کات لە ئەنجامی پەیوە ندی کرد نی لە گەڵ و شەی تر، وا تە ڕەنگی ئەو دەگر ێت و هاوڕێ یەتی درو ست دە کات. لەئا ستی ستونی شوێنی یەکتر دەگرن، وەك:**



چاو جوان

چاو                چاو شین

چاو مۆن

چاو ڕەش

....هتد

چاو

سێبەری واتایی:(خۆشەویستی، پاراستن...)

بەش لە گشت:(چاو هۆی بینینە کە یەکێکە لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ

**(2-4) فرەواتایی چاو لە شیعرەکانی مەحوی دا:**

لە ناو شیعرەکانی مەحوی چاو بە چەند واتایەکی جیاواز هاتووە وەك ئەمانەی خوارەوە:

چاو وەکو کەسی تایبەت:

کوشتەی ئەو چاوەم لە جەمعی کوشتەگان

خەنجەری موژگانی، من ((منها)) دەکا (4) لا56

دەوری هەر چاوێکی ئەمرۆ داوە سەد فەوجی بەلا

دین و دڵ یەغما دەکەن، چاری کەن ئەی شێخ و مەلا (1) لا60

چاو وەکو مەی:

چاوی مەی گوونت وەها مەیخانەی ئاوا کردەوە

چۆڵی کرد ئاخر بە زاهید خەڵوەخانەی شەعبەدە (4) لا 316

چاوەکەی بەیدەستی مەستیشە، کەچی

هەر بە لەحزێ فیتنەیێ بەرپا دەکا (6) 56

تورکە چاوی مەستی ((مەحوی)) موژدەبێ

وا کەبابی جەرگ و دڵ داوا دەکا (9) لا57

چاو وەکو شوێن:

گەردی ڕێی هەستاوە جێ داوا دەکا

بەختە! ماڵی چاوی کێ ئاوا دەکا! (1) لا55

چاوە، جێی ئەو شۆخە بێ، وتم و وتی:

ئەم مەلا شێخە قسەی بێجا دەکا( 3 ) لا55

چاو وەکو دەریا:

وتی: سەیری دەر و دەشتم نەماوە

لە چاوم مەوج ئەدا، پڕ دەشت و دەر مەست ( 6 ) لا107

لە چاوم خوێنی جاری کرد و هەم ڕەنگی لە روو بردم

ئەم ئاشووبی دڵ و دینە بە لێوی ئاڵ و چاوی کاڵ ( 3 ) لا 244

چاو وەکو چرا:

تۆ نەبینن، نووری ئەم چاوانە بۆ چ؟

بۆ نیساری تۆ نەبێ، ئەم جانە بۆ چ؟ ( 1 ) لا130

هەرکەسێ چاوی کە بەو جیلوە مونەووەر بووبی و ...

کەسی کەی بێتە نەزەر، دیدەیی پڕ بێ لە ڕەمەد ( 8 ) لا152

چاو وەکو ئەندامێکی سەر:

دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی عیشق

(( مەحویا )) دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا .( 9 ) لا 52

یەعقووب وەش کە (( مەحوی ))یە، چاوێشەداری هیجر

چاوی بە گەردی راهی بە شیرەت گلی شکا ( 7 ) لا54

لە پڕ ئەو چاوە هەڵدەبڕێت و جەرگی عالەمێ دەبڕێ

نیە، هەر بەرقە غەمزەی دڵ شکافی، بێ بەریق ئەمما ( 2 ) لا63

چەرا کردن لە باغی حوسنیا، مەنزووریە چاوم

کە دەگرێ ریشی....لە بەحرایە غەریق ئەمما ( 5 ) لا 64

کە تۆ غایب لەبەر چاوم دەبی، چم بێ لە تۆ غایب

قیامەت حازری بەر چاومە، خۆمم لە خۆ غایب ( 1 ) لا84

چاو وەکو پەرداخ:

لە سینە جۆششی نالّیە ،چاوە پڕ ئەسرین

((ز يمن جور تو اقليم درد اباد است))(2) لا103

چاو وەك تۆفان:

دەبێ حورمەت بگیرێ جێ نەزرگەی حەزرەتی یارە

کە ناکا دەم تۆفانی دەم زێر و زەبەر چاوم (5) لا266

بێمە کوێ؟ دڵبەر وتی: گەر چاوە، تۆفانێکی ئەشك

دڵ، تەنووری ئاگری عیشق و خرۆشی ئیشتیاق (2) لا 220

چاو بە واتای کوێر بوون:

خودا بیدا بە رەحمەت، داغی دڵ چاوی دڵە((مەحوی))

بە گریە چاو ئەگەر چوو، شك دەبەم چاوێکی بیناتر (9) لا161

وەك داغی غەم نیە، سپیە داغی ئینتیزار

چاوم ببینە، چاوە! کە موتبیقەتی ((بیاچ)) (5) لا203

چاو بە واتای بیمار:

((مەحوی)) حەزەر لە چاوی نەخۆشی ئەو ئاهووە

((کم صادت الاسود بالحاظها المراض)) (7) لا204

ئەو دوو ئەبرۆیە کە پەیوەستە بە جووتە، وەك هوما

سایەبانی چاوی بیمارن، لە عالەم بوون تاق (3) لا 220

وشەی چاو لە دیوانەکەی شاعیری گەورە مەحوی زۆر دووبارە بۆتەوە کە ژمارەی دووبارە بوونەوەی = 103 جارە لە ناو هۆنراوەکانیدا.

## ب- لادان لە ئاستی پراگماتیکدا:-

لادان لە ئاستی پراگماتیك (Pragmatic)، واتە هەر کە شیعرەکە دەخوێندیەوە تەموومژیەکی تیا بێت و یەکسەر لە تەواوی بابەتەکە نەگەی و چەند هونەرێکی تیا بەکار هێنا بێت.

مەحویش زۆر بە زانایی و بە دانایی ئەم هونەرەی بەکار هێناوەو دەستکاری کردووە لە وشەکان و لە واتای وشەکان و وشەی نوێی هێناوەتە ئاراوەو داهێنانی ئەنجام داوە.

لە ئاستی پراگماتیك واتای هۆشەکی وشەکە مەبەست نییە، بەڵکو واتای بە مەبەستە کە لەدەورووبەر وەردەگیرێت ، کە واتاکەی لە دەرەوەی واتای وشە و ڕستەکانە. باس لە زۆر شت دەکرێت، بەڵام بە ڕاستەوخۆیی دەرنابڕێت. بۆیە زانیاری پێشتر گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتنی ئەم جۆرە واتایە (جەعەسیدیوسف: 1990 :20) چونکە هێماکان بە واتایەکی تر دەردەبڕدرێن. بەمەش دەبێتە (واتای هۆشەکی + واتای زیادە، کە کەسی لێکدەرەوە دەیخاتە سەری)، بۆ لێکدانەوەی ئەمەش دەبێت روو لە بواری (پراگماتیك) بکەین(Leach:1996: 5)

واتای پراگماتیکی واتایەکی نائاساییە و پابەندی چالاکی و بنەمایە. لە یاسا دەردەچێت بۆ واتای قوڵتر دەچێت. تا لێکدانەوەیەکی گونجاو بۆ ڕستە نا پەسندەکان بکرێت. بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەری گوتنەکە بگونجێ.( Diane Larsen , Freeman:1980: 77 )

لادان بریتییە لە لادان لە یاساکانی زمانی ئاسایی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ سنورێك نەبێت بۆ ئەم لادانە، (لیچ) لە کاتی باسکردنی لادان و رێسا زیاد کردن دا سنوورێك بۆ ئەم دووانە دادەنێ. بە بڕوای ئەو لادان تەنها کاتێك دەتوانێ تا ئەو سنوورە بچێتە پێشەوە کە پەیوەندی دروستکردن تێك نەچێ و بەرجەستەکردن شیاوی دەربڕین بێت.( G.N .LeacH ,1969 :31-54)

لادان هۆکارێکە بۆ واتای دەروونی .هەرچەند لادان بەهێزتر بوو ، ئەوا کاریگەری بەهێزتر دەبێ. لادان واتای بەزۆری لەهونەرەکانی رەوانبێژی وەك لێکچواندن، خوازە ، خواستن، درکە، و......هتد دەردەکەوێ. لادانە لە یاسای زمان.بۆ نموونە لێکچواندنی یار بە گووڵ هەستی بەهێزی کەسەکە دەگەیەنێت و واتایەکی زیادەی خستۆتە سەر واتای (گوڵ).(عبدالواحد مشیر:2005: 80)

مانەوەی پەیوەندی ناو وشەکان و داهێنان مەرجن بۆ ئەوەی لادانەکە سەرکەوتوو بێت.

بە شێوەیەکی گشتی و بە پێی بنەماکانی هاوکاری (گرایس) دەتوانین لادانەکان لەم ئاستەدا بەم شێوەیە دیاری بکەین:

## 1-/لادان لە چەندێتی:

مەبەست لەم جۆرە لادانە(Deviation ) شاعیر زیاد لە پێویست وشە بەکار دێنێ یاخود وشەکان زۆر کورت دەکاتەوە کەزیاد لە پێویستە کورت کردنەوەکانی.

### أ/درێژبڕی:

واتە وشە دەربڕاوەکان پترن لەو واتایەی کە دەیگوازنەوە. ئەم کەرەسەی هێنراو و زیادەیە لەگەڵ ڕۆنانەکە ناگونجێ کە خوێنەر زوو هەستی پێ دەکات.( **عبدالسلام نجم الدین**:2007: 113 )

**ئەم مەسخەرەی زەمانە بە شاه و وەزیری کرد**

**ئەو کەتنە قەت مەڵێ بە گەداو و فەقیری کرد**

**کاکێکی پێوە کرد و بەرەو ژووری ژووری برد**

**تێی هەڵدەدا شەقێك و سەرەو ژێری ژێری کرد( 2 ) لا381**

لەم د ێرە شیعریە شاعیر دەتوا نێ بڵ ێت ( مەغروور و لەخۆبایی مە بە)، چونکە ئەوەی لەخۆبایی بێت و قەپۆزی بڵند بێت ڕۆژێك دادێت دەکەو تە سەر زەوی، هەروەکو پە ندەکی کوردی هەیە دەڵێت ( لووت بەرز مەبە لە ئاستی زەوی هەرچەند بژی خۆراکی ئەوی). واتە بۆچی نازو فیز لێدەدەی لەسەر ئەم زەویە کەچی ڕۆژێك دادێت دەچیە ناوی و ئەبیە خۆراکی ئەو.

**لە خۆم و لەو کەسە خۆشم دەوێت و خۆشی دەوێم**

**خودایە خۆش ببی و ، تۆ ببی خودایا، خۆش ( 2 ) لا198**

بە روون و ئا شکرایی لەم د ێرە در ێژ دادرە د یارە کە لە لەتی دووەم ڕ ستەکەی دوو جار دوو بارە کردۆ تەوە بڵام لە ر ستەی دووەم شوێنی کەرە سەکانی گۆر یوە، و ڕ ستەکەی دووەم زیادەیە.

**لەبەر زار و نەزاری بوومە وەك پووش**

**دە ئە مجا رابوێرە من بە زارا( 5 ) لا 41**

لەم دێرە شیعرە درێژبڕی کراوەو وشەی (وەك) کە لە لەتی سەرەوەی دێرەکە بەکارهاتووە زیادەیەو پێویست ناکات بێت.

**بە دەستی دوو دەکەون ئەهلی، هەر لە پێ کەوتن**

**بەسم نەدیوە لە دنیا، هەتاکو بڕوا دەست ( 9 ) لا 105**

لەم دێرە شیعرە درێژ دادڕی تیایە، مەبەستی ئەوە یە بڵێ ( بەدە ست دووی دە کەون گەر لە پێ کەوتن).

**دائیمەن سەر خۆری و سەر ئال و سەحابەی بێ نیسار**

**پڕ بە عیلمی تۆ، سەلاتی تۆ، هەتا تابانە ڕۆژ( 19 ) لا 182**

لێرەش شاعیر بۆ پارا ستنی کێشەکەی ڕا ناوی سەربەخۆی(تۆ) زیادە یە کە بەکاریهێناوە و دەتوانێت بڵێت(عیلم و سەلاتی تۆ).

**ئابڕوو ڕێژە ویسالی یار و خوێن ڕێژە فیراق**

**عالەمی عیشق و مەحەببەت هەربرێژە ،هەربرێژە ( 4 ) لا183**

لەنیوە لەتی دووەم وشەی (هەربرێژە) زیادەیە.

**خودا ئەم دەردی عیشقەم لێ نەکا کەم**

**هەتا هەم بەس لەباتی هەر دەوا بەس ( 5 ) لا186**

**ئەوی ئەو وێلیە بورجی زەمینە**

**دە بەس بڕوا مەسیحا بۆ سەما، بەس ( 6 ) لا186**

لەم دوو دێرەش لەدوای یەك كە وشەی (بەس)ی تیا بەكار هێناوە بە زیادە.

**كە نادا (( مەحویا )) دادێ بە حاڵت**

**بەسی بێ داد و ئاه و ناڵە، بابەس ( 9 ) لا187**

لەم د ێرەش هەروەكو دێرە كانی تر ز یادە رۆ یی ت یا كردووە و شەی (بابەس)زیادە یە و درێژبڕی تیا كردووە و پێویست بە هاتنی ناكات.

**ئاخر ئەم دوونیایە ئەمری دێتە سەر: ئاخر ببە**

**یەعنی بەس ئەی فاحیشە عالەم بە قڕ دە یەك بە یەك ( 2 ) لا236**

وشەی(ئاخر) ی سەرەتا زیادەیەو بێ ئەویش واتاكە تەواوەو لەمەبەستی شاعیر دەگەین.

**سەر ئەوان و سەر هەموو یارانی پێغەمبەر، خودا**

**دارژێ رەحمەت هەموو دەم پڕ زەمین و پڕفەلەك! ( 6 ) لا238**

لەم دێرە شیعرەیە چەند وشەیەك دەتوانین بڵێین زیادەیە و شاعیر درێژبڕی تیا كردووە بەڵام هەروەكو ووتمان بۆ جوانی دهۆنراوە كەو پارا ستنی كێش و سەروای دێرە كە.وەكو ئەم و شانەی هێلیان لە ژێرەو شاعیر دەتوانێت بلێت(خودا سەر ئەوان و هەموو یارانی پێغەمبەر دارژێ رە حمەت پڕ بە زەمین و فەلەك).

**نەگە یمە ئەو جوانە و گە یمە پیری**

**مەدەد یا پیری پیرانی بوخارا( 4 )لا41**

درێژبڕی لە و شەی یە كەم دا یە و و شەی(پیرانی) زیادە یەو بە نەبوونیشی هیچ لەواتا كەی دێرەكە ناگۆڕێت و خوێنەر لە واتاكەی دەگات و تەمومژی دروست ناكات لای خوێنەر.

**كوردی،زوبانی ئەسڵمە گەر تەركی كەم كول...**

**بۆ فارسی، بە كوللی ئەمن دە بمە بێ وەفا ( 3 ) لا43**

شاعیر لێرەش وشەی زیادەی بەكارهێناوە بۆ مەبەستی رێكخستنی كێشی شیعرەكەی بەكار هاتووە، وشەی(بە كوللی) زیادەیەو لە هەردوو نیوە لەت بەكارهاتووە و یەكجار پێویستە ئەویتری زیادەیە.لەم بەیتەی مەحوی بەڵگەیە لە سەر بەردەوام نەبوونی نویسنی بە فارسی و دە یەوێت بە زمانە كەی خۆی بنو سێت كە كوردی یە و نیشانەی ئا شكراكردنی هە ستی كوردا یەتی مەحوی و شانازی كردنی بە زمانی كوردی دەردەخات.

**ریشێكی پان و تووكی بنا گوێ درێژ و لوول**

**سۆفی لە دینی لادە بە دیمەن لە جوو دەکا ( 3 ) لا58**

لە دێری یەکەم کە وەسفی سۆفی دەکات درێژدادری کردووە لە وەسفەکەیی و خۆی سۆفی ریشیان درێژە بەڵام ئەو لە بەر قینەی بەرامبەر هەندێکیان بەم جۆرە وەسفی کردوون، و دەڵێت ئەمانە دیمەنیان نیشانەی دەروونیانە. بە ڕیشی پان و تووکی درێژ و لوولی بنا گوێیان دوور لە دینەکەیان– لە جوولەکە دەچن.(عەبدولکەریمی مودەڕیس و موحەمەدی مەلا کەریم:1387: 58).

**بە پێچی خوار و خێچ ئیما دەکا پیری تەریقەت:بێ**

**حەقیقەت پیرە زاهید پیرە، گوم کردوو تەریق ئەمما ( 4 ) لا63**

لە دێرەش در ێژدادڕی هە یە کە دوو جار و شەی پیری بەکار هێناوەو هی یە کەم زیادە یە، مەبەستی ئەوەیە کە پیری تەریقەت بە دیمەن خۆی بە خواناس دەخاتە بەرچاو، راستە ئەمە زاهیدە پیرە بەڵام پیری تەریقەت نییە و ڕێگای تەریقەتی وون کردووە.

**بەر شەفاعەی ئەو شەفیعەم خەی خودا**

**خۆشم و ئەحباب و ئەهل و داك و باب ( 6 ) لا77**

شاعیر لە نیوە لەتی یەکەم دەتوانێت بڵێت (بەر شەفاعەتی ئەو شەفیعەمان خەی خودا) ئەوا دێری دووەمیش دەگرێتەوەو پێویست ناکات یەکە بە یەکە ڕیزیان بکات.

**زاهید ، خودا لەناوی بەرێ، ناوی عاشقان**

**بۆچی دەبا ئەوەندە، خودا ، بەبێ ئەدەب !( 3 ) لا80**

لەم د ێرەش دە توانین بڵێین و شەی (ئەوە ندەو خودا) بە زیادە هاتووە و بەبێ ئەما نەش دێرەکە واتای تەواوی خۆی دەدات.

## ب- هەڵئاوسانی واتایی:

بریتی یە لەوەی کە لە ڕستەیەکدا واتای کەرەسەیەك زیاتر لە جارێك دێ، ئەویش بە ڕێگەی بەکار هێنانی هاوواتاکانی یا ئەو وشانەی کە لە سیمایەکی واتاییدا هاوبەشن (ڤیان سلیمان:2001: 101) بەم شێوەیە پتر جەخت و دوو پاتی لە سەر بابەتە کە دە کات و لە مێ شکی خوێ نەردا دەچەسپێت.

**لەو سەلاتانە کە وەك گەوهەرن و دەدرەوشێنەوە**

**جیلوەدەر، لامیع، هەموو رەخشەندە، وەك رەخشانە رۆژ ( 21 ) لا182**

لەم دێرەی شاعیر چەند وشەیەکی بەکار هێناوە کە هەمان وا تا دەدەن ، خۆی دە توانی تەنها بڵێت ئەو سەلاتانە وەك گەو هەر دەدرەو شێنەوە) بەڵام ئەو و شە ئارایشەکی جوانی بۆ کردووە (خۆی گەوهەر تیشکی هە یە و دەدرەو شێتەوە تەنها هێنانی ناوی گەو هەرمانای درەو شانەوە بە مێشکتدا دێت بەلام ئەو وتوویەتی(وەك گەو هەر دەدرەو شێتەوە و جیلوەدەر ما نای تیشك بەخش

دێت و لامیع هەر خاوەن شەوقەو ڕەخشندەش هەر درەوشاوەیە و ڕۆژی ڕەخشانیش هەمان واتا یە کە ڕۆژی درەو شانەوەیە) وا تا چەند و شە هەمان واتا یان داوە شاعیر ئە مەی بەکار هێ ناوە بۆ دووپات کردنەوە لەسەر نوێژەکان.

**زوشت و ناشرینە پیر، ئەمما شیرینە ئەگەر**

**چاوی خوونباری نەدامەت ریشی خورمایی بکا**( 8 ) **لا**51

لێرە شاعیر وشە ئارایەکی جوانی کردووە لەناو دێرەکەو دوو وشەی (زو شت و نا شرین) ی لەگەڵ یەك کۆکردۆتەوە کە هەردووکیان هەمان واتایان هەیە.

**مژدێکە چەندە خۆشە ڕەقیبی ملی شکا**

**عەیبی فەقەت ئەوەندەیە یارم دڵی شکا** ( 1 ) **لا** 52

شاعیر لێرە باسی ئەوە دەکات کە بەدکار ملی شکاوەو ئەو موژدە یان پێ گەییوە بەلام گەر نە شرێ موژدەکی چەندە خۆ شە خۆی دەزا نین هەر دەزا نین کە خۆ شە چونکە موژدە خۆی بۆ ئاگادارکردنەوەی خۆشی دێت بۆ یە بووەتە هۆی دروست بوونی هەڵئاوسانی واتایی.

**دوو ئەسپ مەنزڵت پێ تەی دەکەن تا سەرحەدی مردن**

**بە دیققەت (( مەحویا )) تێ فکرە، شەو شەبدێزە، ڕۆژ ئەشهەب** ( 7 ) **لا** 83

لێرەش هەڵئاوسانی واتایی لە وشەی (شەبدێز) دایە چونکە شەو خۆی تاریکە و ڕووناك نییە.

**لە تاریکی شەوی کەفرا بە یەك دەم لە معەیێکی دا**

**هەزار و سێسەد و بیست و دووە، دنیا چراخانە**( 4 ) **لا** 464

لەم د ێرەدا ( تاریکی شەو) لە گەڵ یەك هاتووە هەڵئاو سانی درو ست کردووە چونکە هەردووکیان یەك واتایان هەیە.

**کە شك بەم (( مەحویا )) هەر شەربەتی مەرگ**

**لەسەر ئەرزا نیە ئاوی گەوارا** ( 11 ) **لا**43

لەم دێرە هەڵئاوسانی واتایی هەیە کە لە (ئاوی گەوارا) دا یە، چونکە ئاو خۆی بە ئا سانی قووت دەدرێت گەواراش بە واتای ئاسان قووت دان دێت بۆیە هەڵئاوسان هەیە.

## 2-/**لادان لە چۆنیەتی** :-

لە ئاستی پراگماتیکیش چەند جۆرێك لە لادانێکی بەکارهێناوە و لەناو هەریەکەیان چەند کردەی داهێنانی بە ئەنجام گەیاندووە، ، وەك لادان چۆنیەتی کە چەند جۆرێکە لەما نە لێکچواندن وەکو(یار بە مانگ و یار بە گوڵ و ڕەقیب بە سەگ و...هتد) .

مەبە ست لە لادا نی چۆنیەتی ئاخاوتنە کە لە گەڵ واقیع نەگونجێت و دەبێت بە چەند جۆرێك و دەتوانین ئەمانەی خوارەوەی لێ دەست نیشان بکەین:-

## (1-2) **لێکچواندن** ( Similarity )

مەبەست لە لێکچواندن واتە لێکچواندن هەبێت لەناو دوو وچەی دێرەکە کەیەکیان بە ئەویتر بچوێنین کە لە سیفەتێك بەیەکتری دەچن و لە چوار ڕەگەز پێکدێت (لێ چوو، لەوچوو، ئامراز، رووی لێکچواندن) ئەوەی گرنگ بێت کە دەبێت هەر هەبێت لێ چوو لەگەڵ لەوچووە بەڵام ئەگەر ئامراز یان رووی لێکچوونیش نەبێت ئەوە گرنگ نییە، بەڵام بوونی ئەمانە دەبێتە هۆی زیاتر روون کردنەوەی ئەم دووانە واتە زەقتر بە دیار ئەکەون وە رووی لێکچواندن دەبێتە هۆی روونکردنەوەی لایەنی لێکچوو لە نێوان ئەم دووانە واتە( لێ چوو و لەوچوو).

کورش صفوی دەڵێت:لێک چواندن واتە پێکەوە هێنانی دوو وشە کە لە هەندێ واتا و تایبەتمەندی دا هاوبەش بن ، بەڵام هەریەکەش سیفات و تایبەتمەندی خۆیانیان هەبێت ، بەڵام لەو چووەکە ئەم سیفەتەی لا زۆرتر بێت بۆ نموونە (یارم وەکو مانگە شەوە) لێرە دا(یار) و (مانگە شەو) لە جوانی وەکو یەکن، بەڵام بێگومان ئەم سیفەتە لای لەوچوو کە (مانگە شەو)ە. لە شیعری کلاسیکدا تا ئەم لێکچوونەی هاوبەش زیاتر بێت باشترە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین لێکچوون بریتییە لە ((هەڵبژاردنی دوو هێما لەسەر تەوەری جێنشینی و بە پێی لێکچوون و ڕۆنانیان لەسەر تەوەری هاونشینی )).(کورش صفوی:1383؛ 126 )

**ئەری دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵ ڕەنگت لەگوڵ چ بکا؟!**

**کە جیلوەی گوڵ لە گوڵشەندا نەبێ، بولبول لە چڵ چ بکا؟!**( 1 )**لا** 46

شاعیر وردەکاری لە نیوە دێری یەکەمی شیعرەکەیدا کردووە. دڵی بە هەنگ چواندووە و رووی یاریشی بە گوڵ و ما چی لێوی ئەم یارەشۆخەشی بە مژینی شیلەی گوڵ چواندووە.بەم هونەری لێکچواندنە وێنەیەکی شیعری ناسکی خوڵقاندووە و لە نیوە دێری دووەمیشدا دڵی خۆی بە بولبول چواندووە و باڵای یارە خۆشەویستەکەیشی بە چڵی داری گوڵ و رووی ئەو یارەی بە گوڵ دا ناوە و لەمەش وێنەیەکی جوان و گەشی پێکەوە ناوە و هەردوو وێنەکەشی لە جۆری چەسپاون و هەستی بینین وەردەگیرێن.(کەریم شارەزا: 2001؛ 106 )

**شمشادە ئەمە ، یاقەدە، یا سەروی رەوانە**

**یا عەرعەرە، یا نەخلی مرادی دڵ و جانە!** ( 1 ) **لا** 323

شاعیری لیکچواندنی قەدی ئەو یارە شۆخەی بە شمشادو سەرو یا درەختی عەرعەر چواندووە.

**لە عوششاق و رەقیب ئەو شۆخە چاوی لەتفی وەرگێرا**

**کە ئاسک ئادەمی یا سەگ ببینێ، غەیری سڵ چ بکا؟!** ( 7 ) **لا**48

شاعیر هەستاوە (رەقیب) واتە بەدکار بە (سەگ)ی چواندووە و (یار)ی بە (ئاسک) چواندووە .

**داخۆ ئەمە ئەگریجەیە پەخشاوە بەسەردا**

**یا سونبولە کردوویە سەبا زولفی بەشانە!** ( 2 ) **لا**323

شاعیر لە لیکچواندنی ئەگریجە لە بۆن خۆشی دا بە سونبول وە هونەری خواستن پێکەوە نان لە شانە کردنی زولفی بابای سەبا وێنەیەکی چەسپاوی شیعری خولقاندوە وە بەهەستی بۆن کردن وەری دەگرێ.

**لە رۆژێ هەڵدرا ئەم کۆنە خەیمەی تان و پۆشینە**

**لە سایەیدا شەرابی بەزمی عوشرەت گریە جۆشینە** ( 1 ) لا 324

شاعیری زانایا نە و لێهاتوا نە لە رێ گەی هو نەری درکە یە (خە یمەی تان و پۆ شینە) کە مەبەستی لە ئاسمانە.

**لەکێ بپرسم دڵی بۆ پر لەخوێنی حەسرەتە یاقووت**

**عەزا پۆشی چییە و کێیە ، جلی پیرۆزە بۆ شینە!** ( 3 ) لا 324

مەحوی بە بۆچونێکی فەلسەفیانە لە د یاردەی زۆربوونی خەم و خە فەتی زما نەوە دەدوێ و ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەو خەم و مەینەتە وەنەبێ هەرتایبەت بێ بۆ ئادەمیزاد، بەڵکو دنیای شتی بێ گیانیشی گرتۆتەوە زە نموونەی بە گەوهەرەی یاقوتی سوور دێنیتەوە وە هۆی ئەو سووریەتی خوێنی خەم و خەفەتی ناو دڵیەتی هەر وەك گەو هەری پیرۆزەش کە رەنگی شینەو ئە مە رەنگی بەرگی تازیەداریەتی بەلام بۆی ساغ نەبۆتەوە ئایا ئەوە ئەو پرس و تازیە بۆ کێ داناوە!

کاتێك مامەلەت لەگەڵ گەو هەری بێ گیانی وەك یاقووت و پیرۆزە وەك کە سی ئا قل دە کات پتەو ترین هونەری خواستنی رەوانبێژی بۆهەر یەك لەوانە پێکدەنێ وە دوو وینەی شیعری جوان و چەمك پ تە و قولی بە بیری فەلسەفی ئاودراو مان بۆ دەخولقێ نێ وە هەردووکیشیان لە جۆری چەسپاون وە بە هەستی بینین وەردەگیرێن.

**کە بێ لێوی لەسەر لێوم بنێ ، روحم لەسەر لێوە**

**کە لێوی لابەرێ ، ئەلبەتتە رۆحم دەردەچێ پێوە** ( 1 ) لا333

شاعیر لە پێکەووەنانی هونەری درکەیە لە دەربرینی رو حم لە سەر لێوە کە مەبە ستی باری گیانە لای مرۆڤ لەکاتی مرد ندا وێنە یەکی جولاوە مان بۆ دەکێشێ وە بەهە ستی بینین وە هە ستی جەستەیی وەردەگیری چونکە ماچ کردن وە لێو لە سەر لێو دا نانی تێدا یە وە جو لەو گۆرانکار یان بەسەردا دێنی.

**دای ئیزنی هەرچی دیدە غەزالە لە گەردی رێی**

**بێچارە کل فرۆشە، رەواجی کلی شکا** ( 2 ) لا52

لەم دێرەش جوانی چاوی یاری بە چاوی غەزال چواندووە چونکە چاوی ئا سکیش جوان و گەورەیە.

**بۆ شەوی هیجر ئەو مەهە وەك ئافتاب**

**جیسمی وەك رۆحی، گڵی کردە حیجاب** ( 1 ) لا76

لەم دێرە دوو هونەریتێدایە:

1- خواستن: لێ خواستراو کە (مەه)ە

بۆ خواستراو کە(یار)ە و باس نەکراوە.

2-لێکچواندن:

| لێ چوو | لەو چوو | ئەوزار | رووی لێکچواندن |
|---|---|---|---|
| مەه | ئافتاب | وەك | ________ |

واتە شاعیر یەکەمجار یارەکەی خۆی بە مانگ دادەنێت لە جوانیدا بە هۆی هونەری خواستن، بەڵام دلی داناکەوێ و ئینجا بۆ زیاتر پیشاندانی جوانی هەڵدەستێ ئەو مانگە بە ڕۆژ دەچوێنی.س

**بە گریانم، وەکو گوڵ ، پێکەنی یار**

**لە باغی من بە بارەش غونچە پشکووت ( 2 ) لا** 114

بە گریانی شاعیر یار وەکو گوڵ پێکەنیوە ئەو گوڵەی بە باران دەپشکوێ،لێکچواندنی گریانی مرۆڤ بە لێزمەی باران وینەیەکی شیعری حوان هاتۆتە ناوەوە.

**خەیالی زولفی دەرناچێ لە دڵ تا دەرنەچێ ڕۆحم**

**سپێراوە خەزێنەی بەختی ئێمە بەو سیا مارە ( 3 )لا**504

لێکچواندن لە وشەی (سیامارە) کە زولفی یاری بە ماری رەش چواندووە ،واتە زولفی یار ئەوەندە ڕەشە وەك ماری ڕەش وایە.

**ئەشکەوتی بایە کە دەمی واعیز کە دێتە وەعز**

**وەقتی سکووتی نەقشی سمێلی لە قوو دەکا( 6 )**

واتە گوێ مەدەرە پەندو ئامۆژگاری واعیزی زۆر بڵێ... چونکە قسەکانی لە باوەڕ و دڵ و دەروونێکی پاکەوە دەرناچن، کەلکی هیچیان پێوە نییە و کە دەم دەکاتەوە بۆ پەند دادانی خەڵك ئەوەندە زۆر دەدوێ، دەمی دەلێی ئەشکەوتی پڕ لە بایە و کە بێدەنگیش دەبێ دەم و سمێلی لە سەر و کەللەی تەیری قوو دەکا.(مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس:1387: 59)

**کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ، دەکەی ئەو ڕۆژە تۆ بڕوا**

**کە خۆ دەرخەی وەکوو خۆر، دڵ وەکوو شەونم لە خۆر بڕوا( 1 )لا** 67

لەو دێرە شیعرە جوان و ناسکەی.وێنەیەکی شیعریمان بۆ دەخوڵقێنێ، لیێرە شاعیر مەبەستی ئەوەیە بە یارە شۆخەکەی بڵێ: ((ئەو ڕۆژەی دڵم دەتوێتەوە بۆ تۆ، باوەڕ دەکەی کەوا هەرکاتێ تۆ رووی وەك ڕۆژ جوانت دەرخستدڵم وەك شەونم کە لە بەر گەرمایی خۆردا خۆی را ناگرێ و لە خۆیەوە دەڕوا و لەناو دەچێ))(عبدول کەریمی مودەریس: 1387: 35) لە تواندنەوەی دڵ

هو نەری لێک چواندنی درو ستکردووە و لەخۆ دەرخ ستنی یارەکە شی وەك ڕۆژی روو ناك و لێکچواندنی دڵ بە شەونم کە بەرامبەر بە ڕۆژ لەناو دەچێ،وێنەیەکی جوانی شیعری خوڵقاندووە.

**دڵی سەنگە، دەبارێ گوڵ بەسەریا،**

**ئەوی گوڵ بوو، زمانە دایە بەر سەنگ** ( 9 ) **لا** 241

لەم دێرە شیعرە شاعیر دڵی بە سەنگ چواندووە . شاعیر لە ڕەو شتی زما نەوەی دەدوێ وە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دلی رەقی وەك بەردی گوڵی بەسەر دا دەبارێ کەچی ئەوەی کە دڵی وەك گوڵ وایە زمانە دەیداتە بەر بەرد وە پەرێشانی دەکات.

**وەك بولبول ئەو دڵە بە گوڵی روو کە روو دەکا**

**پەروانەیە زیارەتی شەمع ئارەزوو دەکا** ( 1 ) **لا** 57

شاعیر مەحوی دڵ بە بول بول دە چوێنێ کە روو دەکا تە گوڵ و لەنیوە لەتی دووە می داڕ شتنی د ێرە شیعرەکە شیدا دڵ بەو پەروانە یە دە چوێنێ کە روو دەکا تە گڕی روو ناکی مۆم وئەمەندە ئارەزووی ڕووناکیەکەیتی ودەچێتە پێش تاوەکو بە گڕی دە سوتێ، بە مەش وێنە یەکی گەشی شیعریمان بۆ دەکێشێ و بە جوانترین شێوە پێشکەشمان دەکات.

**دەمت چی؟ پڕ لە دوڕ، دورجێکی یاقووت**

**نیشانە و مۆری چی؟ خەتتێکی زمڕووت** ( 1 ) **لا** 113

شاعیر لێک چواندنەکی جوانی بەکار هێناوە لە دیوان دە می یار بە دورج کە سندووقێکی بچووکی خشلی ئافرەتا نە و پڕ بێ لە دوڕ و مرواری کە مەبە ستی ددا نە جوانەکانیەتی، گە ندە مووی سەر لێوی یاری شی وەك گەو هەری ز مرووت نی شان داوە وا تە بەوی چواندووە و وێ نە شیعرییەکی جوانی دروستکردووە.

**بە جیلوەی ئەو، وەکو شەونم، فڕی هەر عەقڵ و هۆشێ بوو**

**کە سێبەر مەحوە لەو جێیە، هەتاوی لەحزەیەك لێ کەوت** ( 7 ) **لا** 119

بە لێکچواندنی یار بە رۆژ و عەقلیشی وەك شەونم و سێبەر کە لە بەر تیشکی گەرمی رۆژدا، چونکە هەر کە رۆژ هەڵدێ شەونم دەبێتە هەڵم و بەرەو ئاسمان دەچێ و سێبەریشی نامێنێ.

**چەمەن هەر سەرو نەسرینە لە تەرزی خوا بگەی شیرین**

**سەری کێوانە یەکسەر وەك کەناری کۆهکەن هەر گوڵ** ( 2 ) **لا** 247

شاعیر باخی پڕ درەختی سەرو گوڵ نەسرینی لە رازاوەیی دا بە ئارامگای شیرین چواندووە وە د یمەنی سەر چیاکانی شی بە کەناری ئارام گای فەرهادەی کێو هەڵ کەنی ئا شقی شیرینی چواندووە کە هەردووکیان بەگوڵ رازاندوەتەوە وە وێنەیەکی گەش و گولی چە سپاوەی شیعری بۆ خولقاندوین.

**عەنبەری سارا وتم زوڵفی، نەباتی میسری لێو**

**زوڵفی ئاڵۆزا، وتی لێوی کە ناوی من نەبات( 9 ) لا 92**

لێک چواندنی پە سەندە شاعیر بە هە ستە جوان و نا سکەکەی بۆنی زوڵفی یاری بە بۆنی عەنبەر چواندووە و لێویشی بە شەککەر باری میسری چواندووە.

## (2-2) خواستن:

جگە لە هونەری لێکچواندن چەند جۆرێکی تریش هە یە ،خوا ستن هەروەکو لێکچوونە بەڵام جیاوازیە کەیان لەوە یە لە خوا ستن تەنیا یەکێك لە بنەما سەرەکییەکان دەردە کەوێت . یان لێ خواستراو یان بۆ خواستراو هەردووکیان هەرگیز بەیەکەوە نا یەن. بۆنموو نە ( مەه)ی بۆ( حەزرەتی یوسف) چواندووە.یان(گەوهەری) بۆ (فرمێسك) خوا ستووە و چەندین نموو نەی تری لەم بابە تە. هەروەها لێرە لە ڕەگەزەکانی لێکچواندنیش کە ئامراز و رووی لێکچواندنە مەرج نییە لێرە هەروەکو لە لێکچواندن بەکار دێت، وە لە لێکچواندن دەبێت لێ چوو و لەو چوو باس بکرێت بەڵام هەروەکو ووتمان لێرە تەنها لەو چوو باس دەکرێت.کەوا تە دە توانین بڵێین خوا ستن بریتییە لە هەڵبژاردنی هێمایێك بە پێی (لێک چونی وا تایی) لە شوێنی هێما یەکی تر و لە سەرتەوەری جێنشینی و دەرکەوتنە لەسەر تەوەری هاونشینی دا(کورش صفوی:1383: 130 )

خواستن جۆرێکە لە خوازە. بەڵام لە خواستندا دەبێت پەیوەندی لێ خواستراو و بۆ خواستراو لەیەکچوون بێت.

**منم وەك ئەو زەعیفە، ئەم قەسیدە، ئەو گلە دەزوە**

**ئەمن کڕیاری ماهی (( لامکان )) ، ئەو ماهی کەنعانە ( 107 ) لا498**

وشە خواستنەکە لە (ماهی کەنعان)دایە کە (حەزرەتی یوسف)ی بە ماهی کەنعان چواندووە، تەنها باسی لەو چووی کردووە .

**شەو دەبی بادەی لە دەستی ساقییەك وەرگرتبێ**

**ئەم سبەینێیە لە مەشریق دێتەدەر مەستانە ڕۆژ( 6 ) لا 179**

شاعیر لەو کاتەی کە شەو دەکاتە کەسێکی( سەرخۆش و مە ست)ی وا کە بادەی لە دە ستی مەیگێڕێك وەرگرتبێ و سەرخۆش بوو بێ، بۆیە ڕۆژ لە بەیانی دا وەك مە ست و خو مار لەو دیوی بەندەنی بەرزەوە هەڵدێ و بەمەش هونەری(خواستن) ی پێکەوە ناوە و لەو ڕێگەیە شەوە وێنە یەکی جوانی شیعریمان بۆ پێکەوە دەنێ.

**چ حاجەت نەرگسی مەستت بکەم وەسفی بە مەخمووری**

**کە چاوی سورمە کێشراوی خودایی بێ، لەکل چ بکا؟!( 8 ) لا48**

مەحوی هونەرمەندانە چاوی یاری نازداری بە نێرگز چواندووە و وەسفێکی هونەریی وا دەکات کە ئەو چاوە نێرگزییە خۆی مەستە و پێی ناوێ پێی بڵێین سەرخۆشەو کاتێك کە ئەو چاوە ڕەشەی ئەو شۆخە لە خواوە کلدارو بێ پێی ناوێ کلی دەسکردی تێ بکرێ و بەم جۆرە ئەو وێنە شیعرییەمان بۆ دەخوڵقێنێ (**کەریم شارەزا**: 2001: 106).

**هەمیشە دیدە بەحری گەوهەرە و دڵ پڕ لە نەقدی داغ**

**لە بن نایێ بە مەسرەف چونکە خەزنەی من خودا دادە** (5) **لا** 312

لەم دێرە شیعرەیە سروشکی واتە فرمێسکەکانی بە گەوهەر چواندووە و دیدەشی بە بەحری ئەو گەوهەرانە چواندووە.

**وەرە دەستێ بە خوونم کە نیگارین**

**خوێنی من حەلاڵت بێ، نیگارا!** (8) **لا** 42

وشە خواستن لەم دێرەش بەکار هاتووە کە لە وشەی(نیگار) دایە یارەکەی لە جوانی بە وێنەی جوان چواندووە.

**بە ئاهم گەر رەقیبانت بسووتێن ئەی گوڵی رەعنا**

**مەڕەنجە، تۆ خودا شەعلە لە ئاقاری چقڵ چ بکا؟!** (3) **لا**46

لێرەش یارەکەی بە(گوڵی رەعنا)چواندووە و تەنها لەو چوو کە گوڵی رەعنایە باس کراوە.

**خەرامی ناز ئەگەر هێنایە لە نجە سەروی مەوزوونت،**

**وەکو لەیلا لەسەر رێ پرسێ کە حاڵی مەجنوون!!**

**تورکی من کوشتارخانەیە عاشقانی دی، وتی:**

**خواستن لە (سەروی مەوزوونت)دایە،( سەرو) لێ خواستراوە و باس کراوە،( بالاّ) بۆ خوا ستراوە کە باس نەکراوە**

**من ((برنجی بر یزید)) ئێرە ((ایکنجی کربلا))** (6)**لا**61

لەم دێرەیەش وتوویەتی (تورکی من) کە بۆ واتای یارەکەی خواستوویەتی.

**لەهەر جێیە هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵ روخان ((مەحوی))**

**ئەگەر عەقڵی ببێ ، لەو جێگە ئاونگی عەقڵ چ بکا؟!**(9) **لا** 48

لە نیوە دێری دووەمی شیعرەکەیدا شاعیری هونەرمەندانە عەقلیش بە شەونم دەچوێنێ کە لەسەر رووی گیا و گوڵ دەنیشێ.ئینجا لە هەڵاتنی رۆژی عیشقی کچی جوانی روومەت وەك گوڵ، هونەری خواستن پێکەوە دەنێ. لەمانە تابلۆیەکی هونەری چەند وێنەییمان بۆ دەخوڵقێنێ.

**غونچە دەمی لە باسی دەمی تۆوە دا، سەبا**

**مشتێکی دا لە دەمی، دەم قسەی زلی شکا ( 6 ) لا 54**

مەحوی کە دەڵێ:((غوذچە دە می لە با سی تۆوە دا)) لەم دەربڕینە نا سکە روونبێژییە یدا، هونەری خواستنی پێکەوە ناوە و چووە غوذچەی وەك کەسێکی هە شیار دا ناوە و لە با سی یارە شۆخەکەیەوە دەدوێ و لە هەنگاوێکی دیکە یدا کە دە ڵێ: ((سەبا مشتێکی دا لە دەمی))دیسان هونەری خواستنی پێکەوە ناوە، بەوەی کە باسی بای سەبا وەك کەسی عاقڵ ( مرۆڤ) دەکات کە باس نەکراوە و لێ خواستراوە و (سەبا) بۆ خواستراوە ،مشتێك لە دەمی غونچە دەدا دەیپشکوێنێ. لە هەنگاوی سێیەمیشی کە دەڵێ: ((دەم قسەی زلی شکا)) دیسان وەك کەسی عاقڵ مامەلەی لەگەڵ دەمدا کردووە و قسە بڕاوە، پێ شکاندووە و لەم سێ هونەری خواستنەدا سێ وێنەی شیعری یەك لە دوای یەکی بۆ خوڵقاندووین و بەهەر سێکیان تابلۆیەکی هونەریی پێکەوەناوە.(کەریم شارەزا:2001؛ 107)

**فەلەك هەرگا کەسێکی هەڵبڕی، وەقتی هیلاکەتیە**

**کەسەر بۆگەیینە پەت بێ، پێ لە کورسی و ئەسکەمل چ بکا؟! ( 6 ) لا47**

لەم دێرەش وشەی (فەلەك)ی خوازراوە بۆ (خوا).

**شنەی بادی بەهار هاتەوە، خۆشی لە تۆ بولبول!**

**بە شاییی هاتی گوڵ کۆکی کە سازی چەهچەهە و غولغول( 1 ) لا 247**

شاعیر لەگەڵ هاتنەوەی کات و سەردەمی بای بەهاری موژدەدەدا تە بولبول کە شەیدای گوڵە.واتە بە مامەلە کردن لەگەڵ بولبول وەك کەسێکی ئا قڵ تاکو موژدەی هاتنەوەی بای بەهاری پێ بدات کە هونەری خواستنە.

**ئەهلی عیبرەت ماوە گەر بێ، سەیری ((ناسرشا)) بکات**

**دوو لە دوو، سی کەم شەهی کرد و ((کش))یکی رێ نەهات( 1 )**

**هاتی وا سەیری نەهاتی کەن، کە صەد تیپیان سوار**

**پاسەوانی بوون، لەناو بەستا پیادێ کردی مات( 2 ) لا 373**

لەم چوارینەیەدا و شە خوا ستن هە یە .. ئەوەتا شاعیر( شا نا سرەدینی) بە ( شایەکی شەترەنج) داناوە و ئەو شتەشی پەیوەندی بە هەردوو شایەکەوە هەیە... شای حەقیقی کە (نا سر شا) یەو شای هێمایی ( شای شەترەنج)ە کە وەك (کش) کردن...(بە ست)...(قەلا)...(پیادە) کە مەبە ست لە سەرباز و پا سەوانانی شایە...( سوارە) گ شتی هە یە و شاعیر توانیو یەتی لەو چوارینەیەدا هەریەکە ئیش و دەوری شیاوی خۆی پێ بدات..

بێ لەوەش شاعیر لێکچواندنەکی جوان و رێکوپێکی لە ذێوان ڕێی (هات و نەهات) شادا خولقاندووە (هات) بۆ ڕۆژگاری بەختیاری و (نەهات)یش بۆ رۆژگاری ڕەش و مەینەتی وەك رۆژ و رۆژگارانەی لەگەڵ ئەو هەموو هاتەی(ناسر شا) دا کە بەسەری هات.(سۆران مەحوی:2005؛ 24)

دەتوانین بڵێین لە دێوان هات و نەهات دژیەکیش دروست بووە کە دوو وشەی پێچەوانەی یەکترن لە واتاوە، هەروەها شاعیر مەحوی وەستایانەو لێهاتوانە وشە ئارایەکی جوان و ناسکی دروست کردووە لە دێوان (پاسەوان) و (بەست و قەڵا) یاخود لە دێوان (شا)و (بەست و قەڵا)دا لەلایەکی تر وێنە شیعرییەکەی لە بیر نەچووە و بیر تیژی لە دێوان و میانەی وشەکانی(سوارە) و (پیادە)ە دروست بکات و جۆرە جووت بوونێك لەم رووەوە بهێنێتە ئاراوە... کە دیارە ئەم هەموو هونەری شیعری و رەوانبیژیەی لەم چوارینەیەدا لە دەست کەم لە شاعیران کورد دا هاتووە.

## (3-2) خوازە

خوازە گواستنەوەی واتای ووشەیە بۆ واتایەکی ترو وەرگێرانی بیرێکی ئەبستراکتە بۆ وێنەیەکی دیاری کراو بۆیە بیر لە خوازەدا تا رادەیەك بە سەربەخۆیی دەمێنێتەوە.

دەتوانین لە پێناسەی خوازە لە رووی زمانەوانیەوە بڵێین(زێدەکردنی واتای کەرەستەیەکی کرتێندراوە لەسەر کەرەستەیەکی تری ئامادەبوو لەناو رستەدا)( کورش صفوی:1383: 256) یاخود بە پێی پێناسە کلاسیکییەکان خوازە بریتییە لە بەکارهێنانی وشە لە واتایێك کە واتا بەربڵاو و سەرەکییەکەی نییە واتە بە پێچەوانەی بەکارهێنانی بەر بڵاو بەکار دێت.(عەبدولسەلام نە جمەدین:2007: 116)

لە خوازە دوو مەرج هەیە کە دەبێت هەبێت، واتە ئەو دوو مەرجەی خوازە لە وشە خوازراوەکە دەبێت یەکەکیان هەر هەبێت ئەگەر هەردووکیش نەبێت:

1- لە رووی شێوە لەیەکتری بچن.

2- لە رووی ئەرکەوە لەیەکتری بچن.

**بەیانی هاتە باغ ئەو ماهە، ئەم واتێ گەیی رۆژە**

**لە شەبنم، گوڵ بە دامەن گەوهەری هێنا، نیساری کرد** (8) لا148

لێرە وشەی خوازراو لە (ماە) دایەو دوو واتای هەیە یەکیان (مانگ)ە و ئەویتریان (یار) ە و شاعیر لێرە مەبەستی یارەکەیتی نەك مانگی راستی کە بەشەو دەردەکەوێت.لە لایەنی شێوە لە یەك دەچن مەبەستی یارەکەی لە جوانی وەکو مانگە.

**لە زولفیا ونە روو، لێوی هەر لە کارایە**

**ئەو ئافتابە گەرئاوا بووە،مەسیحا خۆش**(3) لا198

وشە خوازراوەکە لەم دێرە وشەی(ئافتاب)ە کە بە مەبەستی حەزرەتی (عیسا)خوازراوە و رۆژی ئاسمان نییە.

**بنازم ئەم شەهی مەهـ سەیرە بۆ گەشت و گوزاری شەو**

**سوارێکە :بوراقی تەوسەنە، جیبرلیە شاتر** (5) لا160

لەم دێرە وشەی (شەه مەه) دایە کە خوازراوە مەبەست لە پێغەمبەرە لە گەشتەکەی بۆ ئاسمان.

**دڵ فکری کردەوە: چیە قیرم بووە بە شیر؟**

**پیرانی بردەوە کە جوانیمی کەوتە بیر ( 1 ) لا**383

لەم دێرەیە شاعیر قیری خوازتووە بۆ زولفی ئەمانەش لە شێوەوە لەیەك دەچن.

## ( 4-2 ) زیادە رۆیی

زیادە رۆیی هونەرێکی ترە لە ڕەوانبیژی کە لە شیعر زۆر بەکار دێت و بە پێی بنەماکانی گرایس لادانە لە چەندێتی، مەبەستیش لەمە زیادە رۆیی لە باسکردنی رووداوێك یان وەسفکردنی شتێك یان کەسێك، هەندێجار ئەوەندە لە ڕاستی دوور دەکەوێتەوە، لەوانەیە خۆی بە هیچ شێوەیەك وانەبێت .لە زیادە رۆیی ناتوانین باسی ڕاستی و ناڕاستی بکەین چونکە شاعیر ئەم زیادە رۆییە بە مەبەستی دوور کەوتنەوە لە زمانی ئۆتۆماتیك بەکار دێنێت.

(زیادە رۆیی لە زمانی ئۆتۆماتیك دا ئیختیاریە و لە زمانی شیعری ئیجباریە).( کورش صفوی:1383: 158) بۆیە لە شیعر درۆ نییەو خوێنەر خۆشی لێوەر دەگرێ، چونکەخوێنەر خۆی چاوەڕێی ئەم زێدەرۆییە لە شاعیر دەکات تاوەکو چێژ لە شیعرەکانی وەرگرێت و شیعری ووشك نەبێت.

شاعیر زۆر بە جوانی لە زۆر شوێن هونەری زیادە رۆیشی بەکار هێناوە بۆ پاراستنی کێش و سەروای دێرە شیعرەکان و پاراستنی شێوەی موسیقاکەی کە لە چەند دێر وشەی زیادە هاتووە.

**کە بێ لێوی لەسەر لێوم بنێ، روحم لەسەر لێوە**

**کە لێوی لابەرێ، ئەلبەتتە رۆحم دەردەچێ پێوە ( 1 ) لا** 333

زیادەرۆیی لەم دێرە دایە مەبەستی لەمە گەر یار ماچەکی بداتی رۆحی دەردەچێ لە خۆشییان.

**لە خۆم و لەو کەسە خۆشم دەوێت و خۆشی دەوێم**

**خودایەخۆش ببی و،تۆ ببی خودایا، خۆش ( 2 ) لا** 198

لەم دێرەش زێدەرۆیی هەیە بە کورتی دەتوانی بلێت خودایە لە من و خۆشەویستانم خۆش بە.

**لەو سەلاتانە کە وەك گەوهەرن و دەدرەوشێنەوە**

**جیلوەدەر، لامیع ، هەموو رەخشندە، وەك رەخشانە رۆژ( 21 ) لا** 182

شاعیر لەم دێرەش زێدەرۆیی کردووە و نیوەلەتی دووەم هەمووی زیادەیە.

**جەننەت، جەهەننەم ئێستە کە هەن ، زۆریان بەسەر...**

دارۆییوە شوهوور و دوهوور، ئەزمینە و سنین ( 101 ) لا 440

لەم دێرەش زێدەرۆیی هەیە مەبەستی ئەوەیە ئاخیر زەمان وا هات.

(5-2) **ئاماژە پێکردن:**

ئەمەش درکە دەگرێتەوە و ئاماژە بۆ کەسێك یان شتێك....دەکات.

**قوبوولم کەی ئەگەر، لوتفێکی زۆرە**

**بە کەمتر لە هیندوێکی خاڵی هیندووت ( 3 )لا114**

لەم دێرە (هیندو) درکەیە بەرامبەر کەسێکی ناچیز بەکار هاتووە ، کە بێ دەسەلات و بێ توانایە.

**نەوەك هەر چاوی مەستە، خۆشی هەر مەست**

**بەلادا دێ، کە دێ، وەك تورکی سەر مەست( 1 ) لا106**

لەم دێرە شیعرەدا تورکی کینایەیە لە ئەدەبیاتی کۆندا بۆ یاری شۆخ و جوان.

**بە غەمزەی نازەوە ئەو سەروی نازە کەی چووە گوڵشەن**

**کە نێرگس وا بووە چاوی سپی، سەروی بووە تۆپاڵ( 9 ) لا 246**

لەم دێرە شیعرە (چاوی سپی)درکەیە و مەبەست کوێر بوونە.

**کە بێ لێوی لەسەر لێوم بنێ ، روحم لەسەر لێوە**

**کە لێوی لابەرێ ، ئەلبەتتە رۆحم دەردەچێ پێوە ( 1 ) لا333**

لەم دێرە شیعرە درکە لە (کە بێ لێوی لەسەر لێوم بنێ)دایە مەبەستی (ماچ)ە.

**لە رۆژێ هەڵدرا ئەم کۆنە خەیمەی تان و پۆشینە**

**لە سایەیدا شەرابی بەزمی عوشرەت گریە جۆشینە( 1 ) لا 324**

لەم دێرە شیعرە درکە لە (خەیمەی تان و پۆشینە)کە مەبەستی لە ئاسمانە.

(6–2) **پارادۆکس:-**

ئەم جۆرە لادانە دوو وشە لەگەڵ یەکتر دێن و یەکتری ڕەت دەکەنەوە واتە ئەگەر یەکێکیان هەبوو نابێت ئەویتر هەبێت، واتە شاعیر دوو دەستەواژە یاخود دوو دەربڕین دێنێت کە پێچەوانەی یەکترن و هەریەکەیان ئەویتر ڕەت دەکاتەوە، واتە گەر یەکەم هەبوو نابێت دووەم هەبێت و بە پێچەوانەشەوە، بەلام شاعیر ئەم شێوەیە بەکار دێنێت مەبەستێکی لە پشتەوەیە ، هەربۆیە بەکارهێنانی پارادۆکس دەبێتە هۆی بەرجەستە بوونی زمانی ئۆتۆماتیك.

پارادۆکس جیاوازی لەگەڵ دژەرۆ یی لەوە یە پارادۆکس لە ڕستەیەك یان وشە گەورەتر دا هەڵگری واتا یەکی شاراوەیە، بەڵام( ئۆگز یمورون دژەرۆ یی) هەمان کار لە وشەیەك دا ئەنجام دەدات( حوسێن عوسمان: 2007: 45)

ئەوەی لێرە پێویستە بوترێت ئەم لادانە لە گونجان دا زۆر لە شێوەی خەون یاخود سەرەتای فێر بوونی زمان لای منداڵ دەچێت چونکە لە هەردووکیاندا دەلێی مرۆڤ هەر ئاگای لە (نابێت) نییە و زۆر بە دڵنیاییەوە شتە هاودژ وەك یەکەکان لە یەك شوێن دا کۆ دەکا تەوە و بەم شێوەی شتێکی نوێ درو ست دە کات ئەم کارە بە هەمان شێوە لە دژە رۆ یی و پارادۆکسیش دا دەبینرێت وا تە هاودژ و نەگونجاوەکان پێکەوە کۆ دەکرێنەوە و وا تا شتێکی نوێی درو ست دەکرێت بێ ئەوەی بوترێت کە ئەمە نابێت.( عبدالسلام نەجمەدین: 2007: 123)

**تێ گەیی و شیوەنە ئەمڕۆ، سبەی شایی بکا**

**پێ گەیوو دەروێشە، دا سوبحەی شەهنشایی بکا ( 1 ) ل48**

مەبەستی لەوەیە بەختەوەری لە دونیایەکەیتر بە ڕەنجکێشان و ئازارچەشتنی ئەم دونیایەیە. دوو ر ستەی پێ چەوانەی ترن و و شە پێ چەوانەکانیش یاخود و شە پارادۆکسەکانیش لە نێوان (شیوەن و شایی)دایە کە پێچەوانەن لە واتا.

**نووری عومری سەرف ئەکا بۆ کەشفی تاریکی لە خەڵق**

**وەك چرا هەرکەس بە شۆخی مەجلیس ئارایی بکا ( 2 ) ل49**

شاعیر لەم دێرەش و شەی پارادۆکسی هێناوە لە نێوان و شەی(نوور) کە ڕووناکییە و (تاریکی) دایە.

**بە گریانم، وەکوو گوڵ، پێکەنی یار**

**لە باغی من بە بارش غونچە پشکووت( 2 ) ل 114**

لەم دێرەش دوو وشەی دژی تیایە کە (گریان و پێکەنین)ە، دەڵێ یاری جوان و نازدارم بە گریانی من پێدەکەنێ.ژیانی من وەك باغ وایە و گولەکەی یارەکەمەو بارانی ئاودانی فرمێسکی چاوەکانمە؛ بەو بارانە گولەکەم دەپشکوێت و دەمی کرایەوەو پێکەنی.

**مە پرسن: بۆچی ئیمشەو زولفەکەی جانانە پڕ تابە**

**هەر ئەو زولفە نەبوو، ئەمڕۆکە کردی عالەمێ بێ تاب( 2 ) ل 371**

لە نێوان (ئیم شەو) و ( ئەمڕۆ) و شە دژیە کەك هە یە ئیم شەو بە وا تای تاریکی دێت و ئەمڕۆش بە واتای ڕووناکی دێت کە ئەمانە پێچەوانەی یەکترن.

**بە ڕۆچوونی ئاوێ دەکەی زیندەگی**

**بە دەرچوونی بایەك دەبێ مردنت( 2 ) ل 376**

وشە دژیەکەکان لە نێوان (زیندەگیت) و (مردنت) هەیە کە واتای پێچەوانەی یەکتریان هە یە. ئاو بۆ زیندەگی و بەردەوامی ژیان و مردن بۆ وشکی و فەوتان و لەناو چوونی ژیانە.

**ئەو مەسخەرەی زەمانە بە شاە و وەزیری کرد**

**ئەو کەتنە تۆ قەت مەڵێ کە بە گەداو فەقیری کرد**( 1 ) **لا** 381

وشە دژ یەکەکان لە نێوان (شاە و وەزیر) لەگەڵ (گەداو فەقیر) دا یە کە ئەمان پێچەوانەی یەکترن و یەکیان زۆر دەوڵەمەند و ئەویتر فەقیر و دەست کورتە.

**ئەو شەڕانی، من ئومێدی ئاشتیم**

(( **پڕ** غلط **بود انچە ما پنداشتیم** ))( 1 ) **لا**390

وشە پارادۆکسەکان لە نێوان (ئاشتی) و (شەڕ)دایە من ئاشتی خواز و ئەو شەڕخواز.

**من وەسڵی ئەو بەرابەری جەننەت دەگرم و ئەو..**

**دۆزەخ بە ئاهی سینەیی من روو بە روو دەکا** ( 2 ) **لا** 57

شاعیر و شەی دژی بەکار هێناوەو شێوەی پارادۆک سی پێکهێناوە لە نێوان و شەی (جەننەت)و ((دۆزەخ)دا.

**ئەی جەمالت نووری دیدەی ئەنبیا**

**شامی توڕڕەت سوبحی عیدی ئەولیا** ( 1 ) 71

وشەی پارادۆکس لە نێوان(شام) بە واتای شەو و (سوبح) بە واتای (بەیانی) دێت.

**ماهی من رۆژێ لە روو لادا نیقاب**

**شەو مەگەر هەڵبێ لە شەرمان ئافتاب** ( 1 ) **لا** 78

لێرەش لە نێوان وشەی(شەو) و (رۆژ) دا لادانی دروست کردووە لە جۆری پارادۆکس.

**لە فەیزی ناوی** (( مەولانا ضیاءالدین )) **مەوە ئێستە**

**هەموو رۆژە شەوم، قەترەی وجوودم بەحری ئەنوارە** ( 20 ) **لا**507

لەم دێرەش وشەی دژ هەیە لە نێوان (رۆژ و شەو)دایە کە ئەم دوو وشە دژ بەیەکترن و لەگەڵ یەك بەکاری هێناوە.

**ئەسیرت وەقتی کوشتن شادە مەرگن، ناگەنە کوشتن**

**لە خۆشی خۆشییا رۆحی فڕیوە تا چووە مەزبەح**( 3 ) **لا**138

شاعیر لێرەش وشە دژیەکەکی بەکار هێناوە کە لەنێوان وشەی (کوشتن)کە ناخۆشی یە لەگەڵ (خۆشی)، یارەکەی کە فەرمانی کوشتن دەدات لەسەر دیلەکانی ئەوان لە خۆشییان دەمرن پێش ئەوەی گیانیان بە هۆی سەربڕین دەرچێ لە خۆشیان دەر ئەچێ.

**لەو رۆژەوە جودا بووە لێم ئەو پەری وەشە**

**رۆژم رەشە، شوعوور و دڵم لێ بووە جودا( 6 ) لا39**

شاعیر لەم د ێرەش و شەیەکی دژەرۆ یی بەکار هێناوە ئەویش و شەی (رۆژم رە شە)یە رۆژ خۆی روونا کەو سپی یە کە چی ئەو و شەیەکی پێچەوانەی خۆی کە دژەکە یەتی داوە تە پاڵ بۆ مەبەستیجوانی دێرەکە هاتۆتە ئاراوە.

**زامی دڵ وێران و ماڵ ئاوا تەبیب**

**ماڵی وێرانم کە ماڵ ئاوا دەکا ( 8 ) لا 57**

لەم د ێرەش و شە دژەرۆ یی هە یە کە(ماڵ و ێران) و ( ماڵ ئاوا) یە کە ئەما نەش پێچەوانەی یەکترن و هەریەکەیان ئەویتر ڕەت ئەکاتەوە.

## 3-/**لادان لە گونجان**:-

لادان لە گونجان واتە دوو رستە لەگەڵ یەکتر بەکار دێن کەچی یەکتر ڕەت دەکەنەوە.

**وتی: بۆچی وەها بێ تین و بێ رەنگ**

**وتم :تۆ بۆ چ ئەوەندە شۆخی و شەنگ؟( 1 ) لا 240**

لەم دێرەیە دیارە یار لە بێ توانایی و بێ رەنگی ئەوی پرسییە، کەچی ئەو لە وەڵام دا باس لە شتەکی تر دەکات وباس لە شۆخ و شەنگی یار دەکات کە بۆ ئەمەندە جوانە.

**وتم: ئاوێکی رەحمەت، گەییە رۆحم ئاگری فیرقەت**

**وتی: لەم دۆزەخە زەحمەت کە دەر بێ هەرکەسی تێ کەوت ( 3 ) لا118**

مەبە ست لە مە ئەم و شە و دەربڕینا نە لە گەڵ ڕێ ساکانی پێ کەوە هاتن نەگونجێن و لە ڕێساکانی لادات.

**وتم: بۆ رووت و پووتن ئەو کەسانەی عاشقی رووتن**

**وتی: شان و شکۆهی زیندە دڵ هەر ژەندە پۆشینە( 5 ) لا 325**

شاعیر لە یار دەپر سی ئەوا نەی عا شقی تۆن بۆ ئەوە ندە رووت و پوو چەڵن ، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: شان و شەوکەتی ئەوانەی دڵیان زیندووە دڵیان کۆن و ژەنگاوییە.

**چاوە، جێی ئەو شۆخە بێ، وتم و وتی:**

**ئەم مەلا شێخە قسەی بێجا دەکا ( 3 )لا55**

شاعیر یاری لا زۆر بەرزەو چاو دەکا تە شوێنی یارەکەی کەچی ئەو لە وەلاًمدا دەڵێت ئەو مەلایە قسەی بێجێ دەکات.

## 4 - لادان لە شێواز:-

مەبەست لێرە ئەم دێرەی دەردەبرێت واتا کەی روون و ئا شکرا نەبێت ولادان بێت لە زمانی ئۆتۆماتیکی، لە زمانی ئۆتۆماتیکی ئەگەر ئەم لێڵیەش هەبێت قسەکەر بێ مەبەست دەیکات و هەوڵ دەدات ئەم لێڵ یە نە یەلێت، بەڵام لە زمانی شیعر شاعیر بە مەبەست ئەم جۆرە دەردەبڕێت.لادانی شێوازی کاتێك روودەدات کە شاعیر بە بەکارهێنانی فرەشێوازی لە شیعردا لە شێوەی نووسراو لا بدات.

دەپرسی: بۆچی من دەرکەوتم و دڵ بوو لە تۆ غایب

کە وەختێ رۆژ هەلات، ئەڵبەت دەبێ شەونم لە خۆ غایب ( 1 ) لا85

لەم دێرە شیعرە شاعیر لە شێواز لایداوە لادانەکەش لە وشەی(رۆژ) و ( شەونم)دایە کە یاری بە رۆژ چواندووە واتە (رۆژ) دوو واتای هەیە یەکیان بە واتا راستیەکەی کە (خۆرە) و واتاکەی تری مەبە بە واتای (یار)ە.

بەیانی هاتە باغ ئەو ماهە، ئەم وا تێ گەیی رۆژە

لە شەبنەم، گوڵ بە دامەن گەوهەری هێنا، نیساری کرد ( 8 ) لا148

شاعیر لێرەش لە شێوازی ئاسایی لایداوەو (یار)ەکەی بە (ماه)چواندووە و دەڵێت یاری روو وەك مانگم سەر لە بەیانی ها تە ناو باغ و باغ واتێگەیی رۆژی لێ هەلاًتووە و شەونمی سەر رووی گوڵ هەڵگرت.

بنازم بەم شەهی مەه سەیرە بۆ گەشت و گوزاری شەو

سوارێکە: بوراقی تەوسەنە، جیبریلیە شاتر ( 5 ) لا160

لەم د ێرەش و شە هە یە خوازراوە بۆ واتا یەکیتر کە وشەی( شەهی مەه)دا یە و بۆ وا تای (پێغەمبەر) خوازراوە مەبە ستی ئەوە یە بڵێ شانازی بەم پێغەمبەرەوە(د.خ) بکەم کە وەك مانگ بەشەو دەڕوات و بوراقیش ئەسپەکەیەتی و جبرائیل پەیام بەرەکەیەتی.

دڵ فکری کردەوە، چییە قیرم بووە بە شیر

پیرانی بردەوە، کە جوانیمی کەوتە بیر( 1 ) لا 383

شاعیر لەم دێرەدا قیری بۆ مووی ڕەشی سەری یار بەکار هێناوە، وا تە قژی ئەوەندە ڕە شە وەکو قیر وایە.هەروەها دەتوانین بڵێن وشەی دژیش هەیە، کە لە نێوان قیری قەترانی و مووی سپی بە شیری دوڕی سپی یە....کە (قیر)و مووی ڕەش هێماو ڕەمزی لاوی و گەنجی یە بە پێچەوانەوە، (شیر) و مووی سپی هێماو ڕەمزە بۆ پیری کەنەفتی.

**ساقی، ئەی مایەی تەرەب لەب، پەرچەمت رەیحانی رووح**

**نیم خەندێ کە لە غەنچە، دەرخە سەرچاوەی سە بووح**( 1 ) **لا**136

**شاعیر لەم دێرەی فرەواتا لە (ساقی)دایە واتایەکی (مەی گێرە) و واتاکەیتر(یارە).**

**دینتم ئیمانە خۆ، کوفرە نەگەیم بە تۆ**

**قورِ بەسەرم، دینە : چوو، کافرییینە : بوو ئەوا**( 5 ) **لا**70

**لێرە وشەی دین دوو واتای هەیە یەکیان بە واتای ئایین و ئەویتریان بە واتای بینین دێت .شاعیر لێرە دەڵێ ئیمان و موسولمانێتی من بەوەیە چاوم بە تۆ بکەوێ و کافر بوونیشم بەوەیە بە پێ گەیشتنت شاد نەبم، دەسا قور بە سەرم. وا بێ دین بووم چونکە دیتنتم بۆ نەبوو کافر بووم.هونەرێکە جوانی دروست کردووە.**

**لەکێ پرسم دڵی بۆ پڕ لە خوێنی حەسرەتە یاقووت**

**عەزا پۆشی چییە و کێیە، جلی پیرۆزە بۆ شینە!** ( 3 ) **لا**324

**شاعیر وشەی(شین) ی بەمەبەستی (شیوەن) بەکار هێناوە نەك واتا ڕاستیەکەی خۆی کە ڕەنگی شین بێت.هەروەها مامەڵە لەگەڵ گەوهەر(یاقووت) بێ گیان دەکات وەکو کەسێکی ئاقڵ.**

**تۆوی سەر خستووە بن خاکە، سەر ئەفرازیی بەر**

**هەر لە ڕێگەی تەڵەبا بوو سەری دانا، دانا** ( 6 ) **لا** 67

**شاعیر لێرەش وشەی هاوبێژە بەکار هێناوە کە وشەی(دانا) یە واتاکانی بەریتین لە (دانایی و ژیر)دێت واتاکەی تری بە واتای(سەردانان)دێت.**

**هەتا حەق ناسیرە، هەر حەقمە مەنزوور**

**وەکوو مەنسوور ئەگەر بمکەن بە دارا** ( 3 ) **لا**40

**لەم دێرە شیعرەدا وشەی هاوبێژ بەکار هاتووە کە وشەی(حەق)ە بە رامبەر بە خوا بەکاری هێناوە و ناوی خوای نەهێناوە وە (حەق)ەکەی دووەمیش هەر بە واتاکەی خۆی کە (حەق)ە بەکار هاتووە.**

**دا عەکسی جیلوە دەرنەکەوێ، نەك لە چاکییە**

**ئەو شۆخە چاکی سینەیی((مەحوی))رفوو دەکا**( 7 )**لا**59

**لەم دێرە وشە هاوبێژێك هەیە کە وشەی(چاکی)یە ، دوو واتای هەیە یەکیان هەر بە واتای ( چاکەکردن)ە و دوو هەمیان بە واتای( لەت)کردن دێت ئەم دوو واتا یە هیچ پەیوەند یەکیان بە یەکترەوە نییە و نە لە شێوە لەیەك دەچن نە لەئەرك.**

**با حەقیش بێ لە بۆ ((مەنسوور)) ((انا الحق)) حەق نیە**

**شێتییە، مەجنوون ئەگەر بێ نازی لەیلایی بکا ( 7 ) لا 51**

هەرچەندە لێرە لەیلا بەرانبەر (مەجنوون) هاتووە، بەڵام ئا ستی ژێرەوەی دێرەکە وانیشان دەدا کە (لەیلا) مەبە ستی پێی (خودا) یە، وا تا: چۆن درو ست نییە مەجنوون بڵێ (انا لیلی)، هەربەم جۆرە ناشێ هەللاج بڵێ (انا الحق) هەرچەندە وا هەست بکات.(ئیبراهیم شوانی: 2001: 89)

**لە رۆژێکی فەلەك ساقی بووە، تێفکرە لەم بەزمە**

**قەدەح ئاشامە هەر نادان و هەر دانایە خوون ئاشام( 3 ) لا 258**

لەم دێرە بە روونی دیارە شاعیر لە (ساقی) مەبەستی وا تا بنەڕەتیەکەی نییە کە مەی گێرە بەڵکو مەبەستی (خوا)یە و دەڵێت لەو رۆژەی کە گەردوون (خوا) بووە بە مەی گێر، هەر نەفامە مەی هەڵدەدا و هەر دانایە خوێنی دڵی خۆی ئەخواتەوە.

**نەشئە بەخشێکە لێوی مەیگوونت**

**هەر بە ناوی مەسیحی خستە سەما**

لەم دێرە شیعرە شاعیر وشەیەکی بەکار هێناوە دەتوانین بڵێین دوو واتا دەدات بە دەستەوەو هاوبێژی درو ست کردووە ئەویش و شەی (سەما)یە کە دە توانین بڵێین بە وا تای سەما(رەقس) هاتووە کە ناوی پێغەمبەر هاتووە حەزرەتی عیسا لە خۆشیا رەقسی کردووە یاخود بە وا تای (ئاسمان) واتە بەناو هێنانی پێغەمبەر حەزرەتی عیسا چووە بۆ ئاسمان.

**مە پرسن بۆچی ئیمشەو زولفەکەی جانانە پڕ تاب**

**هەر ئەو زولفە نەبوو، ئەمڕۆکە کردی عالەمێ بێ تاب( 2 ) لا 371**

شاعیر زۆر بە جوانی لەم دێرە شیعرەی وشەی هاوبێژی درو ست کردووە لە و شەی (تاب)، تابی یەکەم کە ئالێنراوە بە وشەی (پڕ)ەوە ما نای ئالۆزبوون و پە شێوی یە و (تاب)ی کە و شەی (بێ)ی پێوە لکاوە مانای (پەرێشان بوون) و (بێ حەوسەڵەیی) دەدات.(سۆران مەحوی:2005: 12).

# ئەنجام

لە دوای ماندوو بوون و گەرانێکی زۆر لە توێژینەوەکەم گەیشتینە چەند ئەنجامێك .

1–شاعیر بە شێوەیەکی زانایانە و لێهاتووانە چەند وشەیەکی نوێی داهێناوە کە شاعیرانی پێش ئەو دایان نەهێناوە و بەکاریان نەهێناوە ،هەروەها چەندین وشەی نوێی دارشتووە بە مەبەستی جوانی و ڕازاندنەوەی شیعرەکانی .

2– شاعیر لە ئا ستی واتا سازیش داهێ نانی زۆر ت یا کردووە لە هەردوو بە شی سیمانتیك و پراگماتیك.لە ئاستی سیمانتیك لە زۆربەی جۆرەکانی واتای بەکار هێناوە وەك واتای هاوڕێیەتی و وا تای با بەتی و جۆری تر لە لادا نە واتای یەکان. هەروەها لەپەیوەند یە واتای یەکانیش چەندین وشەی داهێناوە و بە شێوەی سەرنج را کێش بەکاری هێناوە وەك لە هاووا تا و دژوا تا و چەندین جۆری تر، کە سەیری هۆنراوە کانی مەحوی دە کەین و شە ئارای شەکی جوانی ت یا کردووە بە شێوەیەکی وا کە لایەنی کێش و سەرواکەشی پاراستووە .

3–شاعیر لە ناو هۆنراوەکانی چەندین وشەی بەکار هێناوە کە تەم و مژی درو ست دە کەن و ئەو وشەیەی بەکار هاتووە گەر لێکچوونێك هەبێت لە نێوانیان دەبێتە فرەواتا. بەڵام گەر زۆر لە وا تای وشەکە دوور بێت و هیچ پەیوەندیەکیان نەبێت لە نێوانی دەبێتە هاوبێژ

4مەحوی زۆر بە جوانی چاو کە هۆی بینینە کە یەکێکە لە پێنج هە ستەکانی مرۆڤ، زۆرجار لە ڕوانگەی واتاسازیەوە لە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە و بۆ مەبەستی تر خۆی نزیك دەکاتەوە، لێرەش شاعیر بۆ چەند واتایەکی تری بەکارهێناوە

5– خواستنی درکاو زۆر بەکار هاتووە کە تەنها شاعیری لێهاتوو بەکاری دێنێت . بە شێوەیەکی زۆر جوان هەردوو هونەری لێکچوان و خواستنی تێکەڵ کردووە لە زۆر دێرەکان.جگە لە مە درکە کە لە چەند دێر بە کاری هێناوە کەم شاعیر هەیە خۆی لێ بدات

## سەرچاوەكان:

**بە زمانی كوردی:**


1- ئەدۆنیس،ت. عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، 2007، ئەفسونكاری وشەكان چاپخانەی منارە-هەولێر.

2- ئەورەحمانی حاجی مارف، 1976، زمانی كوردی لە بەر رۆشنایی فۆنەتیكدا، چاپخانەی كۆری زانیاری كورد،بغداد.

3- ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسول، 2001، داهێنان، چاپی پەخشی سەردەم ، سلێمانی.

4- سۆران مەحوی، 2005، فەلسەفە چوارینەكانی مەحوی، چابخانەی ئەزمڕ، چاپی یەكەم.

5- سەلام ناوخۆش بەكر، 2003، زماننا سی و هە ندێك با بەتی زماننا سی كوردی،هەولێر.

6- عبد و لمو تەلیب عە بدوڵلا،2004، خەیاڵی زمان: دەزگای چاپ و بلاوكرد نەوەی موكریانی: سلێمانی.

7- عەزیز گەردی، 1999، سەروا، دەزگای ئاراس- هەولێر.

8- غازی فاتح وەیس،1984، فۆنەتیك، رۆشنبیری لاوانی ناوچەی كوردستان.

9- كورش سەفەوی، ت.دلێر سادق، 2006، چەند لایەنێكی واتاسازی، چاپی یە كەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

10- مەحوی( بە شێك لە بابە تەكانی فیستفاڵی مەحوی) كەریم شارەزا،هەولێر،28-30ئاب 2001،چاپی ئاراس.

11- محە مەد مەعروف فەتاح و م. سباح ڕە شید قادر،2006، چەند لا یەنێكی مۆفۆلۆجی كوردی، چاپخانەی روون.

12- محمد عارف، 2006، خەزێنەكانی هو نەر، چاپی یە كەم، چاپخانەی رۆ شنبیری، هەولێر.

13- محمد معروف فتاح، 1987، زمانەوانی،زانكۆی سەلاحەددین.

14- مید نە ( ئەمین حە سێن)، 2005، عید شق لە جوانكار یدا، چاپخانەی وەزارە تی رۆشنبیری.

15- نە سرین محە مەد فەخری، 1977-1978، ڕێنو سی كوردی، فە سڵی یە كەم، جامعە صلاح الدین.

16- وریا عمر ئەمین، 2003، چەند ئاسۆیەكی تری زمانەوانی، هەولێر.

17-عبد الواحيد موشير دزه يى، 2005، رەهه ندى دەروونى له بوارى ڕاگەيا ندن دا، چاپى يەكەم، چاپخانەى شەهاب، هەولێر.

به زمانى عربى:

1- اسماء يل مل حم، 2003، درا سة في سيكولوجية الات صال والا بداع (التجر بة الابداعية) ،منشورات 1، اتحاد كتاب العرب  دمشق.

2- الابداع بلغة علم النفس البايولوجي، 27-3-1990، الجريدة القادسية.

3- الفن و الجمال، ژ 3، 1975، مجلة الاقلام، خصائص الفكر المبدع.

4- الكسندر و روشكا،ت.غسان عبدالحي ابو فخر 1989، الابداع العام والخاص، عالم المعرفة، المجلس الوطنى للثقافة و الفنون و الاداب-كويت.

5- او شو، ت. مريم نور، 2005،الا بداع، الطبعة الاولى، شركة مطبو عات للتوز يع والنشر.

6- ثامر حسن جاسم، 1986، البحث النفسى في الابداع الشعر.بغداد

7- جمال حسين الاكوسي، 1988، علم النفس العام، وزارة التعليم العالي و البحث العلمى.

8- جم عة سيد يو سف، 1990، سيكولوجية اللغة وا لمرض العقلى، سلسلة عالم المعرفة، سلسلة(145) ، الكويت.

9- حاتم صالح الضامن، 1989، علم اللغة، طبع بمطبعة التعليم العالى، الموصل.

10- حسام الخطيب و رمضان بسطاويسي محمد، 2001، أفاق الابداع و مرجعيتة في عصر المعلوماتية، الطبعة الاولى، دار الفكر المعاصر، دمشق-سورية.

11- حسن احمد عيسى، 1979، الابداع في الفن و العلم، المجلس الوطني للثقافة والفنون و الاداب-كويت.

12- خليل ابراهيم عطية، 1986، التركيب الغوى لشعرالسياب، مطبعة دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد.

13- دين كيث سايمنت،ت. شاكر عبد الحميد، 1993، العبقرية والابداع والقيادة، عالم المعرفة.

14- روبرت ستيرنبرج،ت.محمد نجيب و الاخرى، 2005، المرجع في علم نفس الابداع، الطبعة الاولى، المجلس الاعلى للثقافة.

15- روبرت مارزانو..الاخرى،ت.يعقوب حسين نشوان و محمد صالح خطاب، 2004، ابعاد التفكير، الطبعة الثانية.
16- س.خ.رابو بورت، ،ذ 3، 1984، المعرفة الفنية والعلوم صرفة.
17- شاكر عبد الحميد، 1987، العملية الابداعية في فن التصوير، عالم المعرفة.
18- شكري محمد عياد، 1988، اللغة والابداع، مبادئ علم الا سلوب العربي، الطبعة الاولى- دمشق
19- صالح حسن احمد الداهرى، 2005، سيكولوجية رعاية المهوبين و المتميزين و ذوى الاحتياجات الخاصة "الاساليب و النظريات" ، الطبعة الاولى، دار وائل للنشر.
20- چيزل برولية، ت.فؤاد كامل، ب.ت، جماليات الابداع الموسيقى، مكتبة غريب.
21- عباس مهدى، ب.ت، الشخصية بين النجاح و الفشل، دار المناهل.
22- عبد الرحمن محمد عيسوى، ب.ت.، سيكولوجية الابداع، دار النهضة.
23- عبد الستار ابراهيم، 1987، الابداع، الناشر وكالة المطبوعات، الكويت.
24- عبدالصبور شاهين، 1980، في العلم اللغة العام، الطبعة الثالثة.
25- عزالدين اسماعيل، 1984، التفسير النفسي للادب، الطبعة الرابعة، مكتبة غريب.
26- على الوردي، 1959، الاحلام بين العلم و العقيد، بغداد.
27- عمر حسن مساد، 2005، سيكولوجية الابداع، الطبعة الاولى، دار صفاء للنشر و التوزيع-عمان.
28- غالب المطلبي، 1986، الموسوعة الصغيرة فى علم اللغة، دار الشؤون الثقافة العامة.
29- فاخر عاقل، 1985، علم النفس التربوي، الطبعة العاشرة، دار العلم للملايين.
30- فتحي عبدالرحمن جروان، 2004، الموهبة و التفوق والابداع، دار الفكر-الاردن.
31- فرانكلين.ر.رو جرز، ت. مى مظ فر، 1990، الا شعر و الر سم،الطبعة الاولى، دار المأمون للطباعة والنشر.
32- قاسم حسين صالح، 2007، الابداع فى الفن، الطبعة الاولى، منشورات دار دجلة.
33- مالك حسين، 2004، الابداع، منشورات دار علاءالدين، الطبعة الاولى.
34- مجيد محمود مطلب، مجلة الاقلام ،ژ 8، 1975، الشعر و الالهام.
35- محمد حسن عبدالعزيز، 1991، مدخل الى علم اللغة، جامعة القاهرة، كلية دار العلوم، قاهرة.
36- محمد علي خولي:1982: معجم علم اللغة النظرى، انجليزي-عربي، بيروت.
37- محمد علي الخولي، 1987، الاصوات اللغوية، الطبعة الاولى، الرياض.

38- محمود محمد غانم، 2004، التفكير عند الاطفال، الطبعة الاولى، مكتبة دار الثقافة للنشر و التوزيع.
39- محي الدين توق و عبدالرحمن عدس، 1984، اساسيات علم النفس التربوي، حقوق النشر للطابعة العربية.
40- مصطفى سويف، 1969، الاسس النفسية للابداع الفنى،مصر.
41- ممدوح عبدالمنعم الكنانى، 2005، سيكولوجية الابداع و اساليب تنميتة، الطبعة الاولى، دار المسيرة.
42- ميشال زكريا، 1983، الالسنة علم اللغة الحديث، مبادئ والاعلام بيروت.
43- ميلكا افيتش، ت. سيد عبدالعزيز مصلوية و وفاء كامل فايد،1996، اتجاهات البحث اللسانى، بغداد.
44- ناديا هايل السرور، 2002، مقدمة فى الابداع ، الطبعة الاولى، دار وائل للنشر.
45- نايف محمود معروف، 1985، خصائص العربية و طرائق تدريسها، الطبعة الاولى، درا النفائس.
47- نسيم عون، 2005، الالسنية، الطبعة الاولى، دار الفارابى.
48- نوال محمد عطية، 1975، علم النفس اللغوى، الطبعة الاولى ،القاهرة.
49- يوسف ميخائيل، ب.ت.، العبقرية والجنون، مكتبة غريب.

**نامەی ئەكادیمی:**

1- ئازاد رەمەزان عەلى،2005، ڕ نەما زماذ یەكانی داڕ شتنی هەواڵ لی ڕۆژنا مە كوردییەكان (لە نێوان ساڵانی 1991- 2000)،نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.
2- حوسێن عوسمان عەبدولرەحمان، 2007، ڕۆڵی پارادۆكسێ د پێكها تا هۆزانێ دا (كرمانجی سەری وەك نموونە) ،نامەی ماستەر ، كۆلێژی ئاداب ، زانكۆی دهۆك.
3- صباح ڕەشید قادر، 2000، هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەك) دا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی.
4- طالب حسین علی، 1998، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە كوردیدا، نامەی دكتۆرا زانكۆی سەلاحەددین.
5- عبدالوهاب خالید موسا، 2007، هێزو ئاوازە لە دیالێكتی كوردی ژووروودا، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سەلاحەددین.

6- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا، 2007، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانیەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەددین.
7- ڤیان سلێمان، 2001، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردی دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین.
8- هیتلەر ئەحمەد حەمە، 2001، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، کولێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
9- هێمن عبد الحمید شمس،2006، شێواز و دەربڕین لە بوونە کۆمەلایەتیەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

**گۆڤارەکان:**

1-گۆڤاری ڕامان، ، جوان حوسێن، ژ.86-87، 2004، داهێنان لە ذێوان تواناکانی لاوان و سیستەمی پەروەردەدا.
2- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ،ژ109، ئاداری 1986، ئیبراهیم ئەمین باڵدار، داهێنان.
3- گۆڤاری ژمارە یەك، 2005، لە پێناو پەرەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
4- گۆڤاری کاروان، ئیبراهیم شوانی،ژ161، 2001.
5- گۆڤاری کاروان،ژ 136، 1999،شوکر سولێمان، ڕوانینێکی هێمن لە خوێندنەوەی غەزەلێکی ((مەحوی))دا.
6- گۆڤارا زانکۆیا دهۆك،مرۆڤایەتی ،عبدالواحد مشیر دزەیی ،ژ2، کانوونی یەکەمی 2007،واتای هاورێیەتی لە بواری ڕاگەیاندندا،لێکۆلینەوەیەکی سیمانتیکییە

**بە فارسی:**

1- ادوارد ساپیر، 1376(1997) ، زبان (در امدی بر مطالعة سخن گفتن) ، چاپ اول، انتشارات سروش، تهران.
2- کورش صفوی، 1383(2004)، از زبانشناسی به ادبیات (شعر)، جلد دوم، چاپ دوم، انتشارات سوره مهر، تهران.
3- ولیام اگرادی و سیرین،ت.علی درزی 1374 (1995) ، در امدی بر زبانشناسی معاصر، جلد اول،چاپ دوم، انتشارات سمت، تهران.
4- ویکتوریا فرامکین و رابرت رادمن (ت.علی بهرامی)، 1380(2001)، در امدی بر زبانشناسی همگانی، چاپ دوم، نشر رهنما، تهران.

5- جان لاینز، 1376(1997)، چومسکی زبانشناس و متفکر اجتماعی، ترجمه ا حمد سمیعی،چاپ دوم، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
6- مریم خلیلی جهانتیغ،1380، سیب باغ جان((جستاری در ترفندها و تمهیدات هنر غزل مولانا)) ، انتشارات سخن، تهران.

**دیوان:**

- مەلا عەبدول کەریمی مودەڕڕیس و موحە ممەدی مەلا کەریم، 1387، انت شارات کردستان.

**بە ئینگلیزی:**

1- DIANE LARSEN , FREEMAN: 1980: "Discourse Analysis in Second Language , Research" new bury House U.S.A.
2- JEAN AITICHISON , 1993, "Linguistics" Great Britain, Hodder dstonghton.
3-ALLIS, J.,1970 , "On Contextual Meaning" in Bazell, C,E etal (E ds) in Memory of J. R .Firth Longman.
4-G.N. Leech , (1969) A Linguistic Guide to English Poetry , Longman , London.
5-LEECH. G. :1924: "Semantics" London.

# الخلاصة

حاولت في هذا البحث الموسوم ((اللغة من الابداعات الفردية عند محوي)) إظهار الجوانب الإبداعية في لغة الأديب على مستوى الصوت والتركيب والمعنى، وكذلك بحثت عن قدرات وإمكانيات الذاتية وتوضيح إبداعات الشاعر الخفّية و من ثم تحليل المضامين الفنية لشعره.

اللغة ظاهرة فردية ترتبط إرتباطاً وثيقاً بقدرات الأديب نفسه، فالشاعر محوي و من خلال أسلوبه العلمي إبدع في عدد من الكلمات التي لم يتطرق اليها الشعراء الأخرون من قبله مثلاً من: ((بينايى كرن، سركنا، جوتاوه، نيهت، مهننى، الخ)). وكذلك أبدع في كلمات جديدة استخدمها لاضافة الجمالية لشدة مثلاً من: ((پيّغمبرستان، هلّياوسيم، روياندن...الخ))، وإلى جانب إبداعه في مجال العلائق اللغوية وفي علم الجمال كوّن لنفسه كلمات أخرى تجلب إنتباه الباحث من مثل: التناظم والتشابه وغيرها، فشعره مطرز بكلمات مبدعة مع إحتفاظها بالأصل والوزن من مثل: ((جيلودرو لاميع...)) وهما في عبارة واحدة، و(قول بهند) وهما لفظتان متناظرتان.

يعتمد هذا البحث على الجوانب التحليلية لإبداعات الشاعر، فهو بالإضافة إلى المقدمة والنتائج يتضمن فصلين، يتطرق الفصل الأول إلى المحاور الأتية: اللغة ظاهرة فردية، اللغة المبدعة، الابداع في اللغة، الأبداع، تعريف الابداع، أنواع الابداع، العمل الإبداعي، شخصية المبدع ومميزاته، قدرة المبدع، درجات الابداع، الإبداع في المجال الفني والعلمي، الابداع في لغة الشعر. ويتضمن الفصل الثاني: الابداع في شعر محوي، الصورة الشعرية عند محوي، الابداع حسب المستويات اللغوية، الابداع في مستوى الأصوات، الابداع في مستوى الكلمات، الابداع في مستوى الجملة، الابداع في مستوى الفني، الابداع في مستوى سيمانتيك، الابداع في مستوى براكماتيك.

# Abstract

This is entitled (Language as personal creativity in Mahwi`s poetry)> It aims to show aspects of creativity in his poetry at the levels of phonology, grammar, and syntax. Language of the poet is a personal phenomenon as it is related to the potential of the individual. Mahwi has coined some new words such as (Binayee krdn, Serkana, Chawtawa, Manny –etc). He also coined some words for aesthetic reasons such as (Pexambarastan, Halyawasim, Royandin –etc)> Mahwi has also offered new words relevant to the semantic level and creatively employed them in his poetry. These are compound words each one of which has the same meaning, that`s to say they are repeated such as (Tilwader u Lamih) or (Qul u Banda); they occur in the same line together. Mahwi has also leept the rhythm and rhyme of his poetry unaffected by his coinage.

The thesis adopts an analytical approach. In addition to the introduction and conclusion, the research falls into two parts, one theoretical and one practical. The first parts falls into the following sub-divisions: language as an individual phenomenon, private language, creativity in language, creativity, definition of creativity, types of creativity, emergence of creativity, personality of the creative poet, Degrees of creativity, creativity in art and science, Creativity and self-purification, and creativity in poetry.

The second part has the following sub-division: Creativity in Mahwi`s poetry, poetic images in his poetry, creativity at the levels of phonology, morphology, syntax, and pragmatics.